حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان


# پۆلێنکردنی مۆرفێمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا

## (لێکۆڵینەوەیەکی داتاییە)

**نامەیەکە**


**مستەفا ڕەزا مستەفا**


پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

**سەرپەرشت:**

**پرۆفیسۆر: د.فاروق عومەر صدیق**

٢٠١٩ی لەدایکبوون

٢٧١٩ی کوردیی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی و چاودێریی من بە ناونیشانی: ***(پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا "لێکۆڵینەوەیەکی داتاییە" )***، لەلایەن خوێندکار (مستەفا ڕەزا مستەفا) لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا.

ناو: پ.د. فاروق عومەر صدیق

ڕۆژ: / / ٢٠١٩

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠١٩

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی ***(پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا "لێکۆڵینەوەیەکی داتاییە" )*** خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار (مستەفا ڕەزا مستەفا)دا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە، بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.فەرەیدون عەبدول محمد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:    /  /٢٠١٩

ناو: پ.د.تاڵیب حوسێن عەلی
ئەندام
ڕۆژ:    /  /٢٠١٩

ناو: پ.ی.د.شاخەوان جەلال حاجی فرج
ئەندام
ڕۆژ:    /  /٢٠١٩

ناو: پ.ی.د. شیلان عومەر حسێن
ئەندام
ڕۆژ:    /  /٢٠١٩

ناو: پ.ی.د.شیروان حسێن حمد
ئەندام
ڕۆژ:    /  /٢٠١٩

ناو: پ.د.فاروق عومەر صدیق
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:    /  /٢٠١٩

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د.عبدالقادر حمەامین محمد
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ:

پێشکەشە بە:

+ گڵکۆی ئەو دوو مرۆڤەی، کە بەردەوام بەشێکن لە ڕابردوو، ئێستاو داهاتووم (نەنک و باپیر)م.

+ هاوسەرو هاوڕێی ژیانم (سۆزان)، کە بەردەوام قەرزاربارییم.

+ جگەرگۆشەو تاقانەکانی ژیانم: (لیا ، لانۆ ، لایە).

# سوپاسنامە

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

+ مامۆستای گەورەو بەڕێزم (پ.د.فاروق عومەر صدیق)، کە لەخۆبوردووانە سەرپەرشتییکردم و بە سنگفراوانیی و گیانی مامۆستایەتییەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە، سەرنج و تێبینییەکانی نامەکەیان بەپێزترو بەهێزترکرد. هاوکات بەوپەڕی سوپاس و پێزانینەوە سەرچاوە ڕووسییەکانی بۆ وەرگێڕاوین، هیوای سەلامەتیی و تەندروستیی بۆ دەخوازم.

+ هاوسەرو هاوڕێی ژیانم (سۆزان)، کە لەخۆبوردووانە و بە پشوودرێژییەوە هەم دایک و هەم باوکی مناڵەکانمان و بەڕێوەبەری کاروبارەکانی خێزانییمان بوو.

+ هەموو ئەو هاوڕێ و هاوپیشە ئەزیزانەی، کە لە ڕێگەی سەرچاوەو تێبینی و سەرنجەکانیانەوە هۆکاری بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کارەمان بوون.

+ فەرمانبەرانی هەردوو کتێبخانەی (ناوەندیی زانکۆی چەرموو) و (کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی).

# هێماو كورتكراوەكان

| هێما | لێكدانەوە |
|---|---|
| /-   / | پاشگر |
| /   -/ | پێشگر |
| /  -  / | ناوگر و ناوبەند |
| < | دەبێتە |
| >     < | فرێز و ڕستە |
| (   ) | ڕوونكردنەوە و نوسینی سەرچاوەكان |
| "     " | وەرگرتنی دەقێك وەك خۆی |
| /    / | وشە و مۆرفیم |
| [   ] | فۆنیم |
| / | یان |
| * | ناڕێزمانی |
| &... | بە واتای هتد – هی تریش |
| ~ | هەمبەربە |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ف.پ.ن | فرێزی پێشناوی |
| ج.ل | جێناوی لكاو |
| م | مۆرفیم |
| ك | كۆمەڵە |
| DP | فرێزی دیاریخەری |
| PP | فرێزی پێشناوی |
| A | ئاوەڵناو |
| N | ناو |
| A,B,C,D,X,Y | هەریەكێك لەم هێمایانە، ئاماژەن بۆ (ڕەگەز)ێك، كە بەپێی ئاستەكانی دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، دەگۆڕێن. |

# لیستی زاراوەکان

| بە کوردیی | بە ئینگلیزیی |
|---|---|
| **ئ-** | |
| ئەسپێکت | Aspect |
| ئاستەنگ/سنورداریی | Restriction |
| ئاستەنگی کاتەگۆریی | Categorical Restriction |
| ئاستەنگی فۆنۆلۆژیی | Phonological Restriction |
| ئاستەنگی مۆرفۆلۆژیی | Morphological Restriction |
| ئاستەنگی سینتاکسیی | Syntactic Restriction |
| ئاستەنگی سیمانتیکیی | Semantic Restriction |
| ئاماژەبۆکردن | Pointing |
| ئەبستراکت/مەعنەوی | Abstract |
| ئاشکراکردن | Definition |
| ئەرێ | Positive |
| ئەلۆمۆرف | Allomorph |
| **ب** | |
| بلۆککردن | Blocking |
| بەرهەمداری مۆرفۆلۆژی | Morphological Productivity |
| بەرهەمداری سینتاکسی | Syntactical Productivity |
| بەرهەمداری سیمانتیکی | Semantic Productivity |
| بەرهەمداری فۆنۆلۆژی | Phonological Productivity |
| بەرهەمداری | Productivity |
| بەرهەمدار | Productive |
| بێبەرهەم | Unproductive |
| بچووککردنەوە | Diminutive |
| بەرهەمهێنان | Production |
| بناغە | Base |
| بەسوودیی | Usefulness |
| **پ** | |
| پلەکانی بەرهەمداری | Degree of Productivity |
| پڕبەرهەم | Fully Productivity |
| پاشگر | Suffix |
| پێشگر | Prefix |

| | |
|---|---|
| Preposition | پێشناو |
| Derivational Proses | پرۆسەی وشەداڕشتن |
| System | پێڕەو |
| Classification | پۆلێنکردن |
| Category | پۆلەوشە |
| Morphological Proses | پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان |
| | **ت** |
| Input | تێکردە |
| Tense | تاف |
| Complement | تەواوکەر |
| Morphological Pattern | تەرزە مۆرفۆلۆژییەکان |
| Competence | توانست |
| | **ج** |
| Globalization | جیهانگیریی |
| | **چ** |
| Activity | چالاکیی |
| Center | چەق/ناوەند |
| | **خ** |
| Genitive | خستنەپاڵ |
| | **د** |
| Output | دەرکردە |
| Modifying | دەرخستن |
| Syntactic Structure | دروستە سینتاکسییەکان |
| Determining | دیاریکردن |
| | **ڕ** |
| Mood | ڕێژە |
| Transparency | ڕونیی/شەفافییەت |
| Elements | ڕەگەز/عنصر |
| Root | ڕەگ |
| | **ز** |
| Langue | زمان |
| | **س** |
| Head | سەر |

| | |
|---|---|
| Grammatical Head | سەری ڕێزمانی |
| Limitation | سنووردارکردن |
| Passivity | سستیی |
| | **ف** |
| Determiner phrase | فرێزی دیاریخەری |
| Frequency | فرەجاریی |
| Prepositional Phrase | فرێزی پێشناوی |
| | **ق** |
| Parole | قسەکردن |
| | **ک** |
| Transitive Verb | کاری تێپەڕ |
| Intransitive Verb | کاری تێنەپەڕ |
| | **گ** |
| Affixes | گیرەک |
| | **ل** |
| Passive Voice | لاوازکردنی هێزی کار/نادیاری |
| Circumfix | لاگر/جەمسەرگر |
| | **م** |
| Genitive Morphemes | مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ |
| Vocative Morphemes | مۆرفیمەکانی بانگکردن |
| Duration | ماوە |
| Grammatical Morpheme | مۆرفێمی بەندی گراماتیکی |
| Derivational Morpheme | مۆرفێمی بەندی لێکسیکی |
| Morpheme | مۆرفیم |
| Bound Morpheme | مۆرفێمی بەند |
| | **ن** |
| Denoting | نیشانەبۆدانان |
| Abstract Noun | ناوی ئەبستراکت |
| Article | نیشانە |
| Infix | ناوگر |
| Interfix | ناوبەند |
| Negative | نەرێ |
| Super Segment | ناکەرتیی |

| | |
|---|---|
| Semi-Productivity | نیمچه بەرهەم |
| Clitic | نوسەک |
| | **و** |
| Derivation | وشەدارِشتن |
| Compounding | وشەلێکدان |

## ناوەڕۆک


| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی:** | ١-٤ |
| ١/٠ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠ گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ١-٢ |
| ٣/٠ سنوورو کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ٢-٣ |
| ٤/٠ ڕێبازو تیۆری لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٥/٠ ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٣-٤ |
| **بەشی یەکەم: چەمکی مۆرفیم و بەرهەمداریی لە زماندا** | ٦-٥٤ |
| **١/١) سەرەتایەک لەبارەی مۆرفیمەوە** | ٦-١٨ |
| ١/١-١) پوختەیەک لەبارەی بیرۆکەی مۆرفیمەوە | ٦-٨ |
| ١/١-٢) مۆرفیمی بەند | ٨ |
| ١/١-٣) مۆرفیمە بەندەکان بە پێی چەمک | ٩ |
| ١/١-٣-١) مۆرفیمی بەندی لێکسیکی | ٩ |
| ١/١-٣-٢) مۆرفیمی بەندی گراماتیکیی | ١٠ ــ ١٢ |
| ١/١-٤) مۆرفیمە بەندەکان بە پێی جێکەوتە | ١٢ - ١٧ |
| ١/١-٥) مۆرفیمی بەندو گەیاندنی چەمکی جیاوازی زمانیی | ١٧-١٨ |
| **٢/١) بەرهەمداریی لە زانستی زماندا** | ١٩-٥٤ |
| ٢/١-١) مۆرفۆلۆژیی لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا | ١٩-٢١ |
| ٢/١-٢) بەرهەمهێنان | ٢١-٢٢ |
| ٢/١-٣) بەرهەمهێنان لە زماندا | ٢٢-٢٥ |
| ٢/١-٤) بەرهەمداریی و ئاستە جیاوازەکانی زمان | ٢٥-٢٨ |
| ٢/١-٤-١) بەرهەمداریی فۆنۆلۆژیی | ٢٨ |
| ٢/١-٤-٢) بەرهەمداریی سینتاکسیی | ٢٩ |
| ٢/١-٤-٣) بەرهەمداریی سیمانتیکیی | ٢٩-٣٠ |
| ٢/١-٤-٤) بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی | ٣٠ ــ ٣٥ |
| ٢/١-٥) ئاستەنگەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی | ٣٦ |
| ٢/١-٥-١) ئاستەنگی فۆنۆلۆژیی | ٣٧ |
| ٢/١-٥-٢) ئاستەنگی مۆرفۆلۆژیی | ٣٧-٣٨ |
| ٢/١-٥-٣) ئاستەنگی سینتاکسیی | ٣٨ |
| ٢/١-٥-٤) ئاستەنگی سیمانتیکیی | ٣٩ |
| ٢/١-٥-٥) بلۆککردن | ٤٠ |
| ٢/١-٦) پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی | ٤١-٤٢ |
| ٢/١-٦-١) پڕبەرهەم | ٤٢-٤٣ |
| ٢/١-٦-٢) نیمچە بەرهەم | ٤٣ |
| ٢/١-٦-٣) بێبەرهەم | ٤٤ |

| | |
|---|---|
| ١/٢-٧) پەیوەندی چەمکی (چالاکیی و سستیی) بە وشەکانی زمانەوە | ٤٥ ــ ٤٨ |
| ١/٢-٧-١) وشە چالاکەکانی زمان و پەیوەندییان بە چەمکی (چالاکیی)یەوە | ٤٨ ــ ٥٢ |
| ١/٢-٧-٢) وشە ناچالاکەکانی زمان و پەیوەندییان بە چەمکی (سستیی)یەوە | ٥٢ ــ ٥٤ |
| **بەشی دووەم: چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان** | ٥٦-١١٦ |
| **٢/١) مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو** | ٥٦-٩١ |
| ٢/١-١) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی کەتیگۆریی ناو | ٥٨-٥٩ |
| ٢/١-١-١) چەمکی ناسراوکردنی ناو | ٥٩ ــ ٦٦ |
| ٢/١-١-٢) چەمکی نەناسراوکردنی ناو | ٦٦ ــ ٧٢ |
| ٢/١-١-٣) چەمکی کۆکردنەوەی ناو | ٧٣ ــ ٧٩ |
| ٢/١-١-٤) مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ | ٧٩ ــ ٨٤ |
| ٢/١-١-٥) مۆرفیمەکانی بانگکردن | ٨٤ ــ ٨٨ |
| ٢/١-٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری ئاوەڵناو | ٨٩- ٩١ |
| **٢/٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری کار** | ٩٢ ــ ١١٧ |
| ٢/٢-١) گۆڕینی توانای کار | ٩٢ |
| ٢/٢-١-١) زیادکردنی هێزی کار (تێپەڕاندن) | ٩٢-٩٧ |
| ٢/٢-١-٢) کەمکردن/لاوازکردنی هێزی کار | ٩٧ ــ ٩٨ |
| ٢/٢-٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی نەرێی کار | ٩٨ ــ ١٠٣ |
| ٢/٢-٣) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی کار | ١٠٣-١٠٥ |
| ٢/٢-٣-١) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی ڕابردوو | ١٠٥-١٠٦ |
| ٢/٢-٣-٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی داهاتوو | ١٠٦-١١٠ |
| ٢/٢-٤) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی دەمکات/ (ئەسپێکتەکان) | ١١٠-١١١ |
| ٢/٢-٤-١) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی ڕووکاری ڕاگەیاندن – دڵنیایی | ١١١-١١٣ |
| ٢/٢-٤-٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی ڕووکاری دانانی – نادڵنیایی | ١١٣- ١١٥ |
| ٢/٢-٥) ئەسپێکتەکانی ئەرێیی کار | ١١٥ــ ١١٧ |
| **بەشی سێیەم: چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان** | ١١٩ــ٢٠٣ |
| **٣/١) مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو** | ١١٩ |
| ٣/١-١) پەیوەندی زمان و گۆڕانەکانی کۆمەڵ | ١١٩ ــ ١٢٢ |
| ٣/١-٢) مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردن (داڕشتن) | ١٢٢ ــ ١٢٦ |
| ٣/١-٣) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناو | ١٢٦ |
| ٣/١-٣-١) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی شوێن | ١٢٦-١٤٠ |
| ٣/١-٣-٢) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوە | ١٤٠-١٤٨ |
| ٣/١-٣-٣) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی ئەبستراکتیی | ١٤٨-١٥٦ |
| ٣/١-٣-٤) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی خاوەن پیشە | ١٥٦-١٦١ |
| ٣/١-٣-٥) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی ناوی بکەر | ١٦١-١٦٩ |
| ٣/١-٣-٦) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی بەرکار | ١٦٩-١٧١ |
| ٣/١-٤) چەند پۆلە پاشگرێکی تری ناوی داڕێژراو | ١٧٢ |

| | |
|---|---|
| ٣/١-٤-١) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی خواردن و خواردنەوە | ١٧٤-١٧٢ |
| ٣/١-٤-٢) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی کەرەستەو بابەتی خۆڕازاندنەوە | ١٧٥ |
| ٣/١-٤-٣) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی یاریکردن | ١٧٧-١٧٦ |
| ٣/١-٤-٤) پاشگرە هاوبێژەکانی ناوی بچووککراوە | ١٨٠ -١٧٧ |
| ٣/١-٤-٥) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی ئامێروکەلوپەل | ١٨١-١٨٠ |
| ٣/١-٥) پۆلی پێشگرە داڕێژەرەکانی ناو | ١٨٣-١٨٢ |
| ٣/١-٦) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی کەتیگۆریی ئاوەڵناو | ١٨٤ |
| ٣/١-٦-١) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕواڵەتی | ١٨٨-١٨٤ |
| ٣/١-٦-٢) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕەنگ و قەبارە | ١٩٠-١٨٨ |
| ٣/١-٦-٣) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی چۆنییەتی | ١٩٣-١٩٠ |
| ٣/١-٧) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی نەریێی فەرهەنگیی | ١٩٥-١٩٣ |
| **٣/٢) مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی کەتیگۆری کار** | ١٩٦ |
| ٣/٢-١) پۆلی پێشگرەکانی کەتیگۆری کار | ٢٠٠-١٩٦ |
| ٣/٢-٢) پۆلی پاشگرەکانی کەتیگۆری کار | ٢٠٣-٢٠١ |
| ئەنجام | ٢٠٥-٢٠٤ |
| سەرچاوەکان | ٢١٥-٢٠٦ |
| الملخص | ٢١٦ |
| Abstract | ٢١٧ |

## پێشەکی:

### ١/٠ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان، بە ناونیشانی: " **پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا – لێکۆڵینەوەیەکی داتاییە"**. هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چالاکیی و سستیی جۆرێکی دیاریکراو و گرنگی مۆرفێم، لە زمانی کوردییدا، کە ئەویش مۆرفیمە بەندەکانن، بە هەردوو جۆری (گراماتیکی و لێکسیکی)یەوە. لە زمانەکەماندا مۆرفیمە بەندەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ و بەرچاویان هەیە، هەم لە بینینی ئەرکی گراماتیکی و هەم لە دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان. هەربۆیە ئێمە دەمانەوێت لەسەر ئەم بنەمایە، ڕۆڵ و دەوری مۆرفیمە بەندەکان بەپێی داتاو ئامار بخەینەڕوو. هاوکات دەرخستنی فاکتەرەکانی پشتی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان، لەمڕۆی زمانی کوردییدا و پۆلێنکردنیان لەسەر ئەم بنەمایە، کە بێگومان پشت بە ڕێگەی ژمارەو داتا دەبەستین بۆ پیشاندانی چالاکیی و سستیی هەریەکێکیان.

### ٢/٠ گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵدەدەین گرنگترین ئامانج و خاڵە جێی بایەخەکانی تێزەکە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە، کە ئەوانیش:

١- ئەم لێکۆڵینەوەیە، کار لەسەر چۆنییەتی کارکردنی دوو پرۆسەی گرنگی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی دەکات، کە ئەوانیش هەردوو پرۆسەی (گراماتیکی و لێکسیکی)ن، کە هەریەکەیان لە ئاستێکی دیاریکراوی زمانەکەماندا کاردەکەن. ئەوانیش هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی)ن. هەروەها لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگەی (قسە)وە، جا وتراو بێت، یاخود نوسراو، دەیەوێت تیشکبخاتەسەر چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان.
٢- لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات، ئەوە بخاتەڕوو، کە بۆچی پرۆسەکانی داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێی فەرهەنگیی کەمیکردووە و ئاخێوەری زمان زیاتر سوود لە پرۆسە و ڕێگەی وەرگرتنی وشە و زاراوە وەردەگرێت.
٣- لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات، لە ڕێگەی داتاو ئامارەوە چالاکیی و بەبەرهەمیی پرۆسەی داڕشتن لە نێوان گروپە جیاوازەکانی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکاندا دەربخات. ئەمجۆرە کارکردنەش لە کۆتاییدا مۆرفیمە چالاکەکان لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی وشەی نوێدا بەرامبەر مۆرفیمە سستەکان دەردەخات و دەتوانرێت لەسەر ئەم بنەمایە سوودیان لێوەربگیرێت بۆ زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمان.

سەبارەت بە گیرەکە گراماتیکییەکانیش لەسەر بنەمای تیۆری بەرهەمهێنان کارکراوە، کە چۆن بە ژمارەیەکی دیاریکراو و سنووردار لە کەرەسەی ڕێزمانیی دەتوانرێت بێسنوور دەربڕاو و ڕستە فۆڕم ڕاستەکانی زمانەکەمان بەرهەمبهێنرێن.
٤- ئەم تێزە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لە کاتی نوسینەوەو ئامادەکردنی فەرهەنگی (کوردیی – کوردیی)دا، لەبەرئەوەی لە ئێستادا، ڕۆژانە ناو و کەرەستەو شت و بیرو دیاردەی نوێ، بەهۆی پێویستیی و گۆڕانەکانی ژیانەوە دێنە زمانەوە. بۆیە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەو دەرخستنی گرنگترین ئەو ڕێگەو شێوازانە هەیە، کە وادەکەن وشەی نوێ بۆ ئەم حاڵەتە جیاوازانە دروستبکەین و دابتاشین و وەریانبگرین و یاساکانیان تۆماربکەین. سەرەڕای ئەوەی، کە لێکۆڵینەوەکە گرنگترین مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان و هۆکاری چالاکیی و سستییان لەمڕۆی زمانی کوردییدا خستووەتەڕوو. ئەمەش بۆخۆی ئامرازێکی گرنگە بە دەست توێژەران و ئاخێوەرانەوە، کە لە کاتی ڕۆنان و دروستکردنی وشەو زاراوەدا سوود لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە وەربگرن. واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەک فەرهەنگێک وایە بۆ تۆمارکردن و پۆلێنکردن و دەرخستنی لایەنی پێکهاتەیی و سیمانتیکی نێوان مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە داهاتوودا بۆ پاراستن و دەرخستنی تواناو چالاکیی و لەبارێتی هەریەک لە مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان لە ڕۆنانی وشەو داتای نوێی زمانییدا.
٥- ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵدەدات پۆلێنێکی نوێ بە تەرازوو و پێوانەی چالاکبوون و سستبوون بۆ مۆرفیمە بەندەکانی زمانی کوردیی لە ئێستادا بخاتەڕوو. ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئامارو زانیاریی وردەوە، کە سەرەنجام دەبێتە مێژوویەک، سەبارەت بە چالاکیی و سستیی هەریەک لە مۆرفیمە قسەلەسەرکراوەکان لە داهاتوودا.

## ٣/٠ سنورو کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

سنوری کارەکەمان، بریتییە لە کارکردن و پیشاندانی جۆرێکی دیاریکراو لە مۆرفیم، کە ئەویش مۆرفیمی بەندە، بە هەردوو چەشنی گراماتیکیی و لێکسیکییەوە لەسەر بنەمای چالاکیی و سستییان، کە هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)ی زمانەکەمان دەگرێتەوە، (زمانی کوردیی/ زاری کوردیی ناوەڕاست)، ئامرازی توێژینەوەکەیە.

کەرەسەو داتاکانی توێژینەوەکەمان، لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە وەرگیراون. بۆ نموونە بۆ وەرگرتنی نموونەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان و کردنە ئاماریان و خستنەڕووی ڕێژەی چالاکیی و سستییان، سوود لە چەند سەرچاوەیەکی ئەدەبیی وەک یەکێک لەسەرچاوەی داتاکانمان وەرگیراوە، کە

پێمانوایە نوسەرەکانیان خاوەنی زمانێکی پاراو و شارەزان لە بەکارهێنانی زمانی کوردییدا و زمانی نوسینەکانیان زمانی سادەو ئاسایی قسەی ڕۆژانەی ناوخەڵکین. گرنگترین ئەو بەرهەمانەش: " ***١- لەخەومای (جەمیل سائیب)، ٢- مەسەلەی ویژدانی (ئەحمەد موختارجاف)، ٣- هەمیشە بەهاری (عەلائەدین سەجادی)، ٤- ژانی گەلی (ئیبراهیم ئەحمەد)، ٥- دیوانی گۆران، ٦- دیوانی پیرەمێرد***."ن، جگە لەم سەرچاوانە، قسەی ڕۆژانەی خەڵکی بۆ وەرگرتنی نموونەکان سوودیانلێوەرگیراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا وشەو زاراوە لە ڕاگەیاندنەکانەوە وەرگیراون. سەرەڕای ئەمانەش بۆ کارکردن لە لایەنە تیۆرییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سوود لە کتێب و گۆڤارو نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردیی و زمانانی بێگانە وەرگیراوە.

## ٤/٠ ڕێبازو تیۆری لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان، بریتییە لە ڕێبازی پەسنی شیکاریی - ئاماریی، واتە داتاو زانیارییەکان پاش وەرگرتنیان و خستنەڕوویان پەسنکراون و شیکردنەوەیان بۆکراوەو بەڵگەو سەلماندنی پێویست بۆ پەسن و شیکردنەوەکان هێنراونەتەوە و بە داتاو ئامار قسەکانمان پشتڕاستکردووەتەوە.

لەم کارەدا، سوود لە تیۆری ( ڕێزمانی بەرهەمهێنان – مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان) وەرگیراوە. بە حوکمی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە، کار لەسەر چالاکیی و سستیی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەرەسەی زمانیی دەکات و هەوڵی ئەوەیداوە لەسەر بنەمای ئەو چەند کەرەسە زمانییە چۆن بتوانرێت سوودیانلێوەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنانی داتاو کەرەسەی نوێی زمانیی. بە دیاریکراویش ئەمە بۆ مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان دەخوات، کە چۆن لەسەر بنەمای چەند مۆرفیمێکی بەندی گراماتیکیی، دەتوانرێت بێ سنور دەربڕاوی ڕێزمانیی نوێ، بە حاڵەتی ڕێزمانیی جیاوازەوە بەرهەمبهێنرێت.

## ٥/٠ ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە، بەشێکی تیۆرییەو بە ناونیشانی (چەمکی مۆرفیم و بەرهەمداریی لە زماندا) بۆ دوو پاری سەرەکیی و چەند وەچەپارێک دابەشبووە، لە پاری یەکەمدا (سەرەتایەک لەبارەی مۆرفیمەوە) بە تایبەت مۆرفیمە بەندەکان خراوەتەڕوو. لە پاری دووەمی بەشی یەکەمدا، کە بە ناونیشانی: (بەرهەمداریی لە زانستی زمان)دایە، لەم پارەدا هەوڵدراوە کۆمەڵێک چەمکی پەیوەست بەم بوارەوە

ڕوونبکرێتەوە، لەوانە: (بەرهەمهێنان، داهێنان، بەرهەمداریی، بەرهەمداریی و ئاستە جیاوازەکانی زمان، بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، ئاستەنگەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، فاکتەرەکانی بەرهەمداریی، پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی)، هەموو ئەمانە بە وردی و بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستیی نوێ و باوەڕپێکراو و هێنانەوەی نموونەی واقعی و شرۆڤەکردنیان قسەیان لەسەرکراوە، ، لەگەڵ ئەمانەشدا هەردوو چەمکی (چالاکیی و سستیی) پەیوەست بە وشە چالاک و ناچالاکەکانی زمانەوە بە وردی تیشکیان خراوەتەسەر.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا، کە بە ناونیشانی: (چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکی)یەکانە، لە پاری یەکەمدا، مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو خراونەتەڕوو، لە پاری دووەمیشدا مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری کار خراوەتەڕوو، لەم بەشەدا هەوڵدراوە، گرنگترین مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان بە پێی پۆلەڕەگەزیی وشەکان: (ناو، ئاوەڵناو، کار)، بخرێنەڕوو، هەروەها چۆنییەتی کارکردنی هەر مۆرفیمێکیان و یاساکانیان و بناغە جیاوازەکانیان و تایبەتمەندیی هەر یەکێکیان بە وردی تیشکی خراوەتەسەرو بە نموونەو بەڵگەی زانستییەوە قسەکانمان پشتڕاستکردووەتەوە.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشەش، بە ناونیشانی (چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان)، بۆ دوو پاری سەرەکیی دابەشکراوە، لە پاری یەکەمدا (مۆرفیمە لێکسیکییەکانی کەتیگۆریی ناو و ئاوەڵناو) پرۆجێکتەری لێدراوە، لە پاری دووەمی بەشی سێیەمدا، (مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی کەتیگۆریی کار)، خراوەتەڕوو.

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# چەمکی مۆرفیم و بەرهەمداریی لە زماندا

## ١/١) سەرەتایەک لەبارەی مۆرفیمەوە

### ١-١/١) پوختەیەک لەبارەی بیرۆکەی مۆرفیمەوە:

پێش سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆرفیم، بچووکترین دانەی زمان، کە لەلایەن زمانەوانە دێرینەکانەوە بە چاوێکی گرنگەوە تەماشادەکراو کاری لەسەردەکرا، بریتی بوو لە وشە، چونکە بەلای ئەوانەوە وشە بچوکترین دانەی واتاداری زمان بوو، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پۆلێنکردنی واقیع و دەوروبەردا هەیە، لەبەرئەوەی بە وشە ناو لە شتەکان دەنرێت، یاخود پێیانوابووە، کە وشە بچووکترین دانەیە لە زماندا، کە دەتوانێت بە تەنیا جێی ڕستە بگرێتەوە. واتە " ڕێزمانی تەقلیدی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان، بەڵام نەیتوانیوە پێناسینێکی پڕ بەپێست بۆ چەمکی وشە دابڕێژێ بشێ تیۆرێکی گشتیی لەسەر دابنرێ." (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٩: ٣٦٣)، لەبەرئەوە نەتوانراوە، کە پێناسێکی گشتی بۆ وشە دابنرێت، چونکە ئەو پێوانانەی، کە لە پێناسەی وشەدا کرابوونە مەرج، یاخود کاریان لەسەردەکرا پێوانەی تەواو و بێ کەموکوڕی نەبوون، بۆ نموونە یەکێک لە پێوانەکان، پێوانەی (واتا) بوو، کە پێیانوابوو وشە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە، بەڵام ئەم پێوانەیە کێشەی زۆر بۆ کەرەستە زمانییەکان دروستدەکات، بۆ نموونە لە ڕوانگەی واتاییەوە وشەکانی وەک: (دار، بەرد، گوڵ، ژن، پیاو، ...&) بێ کێشەن، بەڵام هەموو ئەوانەی کە پێیاندەوترێت وشەی ئەرکی، یان مۆرفیمەبەندەکان ناتوانن ناو لە شتێکی واقیعی بنێن، واتە ئاماژەبۆکراوێکیان لە دەرەوەی زمان نییەو لە ڕووی واتاییشەوە واتایەکی دیارو ڕوونیان نییە، بۆ نموونە وەک: (ئامرازەکان، مۆرفیمە لێکسیکییەکان، ڕەگەکان، مۆرفیمە گراماتیکییەکان)، یاخود ئەگەر واتا سەنگی مەحەک بێت ئەوا فرێزو ڕستەش واتایان هەیە، کەواتە " چەمکی (مانا) خۆی شتێکی شاراوەیە. مانای (مانا) خۆی ساغ نەکراوەتەوە چۆن ئەشێ شتێ بکرێ بە پێوانە بۆ پێناسینی شتێکی تر کە ئەو شتە خۆی شاراوە بێ و ساغ نەکرابێتەوە." (سەرچاوەی پێشو، هەمان لاپەڕە).

جگە لەم پێوەرە زمانەوانەکان پێوەری فۆنۆلۆژییان کردبووە بنەما، بەڵام ئەم پێوەرەش سەرکەوتوو نەبوو، چونکە مەرج نییە بەردەوام لە ڕووی هێزەوە بڕگەی هێزدار بکەوێتە هەمان شوێنەوە، لەسەر هەموو جۆرە وشەیەکی زمانەکە، یاخود هێزو وەستان بتوانێت سنوری نێوان وشەکان دیاریبکات، بۆ نموونە لە کاتی گۆکردنی ڕستەیەکدا بە ئاسانی وەستانەکان دیاریناکرێت، چونکە بابەتی هێز شتێکی ناکەرتییەو بە ئاسانی جیاناکرێتەوە هەربۆیە " ئەوەی وترا ئەمە ئەسەلمێنێ، کە هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی یا فۆنۆلۆجی نییە بۆ پێناسینی وشە لە

زمانا بشێ بکرێ بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان، بۆیە زانایانی زمان ڕوویان لەوشە وەرگێڕا وەک کەرەسەیەکی بنجی بۆ شیکردنەوەی زمان و لە جێگر (بدیل)ی تر گەڕان. یەکێ لەم جێگیرانەش چەمکی مۆرفیم بوو." (وریا عومەر ئەمین:٣٦٤:٢٠٠٩).

هەربۆیە بەو شێوەیەی سەرەوە بیروڕاکان سەبارەت بە بچووکترین یەکەی واتاداری زمان، کە بریتی بوو لە وشە، کەلێنی تێکەوت و زمانەوانەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاودا بوون واتە " بەم شێوەیە ئەگەر بەپێی ڕێبازی بونیاتگەریی ئەمریکایی زانای بەناوبانگ (بلومفیلد) مامەڵە لەگەڵ بچوکترین یەکەی واتاداری زمان بکەین، ئەم چەمکە بەشێوەیەکی ترە و ملکەچی ئەو بنەمایانە دەبین، کە زانای ناوبراو لە ساڵی (١٩٣٣)دا لە تیۆرێکدا، بەناوی (تیۆری مۆرفیم) بڵاویکردەوە و بەپێی ئەم تیۆرە (مۆرفیم) بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە، جا ئەو مۆرفیمە ئازاد یان بەند بێت." (عەبدولوەهاب خالید:٢٠١٠: ١٩)، ئەمەش " بەدوای داهێنان و ناسینەوەی بیری فۆنیم لە کۆتایی سییەکاندا، زمانەوانەکان کەوتنە گەڕان بەدوای دانەیەکی ڕێزمانیدا، کە هەمان دەوریان بۆ ببینێ، ئەوەبوو لەسەرەتای چلەکاندا بیری مۆرفیم هاتەکایەوە، بە پێی ئەم بیرە هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچووک کە پێی دەوترێت مۆرفیم." (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٨٤)، چاکەی ئەم داهێنان و دۆزینەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان، چونکە " گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆییە، لە کاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی زمان و ڕێزمان دەژمارد، ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە وشە کەرتدەکرێ بۆ پارچەی وردتر، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٧)، کەواتە بە پێی بۆچوونی ڕۆنانکارەکان وشەیەکی وەک (گوڵدان)، خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆییەو لەم پارچانە پێکهاتووە:

١- گوڵ................ پارچەیەکی فەرهەنگی واتادارە.

٢- دان................ پارچەیەکی ئەرکی (داڕشتن)ە.

ئەوەی لێرەدا جێی گرفت و پرسیارە، ئەوەیە وشە وەک دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان چۆن پشتگوێخراو زمانەوانان لە شوێنگرەوەی تر گەڕان؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لە ڕاستیدا وشە وەک دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان ڕۆڵی خۆی لەدەستنەدا، واتە دۆزینەوەی بیرۆکەی مۆرفیم نەبووە هۆی مردن و لەناوچونی وشە، " بەڵکو هەڵوێستی بونی

وشەی بەهێزتر کرد، چونکە مۆرفیمی لێکدراو نیەو بەزۆری پتر لە مۆرفیمێک لە فۆرمەکاندا کۆئەبنەوە، کە زاراوەی (وشە) کۆیان ئەکاتەوە." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥: ٧٣)، واتە ئەوە وشەکانن، کە مۆرفیمەکانیان هەڵگرتووەو دەتوانین جارێکی تر (وشە ناسادەکان) کەرتبکەین و بەسەر وردە واتا (مۆرفیم)دا دابەشیانبکەین، هەرچەندە وەک پێشتریش خستمانەڕوو، کە پەنابردن بۆ مۆرفیم " دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی لە پێناسەکردنی وشەدا بەرەنگاری دەبین." (کەوسەر عەزیز ئەحمەد: ١٩٩٠: ٢٣)، ئەو گرفتانەش ئێمە پێشتر بە کورتی خستمانەڕوو، کە سەرەکیترینیان کێشەی واتا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی (مۆرفیم) وامان لێناکات کە ئێمە بە یەکجاری دەستبەرداری دانەیەکی گرنگی وەک وشە بین، چونکە دۆزینەوەی ئەو دانە گرنگەی زمان، کە ئەویش مۆرفیمە، ڕێگەی ئەوەمان بۆخۆشدەکات، کە زیاتر لە بارەی مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم و دابەشکردنە جیاوازەکانی مۆرفیم و بنەماکانی ناسینەوەی چەمکی مۆرفیم بزانین، بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانناسیی کوردییدا لەمبارەیەوە کاری زۆر کراوە،[1] بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات، تەنها مەگەر لە بارێکدا بە پێی پێویستیی کارەکەی خۆمان دەم لە هەندێک ڕووی مۆرفیم بکوتین، بە تایبەتیش لە بابەتی جۆرەکانی مۆرفیمدا لەسەر (مۆرفیمی بەند) و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە مۆرفیمی بەندەوە بوەستین.

## ٢-١/١) مۆرفیمی بەند:

ئەو مۆرفیمانەن، کە ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەربکەون، بەڵکو پێویستە بەردەوام بە مۆرفیمی ترەوە بلکێنرێن، لە چوارچێوەی وشەیەکدا." (Trask: 2007: 177)، واتە مۆرفیمە بەندەکان، ئەو مۆرفیمانە دەگرنەوە، کە لە زماندا ئەرکێکی گراماتیکی، یاخود ئەرکێکی لێکسیکی ڕادەپەڕێنن، بە گشتی لە ژێر زاراوەی (گیرەک)،یان (نوسەک)دا کۆکراونەتەوە، بۆ نموونە وەک: ( /-ستان/، /هەڵ-/)، کە دوو مۆرفیمی بەندی لێکسیکین لە وشەکانی: (گۆڕستان و هەڵماڵین)دا، هەروەها مۆرفیمە گراماتیکییەکانی وەک: (/-ەکە/، /نا-/)، لە فۆڕمە وشەکانی وەک: (کوڕەکە، ناخۆم)دا، کەواتە مۆرفیمی بەند " بە تەنها لە زماندا ئەرک و واتایان دەرناکەوێت، بەڵکو لەگەڵ وشەدا دەوری دیارو ئاشکرایان دەبینرێت و ژمارەیان زۆرەو بەبێ ئەمانە وشەو ئاخاوتن پێکنایەت و دەوری کاریگەرو زۆریان لەناو زماندا هەیە." (ڕەفیق شوانی:٢٠١١: ٧٣)، لە ڕووی سیمانتیکییەوە " مۆرفیمی بەند کۆمەڵە مۆرفیمێکن، هەریەکەیان چەمک و واتای

---

[1] سەبارەت بە مۆرفیم و جۆرەکانی، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ١- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩)، ٢- (محمد معروف و سەباح ڕەشید:٢٠٠٦).

تـــايبەت بەخۆيـــان هەيە، بەڵام ئەو چەمـــک و واتـــايە دەرناكەوێـــت، تـــاوەكو بە بنكەيەكەوە نەلكێن." (شادان حەمەئەمین:٢٠١٦: ٥٩).[2]

## ١/١-٣) مۆرفێمە بەندەكان بە پێی چەمک:

لەگەڵ لەدايكبوون و هاتنەئارای بیرۆكەی (مۆرفیم)، زمانەوانان و لێكۆڵەرانی بواری زمانناسیی لەسەر بنەمای جیاوازو بە تێڕوانینی جیاوازی زمانناسییەوە لە دانەیەكی وەک (مۆرفیم)یان ڕوانیوەو پۆلێنی جیاوازیان بۆكردووە، بەڵام ئێمە تەنها لەسەر بنەمای دابەشكردنی مۆرفیمەكان بە پێی (چەمک)، (شوێن)یان بە كورتی پرۆجێكتەری كارەكەمان لە مۆرفیمە بەندەكان بە پێی هەردوو ئەركی (گراماتیكیی و لێكسیكیی) دەدەین، سەرەتاش قسەلەسەر (چەمک)ی مۆرفیمە بەندەكان دەكەین، چونكە تەنها دەمانەوێت لەسەر هەردوو وەچە پۆلی (گراماتیكیی و لێكسیكیی) مۆرفیمە بەندەكان بدوێین و لەمڕووەوە پەیوەست بە چالاكیی و سستیی هەریەک لە مۆرفیمە بەندەكانی ئەم دوو وەچە پۆلە ڕابوەستین و هۆكارو فاكتەرەكانی چالاكیی و سستیی و ڕێژەی چالاكبوون و سستبوونی هەر گروپێكیان بە داتا بخەینەڕوو، هەربۆیە دابەشكردن و پۆلێنكردنی مۆرفیمە بەندەكان لە ڕووی ئەو ئەركەی دەیبینن، بۆ دوو وەچە پۆلی سەرەكی جیادەكرێنەوە، واتە هەریەكەیان دەربڕو گەیەنەری جۆرێكی دیاریكراو لە چەمكن، كە ئەوانیش بریتین لە هەردوو چەمكی: (گراماتیكیی و لێكسیكیی)[3]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١/١-٣-١) مۆرفیمی بەندی لێكسیكی:

ئەو مۆرفیمانەن، كە بۆ (بناغە/ڕەگ)ی وشەیەک زیاددەكرێن و وشەیەكی نوێ دادەڕێژن، كە زۆرجار واتای بنجی وشەكە دەگۆڕن، هەندێ جار لەگەڵیدا پۆلی ئاخاوتنی وشەكە دەگۆڕن." (شحده فارغ...&: ٢٠٠٦: ١٢٤)، ئەركی بنەڕەتیی ئەم پۆلە لە مۆرفیمی بەند، بریتییە لە بەخشینی چەمكێكی لێكسیكیی/فەرهەنگیی بە وشەكان و داڕشتن و دروستكردنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان، هەروەها جگە لە دروستكردنی وشەی نوێ جاری وایە پۆلی ئاخاوتنی وشەكە دەگۆڕێت، یاخود تەنانەت واتای وشەكە پێچەوانە دەكاتەوە، یان چەمكێكی نوێ بە وشەكە دەبەخشێت، بۆ نموونە وەک:

---

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چەمک و واتای مۆرفیمە بەندەكان و گرنگترین پەیوەندییە واتاییەكان، بڕوانە: ١- (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠)، ٢- (شادان حەمەئەمین محەمەد: ٢٠١٦).

[3] لە ڕووی واتاوە، مۆرفیمە بەندە لێكسیكییەكان خاوەن واتان، بەڵام مۆرفیمە بەندە گراماتیكییەكان لە ڕووی واتاوە هەڵگری واتان.

٣- جوان + /-ی/ > جوانی ......... پۆلی وشەکەی لە ئاوەڵناوەوە گۆڕی بۆ ناو.

٤- /نا-/ + خۆش > ناخۆش......... واتای وشەکەی پێچەوانە کردەوە.

٥- پیاو + /-ەتی/ > پیاوەتی......... چەمکێکی نوێی هێنایە ئاراوە.

٦- گۆزە + /-ەڵە/ > گۆزەڵە......... ڕێکخستنی پەیوەندی ناوەوەی وشەکە.

## ١/١-٣-٢) مۆرفیمی بەندی گراماتیکی:

مۆرفیمە گراماتیکییەکان، ئەو مۆرفیمە بەندانە دەگرنەوە، کە لە زماندا چەمکێکی گراماتیکیی/ڕێزمانیی دەردەبڕن و حاڵەتی سینتاکسیی وشەو فرێزو ڕستەکان دەگۆڕن، واتە فۆڕمی نوێ بە حاڵەتێکی نوێی گراماتیکییەوە دێننە ئاراوە، بەڵام واتای سیمانتیکی نوێ بە وشەکان نابەخشن، کەواتە " مۆرفیمی وشەگۆڕ[4]، دەچێتە سەر وشەو حاڵاتی جیاوازی ڕێزمانی پێکدێنێ، مۆرفیمی وشەگۆڕ کە بریتییە لە نیشانە، وەک پێشگرو پاشگر بە سەرەتاو کۆتایی وشەوە دەلکێن." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ٣٤٦)، واتە لە " مۆرفۆلۆژیدا ئینفلێکشناڵ پرۆسەی زیادکردنی گیرەکە ڕێزمانییەکانە، بۆسەر وشەیەک و گۆڕینی بە هەر ڕێگەیەک بێت بە گوێرەی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانێک." (Jack&Schmidt: 2010: 281)، بۆ نموونە وەک پرۆسەی کۆکردنەوە لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی گراماتیکییەوە:

| تێکردە (تاک) | | دەرکردە (کۆ) |
|---|---|---|
| پیاو | /-ان/ | پیاوان |
| کوڕ | /-ەکە/ | کوڕەکە |
| جوان | /-تر/ | جوانتر |

خشتەی (١) مۆرفیمە بەندە (گراماتیکی)یەکان

ئەوەی لە نموونەکانەوە بەپێی خشتەی (١) دەردەکەوێت؛ مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان بریتین لەو مۆرفیمانەی، کە لە ڕستەدا چەمکێکی گراماتیکیی هەڵدەگرن، لە نموونەی پرۆسەکانی: (کۆکردنەوە، دیاریکردن، دیارینەکردن، بەراورد، تاف، دەمکات، نادیاریی، ...&).

[4] وشەگۆڕ: مۆرفیمی بەندی گراماتیکی.

پاش خستنەڕووی مۆرفیمەکان لە ڕوانگەی چەمکەوە، کە ئەوانیش: (مۆرفیمی بەندی گراماتیکیی، مۆرفیمی بەندی لێکسیکیی) بوون، بۆمان دەرکەوت، کە هەریەکەیان سنووری کارکردن و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو لە چوارچێوەو مەودای خۆیدا ئەرکێکی زمانیی ڕادەپەڕێنێت، جا بەپێی جۆری مۆرفیمەکە ئەرکەکەشی دەگۆڕێت، بۆ نموونە وەک ڕوونمانکردەوە هەندێکیان ئەرکێکی لێکسیکیان هەیەو دەوری بەرهەمهێنانی داتاو کەرەسەی نوێی زمانیی بۆ فەرهەنگی زمان دەبینن، کە ئەوانیش بریتین لە مۆرفیمی لێکسیکیی/فەرهەنگیی، هەروەها جۆرەکەی تریان ئەرکێکی گراماتیکی بەجێدەگەیەنن و حاڵەتی جیاوازی سینتاکسیی دروستدەکەن، کە بەم دەستەیەیان دەوترێت مۆرفیمی بەندی گراماتیکیی.

هەریەک لەم دوو جۆر مۆرفیمە لە ڕووی بنەمای کارکردن و ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی، کە لە زماندا دەیبینن، چەند جیاوازییەکیان هەیە، بە شێوەی خاڵ دەیانخەینەڕوو:[5]

١- مۆرفیمە گراماتیکییەکان لە ڕووی ئەرکەوە ئەرکێکی ڕێزمانیی دەبینن، بەڵام مۆرفیمە لێکسیکییەکان لە ڕووی ئەرکەوە ئەرکێکی فەرهەنگیی دەبینن.

٢- مۆرفیمە لێکسیکییەکان هەندێک جار پۆلی ئاخاوتن (کەتیگۆری وشەکە) دەگۆڕن، هەندێک جار نایگۆڕن، بەڵام بە پێچەوانەوە مۆرفیمە گراماتیکییەکان هەرگیز پۆلی ئاخاوتنی وشەکە ناگۆڕن، بەڵکو حاڵەتی ڕێزمانیی دەگۆڕن.

٣- مۆرفیمە گراماتیکییەکان بە پێی یاسا ڕێزمانییەکان پێویستن و بەکارهێنانیان خورتەکییە، بەڵام مۆرفیمە لێکسیکییەکان، لەبەرئەوەی خۆیان فەرهەنگین و پەیوەندییان بە یاسا ڕێزمانییەکانەوە نییە، بۆیە بە پێی یاسا ڕێزمانییەکان پێویست نین، کە ئەم تایبەتمەندییەش بە باشترین پێوەر دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان لە مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان.

٤- مۆرفیمە گراماتیکییەکان لە ڕووی بەرهەمدارییەوە بەبەرهەمن، بەڵام مۆرفیمە لێکسیکییەکان لە ڕووی بەرهەمدارییەوە بەرهەمیان سنووردارە، هەربۆیە " یەکێک لەو جیاوازییانە کە گیرەکی وشەگەردان لە وشەداڕێژ[6] جیادەکاتەوە

---

[5] بۆ پوختەکردنەوەو داڕشتنەوەی جیاوازیی نێوان مۆرفیمە بەندە (ڕێزمانیی و فەرهەنگییەکان)، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ١- (www.daniel – wiechmann.net)، ٢- (rodman & hyams & fromkin:2011: 52)، ٣- (سەعید کەرەمی:١٣٩٦)، ٤- (محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید:٢٠٠٦).

[6] أ- گیرەکی وشەگەردان: مۆرفیمی بەندی گراماتیکی، ب- گیرەکی وشەداڕێژ: مۆرفیمی بەندی لێکسیکی.

بەرهەمهێنییە. چونکە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە گیرەکە وشەگەردانەکان – تەنانەت بۆ هەر وشەیەکیش کە تازە داهاتبێت – دەلکێننە بناغەکانەوەو بە دەگمەن نەبێت ناوێزەی تێناکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە گیرەکە وشەدارێژەکان هەر چەند لە باری ژمارەوە زۆرن و سەد تێدەپەڕێنن، بەڵام جگە چەند دانەیەکیان نەبێت کە بە بەرهەمهێن دادەنرێن زۆربەیان یان نەزۆکن یان نیمچە بەرهەمهێنن." (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٦٠).

٥- مۆرفیمە گراماتیکییەکان لە ڕووی شوێن و ڕیزبوونەوە دەکەونە دوای مۆرفیمە لێکسیکییەکانەوە، بۆ نموونە وەک: (ڕاو<u>چییەکان</u> مانیانگرت.)، بەڵام ئەگەر مۆرفیمە لێکسیکییەکە پێشگر بوو، ئەوا پێش مۆرفیمە گراماتیکییەکان دەکەوێت، وەک: (<u>ڕانەد</u>ەوەستان).

٦- مۆرفیمە گراماتیکییەکان لە ڕووی گۆڕینی واتاوە، واتای بنجەکە ناگۆڕن، وەک (کوڕ + /-ەکە/ > کوڕەکە)، لەم نموونەیەدا واتای /کوڕ، کوڕەکە/، هەر بریتییە لە: {+مرۆڤ، -هەراش، +نێر}، بەڵام مۆرفیمە لێکسیکییەکان جاری وایە واتای بنجەکە دەگۆڕن، یاخود پەیوەندی ناوەوەی واتای وشەکە ڕێکدەخەن، یان جاری وایە واتای چەمکیی وشەکەش دەگۆڕن و تەنانەت پێچەوانەی دەکەنەوە، (بڕوانە نموونەکانی ٣، ٤، ٥، ٦).

٧- مۆرفیمە گراماتیکییەکان لە ڕووی واتاوە واتایەکی دیاریکراو و پێشبینیکراویان هەیە، بەڵام مۆرفیمە لێسیکییەکان بە زۆری واتاکەیان پێشبینی نەکراوە (تاریک)ە.

٨- لە ڕووی پێویستییەوە مۆرفیمە گراماتیکییەکان کاتێک پێویستن، کە مرۆڤ پێویستی بە دەربڕینی حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی هەبێت، بەڵام مۆرفیمە لێکسیکییەکان کاتێک پێویستن، کە مرۆڤ پێویستی بە ناونان و دەربڕینی چەمکی نوێ لە ژیاندا هەبێت.

## ١/١-٤) مۆرفیمە بەندەکان بەپێی جێکەوتە:

یەکێکی تر لەو دابەشکردنانەی، کە بۆ مۆرفیمە بەندەکان کراوە، بریتییە لە پۆلێنکردن و پێناسەکردنی مۆرفیمەکان لەسەر بنەمای شوێنیان، دیارە فاکتەری بنەڕەتیش لە دیاریکردنی شوێندا بریتییە لە مۆرفیمە بناغەییەکان، واتە مۆرفیمی بناغە وەک (چەق)ێک وایەو شوێنی مۆرفیمە بەندەکە لەسەر ئەو بنەمایە دیاریکراوە، بۆ نموونە ئەگەر شوێنەکەی پێش (بناغە)کە بوو، ئەوا پێدەوترێت

(پێشگر)، بەڵام ئەگەر دوای (بناغە)کە بوو، ئەوا (پاشگر)ە...&، بە کۆی ئەم مۆرفیمانەش دەوترێت (گیرەک)، یا (نوسەک).

کەواتە گیرەک بریتییە لە: " پیتێک، یا دەنگێک، یا کۆمەڵە پیتێک/دەنگێک (مۆرفیم)، کە دەخرێتە سەر وشەیەک یا (بناغە)یەک و واتا یا ئەرکی ئەو وشەیە یان بناغەیە دەگۆڕن." (هیدسن: ٢٠٠٨: ١٢٨)، واتە بە مۆرفیمە بەندەکان دەناسرێن و لەپێش، یاخود لەنێو، یان لەدوای بناغەوە دێن. (Stagaberg: 1981: 89).

گرنگترین جۆری مۆرفیمە بەندەکانیش بە پێی شوێنیان بریتین لە:

١- **پێشگر:** بریتییە لە گیرەکێک، یان زیاتر، پێشی وشەیەک، یان ڕەگێک دەگرێت و واتایەکی تر یان ڕەوشێکی دیکە، بە وشە تازەدروستکراوەکە (داڕێژراوەکە) دەدات. (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٨). پێشگر، یەکێکە لە مۆرفیمە بەندەکان و دەکەوێتە پێشی بناغە، یان ڕەگی وشەوە و وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت، یاخود باری ڕێزمانیی وشەکە دەگۆڕێت، وەک ئەم نموونانە:

| تێکردە | | دەرکردە |
|---|---|---|
| /نا-/ | پاک | ناپاک |
| /نە-/ | خوارد | نەخوارد |

خشتەی (٢) مۆرفیمە بەندە (پێشگر)ەکان

٢- **پاشگر:** گیرەکێکە، لەدوای بناغەوە دێت، (Trask: 2007: 9)، واتە ئەمجۆرە گیرەکە دەکەوێتە دوای بناغەوەو وشەیەکی نوێ، یاخود بارێکی ڕێزمانیی نوێ دروستدەکات. وەک:

| تێکردە | | دەرکردە |
|---|---|---|
| کورد | /-ستان/ | کوردستان |
| بەڕێوەبەر | /-ایەتی/ | بەڕێوەبەرایەتی |
| پیاو | /-ان/ | پیاوان |

خشتەی (٣) مۆرفیمە بەندە (پاشگر)ەکان

٣- **ناوگر:** ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە دەخرێنە نێو وشەیەک، (Stagaberg: 1981: 90). هەر سەبارەت بە ناوگر (katamba) دەڵێت: " ئەمجۆرە مۆرفیمانە لە زمانە سامییەکاندا بڵاون، وەک زمانی عەرەبی و عیبری، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا وجودو بوونی نییە."،(١٩٩٣: ٤٤)[7]

[7] لە (شحدة فارغ...&:٢٠٠٦: ١٢٣) وەرگیراوە.

واتە ناوگر ئەو جۆرە مۆرفیمانەن، کە بناغەی وشەکە دەسمن و دەچنەناو پێکهاتەی وشەکەوە، ئەمجۆرە زیاتر لە زمانی عەرەبیدا چالاکەو لە زمانێکی وەک کوردییدا بوونی نییە، هەرچەندە هەندێک توێژەر پێیانوایە، کە لە زمانی کوردییشدا هەندێ نموونەی وەک: (شەق > شەبەق،...&)مان هەیە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیین و پێمانوایە هەر هەمان وشەن، بە دوو دەرکەوتنی جیاوازەوە.[8]

٤- **لاگر:** لە هەندێک زماندا گیرەکی ئاوێتە هەیە، کە هەردوو جەمسەری وشە، یاخود فرێز دەگرن." (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٩)، بە گشتی ئەم جۆرە مۆرفیمانە زۆرجار مۆرفیمە پچڕپچڕەکانیشیان پێدەوترێت و لە ڕووی شوێنەوە دەکەونە سەرەتاو کۆتایی بناغەوە، واتە دەتوانین وەک یەک مۆرفیم تەماشایان بکەین، بەڵام پچڕاون و بەشێکیان سەرەتای بناغەو بەشەکەی دییان کۆتایی بناغە دەگرێت، واتە " لاگر ئەو مۆرفیمانەن، کە دەلکێن بە بناغەی وشەوەو سەرەتاو کۆتایی بناغەکە دەگرن." (fromkin…&:2011: 45)، ئەمجۆرە مۆرفیمە لە زمانی کوردییدا بە شێوەیەکی دیارو ڕوون هەستی پێناکرێت، یاخود ئەگەر هەشبێت ئەوا زۆر کەم وسنووردارە، هەرچەندە نموونەی وامان هەیە، کە پێشگرو پاشگرێک لەیەک کاتدا چوونەتە سەر یەک بناغە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمجۆرە مۆرفیمانە یەک مۆرفیم نین تا لەتبووبێتن و پچڕابێتن، بۆ نموونە وەک ئەم وشانەی خوارەوە:

٧- /نە-/ + خۆش + /-ی/ > نەخۆشی

٨- /هەڵ-/ + گەڕان + /-ەوە/ > هەڵگەڕانەوە

یاخود جاری وایە پێکەوەهاتنی (پێشناوێک و پاشناوێک)، بە نموونەی لاگر لە زمانی کوردییدا تەماشاکراوە. وەک:

٩- لە..............دا ............ لە سلێمانیدا

١٠- لە...........ەوە............. لە سلێمانییەوە

بەڵام ئەم نموونانە ناچنە ناو لاگرەوە، چونکە پێشناوەکان بە گشتی مۆرفیمی سەربەخۆن و پۆلێکی سەربەخۆی ئاخاوتنن، واتە لێکدانەوەو شرۆڤەکردنێکی تریان بۆدەکرێت، نەک وەک مۆرفیمی بەند ئەژماربکرێن، چونکە " سیمای سەرەکی مۆرفیمی (لاگر – circumfix) ئەوەیە، کە پێویستە پچڕاوی هاونشین بن، واتە پێکەوە نەبێت دەرنەکەون و بەشێکی بەسەرەتای وشەو بەشەکەی تری

---

[8] ناوگر لە زمانێکی وەک عەرەبیدا، بوونی هەیە و چالاکە، وەک: (کتب > کاتب، درس > دارس).

بەکۆتایی هەمان وشەوە بلکێت." (شیروان حوسێن حەمەد: ٢٠١٤: ٦٦)، هەرچەندە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد بوونی ئەمجۆرە مۆرفیمانە لە زمانی کوردییدا زۆر لاوازە، بەڵام مۆرفیمێکی بەندی گراماتیکیی وەک: (ب...با، ب....ایە)، کە دەربڕی دەمکاتی ڕابردووی بەردەوامن لە (دانانەڕووکار)دا، دەتوانین بڵێین لەمجۆرەیە، چونکە یەک مۆرفیمەو شەقبووەو بناغەکە لەنێوانیاندا دێت، واتە مۆرفیمە بەندەکە هەردوو جەمسەری بناغەکە دەگرێت، ناشتوانین یەکێکیان لابەرین، چونکە هەردوکیان دەربڕی یەک چەمکی ڕێزمانیین، کە ئەویش: (ڕابردووی بەردەوامی دانانەڕووکار)ە. وەک:

| دەرکردە | تێکردە | |
|---|---|---|
| بخواردبا | ب.........با | خوارد |
| بهاتبا | ب.........با | هات |
| بنووسیبا | ب.........با | نووسی |

خشتەی (٤) مۆرفیمە بەندە (لاگر)ەکان

ئەگەر تەماشای نموونەکانی خشتەی (٤) بکەین، ئەوا بە لابردنی دەنگی [ب]ی سەرەتا، دەمکاتی کارەکە لە (ڕابردووی بەردەوام) دەگۆڕێت بۆ (ڕابردووی ڕووت).

ڕابردووی بەردەوام – دەنگی [ب] > ڕابردووی ڕووت.

١١- بهاتبا – ب > هاتبا

١٢- بنووسیبا > - ب > نووسیبا

هەروەها بە لێکردنەوەی فۆڕمی (با)، ئەوا کارەکە ناڕێزمانیی دەردەچێت، وەک:
بهاتبا ......... (ڕابردووی بەردەوامی دانانی)

بهات.. * (کردارێکی ناڕێزمانی، واتە لە دانانە ڕووکاردا فۆڕمی لەمشێوەیەمان نییە).

نموونەی ئەو زمانانەی کە ئەمجۆرە مۆرفیمە تیایاندا بەکاردێت، وەک زمانی (چیکاسۆ)، کە زمانی (مۆسکۆجینییەکان)ە،[9] لەم زمانەدا مۆرفیمێکی وەک /ik…..o/، شێوەی ڕستە لە (ئەرێ)وە، دەگۆڕێت بۆ (نەرێ)، بەڵام پێش

9 مۆسکۆجینییەکان ئەو ئەمریکییە ڕەسەنانەن، کە کەوتوونەتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە ویلایەتی (ئۆکلاهۆما)، قسەی پێدەکەن.

زیادکردنی ئەم مۆرفیمە پێویستە ڤاوڵی کۆتایی شێوەی (ئەرێ) لاببرێت، وەک خشتەی (٥)ی خوارەوە: (fromkin…&:2011: 45).

| تێکردە (ئەرێ) | | دەرکردە (نەرێ) |
| --- | --- | --- |
| Choka باشە | /ik…..o/ | Ikchoko باش نییە |
| Lakna زەردە | /ik…..o/ | Iklakno زەرد نییە |
| Palli گەرمە | /ik…..o/ | Ikpallo گەرم نییە |
| Tiwwi دەیکاتەوە | /ik…..o/ | Iktiwwo نایکاتەوە |

خشتەی (٥) مۆرفیمە بەندە (لاگر)ە بیانییەکان

٥- **ناوبەند:** ئەمجۆرە مۆرفیمە، کە زاراوەی ئامرازی لێکدەریشی بۆ بەکارهاتووە و ئەرکی جۆینکردنی دوو بناغە دەبینن، ئەمانەش مۆرفیمی بەندن و ڕۆڵیان لە خستنەتەکیەکی دوو بناغەی سەربەخۆ بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراو هەیە، چونکە لە زمانی کوردییدا پرۆسەی لێکدان بە شێوەیەکی گشتی، یان بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر دەبێت، یاخود بە هاوکاری یەکێک لە مۆرفیمە بەندە لێکدەرەکان، جیاوازی بنەڕەتیی ئەمجۆرە مۆرفیمەش ئەوەیە، کە لەڕووی شوێنەوە ناوەندی هەردوو بناغەکە دەگرێت و ئەرکی جۆینکردن لەنێوان هەردوو بناغەکەدا دەبینێت، بەڵام لەڕووی واتاییەوە، واتایەکی دیارو ڕوونی نییە، هەروەها دەرکردەو بەرهەمی ئەمجۆرە مۆرفیمە، لێکسیکییە، نەک گراماتیکیی بێت، بۆیە ئێمە وەک ئامراز تەماشای ناکەین.

" ئینتەرفێکس ئەو مۆرفیمە یاریدەدەرانەن، کە مانای خودییان نییە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکاری دەکەن." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٥٨)، یاخود مۆرفیمی بەندی لێکدەر(ئینتەرفێکس)، " دەنگێکە، یان مۆرفیمێکە، یان زیاتر لەدوو وشە، یان وشەیەک و گیرەکێک، یان زیاتر پێکەوە گرێدەدات." (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ١٠)، هەروەها لەڕووی چالاکییەوە ئەمجۆرە مۆرفیمە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو زۆرچالاک و بەرهەمدارە، بۆ نموونە وەک:

Y < X + /-…..-/ + X -

١٣- سور+ /-و-/ + سپی > سوروسپی

١٤- گوڵ + /-ە-/ + باخ > گوڵەباخ

١٥- لێو + /-بە-/ + بار > لێوبەبار

کەواتە گرنگترین مۆرفیمە بەندەکان بەپێی جێکەوتەیان، لە ڕێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە پیشاندەدەین:

پۆلێنکردنی (گیرەک)ەکان بەپێی جێکەوتە

| پێشگر | پاشگر | ناوگر | لاگر | ناوبەند |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ناپاک | گوڵدان | نیمانە | بنوسیا | هاتوچۆ |

هێڵکاریی (١) پۆلێنی مۆرفیمە بەندەکان، لەسەر بنەمای (جێکەوتە)

## ٥-١/١) مۆرفیمی بەندو گەیاندنی چەمکی جیاوازی زمانیی:

مۆرفیمە بەندەکان بە حوکمی ئەوەی، کە لەڕووی واتاوە، واتایەکی سەربەخۆیان نییە، هەربۆیە ئەو پێناسەیەی کە مۆرفیم بە بچووکترین یەکەی واتاداری زمان دادەنێت لەگەڵ پێناسەکانی پێشوتری وشەدا یەکیاندەگرتەوە، چونکە پێشتر زمانەوانان کاتێک باسی واتایان دەکرد، پێیانوابووە بچووکترین یەکەی واتایی زمان وشەیە، چونکە خوار وشە سەربەئاستی دەنگسازییەو ئەم ئاستەش بێ واتایە[10]، کەواتە بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە زمانەوانان پێناسەیەکی تریان بۆ مۆرفیم دانا، کە ئەویش بە بچووکترین یەکەی واتایی، یاخود خاوەن واتا تەماشایانکرد، ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە بەشی دووەمی پێناسەکەیە، کە دەڵێت: (مۆرفیم بچووکترین یەکەی خاوەن واتای زمان)ە، واتە لێرەوە زمانەوانان خۆیان لەو کێشەیە بەدوورگرت، چونکە ئەگەر بنەمای واتا بکرێتە پێوەر ئەوا نەک مۆرفیمە بەندەکان، بەڵکو وشە ئەرکییەکانی زمانیش دەبوایە لەدەرەوەی ئەم پێناسەیە بوونایە، چونکە هەرچەندە ئەمجۆرە کەرەسە زمانییانە خاوەنی فۆڕم و ئەرکی تایبەتی خۆیانن لە زمانداو زمان بێ ئەمان نابەکام دەردەچێت، بەڵام بە پێوانەو تەرازووی واتا ناتوانرێت بپێورێن، لەبەرئەوەی وەک وشە سەربەخۆکانی زمان، یان مۆرفیمە سەربەخۆکان واتایەکی سەربەخۆیان نییە، جگە لەم سەرنجانەی، کە خستمانەڕوو لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینانەی کە پێیانوایە واتا بەشێکی بچووکە لە چەمک، یاخود دەربڕی بەشێکی چەمکەکەیە[11] هەربۆیە لە ئێستادا ئێمە دەمانەوێت بەو ئاقارەدا کاربکەین و بڕۆین، کە مۆرفیمە بەندەکان

[10] لە بۆچوونی نوێندا خوار وشە مۆرفیمەکانن، جا (خاوەنی واتا، یان هەڵگری واتا)ن، دەنگەکانیش ڕۆڵیان لە گۆڕینی واتادا هەیە.
[11] سەبارەت بە (واتا و چەمک) و دەربڕینی بەشێکی چەمک لەلایەن واتاوە، بڕوانە: ١- (فاروق عومەر صدیق:٢٠١٦، لە دایکبونی وشە)، ٢- (کاروان عومەر قادر:٢٠١٧، داڕشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا).

بەپێی ئەو ئەرک و ڕۆڵەی لە زماندا دەیبینن، دەربڕی چەمکن، جا ئەو چەمکەش دەشێت چەمکێکی گراماتیکیی، یاخود لێکسیکیی بێت، واتە ئەگەر لە ئێستای زمانی کوردی بڕوانین و لە چوارچێوەی کارەکەی خۆماندا بۆ مۆرفیمە بەندەکان بڕوانین، ئەوا لەسەر بنەمای ئەو ئەرک و واتایەی کە دەریدەبڕن، لە زماندا بۆ مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان و مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان دابەشدەکرێن، کە یەکەمیان لە زماندا دەربڕی چەمکی گراماتیکیی/ڕێزمانییە، ئاخێوەری زمانی کوردی هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری بێت، جۆری دووەمیان دەربڕی چەمکی فەرهەنگییەو بە شێوەی گروپی بچوک بچوک لە دەوری چەمکێکی ناوەندیی کۆبوونەتەوە، بۆ نموونە ئەو مۆرفیمە بەندانەی، کە دەربڕی چەمکەکانی: (شوێن، پیشە، ناوی بکەری، نەرێی فەرهەنگی، ئەبستراکتی،...&)ن، ئەمانە هەریەکەیان بەجیا دەربڕی چەمکێکی فەرهەنگیین، بەڵام هەمووشیان پێکەوە دەربڕی چەمکی لێکسیکیی/فەرهەنگیین.

## ٢/١) بەرهەمداریی لە زانستی زماندا

## ١-٢/١) مۆرفۆلۆژیی لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا:

مۆرفۆلۆژیی، کە لقێکی گرنگی زانستی زمانی تیۆرییەو خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووکارە جیاوازەکانی وشە، لە ڕووی (پێکهاتە، بەکارهێنان، کەتیگۆری وشە)، واتە " ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتەی ناوەکی وشەکان و ئەو یاسایانەی کە وشەکانی لێدروستبووە دەکۆڵێتەوە." (fromkin:2011: 41)، بۆیە هەر لەکۆنەوە بابەتێکی گرنگ بووە، لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییداو لێکۆڵەران لە ڕوانگەی جیاوازو بە میتۆدو ڕێبازی جیاواز شرۆڤەیانکردووە، هاوکات ئەوەی بۆئەم توێژینەوەیە جێگەی بایەخ و گرنگپێدان بێت، بریتییە لە تەماشاکردنی مۆرفۆلۆژیی بە چاویلکەی تیۆرییەکی نوێ، کە ئەویش تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، چونکە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا، زیاتر تیشکی دەخرێتەسەرو دەبێتە جێی بایەخی کاری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان لە هەردوو بواری گراماتیکیی و لێکسیکییدا، دیارە دەرخستنی چالاکیی و سستیی هەر مۆرفێمێکیش بەندو پەیوەستە بەڕێژەی بەرهەم و لەبارێتی و گونجاوێتی بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی لەگەڵ بناغەی جیاوازدا، هەربۆیە دەمانەوێ لەسەر بنەماو ڕۆشنایی تیۆری (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)، لێکۆڵینەوەکەمان بەرەوپێشەوە بەرین و سەرەتاش پێویستمان بەوە دەبێت، کە بەشێوەیەکی کورت و پوخت تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان ڕوونبکەینەوەو پەیوەستی بکەینەوە بەکارەکەی خۆمانەوە.[12]

تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان بەبڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕێزمانی گواستنەوە – Transformation Grammer) هاتەئاراوە، کە چۆمسکی لە ساڵی (١٩٥٠ز)دا، بڵاویکردەوە، تیایدا بیرۆکەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی خستەڕوو، چۆمسکی بەم کارەی توانی گۆمی مەنگی جیهانی زمانناسیی بشڵەقێنێت و ببێتە سەرەتاو دەسپێکی لەدایکبوونی قۆناغ و سەردەمێکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانییدا، واتە " ئەم کتێبە سەرەتایەکی گرنگ بوو سەبارەت بە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی گەورەی تیۆری زمانبوو، کە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ قوتابخانەکانی تری لێکۆڵینەوەی زمانەوانییداو وەرچەرخانێکی گەورەش بوو لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دیراسەکردنی زماندا." (حاتەم ولیا: ٢٠٠٩: ٥٥)، هەر لەمڕووەوە

[12] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کارەکانی چۆمسکی و قۆناغە جیاوازەکانی تیۆرەزمانییەکانیی، بڕوانە: ١- (سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨)، ٢- (حاتەم ولیا محمد:٢٠٠٩)، ٣- (تارا موحسین قادر:٢٠١١).

چۆمسکی ، بە بۆچوونی فەیلەسووفە عەقڵگەراکانی سەدەی حەڤدەهەم کاریگەربوو، بە تایبەتی (دیکارت)، چونکە ئەم فەیلەسووفە پێی وابوو: " کە هەندێک چەمک هەن کە بەشێوەیەکی خۆڕسکی لەمێشکی مرۆڤدا هەیە، یان بە واتایەکی تر پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ بەشێوەیەکە لە کاتی لەدایکبوونیدا جۆرێک لە زانیاری تێدایە، کە بەرهەمی ئەزموون نییە، ئەم زانیارییە دەکەوێتە پێش ئەزموونەوەو لە ڕاستیدا شێوەی گشتی زانیارییەک کە دواتر لە ئەنجامی ئەزموونەوە دێتە ناو مێشکی مرۆڤەوە دیاری دەکات." (محەمەد ڕەزای باتینی:٢٠١٢: ٤٢).

هەروەک چۆن فەیلەسووفە عەقڵگەراکان، پێیانوایە هەندێک چەمک و زانیاریی هەیە، بەشێوەیەکی خۆڕسک لەگەڵ لەدایکبوونیدا، لە مێشکی مرۆڤدان، یان ئەوەی ئایین بە خوابەخش ناوی دەبات، جا ئەو مرۆڤە لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەبێت و لەهەر نەتەوەو تیرەو هۆزێک بێت، خاوەنی ئەم توانستە زمانییەیە، هەربۆیە چۆمسکی لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنانـدا، بۆ سەلماندن و پشتگیریکردنی ئەم بۆچوونە ئەوەی خستەڕوو، کە " عەقڵی مرۆڤ چەند زانیارییەکی خۆڕسکی لەبارەی زمانەکەی خۆیەوە پێ بەخشراوە، ئەو بەهرە خواییە بۆ مرۆڤ بنەمایەک بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ڕستە دروست دەکات." (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٦٩).

لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیی و بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی، بەشێکی گرنگی زانستی زمانی بەرهەمهێنانە، چونکە پەیوەستە بەتوانستی زمانیی و چالاکی بەکارهێنانی زمان لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە، لەبەرهەمهێنانی ڕستەو وشەو داتای نوێی زمانییدا، واتە " ئامانجی سەرەکیی زانستی زمانی بەرهەمهێنان، تێگەیشتنە لە سروشتی زانیاریی (معریفە)[13]ی زمان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی لەلایەن منداڵەوە." (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ٣)، هەروەها ئەم تیۆرە کە قسەکردنە لەسەر هەردوو چەمکی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)، دوو چەمکی تەواوکەری یەکن، لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێناندا جەخت لەسەر بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێسنوور لە ڕستەی فۆڕم ڕاست دەکاتەوە لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەرەسەو یاسا واتە " بیری سەرەکی بەرهەمهێنانی زمان لەوەدایە، کە ئاخێوەری هەر زمانێک دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتایی ڕستە دروست بکات و بەرهەمبهێنێت و تێیانبگات، بێ ئەوەی ئەم ڕستانەی لە پێشتردا بیستبێت." (یوسف نوری:٢٠١٥: ١٧)، چۆمسکی زمان بەوە پێناسە دەکات، کە کۆمەڵە یاسایەکە، لەسەر بنەمای ئەو کۆمەڵە یاسایە مرۆڤ دەتوانێت بێسنوور دەربڕاوی نوێ بەرهەمبهێنێت، واتە

[13] مەبەست لە زاراوەی (کۆزانیاریی – knowledge) (معریفە)یە، بەڵام زاراوەی (زانیاریی – Information) (معلومە)یە.

لێرەدا جەخت لەسەر هەردوو چەمکی بەرهەمهێنان و داهێنان دەکاتەوە لە زمانی مرۆڤدا، چونکە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان، کە مرۆڤی لە ئاژەڵ و دروستکراوەکانی تر پێجیادەکرێتەوە، لەبەرئەوەی زمانی ئاژەڵان تایبەتمەندیی داهێنان و دروستکردنی فۆرم و داتای نوێی زمانیی نییە، چۆمسکی لەم ڕووەوە سوودی لە ماتماتیک وەرگرتووە، هەروەک چۆن " ماتماتیک سیستەمێکی بریتی لە ژمارەیێکی کەم و سنووردار (نیشان)و (یاسا)یە، کە بەهۆیانەوە ژمارەیێکی بێ دوایی (نرخ) دەرئەبڕێ." (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ١٧٧)، بۆ زمانیش ئەمە ڕاستە بۆ نموونە لەسەر بنەمای چەند (فۆنیم)ێک، دەتوانێت بەپێی پێویستیی دەربڕاو و وشەی نوێ بنیاتبنێت، یاخود لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی ڕستەسازیی بەبێ سنوور ڕستەو دەربڕاوی نوێ بەرهەمدەهێنێت، یان لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، بەپێی توانست و پێویستی ئاخێوەری زمان وشەی نوێ بەرهەمدەهێنێت.

## ٢/١-٢) بەرهەمهێنان:

بەرهەمهێنان، یەکێکە لە سیما دیارەکانی گەشەو گۆڕانەکانی ژیانی مرۆڤ، واتە مرۆڤ بەحوکمی ئەوەی، کە کائینێکی چالاک و جووڵاوە، لەگەڵ زیادبوونی چالاکی و ئارەزووەکانی بۆ گۆڕان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، لەوانە بوارەکانی: (ڕامیاریی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، تەکنەلۆژیی، ...&)، هەروەها لەگەڵ گۆڕانی سروشت و عەقڵ و بیرکردنەوەو بارەکانی تری ژیانییدا، ئەم کائینە چالاکە پێویستیی و داواکاری و ویستەکانی زیادی کردووەو بەشوێن کەناڵ و سەرچاوەی نوێدا گەڕاوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەسەر شتەکانداو بەدەستهێنانی دەستکەوت و بەرهەمی نوێ و زیاتر، دیارە لەم ڕووەوە پێویستی بەوە هەبووە لەچەند ڕێگەیەکەوە بەرهەمی نوێ لە هەموو بوارێکدا بەدەستبهێنێت، بۆ نموونە بەرهەمهێنانەکەی، یان لەسەر بنەمای گەشەکردنی عەقڵ و هۆشی بووەو بیری فراوانبووەو شتی نوێی دۆزیوەتەوە، کە لەم بوارەدا بەرهەمەکەی دەچێتە خانەی (داهێنان)ەوە، واتە بەرهەمهێنانی شت لە نەبووەوە، یاخود لەسەر بنەمای کەرەسەو شتەکانی دەوروبەری جارێکی تر بەرهەمی نوێ و داڕشتەی تازەی لێ دروستکردووەتەوە (اعادة التصنیع)، کە لە هەردوو بارەکەدا بە ئاڕاستەی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، بۆ بەدەستهێنانی شتومەک و کەلوپەل و تەنانەت بیرو فیکری نوێش کاریکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنان بریتییە لە: " پرۆسەی گەشەکردن، یان دروستکردنی خۆراک و کەلوپەل و ماددە بە تایبەتی، بەشێوەیەکی فراوان، وەک

بەرهەمـی گەنـم، ڕۆن، ئۆتۆمبیـل، یـاخود کاروپرۆسـەی دروسـتکردنی شـتێکە بەشێوەیەکی سروشتی." (Wehmeier:2006: 1203)، واتە لە بارە گشتییەکەیدا بەرهەمهێنـان زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێـت بـۆ بەرهەمهێنـانی هەمـوو جـۆرە بەرهەمێکـی مـاددیی، یـاخود مەعـنەوی، بـۆ نمـوونە بەرهەمهێنـانی (دانەوێـڵە، کەرەسەی بیناسازی، کەرەستەی پلاستیکی، کەرەستەی تەکنیکی، ...&)، دەچنە خـانەی دروسـتکردن و بەرهەمهێنـانی بـابەتی مـاددییەوە، بەرهەمهێنـانی بیـرۆکەی نـوێ، فەلسـەفەی نـوێ، تیـۆری نـوێ، بۆچـوونی نـوێ، ...&، ئەمـانیش بۆخۆیـان بەرهەمی بیرکردنەوەو لێکدانەوە و عەقڵی مرۆڤن و دەچنە خـانەی بەرهەمهێنانی شـتە ئەبسـتراکتییەکانەوە، هەمـوو ئەمـانەش جـارێکی تـر دەبەسـترێنەوە بە هەوڵ و تەڵاشـی مـرۆڤ لە پێنـاوی گۆڕانکـاری و بەرەوپێشـچوونی ژیـان و پڕکـردنەوەی حەزوئـارەزوو پێداویسـتییەکانیی، واتە بـکەری سـەرەکی و بنەڕەتیـی لەم بـوارەدا مــرۆڤ و پێداویســتییەکانی و جموجــوڵ و چالاکییەکــانی مــرۆڤە لە پێنــاوی دروستکردنی دونیایەکی باشترو ئاسۆیەکی ڕوناکتر.

## ٢/١-٣) بەرهەمهێنان لە زماندا:

بەرهەمهێنـان لە بـواری زمانـدا بە بـاوەڕی (کریسـتاڵ)، بـریتییە لە " چـالاکی بەکارهێنانی زمان لە قسەکردن و نووسین و دانانی هێماکاندا." ( Cristal:1992: 314)، واتە بەکارهێنـانی زمـان لەبـوارە جیاوازەکانـدا لەلایەن ئـاخێوەرانییەوە، بـۆ پڕکــردنەوەی پێداویســتییەکانی مــرۆڤ و دەربــڕین و گواســتنەوەی بیرەکــانی و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان یەکتردا، واتە ئەوە چەمکی بەکارهێنـانە لە زمانـدا، کە پێمانـدەڵێت کـام وشـانە، کـام گیرەکـانە، یـاخود کـام یاسـاو مـۆدێلانە چـالاک و بەبەرهەمن و کامانەشیان سست و کەمبەرهەمن، چـونکە تـا ڕێژەی بەکارهێنـانی وشەیەکی زمانیی لەڕوی فرەجارییەوە، یاخود گیرەکێکی زمـانیی زیـاتر بێـت، ئەوا ئەو وشـەیە، یـاخود گیـرەکە بەرهەمـدارترو چـالاکترە، تـا سنوری بەکارهێنانیشـی کەمتربێـت، ئەوا کەمبەرهەمتـرو سسـتترە، پێویسـتە ئەوەشـمان بیرنەچێـت، کە چەمکی بەکارهێنان توند بە هەردوو چەمکی (زمان و مکان – کات و شوێن)ەوە، بەسـتراوەتەوە و ڕۆڵێکـی دیـارو گرنگیـان لەسـەر دیـاریکردنی وشـە چـالاک و ناچالاکەکـانی زمـان هەیە، هەروەهـا بەرهەمهێنـانی زمـانیی لە دیدی چۆمسکییەوە بـریتییە لەوەی کە " هەرکەسـێکی ئاسـایی خـاوەن زمـان (چەنـد یاسـاو ڕێسـایەکی دیــاریکراوی ڕێزمــانی) لە مێشــکیدا هەیە، کە بەیــارمەتی ئەوانە دەتوانێــت ژمـارەیەکی بێکۆتـا لە ڕسـتە دروسـتبکات و بیانڵێـت و لێیـان تێبگـات و ڕسـتەی ڕاسـت لە ڕسـتەی ناڕاسـت جیابکـاتەوە." (محەمەد ڕەزای بـاتینی:٢٠١٢: ٤٩)، واتە بەرهەمهێنـان بـۆ چۆمسـکی بـریتییە لە بەرهەمهێنـانی ڕسـتەو دەربـڕاوی نـوێی

زمانیی لەسەر بنەمای چەند یاساو ڕێسایەکی سنووردارو دیاریکراو، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگی زمانی مرۆڤەو لەم بوارەدا مرۆڤ داهێنەرە، چونکە مرۆڤەکان بە ڕەچاوکردنی یاساو دەستووری زمانییەکان و جێبەجێکردنی یاساڕێزمانییەکان و خستنەتەکیەکی کەرەستە زمانییەکان دەتوانن یەکەو دەربڕاوی نوێ و گەورەتر ڕۆبنێن و بەرهەمی بهێنن، بۆ نموونە مرۆڤێکی کوردزمان دەتوانێت لەسەر بنەمای چەند فۆنیم/دەنگێک کە لەزمانی کوردیدا نزیکەی (٣٧) فۆنیمێکە، هەزاران وشەو دەربڕاوی نوێ دەربڕێت، هاوکات بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی کە ئەوانیش سنووردارن، هەروەها بە بەکارهێنانی وشە زمانییەکان لە بۆتەو قاڵبی ئەو یاسا ڕێزمانییانەدا، دەتوانێت بێسنوور ڕستەو دەربڕاوی نوێ بەرهەمبهێنێت، هەربۆیە دەوترێت زمانی مرۆڤ زمانێکی داهێنەرو بەبەرهەمەو جیاوازە لە زمانی ئاژەڵ.

مرۆڤ لەگەڵ داهێنان و دۆزینەوەی کەناڵێکی گرنگی پەیوەندیکردندا، کە ئەویش زمانبوو، وردە وردە هەوڵیدا خۆی لەگەڵ گەشەو گۆڕانەکانی ژیاندا بگونجێنێت، چونکە ئیتر لەوە دەرچوو، کە زمان تەنها بۆ ناونانی شتومەک و کەرەسەی ئاسایی ژیان بەکاربهێنێت، واتە " لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان، وشەو دەربڕینەکانیش بەرەو ئاڵۆزیی چوون، لەوە دەرچوون کە تەنها ناونانی شتومەکەکان بن، بەڵکو دەربڕی بیرە ئەبستراکتەکانیش بوون، ئەمانەش سەرجەمیان بەپێی سیستمێکی ڕێک و پێک لە گەنجینەی مێشکی مرۆڤدا بەشبەشکراون." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٩).

کەواتە لێرەوە بەرهەمهێنان لە زماندا، دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و مرۆڤ ناچارە بۆ هەڵکردنی لەگەڵ واقیع و بارە نوێیەکاندا زمانیش بە قازانجی خۆی بەکاربهێنێت و لە هەوڵی ئەوەدا بێت، کە زمان وەک سەرەکیترین و گرنگترین کەناڵی پەیوەندی گەشەی پێبدات و خزمەتی بکات، چونکە " پێشکەوتنی هزروبیری مرۆڤ و پێداویستی ژیان و کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم... هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە. وشەکانی زمان زیاددەبن و گەشەدەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێکیان لەبەرهەمهێنان دەکەون، بەڵام بزوتنەوەیەکی بێوچان و بەردەوام لە زماندا هەیە وشەی نوێ دروست دەبێت لەسەر بنچینەی ئەو وشانەی لە زووەوە لە زمانەکەدا هەن." (محەمەد وەسمان:٢٠١٢: ٢٤٥)، هەربۆیە بە باوەڕی چۆمسکی بەرهەمهێنان لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، جەخت دەکاتەوە لەسەر:

١- توانستی بەبەرهەمی، بریتییە لەوەی، کە چۆن بە ژمارەیەکی دیاریکراوی کەرەستە/وشە، دەربڕاوی بێشومار بەرهەمدەهێنین.

٢- ئایا زانیاریی فەرهەنگیی و نواندنەکان، لە دارشتنی واتادا، لە کردە ئاوەزییەکانی ترو کۆزانیارییمان جیادەبێتەوە؟ (Joyes Sheela:2011)

واتە چۆمسکی " ئاماژەی بۆ تیۆرێکی زمانەوانی کرد، کە بتوانێت شیکردنەوەو لێکدانەوەی دروست بۆ ڕستە بکات، بە واتایەکی تر ئاماژە بۆ (توانست – competence)ێک دەکات، کە ڕستەی وا بەرهەمبهێنێت، کە پێشتر مرۆڤ نەیبیستبێت و دواتریش لێی تێبگات." (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٤: ٢٢٧)، هەروەها بە باوەڕی (هۆرسێ)، چۆمسکی لە ڕێگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە دەیویست ئامانجی زمانناسی بگۆڕێت، بەوەی، کە پەسنێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکەی مرۆڤ بکات، کە لەبارەی زمانەکەی خۆیەوە دەیانزانێت، ئەم وەسفەش دەبێت لە کۆمەڵە یاسایەک پێکبێت، کە مرۆڤ بتوانێت ڕستەی ڕێزمان دروست لە ڕستەی نارێزمانی جیابکاتەوە. (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٨: ٦٨)، بەرهەمهێنان لەزماندا وەک تیۆرە نوێیەکان ئاماژەی بۆدەکەن لەگەڵ لەدایکبوونی منالْدا ئەو توانایەی لەباردا هەیە، کە بتوانێت زمان بەرهەمبهێنێت، واتە " منداڵ لە دەوروبەری تەمەنی دوو ساڵیدا گرنگی بەبەرهەمهێنانی ڕستەی دوو وشەیی یان سێ وشەیی دەدات، کە هەمیشە کورت و شێوەی کەموکوڕییان هەیەو بە ئاخاوتنی (تەلەگرافی) ناونراون، واتە لەم قۆناغەدا، لایەنی خولْقاندنی زمانی، یان بەرهەمهێنانی زمانی دەردەکەوێت، چونکە ئەو چنراوانەی، کە منداڵ بەرهەمی دەهێنێت، دروستکراوی خۆیەتی و لاساییکردنەوەی تووتی ئاسای دەوروبەرەکەی نییە." (محەمەد ڕەزای باتینی:٢٠١٥: ٦٩)، هەربۆیە زمانەوانان لەسەرئەوە کۆکن، کە مێشکی مرۆڤ (مۆدولارییە)، واتە پێرەوێکی چروئالْۆزە، بێگومان یەکێک لەم پێرەوانەش بریتییە لە زمان، واتە ڕێزمانی زمانەکە، ڕێزمانیش دەتوانین بلْێین لە وەچە پێرەوی بچووکتر پێکهاتووە، کە ئەوانیش بریتین لە وەچە پێرەوەکانی: (فۆنۆلۆژیی، مۆرفولۆژیی، سینتاکس).

لەم ڕوانگەیەوە زمان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا " پێرەوی ڕێساو یاساو مەرجەکانی خستنەتەکیەکی وشەو فرێزەکان و بەرهەمهێنانی ڕستەکانەو پەیوەست بە بەرهەمهێنانەوە لەڕێی خستنەتەکیەوە لە سێ وەچە پێکهاتە یان لە سێ ئاستدا، لەم سێ وەچە پێکهاتەیە پێکهاتووە. پێکهاتەکانی ڕێزمان: (أ- سینتاکس (ڕستەسازیی)، ب- مۆرفۆلۆژیی (وشەسازیی)، پ- فۆنۆلۆژیی (دەنگسازیی)."

(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٦: ١٤). بۆ نموونە لەبەرهەمهێنانی هەریەک لەم سێ پێکهاتەیەدا، ڕەچاوی یاسا دەکرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

( A + B + C >D). وەک:

أ- وەچە پێڕەوی دەنگسازیی: (فۆنیم + فۆنیم + فۆنیم > مۆرفیم/وشە). وەک:

١٦- د + ا + ر > دار

ب- وەچە پێڕەوی وشەسازیی: ( مۆرفیم + مۆرفیم +... > وشە). وەک:

١٧- کورد + /-ستان/ > کوردستان


پ- وەچە پێڕەوی ڕستەسازیی: (ف.ن + ف.ک > ڕستە) وەک:

١٨- ئارام هات.

## ٢/١-٤) بەرهەمداریی و ئاستە جیاوازەکانی زمان:

هەروەک پێشتر لەسەر بنەمای تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکی ئاماژەمانپێکرد، کە زمانی مرۆڤ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بریتییە لە داهێنان و بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانی زمانیش جیاوازە لە بەرهەمهێنانی شتومەک و کەرەسەی ماددیی، چونکە لەبەرهەمهێنانی زماندا ئاخێوەر بەڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی یاساو دەستوورە زمانییەکان یەکەی گەورەتر دروستدەکات و بەرهەمیدەهێنێت، واتە لە زماندا مرۆڤ لە بچووکترین یەکەوە، کە دەنگەکانە دەستپێدەکات بۆ بیناکردنی گەورەترین یەکە، کە ڕستەکانی زمانن، ئەمەش بەڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانییەکان دەبێت، مرۆڤ بەهۆی ئەو زانیارییە بۆماوەییەی، کە هەیەتی واتە ئەو زانیارییەی، کە چۆمسکی ناوی ناوە (توانست)، دەتوانێت ڕستەی ڕێزمان دروست لە ڕستەی ناڕێزمانی جیابکاتەوە، هەر لەبەرئەمەشە، کە دەوترێت: " بەرهەمداری تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە واتای نوێ بە لێکدانی ئەو فۆرمانەی لە زمانەکەدا هەن، بەگوێرەی یاساوڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن." (سازان زاهیر:٢٠٠٩: ٧)، هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە بەرهەمداریی بەپێی ئاستە جیاوازەکانی زمان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر ڕادەو پلەی دیاریکردنی بەرهەم و بەبەرهەمییەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئێمە ناتوانین ئەو پێوانەیەی، کە بۆ بەرهەمداریی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەکاریدەهێنین هەمان پێوانە بۆ یاسا فۆنۆلۆژییەکانیش بەکاربهێنین، ئەمە بۆ یاسا

سینتاکسییەکانیش هەر ڕاستە بۆیە زۆرجار کە باسی بەرهەمداریی دەکرێت زیاتر بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە دەبەسترێتەوە، چونکە لەم ئاستەدا بەئاسانی دەتوانرێت پلەی بەرهەم و چالاکیی گیرەک و یاساکان لەچاو ئاستەکانی تردا دیارییبکرێت، هەربۆیە زمانەوان (Lieber) کاتێک باسی (بەرهەمداریی)، دەکات، دەیبەستێتەوە بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوەو پێی وایە کاتێک، کە گیرەکێک لە ڕۆنانی وشەی نوێدا بەشداریدەکات، ئەوا بەرهەمدارە، بەڵام ئەگەر چیتر بەکارنەهات، ئەوا بێبەرهەمە، هەربۆیە بەپێی ئەم دایەگرامەی خوارەوە گرنگترین فاکتەرەکانی بەرهەمداریی خستوەتەڕو: (٢٠٠٩: ٦١).




هێڵکاریی (٢) فاکتەرەکانی بەرهەمداریی

بەم پێیە هەریەک لەو فاکتەرانەی، کە بەپێی هێڵکاریی (٢) خستمانەڕوو، ڕۆڵیان لەبەرهەمداریی یاسایەک، یاخود گیرەکێکی مۆرفۆلۆژییدا هەیە، هەربۆیە هەوڵدەدەین ئەو فاکتەرانە بەشێوەیەکی کورت و پوخت بخەینەڕوو:

**یەکەم: ڕونیی – شەفافییەت:** مەبەست لە ڕونیی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەئاسانی دەتوانرێت پارچەکانی لە یەکتری جیابکرێتەوە، واتە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێکوپێکەو هەروەها لەڕوی واتاییەوە ڕێکەوتن لەنێوان فۆڕم و واتای وشەکەدا هەیەو واتاکەی پێشبینیکراوە، بۆ نموونە وەک وشە ناسادەکان، کە واتاکەیان ڕوونە و دەتوانی پێشبینی واتاکەیان لە پارچە پێکهێنەرەکانیانەوە بکەیت، بەڵام ئەمە بۆ وشە سادەکان وانییە. وەک:

١٩- هێلکەوڕۆن ............ واتاکەی ڕوونە.

٢٠- هێلکە، ڕۆن............ بەتەنها واتای تاک تاکی وشەکان تاریکە.

هەروەها ئەمە بۆ گیرەکەکانیش هەر ڕاستە بۆ نموونە پاشگرێکی وەک /**-**ەتی/، واتاکەی تاریکە، چونکە دەچێتە سەر بناغەی جیاوازو چەمکی جیاواز دەبەخشێت. وەک:

٢١- پیاوەتی.............. ناوی ئەبستراکتی ڕۆنراوە (**+**ئەبستراکتیی).

٢٢- خۆشناوەتی......... ناوی شوێنی ڕۆنراوە. (**+**شوێن).

**دووەم: دووبارەبوونەوە لەگەڵ بناغەدا:** لێرەدا فاکتەری ژمارە ڕۆڵدەبینێت، کە ناوەڕۆکی کارەکەی ئێمە دەگرێتەوە، چونکە تاوەکو گیرەکێک زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەبێت لەگەڵ بناغەی جیاوازدا ئەوا پاشگرێکی چالاک و بەبەرهەمە، بەڵام بەپێچەوانەوە بێت، ئەوا پاشگرێکی بێبەرهەم و ناچالاک دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هەردوو پاشگری (/**-**گە/ و /**-**ەڵان/)، وەربگرین، کە هەردووکیان دەربڕی چەمکی شوێنن، ئەوا بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکەمیان پاشگرێکی بەرهەمدارەو دووەمیشیان پاشگرێکی کەمبەرهەمە. وەک:

٢٣- /**-**گە/: (کارگە، خوێندنگە، فێرگە، شەڕگە، سەربازگە، چادرگە، مەلەوانگە، خولگە، ڕووگە، خێوەتگە،

٢٤- /**-**ەڵان/: (قامیشەڵان، زیخەڵان، بەردەڵان،

**سێیەم: بەسوودیی:** ئەمیش یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەرهەمداریی، چونکە بنەمای بەسوودیی پاشگرێک و چالاکیی، بەڕێژەی بەرهەمەکەی و بەشداریکردنەکەیدا لە ڕۆنانی وشەی نوێدا دەردەکەوێت و ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەردا، پێویستە ئەوەشمان لەیادنەچێت، کە مەرج نییە پاشگرێک لە قۆناغێکدا بەرهەمدار بێت، هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە، دەگونجێت لە

قۆناغێکی تردا بەرهەمدار نەبێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پاشگری /-کەر/، بەرهەمداربووەو چەندین وشەی پێدروستکراوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هاوبێژی لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، ئەم پاشگرە کەمتر بەکاردێت و قسەکەر هەوڵدەدات (جێگیرەوە – بدیل)ی بۆ بدۆزێتەوە. وەک:

٢٥- یاریکەر: یاریزان

٢٦- گۆڵکەر:گۆڵکار

٢٧- ڕاوکەر:ڕاوچی

٢٨- کارەکەر:خزمەتکار/خزمەتگوزار، قسەکەر:وتەبێژ..............&

**١/٢-٤-١) بەرهەمداریی فۆنۆلۆژیی:**

بەرهەمداریی لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا لە سەرچاوەکاندا کەمتر گرنگی پێدراوە، زیاتر بەرهەمدارییان بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە بەستووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمانوایە، کاتێک باسی بەرهەمداریی زمانیی دەکەین، ناکرێت ئاستێکی زمان بگرین و ئاستەکانی تر فەرامۆشبکەین، چونکە هەموو ئاستەکانی زمان پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترن، واتە کاتێک دەوترێت زمان بونەوەرێکی بەرهەمدارە، ئەوا سەرتاپای زمان دەگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیادنەچێت، کە هەر ئاستەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کەواتە بەرهەمداریی لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا لە چەند خاڵێکدا کۆیدەکەینەوە.

١- تواناو لەبارێتی و نەرمیی بێسنوری فۆنیمەکانی زمان بۆ نواندنی مۆرفیم و وشەکانی زمان، بەرهەمداریی ئەم ئاستە دەسەلمێنێت، چونکە ئەوە بەرهەمداریی ئاستی فۆنۆلۆژییە، کە ئەو توانایەی بەمرۆڤ بەخشیوە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی دیاریکراوی فۆنیم، بەبێ سنور بتوانێت مۆرفیم و وشەی نوێ بەرهەمبهێنێت.

٢- توانای چەندبارەبوونەوەی فۆنیمەکانی زمان بەرهەمداریی ئاستی فۆنۆلۆژیی پیشاندەدات، لەبەرئەوەی یەکێک لە فاکتەرەکانی بەرهەمداریی بریتییە لە (چەندبارەبوونەوە)، بێگومان ئەم توانایە لە فۆنێمەکانی زماندا هەیە.

٣- لەئاستی فۆنۆلۆژییدا قسەپێکەرانی زمانێک زانیاریی زیاتر لەوەیان هەیە، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەمەش مەبەست لە هێزو ئاوازو تونە، واتە بوونی هێزو ئاوازو تۆن لە زماندا ڕێگەیەکی دیکەی بەبەرهەمییە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا." (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ١١).

## ٢/١-٤-٢) بەرهەمداریی سینتاکسی:

لەبارەی بەرهەمداریی سینتاکسییەوە (Haspelmath)، دەڵێت: " یاسا سینتاکسییەکان بەرهەمدارن، بەڵام سینتاکس زان کەمێک نیگەرانن لەوەی، کە چۆن بەرهەمداریی پێناسە بکەن و دیاریبکەن، بۆیە هیچ زمانەوانێک بەشێکی تەواوی لە کتێبە سینتاکسییەکان بۆ بەرهەمداریی تەرخاننەکردووە، واتە لە سینتاکسدا زمانەوانەکان ڕستە گونجاوەکان دەخوێنن و گرنگی زیاتر نادەن بەوەی، کە ئایا ڕستەکان ڕاستەقینەن یاخود نا." (٢٠١٠: ١١٤)، ئەوەی لە سینتاکسدا گرنگە بۆ زمانەوانەکانی ئەم بوارە زیاتر کارکردنە لەسەر یاسا سینتاکسییەکان و چۆنییەتی بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ، هەروەها چۆنییەتی پێڕەوکردنی یاساکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست، ئەمە جگە لەوەی، کە مرۆڤ چۆن بتوانێت ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی بەهۆی ئەو یاسایانەوە لە یەکتر جیابکاتەوە، هەربۆیە دەتوانین بەرهەمداریی سینتاکسی زیاتر بەو تیۆرەوە ببەستینەوە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان پێبەستووە، ئەویش تیۆری (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)ی چۆمسکییە.

بەرهەمداریی سینتاکسیی لەلایەکەوە پەیوەستە بەتوانای مرۆڤ لە بەکارهێنانی ئەو چەند یاسا سنووردارەی زمانەکەی بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە لەبارێتی و کورتی و پوختی ژمارەی یاساکان و دەسەڵاتشکانەوەی مرۆڤ بەسەر یاساکاندا بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕاوی نوێ لە هەرکات و شوێنێکدا بێت بە پێی پێویست، واتە لە ڕێگەی دەربڕینی ڕستەی گونجاوەوە، ئەو ڕەهاییەی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە بتوانێت گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، هەرکات پێویستی بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و قسەکردن چ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بێت، یان تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا، هەربۆیە لەمبارەیەوە وتراوە: " یاسابەندیی و فراوانکاریی، دوو چەمکی سەرەکیی بەبەرهەمی سینتاکسن. چەمکی یاسابەندیی بە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەوە بەندە. مەبەست لە فراوانکاریش بەکارهێنانی تەرزەکانە بە چەشنی نوێ، مەبەست بەکارهێنانی تەرزە سینتاکسییەکانە بۆ گوزارشتە نوێ و داهێنراوەکان." (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ١١).

## ٢/١-٤-٣) بەرهەمداریی سیمانتیکی:

یەکێک لەو بنەمایانەی، کە زمانەوان (Lieber)، ئاماژەی بۆکردووە بریتییە لە (ڕونیی)، کە بەیەکێک لە بنەماکانی بەرهەمداریی ئەژماریکردووە، ئەمەش لە دوو ڕوانگەوە، لەلایەکەوە ڕونیی پێکهاتەو ڕۆنانی وشە ئاڵۆزەکان،

لەلایەکی تریشەوە ڕونیی سیمانتیکیی پارچە پێکهێنەرەکانی وشەکە، واتە ڕونیی سیمانتیکی هۆکارە بۆ زووتر تێگەیشتنی واتای وشەو دەربڕاوەکان لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە، بۆ نموونە لەکاتی دروستکردن و ڕۆنانی وشەی نوێدا ئاخێوەر بەئاسانی دەتوانێت لە واتای وشەکە بگات، چونکە پێشتر واتای پارچە پێکهێنەرەکانی زانیوە، کە ئەمەش دەچێتە خانەی بەرهەمداریی سیمانتیکییەوە، هەروەها بەرهەمداریی سیمانتیکی دەتوانین ببیەستینەوە بە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکانەوە، بۆ نموونە بەهۆی پەیوەندییە واتاییەکانەوە مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی واتای وشەکانی تر بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر واتای وشەی (باش) بزانین، ئەوا واتای وشەی (خراپ)یش، کە دژواتای وشەی یەکەمە بە ئاسانی دەزانین، کەواتە " بەبەرهەمی سیمانتیکی لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە هاوواتایی و فرەواتاییدا." (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ١٢).

## ٢/١-٤-٤) بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی:

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی توێژەردان، بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، گرنگییەکی زۆری پێدراوەو زیاتر بووەتە جێی سەرنج و قسەی توێژەران و مەودایەکی فراوانی لە توێژینەوەکانیاندا داگیرکردووە، هەربۆیە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە بیروبۆچوونەکانیش لەمبارەیەوە جیاواز بن و ڕایەکی یەکگرتوویان نەبێت، بۆ نموونە ئایا ئەوە یاساکانن بەبەرهەمن؟، یاخود تەرزە مۆرفۆلۆژییەکانن؟، یان خودی مۆرفیمە بەندەکانن؟

واتە لە سەرچاوەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕای جیاواز دەربارەی وشەی (بەرهەمداریی)، لەبواری مۆرفۆلۆژییدا دەبینرێت، بۆ نموونە هەندێک لە توێژەران پێیانوایە، کە پاشگرو پێشگر (گیرەک)ەکان، بە بەرهەمن، بەڵام کۆمەڵێکی تریان پێیانوایە، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بەبەرهەمن، بەشێکی تریان ڕایانوایە، کە ئەوە یاساکانن بەبەرهەمن، هەروەها بەشێکی کەمیشیان پێیانوایە، کە ئەوە وشەکانن بەرهەمدارن، لەگەڵ هەموو ئەم ڕایانەشدا هەندێکی تریان دەڵێن بەشێوەیەکی گشتیی بەرهەمداریی سیفەتێکی گشتی سیستەمی زمانە." (Bauer:2004: 12)، هەربۆیە بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی بەوە پێناسەکراوە، کە " بریتییە لە تیۆری پێکهێنانی وشەکان، ئەمەش بابەتێکی زۆر هەستیارو گرنگە، چونکە پەیوەستە بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە و ئەم فەرهەنگەش داخراو نییە و بە بەردەوامی وشەی نوێ بەرهەم دێت." (Joyes Sheela:2011)، هەرلەم ڕووشەوە لە کتێبی ( Understanding Morphology)دا چەندین پرسیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە بەرهەمداری مۆرفۆلۆژیی خراوەتەڕوو، لەوانە: (Haspelmath:2010:114).

١- ئایا بەرهەمداریی قسەکەرێک بەشێکە لە زانیاریی زمانیی قسەکەرەکە؟

٢- چی وادەکات یاسایەک لە یاسایەکی تر بەرهەمدارتر بێت؟

٣- ئایا جۆرەکانی یاسا بەرهەمدارن، یاخود نا؟

٤- ئایا بەرهەمداریی ڕێژەییە؟

٥- چۆن دەتوانرێت بەرهەمداریی یاسایەک بپێورێت؟

٦- چۆن دەتوانین بەرهەمداریی دوو یاسا بەراورد بکەین؟

بە وردبوونەوە لەم پرسیارانە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی هەروا کارێکی ئاسان نییە و ناتوانین لەخۆمانەوە بەبێ بوونی چەندین داتاو زانیاریی وردو پێویست وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، چونکە زۆرجار دەستڕاگەیشتن بە هەندێ داتاو کەرەستەی پێویست بۆ دیاریکردن و پێوانی بەرهەمداریی یاسایەک کارێکی قورس و گران دەبێت و لەوەشە زۆرجار ئامانجپێک نەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی " زمانەوانان بە ئەو چەشنە وشەسازییە وا سەرجەمی ئاخێوەران بێ یەکودووکردن و بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە وشە سازدەکەن دەڵێن بەرهەمهێنی، واتە سازکردنی وشە بەپێڕەوی یەکێک لە پێڕەوە وشەسازییەکان بەشێوەیەکی چالاک و ناهۆشیارانە دەبێتە بەرهەمهێنی." (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٤٥-٤٦).

بە مەبەستی وەڵامدانەوەیەکی کورتی ئەو پرسیارانەی، کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا دەتوانین بڵێین، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، لەسەر بنەمای کارەکەی چۆمسکی، کە باس لە بەرهەمداریی زمانی مرۆڤ دەکات و پێیوایە مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەموو یاسا ڕێزمانیەکانی تایبەت بە وەرگرتنی زمانی پێبەخشراوە، هەربۆیە بەرهەمداریی دەتوانین بە بەشێک لە توانستی زانیاریی قسەکەری لەقەڵەمبدەین، لەبەرئەوەی وەک زمانەوان (Baure) دەڵێت: " بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمداریی سیفەتێکی گشتی سیستەمی زمانە." (٢٠٠٤:١٢). واتە مادام بەرهەمداریی سیفەتێکی گشتی سیستەمەکە بێت، کەواتە توانستی قسەکەریش دەربارەی زمانەکەی بەشێکە لە سیستەمەکە، ئەمە جگەلەوەی کە مرۆڤ ئەو زانیارییە زمانییەی، کە هەیەتی (مەبەست لە یاساکان)ە، جا (یاسا فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی)ەکان بێت، بە ژمارە بەراورد ناکرێت، بە بەرهەمی ئەو داتا نوێیانەی، کە لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە بەرهەمیاندەهێنێت.

بەرهەمداریی بەشێکە لە زانیاریی زمانیی قسەکەر، چونکە هەموو یاساکان کە بەشێکن لەو زانیارییە زمانییە، ئەو نەرمیی و لەبارێتییەیان تێدایە، کە مرۆڤ بتوانێت داتای نوێیان پێبەرهەمبهێنێت، هەربۆیە " بەبەرهەمی لە پێڕەوی پەیوەندیکردندا ئەو تایبەتمەندییەیە، کە ڕێگە بەداڕشتن و شیکردنەوەی هێمای نوێ دەدات، گرنگیی بەبەرهەمی لە زانستی زمانی نوێدا جەختی لێکراوە، بە تایبەتی لەلایەن چۆمسکییەوە، لەگەڵ ئاماژەدانی تایبەت بۆ کێشەی بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە." (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ١٣).

دەتوانین بەبەرهەمی بە بەشێک لە زانیاری زمانیی قسەکەرەوە ببەستینەوە، چونکە لەسەر بنەمای کارەکەی چۆمسکی، کە زمان وەرگرتن تەنها لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە نابێت، بەڵکو مناڵ هەر لە تەمەنێکی کەمەوە توانای بەرهەمهێنانی داتای زمانیی هەیە، بێگومان بیناکردنی ئەم داتا نوێیە زمانیانەش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە زمانییە دەبێت، کە بۆماوەیی و خوابەخشە، هەربۆیە " بەستنەوەی بەبەرهەمی بە تیۆری بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە جێگەی گرنگیپێدانەو یەکێکە لەو بەڵگانەی، کە دەیسەلمێنێت زمان یاسا – جڵەوگرە." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ١٤).

سەبارەت بە پرسیاری دووەم لەوانەیە هۆکارەکان جیاواز بن بەپێی ئاستەکانی زمان، کەوا لە یاسایەک بکەن بەرهەمدار بێت، بۆ نموونە لەوەیە هۆکارەکە زمانەوانی بێت و پەیوەندیدار بێت بەیەکێک لە ئاستەکانی زمانەوە، یاخود ڕەنگە هۆکارەکە نازمانی بێت و بە ئاسانی نەتوانرێت هۆکارێکی ڕوونی بۆبدۆزرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر باسی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی بکەین لە زمانی ئینگلیزیدا، دەتوانین بڵێین " کۆکردنەوەی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەند شێوەیەک دەکرێت، وەک:

29- Cat > cats

30- Ox > oxen

31- Mouse > mice

یاخود بۆ کۆکردنەوەی وشەیەکی وەک: (Focus = foci)، پێویستی بە شارەزایی زمانی لاتینی هەیە، چونکە بنەچەی وشەکە لاتینییە، بۆیە زیادکردنی /S-/ زیاتر پەسەندکراوە." (Aronoff…&:2011: 227)، یاخود لە زمانی کوردیدا بۆ ڕۆنانی (ناو، کار) دوو یاسای پێچەوانەمان لە ڕووی چالاکییەوە هەیە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- ناو + /-پاشگر/ > ناوی داڕێژراو........... (یاسایەکی بەرهەمدارو چالاکە).

٢- /پێشگر-/ + کار > کاری داڕێژراو ....( یاسایەکی بەرهەمدارو چالاکە).

هەروەها سەبارەت بەوەی، کە ئایا چۆن دەتوانرێت بەرهەمداریی یاسایەک بپێورێت؟ لەوەیە لەوەڵامدا بتوانین چەند خاڵێک ڕیزبکەین، بەڵام گرنگترینیان پەیوەستە بەلایەنەکانی (ڕونیی – شەفافییەت، توانای چەندبارەبوونەوە)وە، ئەمە جگە لەلایەنی ئاوازو مۆسیقای ئەو گیرەکە مۆرفۆلۆژییە، یاخود لایەنی ستراکچەری (گیرەک)ەکە، چونکە هەموو ئەمانە هۆکارن لەبەرهەمداری یاسایەک و بێبەرهەمی یاخود کەمبەرهەمی یاسایەکی تری مۆرفۆلۆژییدا. هاوکات " ڕێی تێدەچێ یاسایەکی بێبەرهەم، ببێتە یاسایەکی بەرهەمدار." (سازان زاهیر:٢٠١٣: ١٥)، واتە فاکتەری کاتیش ڕۆڵی هەیە لە ئاڵوگۆڕی ڕێژەی بەرهەم و چالاکیی یاسایەک، یاخود گیرەکێکی مۆرفۆلۆژییدا، کە دەشێت بەرهەمەکەی زیاد، یان کەمبێتەوە، بەهۆی کاتەوە، واتە "پاشگری وشەکان دەکرێت بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە، کەمتر یاخود زیاتر بەرهەمدار بن." (Lieber:2009: 69)، بۆ نموونە (Lieber)ی زمانەوان، پاشگرێکی وەک /dom-/ی زمانی ئینگلیزی، لە چەند قۆناغێکدا خستووەتەڕوو، کە ئەوانیش قۆناغەکانی نێوان سەدەی (١٢ – ١٩)یە، ئەم گیرەکە لە سەدەی (١٢) بەدواوە بەرهەمداریی زۆر دابەزیوە، پاشان لە سەدەی (١٨) بەدواوە بەرهەمی زۆر زیادی کردووە، کە گەیشتووەتە بەرزترین ئاست، هەروەها نووسەر باسی ئەوە دەکات، کە سەرەتا ئەم پاشگرە /dom-/ دەخرایە سەر چەند ناو، یاخود ئاوەڵناوێکی دیاریکراو، بەڵام لە سەدەی (١٩) بەدواوە بەکارهێنانی زیاتر فراوانبوو، کە دەچووە سەر ناوی گشتی و ناوی ئاژەڵ و ....&، دەپرسێت بەهۆی چییەوە بەکارهێنانی زیادی کردووە، لەوەڵامدا دەڵێت ئەمەش نهێنییەو نەزانراوە، هەر لەمبارەیەوەو سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی کات و حاڵەت و پێشهاتە نوێیەکان (فاروق عومەر سدیق)، پێی وایە، فاکتەری کات و بوونی حاڵەت و ڕووداوێکی دیاریکراو وا دەکات، کە هەندێک سۆفێکس، یان وشەو ڕستەو دەربڕاو و ئیدیەم چالاک بن و ڕادەو ڕێژەی بەکارهێنانیان هەڵبکشێت، بۆ نموونە لە سەروبەندی پرۆسەی (گشتپرسی – ڕیفراندۆم/ڕاپرسی)، هەرێمدا، دەمانبینی ئەم فرێزە لە ڕێگەی کەناڵەکانی (بینین، بیستن، نوسراو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە) بەسەر زاری گەورەو بچووک گەنج و پیر، ژن و پیاوی ئەم هەرێمەوە بوون، نەک هەر ئەمە، بەڵکو کۆمەڵێک وشەی تریشی بەخۆیەوە چالاک کردبوو، وەک: (گرانی، داخستنی سنور، هێرشی دراوسێکان، مافی چارەنووس، سەربەخۆیی، ....&).

هەروەها هەر سەبارەت بە پێوانەی پلەی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، زمانەوان (Haspelmath)، چەند پێوەرێکی دیاریکردووە، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- دیاریکردنی ژمارەی ئەو وشە گونجاوانەی، کە دەتوانرێت بەپێی تەرزێکی دیاریکراو بەرهەمبهێنرێن، ئەمەش قورسترین چەمکە بۆئەوەی بتوانین بەرهەمداریی پێبپێوین، چونکە ئەم کردەیە پێویستی بەوەیە، کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەموو ڕێگرییەکانی بەردەم ئەم تەرزە وشە دروستکردنە دیارییبکرێن.

٢- ڕێژەی وشە ڕاستەقینەکان بۆ وشە گونجاوەکان، ئەم پلەیە بە پلەی (شەکەتبوون)یش دەناسرێت، چونکە لێرەدا پێویستی بەوەیە، کە ژمارەی وشە گونجاوەکان بژمێرین، دیارە ئەمەش ئیشێکی کردەیی نییە، هەروەها ژمارەی وشە ڕاستەقینەکان بەرەو وشە گونجاوەکان شتێکی بێ مانایە.

٣- ژمارەی وشە نوێیە دروستکراوەکان، گەواهی لەسەر ماوە دیاریکراوەکان دەدەن،کە ئەمەش پێویستی بە فەرهەنگێکی باوەڕپێکراو هەیە، هاوکات دەتوانرێت ئەم پێوانەیە سوودی لێوەربگیرێت بەبوونی فەرهەنگێکی مێژوویی." (٢٠١٠:١٢٧).

هەر سەبارەت بە ڕێگاکانی پێوانی بەرهەمداریی زمانەوان (Lieber) دەڵێت: " کاتێک باسی بەرهەمداریی دەکرێت، دەبێت چەندەها فاکتەر لەبەرچاوبگیرێت، لەوانەش بەسوودی و ڕێگرییەکان و شەفافییەت." (٢٠٠٩:٦٦)، بۆ نموونە (Lieber) یەکێک لەو ڕێگایانەی، کە بە (کارەقورسەکە) ناوی دەبات، بۆ دیاریکردنی پێوانی بەرهەمداریی، بریتییە لە ژماردنی وشەکان، دیارە ئەم ڕێگەیەش بەکارێکی قورس دادەنێت و پێی وایە ئەو وشانەی لە فەرهەنگدان و (ڕون – شەفاف)ن و هەروەها دیارو ڕوونە، کە چۆن دروستکراون، ڕەنگە هەموویان تۆمارنەکرێن، چونکە دانەری فەرهەنگەکە ڕەنگە وابیربکاتەوە، کە ئاسانن و خوێنەر خۆی دەتوانێت بیاندۆزێتەوەو پێویست بە نووسینیان ناکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو وشانەی، کە ناشەفافن و شێوازی ڕۆنانیان زۆر ڕون نییە، دانەری فەرهەنگ هەموویان تۆمار دەکات، چونکە خوێنەر خۆی ناتوانێت جیایان بکاتەوە، هەربۆیە لەڕووی ژمارەوە زۆرتر دەردەکەون و بەرهەمدارتر دیارن، کە ئەمەش ڕەنگە ئەنجامی پێچەوانە بدات و بەرهەمدارەکان کەمتر دەربکەون لە کەمبەرهەمەکان.

دەتوانین بڵێین لە مۆرفۆلۆژییدا، هەر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو و چالاکانە بتوانێت بەشدارییکات لە بەرهەمهێنانی وشەو داتای نوێی زمانیدا، ئەوا ئەو پرۆسەیە بەرهەمدارە، واتە بەرهەمداریی

مۆرفۆلۆژیی وەک پێشتر لە پێوانەکانی مۆرفۆلۆژییدا لای (Haspelmath)، خستمانەڕوو، پەیوەستە بەڕێژەو ژمارەی ئەو داتا نوێیانەی، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییدا لەدایکبوونەو بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، بەراوردکردنی تەرزێکی مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ تەرزێکی تردا دووبارە بەڕێژەی بەرهەمییدا دیاریدەکرێت، کە لەم ڕووەوە داتاو ئامار ڕۆڵی گرنگ دەبینن، هەربۆیە (Aronoff and Fudeman)، دەڵێن: " ئەگەر بمانەوێت بڵێین پێکهاتەیەکی دراوی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدارترە لەوانی تر، ئەوا دەبێت بڵێین کە گریمانەی وشەیەکی شاراوەی زمان لە تەرزی یەکەمدا بەرزترە، یاخود بەرهەم و بەکارهێنانی زیاترە، وەک لە تەرزی دووەم." (٢٠١١: ٢٢٧).

دەتوانین لە پاش خستنەڕووی زانیارییەکانی سەرەوە، ئەو پرسیارە دابڕێژین، ئایا ئاستی مۆرفۆلۆژی بەرهەمدارە؟ بۆچی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە (بەڵێ)یە، چونکە بەردەوام و هەمیشە وشەی نوێ بەرهەمدێنێت، هەربۆیە بە بەرهەمی مۆرفۆلۆژی ئەم سیما گرنگانەی هەیە:

١- بابەتێکی پلەپێوەرو پلە بەندە، بە واتا پلە دیاریکردنە نەک بەرهەمداری و نابەرهەمداری، ئەمە پێودانگ/تەرازوییەکە بۆ دیاریکردنی پلەی بەرهەمداری، وەک /-ان، گەل) بۆ کۆکردنەوە.

٢- بەرهەمداری چەمکی هاوکاتی/ سینکرۆنی هەیە، بۆیە بەپێی تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، بۆیە دیاکرۆنیک دەتوانین ئاماژە بە گۆڕانی پلەی بەرهەمداری بدەین.
٣- گشتاندن، هەر کردەیەکی فۆڕمە وشەدروستکردن فراوان و گشتگیر بوو، ئەوا زیاتر بەرهەمدارە. (Joyes Sheela:2011)

پاش ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی بەرهەمداریی و پەیوەستکردنی بە ئاستە جیاوازەکانی زمانەوە، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی لە هەموو جۆرەکانی تر، یاخود لە ئاستەکانی تری وەک: (دەنگسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی)، زیاتر گرنگی پێدراوەو کاری لەسەرکراوە، هەروەها زمانەوانان چەند ڕێکارو پێوانەیەکیان داناوە بۆ دیاریکردنی پلەو پێوانی بەرهەمداریی، کە کۆی هەموو پێوانەکان بوونی ڕێژەو ژمارەی بەرهەمی یاسا، یاخود تەرزێکی مۆرفۆلۆژیی، یان گیرەکێکی مۆرفۆلۆژییە، چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمداریی بە بوونی بەرهەم و داتاو ژمارەوە دەردەکەوێت؛ کە بەرهەمدارە، یان کەمبەرهەم، هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی هەوڵدەدەین لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بخەینەڕوو.

## ٥-٢/١) ئاستەنگەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی:

بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بابەتێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەشێت کۆمەڵێک ئاستەنگ و سنوورداریی بێتە بەردەم پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، یان گیرەکێک، واتە هەروەک پێشتریش خستمانەڕوو، کە مەرج نییە، هەموو پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یان یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی وەکیەک بەرهەمداربێت، بەڵکو چەند فاکتەرێک دەبنە ئاستەنگ و بەرهەمدارییەکەی سنووردار دەکەن، هەربۆیە " پرۆسەی وشەدارشتن لە زماندا ڕەها نییە، چەندین هۆکاری زمانیی و نازمانیی کاردەکەنە سەر ڕادەی بەبەرهەمیی ئەم پرۆسانە. ئەمەش لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەرچەندە کۆمەڵێک لێکچوونیش لەنێوان زمانەکاندا هەن." (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ١٨)، واتە بەرهەمداریی" جگەلەوەی بەپێی ڕۆژگار گۆڕانکاری بەسەردا دێت لەلایەکی ترەوە لەبەر هەندێ هۆکارو ئافەت بازنەکەشی بەرتەسک دەبێتەوە. واتە ئیدی بەشێوەیەکی گشتگیر وشەی تازە بەرهەم ناهێنێت بەڵکو هەندێ ئافەت و هۆکار بازنەکەی بەرتەسک دەکەن و لەنێو چوارچێوەیەکی تەنگدا قەتیسی دەکەن بە ئەم تەنگ بوونەوەی بازنەی بەرهەمهێنانە ئەڵێین بەرتەسکی (ئاستەنگی) " (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٤٨)، بە مەبەستی خستنەڕووی گرنگترین ئاستەنگ و سنووردارییەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە (Lieber)ی زمانەوان، سێ ئاستەنگی سەرەکی خستووەتەڕوو، کە ئەوانیش: (١-ئاستەنگی کاتەگۆریی – categorical restriction، ٢- ئاستەنگی فۆنۆلۆژیی – phonological restriction، ٣- واتای بناغە – the meaning of the base)، هەروەها جگە لەم سێ جۆرە باسی چەند ئاستەنگێکی تری کردووە، لەوانە: (أ- ئاستەنگی ئەتیمۆلۆژیی، ب- ئاستەنگی سینتاکسی، پ- ئاستەنگی پراگماتیکی)." (٢٠٠٩: ٦٤)، هەر لەم ڕووەوە (plag) ئاستەنگەکانی تەنها بۆ دوو جۆر دابەشکردووە، کە ئەوانیش: (ئاستەنگە دروستەییەکان)، کە تیایدا باس لە دروستەی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسی، سیمانتیکی) دەکات، هەروەها ئاستەنگە پراگماتیکییەکان. (٢٠٠٣: ٦٤)، بەڵام زمانەوانانی تری وەک ( aronoff and fudeman:2011)، (katamba:2003)، (baure:2001)، زیاتر گرنگییان بە ئاستەنگە دروستەییەکان داوە، هەربۆیە ئێمە بەسوودوەرگرتن لە بۆچوونە جیاوازەکان هەوڵدەدەین گرنگترین ئاستەنگە مۆرفۆلۆژییەکان بخەینەڕوو.

## ٢/١-٥-١) ئاستەنگی فۆنۆلۆژیی:

یەکەم جۆری سنووورداری لە بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی، ئاستەنگی فۆنۆلۆژییە، هەروەها دەبینین، کە فۆنۆلۆژیی هۆکاری دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکانە، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە، کە فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی سنووردار دەکات لە ڕێگای ترەوە، زمانەوان (باوەر – bauer) سێ جۆر ئاستەنگی فۆنۆلۆژیی لەسەر بەرهەمداریی دیاریدەکات: (Aronoff and fudeman:2011: 241).

**أ-** ئەوانەی، کە پشت بەداڕشتنەوەی بەشە جیاجیاکانی دەنگێکی دیاریکراو دەبەستن.

**ب-** ئەوانەی، کە پشت بەدیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی دەنگیی دەبەستن، لە نموونەی (هێزو ئاواز).

**پ-** ئەوانەی، کە پشت بەژمارەی بڕگەکان لەسەر بناغە، یان چاوگ دەبەستن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (al) دەچێتە سەر ئەو کارانەی، کە هێزی سەرەکی لەسەر دوابڕگەیانە. وەک: trial < try.

لەزمانی کوردیدا فاکتەری فۆنۆلۆژیی ئاستەنگی لەبەردەم بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژییدا دروستدەکات، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا نەهاتنی دوو ڤاوڵ بەدوای یەکدا ئەمە بووەتە هۆی هاتنەئارای ئەلۆمۆرفی جیاوازی تاکە مۆرفیمێک، ئەمەش وایکردووە لە بەرهەمی ئەو مۆرفیمە کەمبکاتەوە، واتە لایەنی فۆنۆلۆژیی بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم چالاکیی مۆرفیمێکی بەندی گراماتیکیدا، وەک پرۆسەی ناسراوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا:

٣٢- کوڕ + /-ەکە/ > کوڕە<u>کە</u>

٣٣- دەرگا + /-ەکە/ > دەرگا<u>کە</u>

٣٤- مامۆستا + /-ەکە/ + /-ان/ > مامۆستاکان

## ٢/١-٥-٢) ئاستەنگی مۆرفۆلۆژیی:

ئاستەنگە مۆرفۆلۆژییەکان زیاتر بەپێکهاتەی ئەو بناغانەوە پەیوەستن، کە گیرەکەکە وەردەگرێت، هەربۆیە " یەکێک لەو هۆکارانەی کە بازنەی بەرهەمهێنی بەرتەسک دەکاتەوە ئەوەیە کە هەندێ گیرەک هەیە، کە بەس لەگەڵ پۆلێک لە وشەکاندا هەڵدەکات و ناچێتەسەر ئەوانی تر." (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٤٨)، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا هەریەکە لەو گیرەکانەی

خوارەوە بناغەی وشەکە لەڕووی کەتیگۆرییەوە دیاریدەکات، کە کام گیرەکیان هەڵدەبژێرێت. وەک:

أ- گیرەکی /هەڵ-/ بناغەی کەتیگۆری ناوی ڕووداو/کار، هەڵدەبژێرێت. وەک: (هەڵفڕین/هەڵفڕی، هەڵواسین/هەڵواسی، ...&).

ب- گیرەکی /-ن/ بناغەی کەتیگۆری ناو هەڵدەبژێرێت و دەیگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو، بەڵام هەموو ناوێک نا، بەڵکو زیاتر ئەو ناوانەی، کە لایەنی نەرێنی مرۆڤ پیشاندەدەن، وەک: (توکن، چڵکن، ڕشکن، خرپن، گۆشتن، ورگن، گرگن،...&).[14]

## ١/٢-٥-٣) ئاستەنگی سینتاکسی:

جۆری بنەڕەتیی سنووردارییی سینتاکسی لەدروستکردنی وشەدا پەیوەستە بەدیاریکردنی لێکسیکی وشەکە، هەندێ گیرەک تەنها دەلکێن بە (ناو، کار، یان ئاوەڵناو)ەوە، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا بۆ ڕۆنانی ئاوەڵناوی بکەری داڕێژراو، لەڕێگەی پاشگری /-ەر/ەوە، تەنها بەو ڕەگانەوە دەلکێت، کە بناغەکانیان کاری تێپەڕن، وەک: (خوێنەر، بینەر، بڕەر، بکەر، ...&)، یاخود وەک نەهاتنی دوو کەرەستەی ڕێزمانی، کە هەمان ئەرکی سینتاکسی ببینن، وەک نموونەکانی (٣٥، ٣٦، ٣٧):

٣٥- ئەم کوڕەکە*

٣٦- ئەم کوڕە

٣٧- کوڕەکە

لە نموونەی (٣٥)ەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردوو مۆرفیمی /ئەو...ە/ی وشەی ئاماژە و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /-ەکە/، پێکەوە نایەن، چونکە

---

[14] هەر سەبارەت بە ئاستەنگی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی ئینگلیزیدا، کە زمانەوان (Lieber)، بە ئاستەنگی کەتیگۆریی ناوی بردووە. دەڵێت: " ئەفێکسەکان لە کاتی هەڵبژاردنی بناغەکانیاندا تووشی ئاستەنگ دەبن و کەتیگۆرییەکی تایبەت یان زیاتر هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە وەک: پاشگرەکانی /ity-، ness-/، بەئاوەڵناوەوە دەلکێن. هەروەها پاشگری /ize-/ بە (ناو، ئاوەڵناو)ەوە دەلکێن. هاوکات گیرەکی /-un/ بە ئاوەڵناو و کردارەوە دەلکێت." (٢٠٠٩: ٦٤). کەواتە " تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی بناغە، دەکرێت لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەکاندا ببنە ئاستەنگ، زۆرجار مۆرفیمە ڕەسەنەکان جیاواز لە مۆرفیمە بیانییەکان هەڵسوکەوت دەکەن، هەندێک لاگر لەوانەیە تەنها بە بناغە ڕەسەنەکانەوە بلکێن، یان بەپێچەوانەوە تەنها بەو بناغانەوە بلکێن، کە سەرچاوەکانیان زمانێکی بێگانەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگری /-ant/ تەنها دەچێتە سەر ئەو بناغانەی سەرچاوەکەیان زمانی فەرەنسییە. /Assailant، entrant/ " ( katamba:2003: 77).

هەردووکیان هەمان ئەرکی دیاریکردن و ناساندنی ناویان هەیە، بەڵام نموونەکانی (٣٦، ٣٧)، بە تەنها دێن و کێشەیان نییە.

## ٢/١-٥-٤) ئاستەنگی سیمانتیکیی:

لایەنی واتایی یەکێکە لەو فاکتەرو ئاستەنگانەی، کە وادەکات لە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی کەمبکاتەوەو سنووردارییی بکات، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پاشگری /-کەر/، یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە هاوبێژە لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، بۆیە دەبینین بەکارهێنانی ئەم پاشگرە کەمبووەتەوە، چونکە جۆرێک لە تابۆی زمانیی لەسەرە، زۆرجاریش ئاخێوەر هەوڵدەدات ئەو وشانەی بەهۆی ئەم پاشگرەوە ڕۆنراون، ئەگەر هاوواتای هەبوو، ئەوا هاوواتاکەی بەکاربهێنێت، وەک وتمان ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی تابۆی وشەکەوە لەڕووی سیمانتیکییەوە، هەروەها لایەنی جوانیدەربڕین و ڕەچاوکردنی جوانی و لەباری وشەکەش لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەیە، بۆ نموونە وەک:

٣٨- یاریکەر: یاریزان

٣٩- نوێژکەر: نوێژخوێن

٤٠- کارەکەر: خزمەتکار...&

بەڵام زۆرجاریش ڕێگە بەم جۆرە گۆڕانکارییە نادرێت. وەک:

٤١- نانکەر : نانزان*

٤٢- ڕاوکەر: ڕاوزان*، بەڵام لەبەرامبەردا بۆ پیشەکەی (ڕاوچی)مان هەیە.

هەر لەبارەی ئاستەنگی سیمانتیکییەوە، ئەگەر بڕوانینە پاشگرێکی وەک /-ن/ لە زمانی کوردیدا، کە بەشێوەیەکی گشتی ئاوەڵناو لە ناو بە واتای نەرێییەوە دروست دەکات، وەک: (چڵکن، توکن، چڵمن، زیقن، ڕشگن، ورگن، ...&)، بەڵام بەواتای ئەرێییەوە دروستی ناکات، وەک: (شۆخن*، عەقڵن*، ...&)، بۆیە " بەم چەشنە بەرتەسکبوونەوەی بەرهەمهێنی کە هۆکاری واتایی هەیە ئەڵێین بەرتەسکیی واتایی." (بڕوانە: سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٥٣).[15]

---

[15] هەر سەبارەت بەم بابەتە، بەکارهێنانی پێشگری /-un/ لە زمانی ئینگلیزیدا پەیوەستە بەلایەنی واتایی ئەو بناغەیەی، کە دەچێتە سەری، واتە ئەگەر واتای نەفی تیانەبوو، ئەوا پێوەی دەلکێت، بەڵام ئەگەر نەفی تیابوو ئەوا پێوەی نالکێت. وەک:

Happy (positive) = unhappy

## ٢/١-٥-٥) بلۆککردن:

بلۆککردن جۆرێکی ترە لە ئاستەنگی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی و بریتییە لە نەهاتنی فۆڕمێکی زمانی بەهۆی فۆڕمێکی ترەوە، واتە زۆرجار هەندێک وشەمان هەیە لەزماندا، کە لەلایەن وشەی ترەوە بلۆکدەکرێت، جا بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، یاخود ڕامیاریی، یان تابۆی زمانیی بێت، یا زاڵبوونی وشەی زمانێکی بێگانەو هاتنی بۆناو فەرهەنگی زمانەکەو بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرانییەوەو شوێنگرتنەوەی وشە خۆماڵییەکەو لە کۆتاییدا بلۆککردنی، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بەکارنەهێنانی وشەکانی وەک: (دەرپێ، سوخمە،...&)، بەهۆی تابۆی کۆمەڵایەتییەوەیەو لەبری وشەکانی: (ئاوەڵکراس، ستیان، ...&)، بەکاردەهێنرێت، واتە تا ڕادەیەک ئەو وشانەی بلۆککردووە، یاخود بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازیی و هاتنەئارای کەرەستەی نوێی بواری کشتوکاڵی لە نموونەی وەک: (مەکینە، دەڕاستە، هەباشە، ...&)، وشەکانی تری ئەو بوارە بلۆککراون و تاڕادەیەک بەرەو وشەی بەکارنەهاتوو، یاخود مردوو دەڕۆن، لە نموونەی وشەکانی: (جەنجەڕ، هەوجاڕ، قەیناغ، نیر، هەسان، داس، ...&)، هەروەها بە هۆی وشەیەکی وەک (زانا) لە زمانەکەماندا ناهێڵێت وشەیەکی وەک (زانەر) دروست ببێت، هەرچەندە پاشگری /-ەر/ یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی دارێژەری ناوی بکەری لە ڕەگی کاری تێپەڕەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر وشەی (زانا)مان لە زمانەکەماندا هەبووە، وشەی (زانەر) لە ئێستادا ڕێگەپێدراو نییەو بلۆککراوە، ئەمجۆرە لە (بەربەست)کردنەش پێی دەوترێت بەربەستی هاوواتایی.[16]

---

Ugly (negative) = unugly*

Sad (negative) = unsad*

کەواتە " بەبەرهەمی دەکرێت سنووردار بکرێت بەهۆی فاکتەری سیمانتیکییەوە، (Baker) لە پاشگری /-ee/ زمانی ئینگلیزی کۆڵییەوە، لە وشەکانی وەک: (advisee – employee – addressee)، لە ئەنجامدا بۆیدەرکەوت، کە پاشگری /-ee/ بەچەند فاکتەرێکی سیمانتیکی سنووردارکراوە، لەوانەش:

١- ئاماژەن بۆ ئەو ناوانەی، کە خاوەن هەستن.

٢- ئەو ناوانەی، کە کۆنترۆڵی تەواویان لەدەستی خۆیاندا نییە.

٣- ئەو ناوانەی، کە بەستراون بە ناوێکی ترەوە وەک:

Lease (v.) بەڵێننامەی کرێدان- عەقد.

Lessee (n.) کرێچی (aronoff and fuedman:2011: 233).

[16] بڕوانە: (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٤٩).

پاش خستنەڕووی گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، یاخود یاساو گیرەکە مۆرفۆلۆژییەکان بە فاکتەرێک، یاخود زیاتر لە فاکتەرێک بەرهەمیان سنووردار دەکرێت و ئاستەنگیان بۆ دێتەپێش، تا بەرهەمدار بن، دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین هەردوو زاراوەی (بەرهەمداریی) و (ئاستەنگی/سنورداریی)، پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوانیاندا هەیە، هەربۆیە سەبارەت بەم پەیوەندییە (lieber) دەڵێت: " ڕەنگە پەیوەندییەکی دوو لایەنەی توندوتۆڵ لەنێوان ئاستەنگەکان و بەرهەمدارییدا هەبێت، چونکە تا ئاستەنگەکان زیاتر بێت، بەرهەمداریی کەمتر دەبێتەوە، کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانەیان هەیە." (٢٠٠٩: ٦٥).

## ٦-٢/١) پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی:

دیاریکردنی پلەی بەرهەمداریی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود یاسایەک، یان گیرەکێک، پەیوەستە بەڕادەو ڕێژەی بەبەرهەمی ئەو یاسایە، یان ئەو گیرەکەوە، واتە وەک پێشتریش خستمانەڕوو، کە بەرهەمداریی هەم لەڕووی چۆنییەتییەوە، هەم لەڕووی چەندێتییەوە قسەی لەسەرکراوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە زیاتر جێی مەبەست بێت لایەنی بەرهەمدارییە لەڕووی چەندێتییەوەو هەوڵدان بۆ خستنەڕووی ڕێژەی بەرهەمی گیرەکە گراماتیکی و لێکسیکییەکان، کە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم تێزە تایبەتە بە خستنەڕووی لایەنی چالاکیی و سستیی هەردوو لقەکەی مۆرفۆلۆژیی (گراماتیکی و لێکسیکی).

بەرهەمداریی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود گیرەکێکی مۆرفۆلۆژیی گرێدراوە بەڕێژەی چالاکیی و بەشداریکردنی لەگەڵ زۆرترین بناغەدا، یاخود ڕادەی چەندبارەبوونەوەی لەگەڵ زۆرترین بناغەدا، کە ئەمەش لەپاڵ (بەسوودیی و ڕونیی)دا لایەنی فرەجاریی و چەندبارەبووەنەوە یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەردەم بەرهەمداریی، هاوکات پێویستە ئەوەشمان لا ڕونبێت، کە بەرهەمداریی بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان لەسەر یەک هێڵی ئاسۆیی ناڕوات، بەڵکو بەپێی قۆناغە جیاوازەکان و گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵ و گۆڕانە زمانییەکان ئەمانیش گۆڕان بەسەر چالاکیی و سستییاندا دێت و دەشێت گیرەکێکی دیاریکراو لە قۆناغێکدا چالاک بێت و بەرهەمدار بێت، یاخود لەوەشە سست بێت و کەمبەرهەم بێت، هەروەها لەو ڕوانگەیەشەوە ئەوە ڕاستە، کە هەموو یاساکان یاخود هەموو گیرەکەکان وەک یەک بەرهەمدار نین، بەڵکو دەشێت یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یان گیرەکێک لە یەکێکی تر چالاکتر بێت و بەرهەمی زیاتر بێت،

جاری وایە ئەمە لە نێوان زمانەکانیشدا هەر بەو شێوەیەیە، نەک لە نێوان گیرەکەکانی تەنها یەک زماندا، بۆ نموونە زمانێکی وەک عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی بەکارهێنانی (ناوگر)ە، بەڵام زمانەکانی وەک: (ئینگلیزی، فارسی، کوردی، ...&)، زیاتر سوود لە پێشگرو پاشگر وەردەگرن، بۆ ڕۆنانی وشەی داڕێژراو، ئەگەر بەراوردی نێوان هەردوو یاسای (پێشگر + بناغە)، یان (بناغە + پاشگر) بکەین لە زمانی کوردیدا، ئەوا یاسای یەکەم زیاتر دەرکردەکەی (کار/ناوی ڕووداو)ە، بەڵام یاسای دووەم دەرکردەکەی زیاتر لە کەتیگۆری (ناو)ە، بۆ پشت بەستن بەم بۆچوونەش ئامارو داتاکانی بەشی سێیەم، کە تایبەتن بە چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان، ئەوەمان پێدەڵێن، کە پاشگرەکان لە داڕشتن و دروستکردنی ناوی داڕێژراو و ئاوەڵناودا زۆر چالاکن و پێشگرەکانیش لە داڕشتنی (کار/ناوی ڕووداو)دا زۆر چالاکن، هەروەها ئەگەر بەراوردی نێوان دوو گیرەکی وەک: (/-ی، -ە/)، بکەین لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکتییدا ئەوا بەرهەمی پاشگری یەکەم زۆر بەڕوونی دیارە، کە زۆرترو چالاکترە لە پاشگری دووەم. وەک:

٤٣- پاشگری /-ی/: (جوانی، کرێکاری، بەقاڵی، دارتاشی، میوانداری، مامۆستایی، نەخۆشی، ئازادی، هێمنی، نەزانی، زیرەکی، نەفامی)

٤٤- پاشگری /-ە/: (چلە، سەدە)

کەواتە " لەمەوە دەردەکەوێت، کە ئێمە ناتوانین، بە تەواوەتی تێبگەین لەوەی، کە چی دەبێتە هۆی ئەوەی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدار بێت و یاسایەکی تر کەمبەرهەم، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەکان پێشنیازی تێکەڵەیەکی ئاڵۆزی ڕێزمانی و کۆمەڵایەتی و پرۆسە سنووردارییەکان دەکەن." (Haspelmath:2010: 115)، هەربۆیە گرنگترین پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بۆ سێ پلە دابەشدەکەین، کە ئەوانیش: **(پڕبەرهەم، نیمچەبەرهەم، کەمبەرهەم)ن.**

## ٢/١-٦-١) پڕبەرهەم:

کاتێک بە گیرەکێکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەوترێت، بەبەرهەم، یان (پڕبەرهەم)، ئەگەر بێت و قسەکەر بەئاسانی بتوانێت لەدەرکردەی ئەو پرۆسەیە تێبگات و لەڕووی ژمارەوە بەرهەمێکی زۆری هەبێت و بەشێوەیەکی چالاک لە ڕۆنانی کەرەستەی نوێدا دەوری هەبێت، کەواتە " لە مۆرفۆلۆژییدا ئەگەر پرۆسەیەک بەتەواوەتی ڕێکوپێک بێت و بەشێوەیەکی

چالاکانە لە دروستکردنی وشەی نوێدا بەکاربهێنرێت، ئەوا وا دادەنرێت، کە ئەو پرۆسەیە بەرهەمدارە." (Longman:2010: 463)، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پرۆسەی گۆڕینی بناغەی جیاواز لە ڕووی کەتیگۆرییەوە بۆ ناوی ئەبستراکتی بەهۆی پاشگری /-ی/ەوە، پرۆسەیەکی زۆر بەرهەمدار و چالاکە، یاخود ڕۆنانی ناوی شوێن، بەهۆی پاشگری /-گە/ی (شوێن)ەوە، زۆر چالاکە، وەک نموونەکانی (١، ٢):

١- بناغە + /-ی/ > ناوی ئەبستراکتیی

٤٥- جوانی، زیرەکی، منالّی، ساوایی، هەژاری، بزێویی،... &

٢- بناغە + /-گە/ > ناوی شوێن

٤٦- خوێندنگە، خولگە، ڕووگە، نوسینگە، تاراوگە، فێرگە، شەڕگە، مۆڵگە، ...&

## ٢/١ ــ٦-٢) نیمچە بەرهەم:

ئەم پلەیەیان بەبەراورد بە پلەی بەرهەمدارو پلەی بێبەرهەم، ڕێژەی بەرهەمی لەیەکەم کەمترەو لە دووەم زیاترە، بۆیە لەڕووی چالاکیی و ژمارەوە لەنێوان هەردوو پلەکەدا دەوەستێت و ئێمە زاراوەی (نیمچە بەرهەم)مان بۆ هەڵبژاردووە، واتە بەرهەمی ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە ڕێگرییەکانی مۆرفۆلۆژیی ڕێژەی بەرهەم و چالاکییانی سنووردارکردووە، هەر لەم ڕووەوە (Haspelmath) دەڵێت: " هەندێک یاسای سادەمان هەیە، ناتوانین بەشێوەیەکی ڕوون بڵێین سنووردارەو بەرهەمدارییەکەشی سنووردار دەکرێت، بۆ نموونە پاشگری /let-/، کە دەچێتە سەر وشەکانی: ( booklet – piglet – streamlet)." (٢٠١٠: ١١٥)، لە زمانی کوردیشدا ئەگەر سێ گیرەکی وەک: /-گە، دان، ەڵان/، کە دەربڕی چەمکی شوێنن وەربگرین، دەبینین گیرەکی یەکەمیان لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە بەبەراورد بە دوانەکەی تریان پڕبەرهەمە، هاوکات گیرەکی دووەمیان سنووردارترە، هەروەها گیرەکی سێیەمیان بەرهەمێکی کەم و دیاریکراوی هەیە، بۆیە بە بێبەرهەم ئەژماری دەکەین. وەک:


٤٧- /-گە/: کارگە، خێوەتگە، ژینگە، فێرگە، دایەنگە، خوێندنگە،...&

٤٨- /-دان/: خوێدان، شەکردان، منالّدان، گوڵدان، هێلکەدان، مۆمدان،...&

٤٩- /-ەڵان/: قامیشەڵان، زیخەڵان، قومەڵان، بەردەڵان،....&

## ٢/١ -٦-٣) بێ بەرهەم:

پرۆسەی ڕۆنانی وشەی نوێ لە زماندا بەشێوەیەکی چالاک بە (بەرهەمدار)، ئاماژەی بۆدەکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر چیتر بەکارنەیەت، یاخود زۆر بەکەمی بەکاربێت لە بەرهەمهێنانی وشەدا، ئەوا پێی دەوترێت (کەمبەرهەم/بێبەرهەم)، واتە " لە ڕوانگەی بەبەرهەمییەوە، ئەوەی لە مۆرفۆلۆژییدا جێگەی سەرنج و تێبینیکردنە ئەوەیە، کە یاساکانی مۆرفۆلۆژیی دەشێت کەم بەرهەم بن، چونکە لاگر ، ناتوانرێت لەگەڵێک لە حاڵەتەکانداو بۆ گەلێک حاڵەت بەکاربهێنرێن یان یاساکانی لکاندنیان جێبەجێبکرێن." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ٢٧٩)، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا لە پرۆسەی وشەداڕشتندا پاشگرەکانی(/-ندە/، /-گار/، /-بەند/، /-جاڕ/، /-ەمەنی/،...&). چەند پاشگرێکن، کە لەئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمیان ئەگەر بەیەکجاری نەمابێت، ئەوا زۆر کەمبووەتەوەو دەتوانین لە نموونەی پاشگرە بێ بەرهەمەکان ئەژماریان بکەین، یاخود لەپرۆسە ڕێزمانییەکانی وەک کۆکردنەوەی ناو بەهۆی پاشگرەکانی: /-هات، وات، جات، ەها، یەها/، بەبەراورد بە بەرهەمی مۆرفیمێکی وەک /-ان/ی کۆ ئەوا بەرهەمیان زۆر کەم و سنووردارەو دەتوانین وەک مۆرفیمی بێ بەرهەم بیانخەینەڕوو، لە کۆتاییدا سەبارەت بە پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، کە " چەمکی بەرهەمداریی چەمکێکی ڕەها نییە" (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٤٦)، لەبەرئەوەی بەرهەمداریی چەمکێکە بە گوێرەی ڕۆژگار لە نێوان پلەکانی: (پڕبەرهەم – نیمچە بەرهەم – بێ بەرهەم)دا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەمشێوەیەی خوارەوە.



## ۷-۲/۱) پەیوەندی چەمکی (چالاکیی و سستیی) بە وشەکانی زمانەوە:

بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستیی هەردوو چەمکی (چالاکیی و سستیی) پەیوەست بە توێژینەوەکەمانەوە بخەینەڕوو پێمانوایە سەرەتا پێویستە، پوختەیەک لە بیروڕا گرنگەکانی زمانەوانی سویسری (دیسۆسێر) بخەینەڕوو، ئەم زماوانە، کە بە باوکی زمانەوانیی نوێ دەناسرێت و زۆربەی سەرچاوە زانستییە زمانەوانییەکان ناساندنی (زمان) وەک لقێکی (زانستیی) دەگێڕنەوە بۆ کارەکانی (سۆسێر)و بیروڕاکانی ئەم زمانەوانە، هەر لەمڕووەشەوەیە، کە " شانازی ئەوەی دەدرێتەپاڵ کە بنەماکانی زمانەوانی نوێی دامەزراندووە." (ویدۆوسن:۲۰۰۸: ۳۱)، واتە سۆسێر زماننناسی لەسەر بنچینەیەکی زانستیی داناو بیروڕاکانی لەمبارەیەوە لە دیاریکردنی ڕێبازی زماننناسیی نوێدا زۆر کاریگەربوون و دوای ئەو زۆر قوتابخانەی زماننناسیی نوێ سەریانهەڵدا. (بڕوانە:محەمەد ڕەزای باتینی:۱۹۹۳: ۷۷)، بەڵام پێش سۆسێر کۆمەڵێک بیروڕای زمانەوانی تێکەڵ بە فەلسەفەو لۆژیک و ئایین و مێژوو...& هەبوون، کە کۆی ئەمجۆرە هەوڵ و تەلاشانە، کە لە بوارو کایەی جیاوازی زمانییدا دراون بە زمانەوانیی (دێرین و بەراوردکاریی) ناودەبرێن، هەربۆیە " بنەمای هەرە گرنگ لای سۆسێر بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان سیستەمی زمانە، چونکە ئەو پێش هەموو شت جەخت لەوەدەکاتەوە، کە زمان لە کۆمەڵێ سیستەم و پێڕەو پێکهاتووە." (دارا حمید:۲۰۱۳: ۳۵)، هەر سەبارەت بە دەرخستنی سیستەماتیکییەتی زمان و پێڕەوبەندی لە زماندا سۆسێر " لە سەرانسەری کتێبەکەی خۆیدا تێدەکۆشێت تا نیشانبدا کە زمان کۆمەڵەیەک لە دەنگ و وشان نییە، بەڵکو دەزگایەکە لە پێوەندییان کە لەسەر یەک نەزم یان سیستێمێک پێکدەهێنێ." (محەمەد ڕەزای باتینی:۱۹۹۳: ۷۹)

پاش ئەوەی کە سۆسێر زمانی وەک سیستەمێکی هێمایی چڕوئاڵۆز پیشانداو پێی وابوو کە پێویستە لەم سیستەمە لەناوخۆیداو لە پێناوی خۆیدا لێیبکۆڵرێتەوە، هاوکات کۆمەڵێک دوانەی خستە بەرامبەر یەک قسەی لەبارەوەکردن، کە دواتر بە دوانەکانی سۆسێر ناودێر بوون، گرنگترین ئەم دوانانەش بریتین لە:

۱- زمانەوانی مێژوویی و زمانەوانی ئێستایی

۲- زمان و گوتن

۳- پەیوەندی تەکنشینی و جێنشینی

٤- زمانی قسەکردن و زمانی نوسین[17]

&........

ئەوەی لەمڕووەوە بۆ ئێمە گرنگە بریتییە لە (زمان – Langue ، ئاخاوتن – parole).

**یەکەم/ زمان:** (لانگ) لای سۆسێر تا ڕادەیەک نزیک لە (توانست )ەکەی چۆمسکییە و بریتییە لە سیستەمی زمانەکەو پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو ئابستراکتەو لەژێر تواناو دەسەڵاتی مرۆڤدا نییەو مرۆڤەکان بە گواستنەوە و فێربوون لە کۆمەڵەکەیانەوە وەریدەگرن، چونکە بەرهەمی تاک نییەو زادەی کۆمەڵە، کەواتە چەمکی گشتی (لانگ) بنەما سەرەکیی و چارەنوسسازەکەی زمانەو " دەکرێ وەکو بنەمایەکی لەبارو گونجاوی زمانەوانی ببینرێت، دەشکرێ بنەمایەکی گەوهەری و بنەڕەتیی زمان خۆی بێت، یانیش لە یەک کاتدا هەردووکیان بێت." (ویدۆوسن:٢٠٠٨: ٣٢)، یاخود زمان، بریتییە لە سیستمێکی هێمایی و ڕێزمانی،... دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتگیرە و هەموو هۆکارەکانی لێکگەیشتن لە سیستم و هێماو ڕێزمان لەخۆدەگرێت." (دارا حمید:٢٠١٣: ٣٩).

**دووەم: ئاخاوتن:** قسەکردن/ئاخاوتن تایبەتە بە تاکەکەسەکان و چالاکییەکی تاکییەو مرۆڤەکان لە بۆنەو بارودۆخی جیاوازدا لەسەر بنەمای سیستەمە گشتییەکە زمان بەکاردەهێنن و بە پێچەوانەی لانگەوە ئاخاوتن کۆنترۆڵکراوەو مرۆڤەکان بەپێی تواناو شارەزایی و ئەزموون و ئاستە جیاوازە کەسییەکان لە بۆنە جیاوازەکاندا زمان بەکاردەهێنن.

سۆسێر لە نێوان بینینی زمان وەک سیستەم و دەرکەوتنە مادییەکەی (ئاخاوتن) جیاوازیی کردو زمانی بە کۆی ئەو پەیوەندییانە دایە قەڵەم کە بنیاتی هەموو ئاخاوتنە جۆراوجۆرەکان دەستنیشان دەکات، هەربۆیە " ناساندنی سۆسێر بۆ زمان ئەوەبو، کەوا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەرانبەر بە ئاخاوتن دەوەستێت، ئاخاوتنیش بەکاربردنێکی ڕووتی تاکەکانە بۆ زمان." (کۆرش صفوی:٢٠١٨: ٤٤) ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی سەرنج و بایەخە بریتییە لە ڕوانگەی سۆسێر بۆ (ئاخاوتن – parole) کە بە کردەیەکی ڕووتی تاکەکان بۆ زمان دایدەنێت، واتە سۆسێر لێرەدا قسە لەسەر لایەنی بەکارهێنانی زمان دەکات بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان، هەربۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو، کە دەرخستنی لایەنی چالاکیی و سستیی کەرەسە زمانییەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە

[17] سەبارەت بە دوالیزم – دووانەکانی سۆسێر، بڕوانە: (سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨).

دەردەکەوێت، هەربۆیە لێرەوەیە کە چەمکی چالاکیی و سسیتیی تێکەڵ بەکارەکەی ئێمە دەبێت و دەتوانین لەسەر بنەمای بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمان و پەیوەست بە هەردوو چەمکی (کات و شوێن – زمان و مکان)ەوە باسی وشە چالاک و ناچالاکەکانی زمان، یاخود مۆرفیمە چالاک و سستەکانی زمان بکەین، چونکە بەپێی پێویستیی و لە سنوری بەکارهێنانیی زمانییدا دەتوانرێت بە نزیکەیی ڕادەو ڕێژەی وشەو مۆرفیمە چالاک و سستەکانی زمانەکە دیارییکرێت و فاکتەرو سنوردارییەکانی بخرێتەڕوو، هەربۆیە ئاخاوتن: " ئەو چالاکییە هەستپێکراوە کەسییەیە کە دێتەبەرگوێ لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا و لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردایە." (تاڵیب حوسێن:٢٠١٤: ٢٠٢)، یاخود ئاخاوتن – Parole لایەنە جێبەجێکارییەکە دەگرێتەوە، بە واتایەکی دی هەموو کردارو ڕەفتارە ڕووکەشییەکانی زانین دەگرێتەوە. (ویدۆوسن:٢٠٠٨: ٣٢).

پاش خستنەڕووی کورتەیەک لە بیروڕاکانی سۆسێر، بە تایبەتیش لەسەر هەردوو چەمکی (زمان و ئاخاوتن) لای سۆسێرو بەستنەوەی بە هەردوو چەمکی چالاکیی و سستیی وشەو مۆرفیمەکانی زمانەوە بە تایبەت تیشکخستنەسەر چەمکی بەکارهێنانی زمانیی، کە بێگومان بەکارهێنانی زمانیش پەیوەستە بە ئاخاوتنی مرۆڤەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو بە ناڕاستەوخۆش پەیوەستە بە نوسینی زمانەوە کە ئەمیش هەر ڕوویەکی تری بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر لای سۆسێر زمان (مەکینەکە – سیستەمەکە بێت)، ئەوا (قسەکردن) بۆخۆی بریتییە لە سولفلێدان و بەکارخستنی ئەو مەکینەیە، هەربۆیەشە ئێمە پێمانوایە چالاکیی و سستیی وشەو مۆرفیمەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانیی و لە چوارچێوەی قسەکردندا بە پلەی یەکەم و نووسین بە پلەی دووەم دەردەکەوێت، کەواتە هەردوو چەمکی چالاکیی و سستیی لەبواری زمانەوانییداو بە تایبەت پەیوەست بە فەرهەنگ و وشەکانی زمانەوە دوو چەمکی تا ڕادەیەک لە ڕووی بەکارهێنانەوە دژبەیەکن، چونکە وشەکانی زمان بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی بەکارهێنانیان لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بە یەک مەوداو بە یەک شێوە بەکارناهێنرێن، بەڵکو بەکارهێنانیان پەیوەستە بەڕادەی پێویستی قسەکەر بۆ دەربڕینی ئەو بیرەی، کە دەیەوێت بە وشەکانی زمان وەک ئەبزارێک بیگەیەنێت، جا ئەو بوارو شت و دیاردانەی، کە پێویستیی بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤن، مرۆڤەکان زیاتر بەکاریاندەهێنن، وەک لەو شت و پێویستییانەی، کە کەمتر لەژیانی ڕۆژانەیاندا ئامادەییان هەیە، واتە " بەپێی چالاکی و فراوانی بەکارهێنان، وشەکانی زمان جیاوازن. بەشێکیان گەنجینەی وشە چالاکەکانن و بەشەکەی تر گەنجینەی وشە ناچالاکەکانن." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ١٠)، هەربۆیە بۆ دەرخستنی ئەم دوو چەمکە، چەمکیی

(چالاکیی و سستیی) لەبواری زمانەوانییدا، ئێمە لەسەر بنەمای کارەکەی خۆمان پەیوەستی دەکەین بە فەرهەنگی وشەکانی زمانەوەو لەو ڕووەوە تیشکدەخەینە سەر ئەو وشانەی، کە بە وشەی چالاک، یاخود وشەی ناچالاک ئەژمارکراون، بزانین چ پەیوەندییەکیان بە هەردوو چەمکی (چالاکیی و سستیی)یەوە هەیە، ئایا ئەو هۆکارانە چیین، کە وادەکەن هەندێک وشە چالاک و هەندێکی تر ناچالاک بن؟

**١/٢-٧-١) وشە چالاکەکانی زمان و پەیوەندییان بە چەمکی (چالاکیی)یەوە:**

زمان پێڕەوە، ئەم پێڕەوەش پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو لە چەند وەچە پێڕەوێکی بچووکتر پێکهاتووە، ئاستی مۆرفۆلۆژیی یەکێکە لە وەچە پێڕەوەکانی زمان و خاوەنی دەستوورو یاسای تایبەتی خۆیەتی، گرنگترین کەرەستەی ئەم ئاستەش بێگومان وشەکانێتی، دیارە وشەکانی زمانیش خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی دەنگیی و لێکسیکی و ڕێزمانیین، هاوکات ئەم وشانە لەفەرهەنگی زماندا کۆکراونەتەوە، یاخود هەڵگیراون و " بەپێی ئەو واتایەی، کە دەیبەخشن، دەبن بە ئەندام لە فیلْدێکی واتایی دیاریکراو و لە مێشکدا، هەڵدەگیرێن، ئەگەرهاتوو بوارە واتاییەکەشی لەوانەبوو، کە دەچنە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەوە، ئەوا وشەکانی لەوانی تری زمان بە تەمەنترو پێویستترو چەسپاوترن و فیلْدەکانیشیان لەلایەن وشەی زمانێکی ترەوە، هەروا بەئاسانی دەلاقەی تێناکرێت." (فاروق عومەر سدیق:٢٠١١: ٥٠).

کەواتە چەمکی چالاکیی لەبواری مۆرفۆلۆژییدا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لەگەڵ وشە چالاکەکانی زماندا هەیە، چونکە تا وشەیەک لەبەکارهێنانی ڕۆژانەدا چالاک بێت و بواری بەکارهێنانی فراوانبێت، ئەوا ئەو وشەیە دەچێتە بواری وشە زۆربەکارهاتووەکان و وشە پێویستەکانی زمانەوە، چونکە مرۆڤ بەردەوام لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیدا پێویستی بەکۆمەڵێک وشە هەیە، بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی ژیانیی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە وشە ناچالاکەکان بۆ زمان و ئاخێوەرانی پێویست نەبن، بەڵکو لێرەدا زیاتر جەخت لەو وشانە دەکرێتەوە، کە دەچنە گەنجینەی وشە چالاکەکانی زمانەوە، " گەنجینەی وشە چالاکەکانیش ئەوانەن، کە هەمیشە بەسەر دەمەوەن و بەکاردێن، هەموو مرۆڤێک بەبێ جیاوازی تەمەن و پیشەو شوێن، بۆ پێداویستی ڕۆژانەی بەکاریاندێنێت." (تابان محەمەد:٢٠٠٨: ١٠)، کەواتە دەتوانین بڵێین لەسەر بنەمای چەمکی چالاکیی، پەیوەست بە وشە چالاکەکانی زمانەوە، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لە هەر کات و شوێنێکدا بێت پێویستی پێیان هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە شتێک،

بۆ نموونە ناوەکانی وەک: (نان، ئاو، ئاگر، ...&)، کارەکانی وەک: (هات، ڕۆیشت، خوارد، خەوت،...&)، ڕەنگەکانی وەک: (سپی، ڕەش، ...&)، ئاوەڵکارەکانی وەک: (زوو، درەنگ، ...&)، یان ئەو جۆرە وشانەی، کە لە فیلْدە بنەڕەتییەکانی زماندا ئەندامن، بۆ نموونە وەک فیلْدەکانی:

١- ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ: (سەر، قاچ، چاو، دەست، ...&).

٢- پەیوەندییە خزمایەتییەکان: (دایک، باوک، برا، خوشک، ...&).

٣- فیلْدی ڕەنگەکان: (سپی، ڕەش، سەوز، زەرد، ...&).

٤- کەلوپەل و کەرەستەو پێداویستی ژیان: (نان، ئاو، ماڵ، خانوو، ...&)

وشەکانی ئەم بوارانەو چەند بوارێکی تریش فیلْدەکانیان لە فیلْدە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگی زمانن و هەر لەبەرئەوەشە، کە وشەکانیان زیاتر وشەی چالاکن و مرۆڤ بەبێ جیاوازی پێویستی پێیاندەبێت و بەکاریاندەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا فیلْدە بنەڕەتییەکانیش هەندێک لە ئەندامەکانیان وشەی ناچالاکن، بۆ نموونە لە فیلْدی ڕەنگەکاندا، ڕەنگەکانی وەک (زیرەیی، کەوەیی، خەنەیی)، بەراورد بە ڕەنگەکانی (ڕەش، سپی، سەوز) وشەی ناچالاکن، هەروەها یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی چالاکیی وشەکان و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانێکی دیاریکراو لە بوارێکداو هەژاریی و سستی لەبوارێکی تردا بەلایەنی سروشت و ژینگەی مرۆڤەوە پەیوەستە، هەربۆیە زانایان: (هەمبۆڵدت و ساپیر) پێیانوایە، کە بەرهەمی شارستانییەت و ژیاریی پەیوەندیی بە چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی، کە لەبواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا سەرکەوتوون، ئەوا وشەکانی ئەم بوارەیان زۆرو چالاکە، واتە جاری وایە لایەنی سروشت و ژینگە لەم بوارەدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە دانیشتووانی (ئەسکیمۆ)، کە لەناوچەیەکی ساردو سەرماو شاخاوی دەژین، چەندین ناوی جیاوازیان بۆ بەفرو ساردو سەرما هەیە.[18] هەروەها ئەگەر تێبینی بکەین ئەمە بۆ زمانێکی وەک عەرەبیش ڕاستە، کە لەڕووی سروشت و ژینگەوە ناوچەکانیان زیاتر گەرم و بیابانین، هەربۆیە چەندین ناوی جیاوازیان بۆ حوشترو جۆرەکانی خورما هەیە، بەم پێیە زمان و وشەچالاکەکانی زمان پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆ بەگشتی و ژیان و ژینگەو ڕووداو و بویەرە جڤاکییەکاندا هەیە.

---

[18] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (عەبدولوەهاب خالید: ٢٠١٠).

لەم ڕوانگەیەوە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی، کە وادەکەن وشەکانی زمان چالاک بن و بچنە ژێر سەیوانی وشە چالاکەکانی زمانەوە بریتین لە:

١- گۆڕان و پێداویستییە بەردەوامەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە " پێویستی ژیانی کۆمەڵ، زۆربوونی بەرهەم، پێشکەوتنی بیروفکری مرۆڤ، ... هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە. وشەکانی زمان زیاددەبن و گەشە دەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێ." (ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ٤١)، هاوکات پێویستە ئەوەشمان لاڕوون بێت، مەرج نییە هەموو گۆڕانێک ببێتە هۆی لەدایکبوونی وشەی چالاک، چونکە لەوەیە هەندێک پێشکەوتن و گۆڕانکاری، کە دەبنە هۆی لەدایکبوونی وشەی نوێ، ئەو وشە نوێیانە لەڕووی بەکارهێنانەوە سنوورێکی داخراویان دەبێت و ناچنە بواری وشە چالاکەکانی زمانەوە، بۆ نموونە ئەگەر هەر پێشکەوتنێک لە بواری (ئاسمانەوانی – فەزا)دا ڕوویدات، ئەوا وشەکانی ئەو بوارە تەنها تایبەتمەندن بە زانایانی ئەو بوارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی، کە بوونەتە هۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێک کەرەسەی خزمەتگوزاریی گشتی، ئەوا وشەکانی ئەم بوارانە وشەی چالاکن و بەسەردەمی هەموو کەسێکەوەن، بۆ نموونە لەگەڵ دروستکردنی (ئۆتۆمبیل و مۆبایل)دا ئێستا ئەم وشانە بوونەتە پێداویستی بنەڕەتیی ژیانی هەموو مرۆڤێک و هەموو تاکێک پێویستی بەم خزمەتگوزارییانە هەیە و بەکاریاندەهێنێت.

٢- فەرهەنگی بنەڕەتی یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی، کە وشە چالاکەکانی زمانی پاراستووەو مرۆڤیش بەردەوام پێویستی پێیان هەیە، بۆ نموونە وشەیەکی وەک: (سەر) لە زمانی کوردیدا، یەکێکە لە وشە چالاکەکانی زمان و دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەم بناغەیە دەیان وشەی نوێ ڕۆبنرێت. وەک:

**سەر:** سەرۆک، سەردار، سەرخێڵ، سەرباز، سەرپەل، سەرلق، سەرتیپ، سەرکردە، سەرانە، سەرین، سەرتاش، سەرشۆڕ، سەرشین، سەربۆز، سەرسپی، سەرڕەش، سەرسەری، سەرخڕ، سەرزل، سەرمات، سەرکز، ....&

٣- بواری ئایینی: ئەم بوارەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی، کە وایکردووە هەندێک وشە بەردەوام بەچالاکیی بمێننەوە، چونکە ئایین بەشێکە لە کلتورو ژیانی ڕۆحیی مرۆڤ و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت و توند بەلایەنی (نەست – لاشعور)ی مرۆڤەوە گرێدراوە، بۆ نموونە وەک وشەکانی: (خوا، ڕۆح، مردن، ژیان، ئیمان، کوفر، باوەڕ، چاکە، خراپە، بەهەشت، دۆزەخ، فریشە، ڕۆژی دوایی، پێغەمبەر، سەحابە، قورئان، فەرموودە، سەلامکردن، پاڕانەوە، ....&).

٤- بواری ئابووری و بازاڕکردن: ئەم بوارەش یەکێکە لە پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤ و بەردەوام هەندێک وشە لەم بوارەدا بەکاردێن و مرۆڤ پێویستی پێیان هەیە، وەک: (کڕین، فرۆشتن، قازانج، گرانی، هەرزانی، بازاڕ، پارە، ...&).

٥- بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: زمان بەحوکمی ئەوەی، کە دەربڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو بەبێ کۆمەڵ و ئاخێوەرانی وەک تەنێکی مردوو وایە، بۆیە مرۆڤ بۆ دروستکردنی سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و خزمایەتییەکان پێویستی بە زمان هەیە، دیارە ئەم پەیوەندییانەش بە تایبەتی پەیوەندییە خزمایەتییەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی کات و شوێن و پلەوپایەی نێوان مرۆڤەکان، پارێزراون، هەربۆیە وشەکانی ئەم بوارەش بەردەوام لەلایەن ئاخێوەرانەوە پێویستن و بەکاردەهێنرێن و دەچنە بواری وشە چالاکەکانی زمانەوە، بۆ نموونە وەک: (دایک، باوک، برا، خاڵ، پور، پرسە، سەردانی، ئاهەنگ، میوانداریی، ژنهێنان، شووکردن، هاوڕێ، ....&).

٦- پێداویستی ژیانی مرۆڤ لە نموونەی کەلوپەل و خواردن: وشەکانی ئەم بوارەش دەچنە خانەی وشە چالاکەکانی زمانەوەو ئەم بوارەش فاکتەرێکە بۆ چالاکبوونی وشەکانی زمان، چونکە مرۆڤ بۆ مانەوە لە ژیانداو بەردەوامیدان بەڕەگەزی خۆی، پێویستی بە شوێن هەیە بۆ ژیانکردن تیایداو هاوکات بۆ پشوودان و خۆپارێزیی لە هۆکارە سروشتی و ناسروشتییەکان، هەروەها پێویستی بەخواردن و جلوبەرگیش هەیە، لە نموونەی (نان، ئاو، کراس، پانتۆڵ، شەرواڵ،...&)، جگە لەمانە پێویستی بە کۆمەڵێک کەلوپەل و ئامێرو کەرەستەی ژیانی ئاسایی هەیە، بۆ نموونە وەک: (قاپ، کەوچک، چەقۆ، مەنجەڵ ...&).

کەواتە ئەم خاڵانەی سەرەوە وەک هۆکارێکی گرنگ بوونەتە شوورەیەک بۆ پارێزبەندی و بەچالاک هێشتنەوەی وشەکانیان، هەرچەندە لەوەیە ئەمەش ڕەها نەبێت، چونکە " هەر گۆڕانێک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ ڕوویدات، هەر زۆر زوو خۆی لە فەرهەنگی زماندا دەبینێتەوە، فەرهەنگ بەردەوام بەگوێرەی پێویستی خەڵک پەرەدەسێنێت و گەشەدەکات و فراوان و دەوڵەمەنددەبێت و بێ وەستان وشەی نوێ دەگرێتەخۆی." (فاروق عومەر سدیق:٢٠١٥: ١١)، لەم گۆشەنیگایەوە فاکتەری گۆڕان، یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی شڵەقانی فەرهەنگ و وشەکانی زمان بەئاراستەی چالاککردن، یاخود سستبوون و وردەوردە پوکانەوە دەبات، دیارە ئەمەش، بە گەشەو گۆڕانەکان لە بوارەکانی: (تەکنیک، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕامیاریی، ...&)بەستراوە، بۆ نموونە یەکێک لە سیماکانی

گەشەو گۆڕان و پێشکەوتن لە زمانی کوردیداو بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵیدا، دروستکردنی ئامێرەکانی لە نموونەی (دەڕاسە، مەکینە، هەباشە، خەرماشە،...)، کە وایکردووە، وشە کۆنەکانی زمان بەرەو پووکانەوەو مردن ڕۆیشتوون. لە نموونەی وشەکانی: (جەنجەڕ، هەوجاڕ، نیر، قەیناغ، هەسان، شەنە).

**١/٢-٧-٢) وشە ناچالاکەکانی زمان و پەیوەندییان بە چەمکی (سستیی)یەوە:**

مەبەست لەم چەمکە (سستیی)، پەیوەست بەوشەکانی زمانەوە، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی بەکارهێنانەوە سنوردارن، واتە دەشێت بەکارهێنانەکەیان لەمەودای پسپۆڕییەکی دیاریکراو، یان پیشەیەکی تایبەتیدا بێت و هەموو کەس پێویستی پێیان نەبێت، یاخود دەگونجێت بەکارهێنانەکەیان لە شوێنێکی دیاریکراو و داخراو، یا کاتێکی دیاریکراودا بێت، کە هەموو ئەمانە دەشێت ببنە ڕێگرو لەمپەر لەبەردەم ناچالاکبوون و سستیی ئەم وشانەدا، بۆ نموونە وشەکانی وەک: (موحازەرە، هۆڵ، بەشەوانە، تاقیکردنەوە،...&)، ئەمانە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ پێویستیان پێی نییە، بەڵکو تەنها خەڵکانێکی دیاریکراو، کە لەپرۆسەکەدان پێویستیان پێی هەیە، واتە دەگونجێت بۆ خەڵکانی خاوەن پیشە وشەی چالاک بن، بەڵام بەراورد بەکۆی بەکارهێنەرانی زمان ئەم وشانە وشەی ناچالاک/سستی زمانن، بۆ نموونە ئەو وشانەی، کە فیتەرێک ڕۆژانە لەسەر کارەکەی پێویستی پێیەتی ئەمانەش دەچنە ژێر چەتری وشە ناچالاکەکانی زمانەوە، چونکە ئەمانیش پێویستی ڕۆژانەی هەموو ئاخێوەرانی زمانەکە نین.

وشە ناچالاکەکان، ئەو وشانەن، کە ئاخێوەری زمان دەیانزانێت، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانەوە، کەمتر پێویستی پێیان هەیەو سستن، هەروەها دەتوانین بڵێین، چەمکی سستیی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لەگەڵ وشە ناچالاکەکانی زماندا هەیە، چونکە تاوەکو وشەیەک لە ژیانی ڕۆژانەدا لەلایەن قسەکەرانەوە کەمتر بەکاربهێنرێن و کەمتر بەسەر دەمەوە بن، ئەوا ئەو وشانە سستن و مەودای بەکارهێنانیان بەرتەسک و سنووردارە، ئەو بوارانەی، کە فاکتەری سستیی و ناچالاکیی وشەن، یاخود شوێنی بەکارهێنانی وشەی ناچالاکن، بریتین لە:

١- بواری ڕۆشنبیری و ئاستی خوێندنی بەرز: وشەکانی ئەم بوارە دەچنە خانەی وشە ناچالاکەکانی زمانەوە، چونکە بەکارهێنەرانی وشەکانی ئەم بوارانە خەڵکانی دیاریکراو و پسپۆڕن، واتە وشەکانی پسپۆڕییە جیاوازەکان، لەلایەن خەڵکانی

تایبەتمەندەوە بەکاردەهێنرێن، وەک: (مۆرفۆلۆژیی، زمانناسی، کار، فەلەکناسی، زەویزانی، ڕەچەڵەکناسی، خانە، شاخوێنبەر،...&).

٢- کاروپیشە تایبەتەکان: هەموو ئەو وشانەی، کە خەڵکانێکی تایبەت، خەریکی پیشەو کارێکی دیاریکراو و تایبەتن، وشەی بوارەکەیان لە وشە ناچالاکەکانی زمانن، وەک پیشەکانی: (فیتەری، پزیشکی، ئەندازیاریی، قەسابی،...&).

لە کۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین، کە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان چەمکی چالاکیی و سستییدا هەیە، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان وشە چالاکەکانی زمان و چەمکی چالاکییدا هەیە، هاوکات پەیوەندی نێوان وشە ناچالاکەکانی زمان و چەمکی سستییش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت، کە مەرج نییە وشەیەک چالاک بوو ئیتر هەر بە چالاکیی بمێنێتەوە، وشەیەکیش سست بوو هەر بەسستیی بمێنێتەوە، بەڵکو " هەموو کەرەسەکان لە پلەی ئەکتیڤ و پاسیڤدا، وەک یەک نین و سنوری نێوانیان لە جوڵەدایە، واتە لەسەردەمێکدا، ئەو کەرەستەیە پاسیڤ بووە، پاشان بووە بە ئەکتیڤ، یەکێک لە نیشانەکانی بەرزێتی کلتور بەپێی ڕۆشنبیری قسەکەر ئەوەیە، وشەی پاسیڤ بکات بە ئەکتیڤ." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ١١)، کەواتە چەمکی چالاکیی و سستیی وشەیەک بەستراوە بە چەمکەکانی گۆڕان و بەکارهێنان و پێداویستییەکانی مرۆڤەوە بۆ ئەو وشەیە، واتە تا خواست لەسەر وشەیەک بۆ بەکارهێنان زیادبێت و مرۆڤ هەستبکات بەردەوام پێویستییەتی، ئەوا ئەو وشەیە چالاکە، بە پێچەوانەشەوە تا وشەیەک مەودای بەکارهێنانی بەرتەسک بێت و لەلایەن خەڵکانێکی دیاریکراو، یا لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێن، ئەوا ئەو وشانە سەر بە گەنجینەی وشە ناچالاکەکانن، بۆ نموونە ئەگەر بواری خواردن وەربگرین دەبینین لە قۆناغی ڕابردوودا کورد پێشئەوەی دەرگای بەڕووی دەرەوە لێبکرێتەوە و هاتووچۆو پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دروستبکات، ئەوا چەند خواردنێکی خۆماڵی و کوردیی بەکاردەهێنا، لە نموونەی: (دۆینە، ترخێنە، ماشێنە، ...)، بەڵام بەپێچەوانەوە بەهۆی تێکەڵبوون و کرانەوەی کوردستان بەڕووی دەرەوەو بە فاکتەری جیهانگیریی و سەرقاڵی مرۆڤ لەم قۆناغەی ژیاندا ناچارە خواردنی خێراو خواردنی ئامادەکراو و بیانی بەکاربهێنێت، وەک: (فینگەر، گەس، هەمبەرگر، چلفرا، پیزا، موقەبیلات، ....&)، کەواتە ئەو خواردنە کوردەوارییانەی، کە لەقۆناغێکی ژیانی مرۆڤی کورددا ناوەکانیان چالاک بوون و بەکاردەهێنران، بەڵام لە ئێستادا وەک خواردنێکی کلتووریی بەکاردەهێنرێن و ناوەکانیان لە ڕووی بەکارهێنانەوە سستبوونە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبینین بەهۆی

گۆڕانی قۆناغەکەو گۆڕانی ژیانەوە کۆمەڵێک خواردنی نوێ هاتوونەتەئاراوە و لە ئێستادا بەرەو ئەوە دەچن، کە وردەوردە ببنە وشەی چالاکی بواری خواردن.

لە ڕوانگەی ئەم زانیارییانەی پێشوو، بەکارهێنان فاکتەری بنەڕەتیی دیاریکردن و دابەشکردنی وشەکانی زمانە بۆ وشەی (چالاک و ناچالاک)، هەروەها ئەگەر ئەم بابەتە بگوازینەوە بۆ نێو مۆرفیمە بەندەکانی زمان، ئەوا لە پاڵ بەکارهێناندا چەمکی چالاکیی و سستیی پەیوەست دەکەین بە بڕی بەرهەم و بەرهەمداریی مۆرفیمە بەندەکانەوە، لە توانای بەشداریکردنیان بۆ دروستکردن و ڕۆنانی کەرەسەی نوێی زمانیی، واتە توانای لەبارێتی و نەرمی و گونجاندنیان لەگەڵ زۆرترین بناغەدا لەبەرهەمهێنانی وشەو داتای نوێدا، کەواتە لێرەدا وەک وشەکانی زمان مەبەست لەو بەکارهێنانە نییە، کە زۆرترین کات و زۆرترین ئاخێوەر بەکاریبهێنێت، بەڵکو چەمکی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان بەرادەو ڕێژەی بەرهەمیاندا لە کاتی بەکارهێنانیاندا دەپێورێت، واتە لێرەدا ئامار لەڕووی ژمارەی بەشداربوونی گیرەکەکە لەسەر بناغەی جیاوازو توانای فرەجاریی و دووبارەبوونەوەی دەستنیشانی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان دەکات، بەڵام بۆ وشەکانی زمان ئامار لەڕووی بەکارهێنان و پێویستی وشەکە بۆ کۆی ئاخێوەران دەستنیشانی چەمکی چالاکیی و سستیی وشە دەکات.


# بەشی دووەم


# چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان

## ١/٢ مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو:

ئەم بەشەمان، بۆ گرنگترین و دیارترین بەشی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیی تەرخانکردووە، کە ئەویش پرۆسەی گراماتیکییە، چونکە ئەم بەشەیان پەیوەست بە هەموو زمانێکەوە گرنگترە، بە حوکمی ئەوەی مۆرفیمە بەندەکانی ئەم بەشە لە سینتاکسدا کاردەکەن و دەچنە پێڕەوی ڕێزمانیی زمانەکەوە، هەربۆیە قسەکەرێکی زمان، ئاساییی لەوەیە بتوانێت دەستبەرداری مۆرفیمێکی لێکسیکی ببێت و وشەی پێویست لە زمانی ترەوە بخوازێت، بەڵام ناتوانێت کەرەسە گراماتیکییەکانی خۆی پشتگوێبخات و دەستبەرداریان بێت، لەبەرئەوە وەلاوەنان و دەستبەرداربوونی هەر کەرەسەیەکی گراماتکیی، وادەکات کە فۆڕمی ڕستەو دەربڕاوەکانمان نادروست و ناڕێزمانیی و واتا نادروست دەربچن، لە ئەنجامیشدا تێگەیشتن ڕوونادات، چونکە تێگەیشتن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەکارهێنانی یاساو دەستووره ڕێزمانییەکانەوە هەیە.

مۆرفۆلۆژیی بۆ دوو بەشی سەرەکیی دابەشدەکرێت، کە ئەوانیش: هەردوو پرۆسەی وشەدروستکردن (داڕشتن و لێکدان)و فۆڕمە وشە دروستکردن (گەردانکردن) دەگرێتەوە، واتە " پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتین لە پرۆسەی وشەداڕشتن، کە هەڵگواستن و لەیەکدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە، کە لە سینتاکسدان. (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ٣٢)، لەمبارەیەوە (محەمەد عومەر عەول،٢٠١٠: ٣٢٥)، بە هێڵکارییەک بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی خستوەتەوەڕو:






هێڵکاریی (٣) بەشەکانی مۆرفۆلۆژیی

وەک لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، لقەکانی مۆرفۆلۆژیی بۆ هەردوو پرۆسەی (وشە دروستکردن) و (فۆرمە – وشە دروستکردن)، جیاکراونەتەوە، یەکەمیان (وشە دروستکردن)، هەردوو پرۆسەی (وشە داڕشتن) و (لێکدان)، دەگرێتەوە، لەبەشی سێیەمدا لەسەر ئەمجۆرەیان ڕادەوەستین، بەڵام ئەوەی لەم بەشەدا و بۆ ئەم شوێنە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن بێت بریتییە لە پرۆسەی (فۆڕمە – وشە دروستکردن)، کە لە چوارچێوەی سینتاکسدا کاردەکات.

کەواتە فۆڕمە –وشە دروستکردن (شکاندنەوە)، چەند پرۆسەیەکی سینتاکسییەو، بریتییە لە شکاندنەوەی کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کار)، لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانەوە، واتە چەند پرۆسەیەکی سینتاکسییەو دەرکردەکەشی ئەو فۆرمە – وشانە دەگرێتەوە، کە دەربڕی حاڵەتی جیاوازی سینتاکسیین لەناو ڕستەداو لە ڕێگەی مۆرفیمە گراماتیکییەکانەوە نوێنراون، واتە " قەدە – وشەی هەندێک جۆری وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بە فۆرمی جۆراوجۆرەوە بەرجەستەدەکرێن، کە یاسابەندانە گۆکردنی سینتاکسیی – سیمانتیکی جیاوازیان پێدەردەبڕدرێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ٢٤٢)، بۆ نموونە پرۆسەکانی (ناسراوکردن و نەناسراوی و کۆکردنەوە)ی کەتیگۆریی (ناو) لە ڕێگەی پرۆسەکانی (شکاندنەوە)و بە مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی تایبەت بە کەتیگۆریی ناو جێبەجێدەکرێن. وەک:

١- دیاریکردن/ناسراوکردنی ناو لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /-ەکە، -ە/ و ئەلۆمۆرفەکانی /-ەکە/ەوە، وەک: پیاوەکە، کوڕەکە، کوڕە، ژنەکە، مامۆستاکە، کانییەکە، دێکە، .......&

٢- دیارینەکردن/نەناسراوی ناو لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /-ێک/ و ئەلۆمۆرفەکانییەوە، وەک: پیاوێک، مامۆستایەک، کانییێک، ژنێک/ ژنێ، .... &

پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە پرۆسەی شکاندنەوە/گراماتیکیی، بەبەراورد بە پرۆسەی (فەرهەنگیی – وشەدروستکردن)، لە ڕێگەی تایبەتمەندێتییەکانی: (پێڕەوبەندیی و ڕوونیی و بەرهەمدارییەوە)، دەستنیشاندەکرێت، واتە لەڕووی بەرهەمدارییەوە سنوری پرۆسەکانی شکاندنەوە دەستنیشانناکرێت، چونکە لەسەر بنەمای کارەکەی (چۆمسکی)، لەڕێگەی ژمارەیەکی دیاریکراو لەیاساوە، دەتوانرێت بێسنور دەربڕاوی سینتاکسیی نوێ بەرهەمبهێنرێت، هاوکات بۆ بەرهەمهێنانی ئەم دەربڕاوە سینتاکسییە نوێیانەش بێگومان پەیڕەوی لەیاساو ڕێسا ڕێزمانییەکان دەکرێت و پێڕەوبەندانە دەرکردەکان بەرهەمدەهێنرێن، ئەمە جگەلەوەی کە بەرهەمی پرۆسەکانی شکاندنەوە لەڕووی تایبەتمەندیی ڕوونییشەوە، دەرکردەکانیان پێشبینی کراو و ڕوونن، بۆ نموونە چۆن لە بیرکاریدا، پەیڕەوکردنی یاسایەکی وەک: (١ + ١ > ٢)، دەرکردەکەی پێشبینی کراو و پێڕەوبەندانەیە، بەهەمان شێوەش بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، دەرکردەی هاوکێشەیەکی وەک: (بناغە + /- م.دیاریکردن/ > ناوێکی دیاریکراوی ئاشکراکراو)، دەرکردەی ئەمیش لە زمانەوانییدا پێشبینی کراو و ڕوونە، هەربۆیە " کردەی شکاندنەوە بە تایبەتێتی و ڕونی و پێڕەوبەندی و بە بەرهەمی و هاوپەیوەندی جیاکراونەتەوە." (شیلان عومەر:٢٠١٢: ٥٧).

## ١/٢-١) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی کەتیگۆریی ناو:

کەتیگۆریی ناو لە پاڵ پۆلی کاردا، دوو کەتیگۆریی بنەڕەتی و گرنگی وشەکانی زمانن و سنوورو مەودایەکی فراوانیان لە فەرهەنگی زماندا داگیرکردووە، واتە زۆربەی زۆری وشە فەرهەنگییەکان یان ناون و ئاماژەن بۆ شت بەشێوەیەکی گشتی، یاخود ڕووداون و ئاماژەن بۆ پرۆسێس، یان بارێک،

هاوکات هەردوو کەتیگۆرییەکە پێکهێنەری بنچیی ڕستەن، لەمڕووەوە ڕستەی زمانی کوردی لە دوو وەچە پێکهاتەی بنەڕەتی پێکهاتووە، کە ئەوانیش هەردوو فرێزی ناوی و فرێزی کارین، کە ناوکی ئەم دوو فرێزەش هەردوو پۆلی (ناو و کار)ن.

کەواتە "ناو کە پۆلێکی سەرەکی وشە فەرهەنگیەکان پێکدێنێت، شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕەفتارکردندا، بەتایبەت ڕەفتاری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی کە بەگۆڕینی فۆڕم و پێکهاتەی ناوی گشتی، چەند کردەیەکی ڕێزمانی...دەردەکەوێت." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٢٨)، واتە پۆلی ناو یەکێکە لەو کەتیگۆرییە گرنگانەی، کە مەودایەکی بەرفراوانی لەمێشک و بیری مرۆڤدا داگیرکردووەو مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەڵکردن لەگەڵ گۆڕان و پێشهاتە نوێیەکان و ناونانی دیاردەکان و پۆلێنکردنی شت و بابەت و (بویەر/واقیع)ە نوێیەکاندا، پێویستی بە کەتیگۆرییەکی گرنگی وەک ناو هەیە، زمانی کوردیش وەک زمانەکانی تری جیهان لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەوە چەند نیشانەیەکی گراماتیکیی وەک ناسنامەی پۆلی ناو دەخاتە بەردەست ئاخێوەرانی و مرۆڤی کوردزمان دەتوانێت لەڕێگەی ئەو مۆرفیمە بەندە گراماتیکییانەوە پۆلی ناو لە پۆلەکانی تری ئاخاوتن جیابکاتەوە، بۆ نموونە وەک: مۆرفیمە گراماتیکییەکانی: (چەمکی ئاشکراکردن، چەمکی ئاشکرانەکردن، ژمارە، توخم،...&)، بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ ناوەکانی (کوڕ، گوڵ)دا.

١- چەمکی ناسراوکردن: کوڕەکە، گوڵەکە...&

٢- چەمکی نەناسراویی: کوڕێک، گوڵێک....&

٣- چەمکی ژمارە (کۆکردنەوە): کوڕان، گوڵان/گوڵەکان...&

٤- چەمکی بانگکردن: کوڕە، کوڕینە،...&

**٢/١-١-١) چەمکی ناسراوکردنی ناو:**[19]

چەمکی ناسراوکردن، چەمکێکی فراوانەو بەواتاو مەبەستی جیاواز بەکارهاتووە، لەوانە وەک: (سنووردارکردن – Limitation)، (نیشانەبۆدانان – Denoting)، (ئاماژەبۆکردن – Pointing)، (دەرخستن – Modifying)،

[19] سەبارەت بە چەمکی دیاریکردن و ئاشکرانەکردنی ناو بەشێوەیەکی گشتی و فراوان، بڕوانە: (لیمۆ محمود تۆفیق:٢٠١٦)، کە کۆی نامەکەی بۆ ئەم دوو چەمکە تەرخانکردووە.

(دیاریکردن – Determining)، (ئاشکراکردن – Definition)...& بەڵام ئەوەی بۆئەم توێژینەوەیە جێگەی وەستان و قسەلەسەرکردن بێت، بریتییە لە دیاریکردن و ئاشکراکردنی ناوەگشتییەکان لەڕێگەی مۆرفیمی بەندی گراماتیکییەوە لە زمانی کوردیدا، لەم ڕووەشەوە هەردوو مۆرفیمی /-ەکە،-ە/و ئەلۆمۆرفەکانی /-ەکە/ مۆرفیمی ناساندنن و ڕۆڵی دیاریکردنی ناو دەبینن. واتە " لەزمانی کوردیدا (ەکە)و (ە) نیشانەی ناسیاوین." (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٨٨)، هاوکات جگە لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، زمانی کوردی لەڕێگەی چەند فۆرمێکی فەرهەنگییەوە دەتوانێت ناوەکان دیارییکات و بیانناسێنێت، کە ئەوانیش:

٥- جێناوی نیشانە.......... ئەم خوێندکارە................ (ئەم.....ە).

ئەو خوێندکارە ............... (ئەو....ە)

٦- دەرخراوی دوای دەرخەر ................................... دایکی نەسرین

٧- جێناوە کەسیی و خۆییەکان لەئەرکی دەرخەردا........ باوکی من، باوکی خۆم

کەواتە کردەی ناسراوکردنی ناو" کردەیەکی زمانییە، بریتییە لە ئاشکراکردنی، یان دەرخستنی ناوێکی گشتی لەناو پۆلەکەیدا، بەپێی تایبەتێتی جیاکەرەوەی خاوەن ناو، کە پێشتر قسەکەرو گوێگر دەیزانن." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٢٨)، هەروەها کە دەوترێت " ناوی گشتی بەهۆی مۆرفیمی "ەکە" یان "ە" دەکرێتە ناوی ناسراو." (یوسف شەریف سەعید:٢٠١٣: ٢٨).

پێویستە ئەو ناوەی، کە دەکرێتە ناوی ناسراو ئەم سیماواتاییانەی تیابێت: {+گشتی، +ژمێرراو، +کۆنکرێت} بێت، واتە ناوی تایبەتی ناکرێتە ناسراو، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا ناوێکی ناسراوە، وەک: (ئازاد، نەسرین، سلێمانی، چەمچەماڵ، کوردستان،...&)، هەرچەندە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکداو لەسنووری ئاخاوتندا نموونەمان هەیە، کە ناوی تایبەتی مۆرفیمی /-ەکە/ی وەرگرتووە، وەک: لە ڕستەی <ئازادەکەیان دەناسم>، قسەکەر ئەم جۆرە دەربڕینە لەکاتێکدا دەردەبڕێت کە لە نێوان چەند ناوێکدا، یەکێکیان ناوی (ئازاد)ە، کە لێرەدا بۆ مەبەستی جیاکردنەوە بەکارهاتووە، هەروەها ناوی نەژمێرراویش ناکرێتە ناسراو، هەرچەندە لەو فرێزانەدا، کە دەرخەرەکەیان وشەی ڕادەیەو لە ئاستی ڕووکەشدا مۆرفیمی ناساندن چووەتە سەر ناوە نەژمێرراوەکە، بەڵام لە بنەڕەتدا بەمجۆرەی خوارەوەیە:

٨- کیسە برنجەکە.......... برنجەکە. دەبە ئاوەکە............ ئاوەکە

٩- ئاو لە پلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت.        ئاوەکە لە پلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت*.

هەروەها ئەو ناوانەی، کە (-کۆنکرێت)ن مۆرفیمی /-ەکە/ وەرناگرن، وەک:

١٠- ئازادییەکە* خۆشەویستییەکە* هەژارییەکە*، پیاوەتییەکە*

هەرچەندە لە هەندێک کۆنتێکستی بەرتەسکداو لەچوارچێوەی ئاخاوتندا دەگونجێت مۆرفیمی ناساندن وەربگرن، بەڵام لەم حاڵەتەدا زیاتر بۆ مەبەستی جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنە، وەک: < خۆشەویستییەکەت، خۆشەویستییەکی ئەفلاتوونییە.>

هەر سەبارەت بەو کەتیگۆری و وشە زمانییانەی، کە مۆرفیمی دیاریکردن وەردەگرن، هەندێک لە زمانەوانان پێیانوایە، کە مۆرفیمی ناساندن تەنها تایبەت نییە، بە کەتیگۆری ناو بەڵکو لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەردەکەوێت، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە لەگەڵ کەتیگۆری ناودا چالاکترە، لەڕاستیدا هەرچەندە لەئاستی ڕووکەشدا وادەردەکەوێت، کە لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دەرکەوتنی هەیە، بەڵام دەرکەوتنێکی ڕووکەشییەو لە ئاستی قووڵدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرخراوێکی (ناوی)، کە بەفۆنەتیکی گۆنەکراوە،وەک:[20]

١١- کوڕە قۆزەکە > قۆزەکە،

١٢- کچە جوانەکە > جوانەکە.

واتە لێرەدا نیشانەی ناسراوکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەکانی: (کوڕ، کچ)، بەڵام لەبەرئەوەی ئاوەڵناوێک بووە بەدەرخەری فرێزەکە، ئەوا شوێنی مۆرفیمە بەندەکە لەسەر دەرخراوەکەوە گوازراوەتەوە بۆ سەر دەرخەرەکە، کەواتە " هەرچەندە مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) دەچێتە سەر ئاوەڵناو، بەڵام لەگەڵ ناوی گشتیدا چالاکترە." (یوسف شەریف سەعید:٢٠١٣: ٢٨).

هەروەها مۆرفیمی /-ەکە/، لەگەڵ ناوی ڕووداو/چاووگیشدا دەردەکەوێت، وەک: <نوسینەکەتم خوێندەوە>، پاش خستنەڕووی چەند تێبینییەک سەبارەت بەمۆرفیمی ڕێزمانی /-ەکە/، هەوڵدەدەین چالاکیی و سستیی مۆرفیمەکانی بواری چەمکی (دیاریکردن و ئاشکراکردن) و ئەلۆرمۆرفەکانی ئەم بوارە بخەینەڕوو، هەرچەندە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە بەرهەمدارن و سنوورێکی (دابڕ-قطعی) نییە، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەرهەم و

[20] لەم بارەیەوە بڕوانە: ١- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٨٨)، ٢- (محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١٠: ٣٢٠).

چالاکییان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمەکانی بواری دیاریکردن بە تایبەت ئەو ئەلۆمۆرفانەی کە بە فاکتەری فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانی لە مۆرفیمی دیاریکردنی /-ەکە/ەوە کەوتوونەتەوە ڕێژەی چالاکیی و بەرهەمیان وەک یەک نییەو جیاوازن، هەربۆیە دەمانەوێت بە وردی تیشکی لێکۆڵینەوەکەمان لەم گۆشەیەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی چەمکی (دیاریکردن و ئاشکراکردن) بدەین. بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ مۆرفیمی /-ەکە/:** فۆڕمی سەرەکی دیاریکردن و ئاشکراکردنی ناوەگشتییەکانە لە زمانی کوردیدا و لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە مۆرفیمێکی چالاکە لە سنووری پۆلەکەی خۆیداو بەشێوەیەکی گشتی " لەفرێزی ناوی دا دێت و ڕۆڵی ناسراوکردنی ناوەگشتییەکان دەبینێت." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٢٩)، لەڕووی دەرکەوتنیشەوە بەپێی سروشتی دەرخراو و دەرخەری فرێزە ناوییەکە شوێنێکی جێگیری نییەو لەم ڕووەوە مامەڵەی (نووسەک – clitic)[21]ئاسا دەکات. بۆ نموونە وەک:

١٣- کوڕەکە

١٤- کوڕەکەی من

١٥- کوڕە زیرەکەکە ، بەڵام کوڕەکەی زیرەک* ناوترێت.

ئەم مۆرفیمە بناغەی ئەو ناوانە هەڵدەبژێرێت، کە بە دەنگی کۆنسۆنانت کۆتاییان هاتووە، واتە " ئەگەر ناوێک کۆتایی بە دەنگی کۆنسۆنانت بێت، ئەوە (ەکە)ی بە ڕەوانی پێوە دەلکێنرێت." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٨٩)، لە بارەی فۆڕمی /-ەکە/ەوە، (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ) پێی وایە، کە ئەم فۆڕمە ناسادەیە و لە { ناو + م.نزیکی (ە) + دەنگێکی ناوبڕ (ک) + م.نزیکی (ە)} پێکهاتووە، (١٩٩٥: ٨٣)[22] ئەوەی لێرەدا بۆچوونی ئێمەیە، ئەوەیە، کەوا ئەگەر دەنگی /ک/ ناوبڕ بێت و بەشێک نەبێت لە مۆرفیمە بنەڕەتییەکە /-ەکە/، ئەی چۆن لەو فۆڕمانەی، کە بە هەردوو فاکتەری فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانی وایان لە مۆرفیمی /-ەکە/ی دیاریکردن کردووە، کە تەنها ئەلۆمۆرفی /-ک/، لە شێوەی تەنها دەنگێکدا بمێنێتەوە دەتوانێت هەڵگری چەمکی ناساندن و دیاریکردن بێت؟ وەک >مامۆستاکان هەموو ئامادەبوون.<، یاخود بۆ نموونە لە هەردوو فرێزی >

---

[21] دەربارەی (نوسەک – Clitic) بروانە: (ڕێبین خالد خضر:٢٠١٨: ٢٤٥ – ٢٥٣).

[22] بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە، برزانە، هەریەک لە ١- (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٢٩)، ٢- (شیروان حوسێن خۆشناو:٢٠١٤: ١٥١).

یەکێتی مامۆستایان< و > یەکێتی مامۆستاکان*<، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە فرێزی یەکەمدا مۆرفیمی /-ان/، هەڵگری سیماواتاییەکانی {+ئاشکرانەکردن، +کۆ}یە، بەڵام دووەمیان هەڵگری سیماکانی {+ئاشکراکردن، +کۆ}یە، واتە بۆیە یەکەم ڕێی پێدەدرێت، چونکە ڕێکخراوەکە بۆ هەموو ئەو کەسانە دەبێت، کە ئاشکرانەکراون ونەناسێنراون، واتە هەموو ئەو کەسانەی (نێر، مێ)، کە پیشەی مامۆستایان هەیە، بەڵام لە دووەمدا ئەگەر فۆرمی /-کان/، بەکار بهێنین، ئەوا تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە ئاشکراکراو و دیاریکراون، کە ئەمەش بۆ ئەو ڕێکخراوە نابێت، واتە ڕێپێدراو نییە بۆ قسەکەرو گوێگر، کە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوێک، لای ناسراو و ئاشکراکراو بێت، تەنانەت لە توانای قسەکەرو گوێگریشدا نییە، بۆیە لێرەدا دەنگی [ک] وەک ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی دیاریکردنی /-ەکە/، لەگەڵ مۆرفیمی /-ان/ی کۆدا چەمکەکانی {+کۆو دیاریکراو}ی دەبەخشن.

کەواتە /ک/، دەنگی ناوبڕ نییە، هەرسێ دەنگەکەی فۆرمەکە بەیەکەوە /-ەکە/ مۆرفیمی دیاریکردنە، وەک ڕوونمانکردەوە دەگونجێت لەگەڵ ئەو بناغانەی، کە بە ڤاوڵ کۆتاییان دێت و لەکاتی هاتنی مۆرفیمی ڕێزمانی /-ان/یش، کە بە ڤاوڵ دەستپێدەکات، هەردو بزوێنە کورتەکەی سەرەتاو کۆتایی مۆرفیمەکە بڕواو تەنها دەنگی [ک] وەک ئەلۆمۆرفی دیاریکردن ئەو ڕۆڵە ببینێت، وەک: (مامۆستاکان، پەنجەرەکان، خانۆکان، لادێکان، ...&)، یاسای کارکردنی /-ەکە/ی دیاریکراو/ناسراوکراو، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**ناو + /-ەکە/ > ناوێکی ناسراو............ یاسای (١)**


١٦- کوڕەکە، پیاوەکە، ژنەکە، باوکەکە، دایکەکە، بەردەکە، گوڵەکە، ژوورەکە، دیوارەکە، کتێبەکە، پێنووسەکە، مێزەکە، فەرشەکە، باخەکە، مارەکە، مەڕەکە، سەگەکە ....&، لە ڕووی سیمانتیکیشەوە ئەم مۆرفیمە هەڵگری سیماواتاییەکانی:

{+ڕێزمانی، +دیاریکردن، +ئاشکراکردن، +تاکایەتی، +سنووربۆدانان}ە. وەک:

١٧- کوڕ {+گشتی}

١٨- کوڕەکە {+دیاریکراو،+تاک}.

سەرەڕای ناسراوکردنی ناو مۆرفیمی بەندی /-ەکە/، لە پێکهاتەی فرێزی ناویدا دیارخەرەو وەک سەری ڕێزمانی گۆدەکات. (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١٠: ٣٨). وەک:




هاوکات زمانی کوردی جگە لە فۆرمی سەرەکی /-ەکە/، بۆ ناسراوکردن و دیاریکردنی ناو چەند ئەلۆمۆرفێکیشی هەیە، کە بەپێی شوێنگەی مۆرفیمەکەو دوادەنگی بناغەکە، شێوەیان دەگۆڕێت، وەک:

**ئەلۆمۆرفی /-کە/:** ئەم شێوە مۆرفیمە لەدوای مۆرفیمی سەرەکی /-ەکە/ لەڕووی چالاکییەوە دەرکەوتووترینیانەو لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێت، کە بە دەنگە ڤاوڵەکانی: [ە، ا، ۆ، ێ] کۆتاییان هاتووە، هەرچەندە بەپێی شێوەی ئاخاوتن جاری وایە ئەلۆمۆرفی /-یەکە/، لە بری /-کە/ بەکاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فۆڕمەکەی یەکەمیان واتە /-کە/ چالاکترە، ئەمە جگەلەوەی کە بەردەوام ناتوانێت لەشوێنی /-کە/ دەربکەوێت، وەک ( پەنجەرەکە پەنجەرەیەکە*)، کەواتە یاسای بەکارهێنانی ئەلۆمۆرفی /-کە/، بەمجۆرەیەی خوارەوەیە:

**بناغە + /-کە/ > ناوێکی ناسراوکراو............ یاسای (٢)**

١٩- پەنجەرەکە، دەرخۆنەکە، مامۆستاکە، وەستاکە، دۆکە، دێکە، لادێکە، هەرمێکە، بەرەکە،..&

هەروەها وەک وتمان شێوەمۆرفیمی /-یەکە/شمان هەیە، کە بەگشتی لەگەڵ ئەلۆمۆرفی /-کە/دا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لەگەڵ ئەو بناغانەی بە دەنگی [ە] کۆتاییان هاتووە نایات، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ بناغەی ئەو ناوانەشدا دێت، کە بە دەنگی [ی] کۆتاییان هاتووە. واتە " لەنێوان ناو و نیشانەکەدا (ی – Y)ی نیمچە بزوێن پەیدادەبێت." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٨٩). وەک:

**بناغە + [ی – Y]ی نیمچەبزوێن + /-ەکە/ > ناوێکی ناسراوکراو...... یاسای (٣)**

٢٠- مامۆستایەکە، مەلایەکە، دۆیەکە، ڕێیەکە، دێیەکە، کانییەکە، چایەکە، بۆرییەکە،...&، بەڵام سەبارەت بەو وشانەی، کە بەدەنگی [ی] کۆتاییان هاتووە پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە جاری وایە، هەردوو دەنگی [ی، ە] یەکدەگرن و دەنگی سێیەم [ێ] دروستدەبێت وەک:

٢١- کانییەکە ~ کانێکە،

٢٢- شوتییەکە ~ شوتێکە

٢٣- بۆرییەکە ~ بۆرێکە

**ئەلۆمۆرفی /-وەکە، ۆکە/:** ئەمجۆرە ئەلۆمۆرفە لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێت، کە کۆتایی ناوەکە دەنگی بزوێنی [وو]ە، واتە لەم حاڵەتەدا دەنگی [و]ی نیمچە ڤاوڵ دێتە نێوان بناغەکەو مۆرفیمەکەوە، یاخود جاری وایە هەردوو دەنگی [وو + ە] یەکدەگرن و دەنگی سێیەم [ۆ] دروستدەبێت، وەک:

**بناغە + و + /-ەکە/ > ناوێکی ناسراوکراو............. یاسای (٤)**

**بناغە + (وو+ە > ۆ) + /کە/ > ناوێکی ناسراوکراو**

٢٤- خانووەکە ~ خانۆکە، مازووەکە ~ مازۆکە، شاتووەکە ~ شاتۆکە، ...&

جگە لەو ئەلۆمۆرفانەی کە خستمانەڕوو، مۆرفیمی /-ەکە/ چەند ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە، کە جگە لەهۆکاری فۆنۆلۆژیی هۆکاری ڕێزمانیش یارمەتیدەرە بۆ هاتنەئارای ئەم جۆرە شێوە مۆرفیمانە، بە تایبەت کاتێک هەردوو پرۆسەی دیاریکردنی ناو، کۆکردنەوەی ناو لەیەک کاتدا جێبەجێدەکرێت، وەک:

**بناغە + دیاریکردن + کۆکردنەوە > ناوێکی کۆی دیاریکراو........ یاسای (٥)**

٢٥- کوڕ+ /-ەکە/ + /-ان/ > کوڕەکان، پیاوەکان، ژنەکان،مەڕەکان ... ئەلۆمۆرفی /ەک/.

٢٦- مامۆستا + /-ەکە/ + /-ان/ > مامۆستاکان/ مامۆستایەکان... ئەلۆمۆرفی /ک/یەک/.

٢٧- کانی + /-ێکە/ + /-ان/ > کانێکان......... ئەلۆمۆرفی /ێک/.

٢٨- خانوو + /ۆکە/ + /-ان/ > خانۆکان......... ئەلۆمۆرفی /ۆک/.

کەواتە گرنگترین ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی دیاریکردن و ئاشکراکردنی ناو /-ەکە/، لە زمانی کوردیدا بریتین لە: {/-کە، یەکە، ۆکە، ێکە، ەک، ک، یەک، ۆک، ێک/}، کە ڕەچاوی یاساکانی ژمارە (١ تا ٦) دەکەن، لەم ڕووەوە فاکتەرەکانی ( فۆنۆلۆژیی، ڕێزمانی، شێواز) ڕۆڵی سەرەکییان لە دروستکردنی ئەم شێوە مۆرفیمە جیاوازانەدا هەبوو، هەروەها لەڕووی چالاکییشەوە دوای هەردوو فۆڕمی /-ەکە، -کە/، ئەوانەی تر بەرهەمیان لەیەکەوە نزیکە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بڕوانینە گرنگترین ئاستەنگ و

سنووردارییەکانی بەردەم پرۆسەی ناسراوکردنی ناو لەڕێگەی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە پێمانوایە، بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١-مۆرفیمەکانی دیاریکردن ناتوانن هەموو جۆرە ناوێک بناسێنن، بۆ نموونە وەک ناوە تایبەتییەکان، ناوە ئەبستراکتییەکان و ناوە نەژمێرراوەکان، هەرچەندە وەک پێشتریش خستمانەڕو، کە لە سنورێکی دیاریکراودا و بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردن لەگەڵ ئەو جۆرە ناوانەشدا دێن.

٢-بوونی دەرخەرەکانی وەک جێناوی نیشانە و جێناوە کەسییەکان و جێناوە خۆییەکان، کە ئەمانیش وەک دەرخەری فەرهەنگیی، ناو بەبێ مۆرفیمی ڕێزمانی ناو دەناسێنن. بۆ نموونە زاری کرمانجی ژوورو بۆ ناسراوکردنی ناو پەنا بۆ جێناوە نیشانەکان دەبات. وەک: (ڤی کوڕی .... ئەم کوڕە، ڤێ کچێ .....ئەم کچە).

**ئەلۆمۆرفی/-ە/:** یەکێک لە ئەرکە گراماتیکییەکانی ئەم فۆڕمە، بریتییە لەناسراوکردنی ناوە گشتییەکان، کە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی سەرەکی /-ەکە/ی ناسراوکردنە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە بەکارهێنانی بەرتەسکەو لەم ڕووەوە چالاک نییە، چونکە " تەنیا لە شێوازی گێڕانەوەی دراماتیکیدا بەکاردێ." (محەمەد مەعروف و سەباح رەشید:٢٠٠٦: ٢٢)، لەڕووی دەرکەوتنیشەوە بەدوو شێوە خۆی پیشاندەدات، لە یەکەمیاندا، ئەگەر بناغەکە بەدەنگی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت ئەوا بەبێ کێشە دەردەکەوێت، وەک: (کوڕە، ژنە، کچە، ...&)، بەڵام لە دووەمیاندا " ئەگەر ناوێک کۆتایی بە بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ، ی، ە) بێت، ئەوکاتە (ە) وەرناگرێت، لەم بارەدا بە قەرینە تێدەگەین، کە مەبەست باسلێکراوێکی دیارییە." وەک:


٢٩- چرا + ە > چرا > چرا نەوتی تێدا نەما.< (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٩٨).

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە گراماتیکییەکانی ناسراوکردنی کەتیگۆری ناو، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٤٥) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ەکە/ | ١٧ | %٣٧,٧٧ |
| /-کە/ | ٩ | %٢٠ |
| /-ەک/ | ٤ | %٨,٨٨ |
| /-ێکە/ | ٣ | %٦,٦٦ |

| | | |
|---|---|---|
| /-وەکە~ ۆکە/ | ٣ | %٦,٦٦ |
| /-ە/ | ٣ | %٦,٦٦ |
| /-یەکە/ | ٣ | %٦,٦٦ |
| /-ک~یەک/ | ١ | %٢,٢٢ |
| /-ێک/ | ١ | %٢,٢٢ |
| /-ۆک/ | ١ | %٢,٢٢ |

خشتەی (٦) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی ناسراوکردن




## ٢-١-١/٢) چەمکی نەناسراوی ناو:

ئەم چەمکە، لە زمانی کوردیدا تایبەتە بە ئاشکرانەکردنی ناوێکی گشتی لەناو پۆلەکەیدا، چەمکێکی گراماتیکییەو حاڵەتی ڕێزمانی ناو دەگۆڕێت، هاوکات لەڕووی واتاییەوە تایبەتێتی گیرەکی ئاشکرانەکردن لەوەدایە، کە " جگە لە نەناسراوی (مجهولیە)، هەروەها تاکایەتی (افرادیە)ش نیشاندەدا." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ٢٠٣)، واتە هەڵگری هەردوو چەمکی ڕێزمانی (دیاریکراوی ئاشکرانەکراو و ژمارە)یە لەزمانی کوردیدا، هەروەها لەڕووی بناغەوە کەتیگۆری ناو هەڵدەبژێرێت و بەشێوەیەکی سەرەکیش تایبەتە بە ئاشکرانەکردنی

ناوی گشتی، له ئاستی ڕووکەشیشدا لەگەڵ (ئاوەڵناو، ناوی تایبەتی، ناوی نەژمێرراو، ناوی واتایی)یشدا دەردەکەوێت، بۆ نموونه وەک:

٣٠- لەگەڵ ئاوەڵناودا: جوانێک...... کچێکی جوان

٣١- لەگەڵ ناوی تایبەتیدا: ئازادێک..... کوڕێک کە ناوی ئازادبێت. > ئازادێک کە من بیناسم کاری واناکات.<

٣٢- لەگەڵ ناوی ئەبستراکتدا: ئازادییەک..... >ئازادییەک کە بەتێکۆشانی خۆت وەرینەگریت چاوەڕێی خەڵکانی تر مەکە پێتبدەن.<

٣٣- لەگەڵ ناوی نەژمێرراودا: ئاوێک...... دەبەیەک ئاو/ دەبەئاوێکم بۆ بێنە.

بە وردبوونەوە لە نموونەکانی (٣٠،٣١،٣٢،٣٣)ەوە بۆماندەردەکەوێت، کە مۆرفیمی ئاشکرانەکردنی /-ێک/و ئەلۆمۆرفەکانی لەزمانی کوردیدا هەڵگری ئەم سیماواتاییانەیە: {+گراماتیکی، +ئاشکرانەکردن، +تاکێتی}، هەروەها بناغەی ئەو وشانەی کە ئەم گیرەکە وەردەگرن پێویستە ئەم سیماواتاییانەی هەبێت: {+ناوی گشتی، +کۆنکرێت، +ژمێرراو} بێت، هەروەها لەڕووی ئەرکەوە ڕۆڵی دیاریخەری فرێزی ناوی دەبینێت و دەبێتە سەری ڕێزمانی فرێزەکە، چونکە بەپێی "ڕێسای سەرکۆتایی ئەوە دەچەسپێنێت، کە دیارییخەر سەری ڕێزمانییە grammatical head و لەکۆتایی دروستەی سینتاکسیدا دێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠١١: ٩٣).

هەربۆیە دەوترێت مۆرفیمی ئاشکرانەکردنی /-ێک/، " مۆرفیمێکی بەندی گراماتیکییە، دەچێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکەوە، ئەرکی دیاریکراوی ئاشکرانەکراو دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتە سەری." (لیمۆ محمود تۆفیق:٢٠١٦: ١٠٨)، واتە " نیشانەی نەناسیاوی لەو کاتانەدا بەکاردێت کە لە شتێک وەیا کەسێکی نەناسراو دەدوێت، بۆجیاکردنەوەی شتێک وەیا کەسێک لەنێوان کۆمەڵێکی وەکو خۆیدا بەکاردێت." (ک.ک.کوردۆییڤ:١٩٨٢: ٦٢)، ئەم گیرەکە کاتێک کە لەگەڵ بناغەی ناوێکی گشتیدا دێت، لەڕووی ڕێزمانییەوە لە ڕێگەی ئارتیکڵی /-ێک/ەوە فرێزە دیاریخەرییەکە (DP) دیاریدەکات، بەڵام لەڕووی واتاییەوە ئاشکرای ناکات، بۆیە بە (نیشانە – Article)ی {دیاریکراوی ئاشکرانەکراو} ناودەبرێت، ئەمەش پێچەوانەی مۆرفیمی ڕێزمانی دیاریکراوی /-ەکە/یە، چونکە ئەم مۆرفیمەیان هەم لەڕووی ڕێزمانییەوە دەبێتە دیاریکاری فرێزە دیاریخەرییەکە، هەم لەڕووی واتاییشەوە ناوەکە ئاشکرادەکات، بۆیە مۆرفیمی /-ەکە/، دەربڕی چەمکی {دیاریکراوی ئاشکراکراو}ە، کە ئەمەش یەکێکە لەخاڵە جیاوازەکانی

نێوان هەردوو مۆرفیمی /-ەکە/ و /-ێک/، ئەمە جگەلەوەی ئەم دوو مۆرفیمە لەڕووی چۆنییەتی کارکردنیان لەناو فرێزە ناوییەکان و هاوکات چۆنییەتی هاتنیشیان لەگەڵ مۆرفیمی کۆکردنەوەدا مامەڵەی جیاواز دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر دەرخەری فرێزە ناوییەکە ئاوەڵناو بێت و مۆرفیمی خستنەپاڵیش /-ە-/ بێت، ئەوا مۆرفیمی /-ەکە/ بە کۆتایی فرێزەکەوە دەلکێت، واتە دەچێتە سەر دەرخەرەکە، ئەمە لەکاتێکدایە مۆرفیمی /-ێک/ هەر بەناوەکەوە دەلکێت و شوێنی خۆی ناگۆڕێت. وەک:

٣٤- کوڕەقۆزەکە........................ کوڕەقۆزێک.*............. کوڕێکی قۆز

٣٥- نامە نوسراوەکە ............ نامە نوسراوێک*........... نامەیەکی نوسراو

بەڵام ئەگەر دەرخەری فرێزە ناوییەکە هەر ناو یان ناوئاسا بوو ئەوا هەردوو مۆرفیمەکە هەمان مامەڵەیان هەیە، وەک:

٣٦- کوڕەکەی ئازاد...............کوڕێکی ئازاد.

٣٧- کوڕەکەی من ................ کوڕێکی من.

٣٨- کوڕەکەی خۆم............... کوڕێکی خۆم.

٣٩- کوڕەکەی ئەمە............ کوڕێکی ئەمە.

هەروەها ئەم دوو مۆرفیمە لەگەڵ مۆرفیمی /-ان/ی کۆکردنەوەدا مامەڵەی جیاواز دەکەن بەمشێوەیە:

١- بناغە + م.ناساندن + م. کۆکردنەوە > ناوێکی ناسراوی کۆکراوە

٤٠- پیاو + /-ەکە/ + /-ان/ > پیاوەکان

٢- بناغە + م.کۆکردنەوە + م.ئاشکرانەکردن > ناوێکی کۆی نەناسراو

٤١- پیاو + /-ان/ + /-ێک/ > پیاوانێک.

واتە ئەگەر تێبینی بکەین لە نموونەی (٤٠)دا مۆرفیمی دیاریکردن (ناسراوی) پێش مۆرفیمی کۆکردنەوە کەوتووە، بەڵام لە نموونەی (٤١)دا مۆرفیمی ئاشکرانەکردن (نەناسراوی) دوای مۆرفیمی کۆکردنەوە هاتووە، هەروەها هەردوو مۆرفیم لەڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ جێناوەکەسییەکانیشدا جیاوازن، بۆ

نموونه مۆرفیمی ناسراوکردن ناچێته سەر جێناوەکەسییەکان، بەڵام بەپێچەوانەوە مۆرفیمی نەناسراوی دەچێتە سەریان. وەک:

٤٣- منەکە*، تۆیەکە*، ئەوەکە*

٤٤- منێک، تۆیەک، ئەوێک

گرنگترین مۆرفیمەکانی ئاشکرانەکردن ئەم مۆرفیمانەن:

**مۆرفیمی بەندی گراماتیکی /-ێک/:** فۆڕمی سەرەکی ئاشکرانەکردنی ناوە لەزمانی کوردیدا و لەڕووی چالاکییەوە مۆرفیمێکی بەرهەمدارو چالاکەو لەگەڵ سەرجەم بناغەی ئەو ناوە گشتییانەدا دێت، کە دەچنە ژێر خانەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێشتر خستمانەڕوو، هەروەها پێویستە ئەو بناغانەش دەنگی دواییان کۆنسۆنانت بێت، کە بەپێی ئەم یاسا گشتییەی خوارەوە کاردەکات:

**بناغە + م.ئاشکرانەکردنی ناو /-ێک/ > ناوێکی دیاریکراوی ئاشکرانەکراو....یاسای (١)**

کوڕێک، کچێک، پیاوێک، ژنێک، منداڵێک، دارێک، بەردێک، گیاندارێک، کتێبێک، مرۆڤێک، کەوێک، مەڕێک، کەروێشکێک، بەرخێک، ڕووەکێک، ...&

لەزمانی کوردیدا یەکێک لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بریتییە لە دیاردەی کەوتن و کلۆرکردنی دەنگ، هەربۆیە مۆرفیمی /-ێک/، بە تایبەت لەکردەی ئاخاوتندا دەنگی [ک]ەکەی دەکرتێت و هەر فۆڕمی /ێ/ دەمێنێتەوە، کە ئەم دیاردەیەش زیاتر فاکتەری ئابووریکردن بەسەریدا زاڵەو بڕیاری لەسەر دەدات، نەک فاکتەری ڕێزمانی و فۆنۆلۆژیی، هەرلەم ڕووە (ک.ک.کوردۆییڤ) دەڵێت: " لە دیالێکتی خوارووی نیشانەی نەناسیاوی (-ێک) هەیە، کە لە هێندێک ناوچەدا کورتدەکرێتەوەو دەبێ بە (-ێ).". (١٩٨٢: ٦٢). وەک:

٤٥- کوڕێک ~ کوڕێ، پیاوێک ~ پیاوێ، ژنێک ~ ژنێ، منداڵێک ~ منداڵێ، ...&

**ئەلۆمۆرفی /-یەک/:** ئەم گیرەکە ڕێزمانییە، دەچێتە سەر ئەو ناوانەی، کە کۆتاییان بە دەنگە بزوێنەکانی [ ا، ە، ۆ، ێ، ی] هاتووە. (کەوسەر عەزیز ئەحمەد:١٩٩٠: ٨٣)، هەروەها جگە لەم دەنگانە تەنانەت ئەگەر بناغەکە بە دەنگی بزوێنی [وو]ش کۆتایی هاتبوو لە ئێستای زمانەکەدا بەهۆی ئاسانی درکاندنەوە هەر پەیڕەوی لەهەمان یاسا دەکرێت، واتە دەتوانین بڵێین لەڕووی چالاکییەوە لەدوای مۆرفیمی سەرەکی /-ێک/، ئەلۆمۆرفی /-یەک/ لە پلەی دووەمدا دێت بۆ ئاشکرانەکردنی ناو لەزمانی کوردیدا، هەروەک وتمان بەکارهێنانی ئەلۆمۆرفی /-

یەک/، لەبری /-ێک/، پەیوەستە بەوەی " ئەگەر سەرەناوەکە بە سەگمێنتێکی بڕگەیی/ بە ڤاوڵێک کۆتایی هاتبوو، ئەوا بەناچاری لە بری /-ێک/ ئەلۆمۆرفێک دادەنرێت، کە لەشێوەدا لە ناوە ژمارەییەکەی 'یەک' دەچێت. ........ بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە " مۆرفیمی نەناسیاریی سەری ڕێزمانییەو لەکۆتایی دروستەدایە، بەڵام وشە-ژمارەیی >>ڕادەیە<<و لە سەرەتای دروستەی سینتاکسییدا دێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠١١: ١٠١). وەک:

٤٦- وشە – ژمارەیی > یەک پیاو

٤٧- مۆرفیمی نەناسیاریی > پیاوێک

کەواتە یاسای ڕۆنانی ناوی نەناسراو بە ئەلۆمۆرفی /-یەک/ بەمشێوەیەیە:

**بناغە + ئەلۆمۆرفی ئاشکرانەکردنی /-یەک/ > ناوێکی دیاریکراوی ئاشکرانەکراو..... یاسای (٢)**

٤٨- مامۆستایەک، مەلایەک، وەستایەک، چیایەک، پەنجەرەیەک، بەرەیەک، دێیەک،

کانییەک، هەڵۆیەک، تەشییەک، هێشوویەک، توێشوویەک، ...&

**مۆرفیمی بەندی گراماتیکی /-ەک/:** ئەم فۆرمە لەزمانی کوردی زاری کرمانجی ژورودا فۆرمی سەرەکی ئاشکرانەکردنی ناوە، لە هەندێک ناوچەی زاری کرمانجی ناوەڕاستیشدا هەر ئەم فۆرمە بوونی هەیە. واتە " لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو گەلێک ناوچەی سۆراندا (ەک) نیشانەی نەناسیاوییە." (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ٢٠٣)، هەر لەبارەی فۆرمی /-ەک/ەوە (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) دەڵێت: " ئامرازێکی نەناسراوە، بەو ناوانەوە دەلکێت، کە کۆتاییان بە پیتی نەبزوێن دێت... لە موکریان و هەولێرو گۆڤەکارەکانی کرمانجی ژووروو بەکاردێت." (١٣٦٧: ٢٠)، هەربۆیە یاسای کارکردنی ئەم گیرەکە بریتییە لە:

**بناغە + م.ئاشکرانەکردنی ناو /-ەک/ > ناوێکی دیاریکراوی ئاشکرانەکراو.... یاسای (٣)**

٤٩- کتێبەک، کوڕەک، دەفتەرەک، خەلاتەک، قیزەک، کاغەزەک، زەلامەک، خەبەرەک، ڕەمزەک، کیژەک، ...& هەروەها ئەگەر ئەو بناغانەی، کە مۆرفیمی /-ەک/ وەردەگرن بە دەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتبوو، ئەوا دەنگی سەرەتای مۆرفیمەکە کە [ە]یە تیادەچێت. وەک:

٥٠- ئاغا +/-ەک/ > ئاغاک


٥١- خانی + /-ەک/ > خانیک

له ڕوانگەی ئەم زانیارییانەوە، فۆرمەکانی /-ێک/، /-ەک/، فۆرمی سەرەکی ئاشکرانەکردنی ناون، لە هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا واتە " کردەی نەناسراوکردن وەک دیاردەیەکی زمانی، لە هەردوو زاردا پشتبەستووە بە مۆرفیمی ڕێزمانی (ێک/ەک) کە کۆتایی ناودەگرێت." (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠١٠: ١٤٥)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەم دوو فۆرمە هەمان بنەچەیان هەیەو هەمان ئەرکی سینتاکسیش ڕادەپەڕێنن، کە ئەویش کردەی ئاشکرانەکردنی ناوە، ئەمە جگەلەوەی، کە یەک بنەچەیی هەردوو زارەکە دەسەلمێنێت، هاوکات بۆ ئاشکرانەکردنی ناو لە زمانی کوردییدا پەیڕەوی لە یاساکانی ژمارە (١، ٢، ٣) دەکرێت.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە گراماتیکییەکانی ئاشکرانەکردنی کەتیگۆری ناو، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٤١) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ێک/ | ١٥ | %٣٦,٥٨ |
| /-یەک/ | ١٢ | %٢٩,٢٦ |
| /-ەک/ | ١٠ | %٢٤,٣٩ |
| /-ێ/ | ٤ | %٩,٧٥ |

خشتەی (٧) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی نەناسراویی



## ۳-۱-۱/۲) چەمکی کۆکردنەوەی ناو:

چەمکی کۆکردنەوەی ناو بەشێوەیەکی گشتی لەزمانە جیاوازەکاندا بوونی هەیەو دیاردەیەکی تاڕادەیەک گشتییە، بەڵام چۆنییەتی دەربڕینی ئەم چەمکەو مامەڵەکردنی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو لەسەر چۆنییەتی بینین و پیشاندانی ناوەکان لەڕووی ژمارەوە جیاوازە، واتە هەر زمانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە دەربڕینی ئەم چەمکەو تەنانەت ئەو وشەو مۆرفیمانەی، کە بۆ پیشاندانی ئەم چەمکەش بەکاردێت جیاوازن، بۆ نموونە لەمڕووەوە زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە مۆرفیمی ڕێزمانی /s-/ی کۆکردنەوە بۆ پیشاندانی کۆی ناو بەکاردەهێنێت، وەک: (horses ،dogs ،cats)، لەگەڵ ئەوەشدا چەند شێوەیەکی تری هەیە، وەک: (mouse > mice ،ox > oxen....&). (Aronoff&Fudeman:2011: 227).[23] هاوکات زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوەی ناودا دەکات، چونکە لەم زمانەدا ناو لەڕووی ژمارەوە بۆ (مفرد – تاک، مثنى – جووت، جمع – کۆ) پۆلێنکراوە، ئەمە جگەلەوەی، کە لەکۆکردنەوەی ناودا بەپێی توخمی ناوەکە (نێرومێی) مامەڵەی جیاواز دەکات، بۆ نموونە بۆ ناوی کۆی نێرینە (جمع مذكر سالم) مۆرفیمی ڕێزمانی /-ون/ لە دۆخی ڕێزمانی بکەریی (رفع)دا و /-ين/ لە دۆخی ڕێزمانی بەرکاریی و بەرکاری ناڕاستەخۆ (نصب، جر)دا بەکاردەهێنێت، وەک: (المهندسون، المحسنين، الصابرين)، بەڵام بۆ کۆی ناوی مێینە (جمع مؤنث سالم) مۆرفیمی ڕێزمانی /-ات/ بەکاردەهێنێت، وەک: (زینب > زینبات، معلمة > معلمات، فاطمة > فاطمات). (حاتم صالح الضامن:۱۹۹۱: ۲٤۵،۲٤۸)، لەم ڕووەوە لەزمانی فارسیدا کۆکردنەوەی ناو لەڕێگەی أ- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی وەک: /-ها/، /-ان/، یان لەڕێگەی ب- وشە ژمارەو جێناوی نادیار (مبهم)ەوە دەبێت، وەک: ( کتابها، درختان، چند کتاب، صدو بیست و چهار هزار پیامبر)، (فاطمه سادات تالاری:۱۳۹۳: ۵۵).[24]

لەسەر بنەمای ئەم پێشەکییە کورتە ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە چەمکی کۆکردنەوەی ناو تا ئەو شوێنەی، کە توێژەر ئاگاداربێت چەمکێکی گشتگیرەو زمانەکانیش بەپێی تایبەتمەندێتیان مامەڵەی جیاواز لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا دەکەن،

---

[23] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جیاوازی کارکردنی مۆرفۆسینتاکسەکانی نێوان زمانی ئینگلیزی و کوردی بڕوانە: ( Chalak Ali & Mustafa Raza: 2015:Inflectional Morphemes in English and Kurdish A Comparative Study).

[24] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی چەمکی کۆکردنەوە بەپێی چەند زمانێکی جیاواز، بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف:۱۹۷۹: ۱٤۵،۱٤٤).

هەربۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەمڕووەوە چەمکی کۆکردنەوەی ناو و ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی، لە زمانی کوردیدا لەم بوارەدا کاردەکەن بیانخەینەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی لەزمانی کوردیدا چەمکی کۆکردنەوە بە دوو ڕێگە دەردەبڕرێت:

٥٢- لەڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە، وەک: کوڕ > کوڕان، مامۆستا > مامۆستایان، بەڕوو > بەڕووان، ....&

٥٣- لەڕێگەی کەرەسەی فەرهەنگییەوە، کە ئەوانیش وشەژمارەو جێناوی نادیار، کە واتای بڕو ڕادەیان تێدایە، هەروەها لەڕێگەی ئەو ناوانەی، کە لەڕواڵەتدا تاکن و لەناوەڕۆکدا کۆن. وەک:

**٥٤- وشەژمارە:** جگە لە ژمارە یەک هەموو ژمارەکانی تر ئاماژەن بۆ کۆ. وەک: دوو پیاو، سەد دینار، هەزار کەس....&

**٥٥- وشەی بڕوڕادە:** گەلێک، بڕێک، زۆر، هەموو، گشت ....&

**٥٦- ناوی کۆمەڵ:** پۆل، ڕەوە، تاقم، دەستە، هۆز، لەشکر، خێڵ، ڕان،...&

پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە لەزمانی کوردیدا هەندێک ناو هەیە، کە ناتوانرێت بکرێنە کۆ، بۆ نموونە وەک ناوە تایبەتییەکان (ئازاد، نەسرین،...&)، ناوی نەژمێرراو (برنج، ئارد، گەنم، ...&)، ناوی ئەبستراکت (خۆشەویستی، ڕق، ...&)، ئەمە جگە لەوەی کە ناومان هەیە تەنها لە فۆڕمی کۆدان و فۆڕمی تاکیان نییە. بۆ نموونە وەک ناوەکانی: (ئەندازیاران، مامۆستایان، پیشەوەران، کاسبکاران، ...&)، هەروەها ناوی هەندێک کات: (ئێواران، نیوەڕوان، بەیانیان، خەوتنان، ...&)، ناوی هەندێک شوێن: (ناوگردان، سۆران، بابان، ناوشاخان، ماخ و بزنان، پشتئاشان، ....&)، یاخود فرێزەکانی وەک: (بانگی شێوان، نوێژی خەوتنان، ...&).[25]

**مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /-ان/:** فۆڕمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوە گشتییەکانە لەزمانی کوردیدا و ئەو ناوەی، کە دەچێتە سەری پێویستە بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری سیماواتاییەکانی: {+گشتی، +کۆنکرێت، +ژمێرراو، + دوادەنگی کۆنسۆنانت} بێت، واتە " نیشانەی ڕەسەن و سەرەکیی کۆی ناو (-ان)ە." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٤٧)، بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە:

**بناغە + /-ان/ > ناوی کۆ........ یاسای (١)**

[25] (بڕوانە:محەمەدی مەحوی:٢٠١١: ٦٥).

٥٧- پیاوان، ژنان، منالان، کوڕان، کچان، خوشکان، شاران، مشکان، کێوان، کەوان، چاوان، شاعیران، باخان، مالان، کۆلانان، شەوان، ڕۆژان، ....&
هەروەها مۆرفیمی ڕێزمانی /-ان/، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵ جێناوەکانی دەستەی خاوەنێتیدا دێت، بەمشێوەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | م+ان > مان |
| دووەم | ت | ت+ان > تان |
| سێیەم | ی | ی+ان > یان |

خشتەی (٨) جێناوەکانی دەستەی خاوەنێتی

هەروەها لەگەڵ جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی کۆدا بەپێی یاسا دەرکەوتنێکی ڕێک و پێکی هەیە، بەڵام لەگەڵ کەسی یەکەم و دووەمدا پێڕەویی لە یاسای کۆی /-ان/ ناکات، لەگەڵ جێناوە نیشانەکانیشدا بەهەمانشێوە دەرکەوتنێکی پێڕەوبەندانەی هەیە. وەک:

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | منان* (ئێمە) |
| دووەم | تۆ | تۆیان* (ئێوە) |
| سێیەم | ئەو | ئەو+ان > ئەوان |

خشتەی (٩) جێناوە سەربەخۆکان

| ژمارە | نزیک | دوور |
|---|---|---|
| تاک | ئەمە | ئەوە |
| کۆ | ئەم+ان+ە > ئەمانە | ئەو+ان+ە > ئەوانە |

خشتەی (١٠) جێناوەکانی نیشانە

پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە " هەندێ ناو لە دەڤەری سلێمانیدا بێ ناسراوکردن کۆناکرێنەوە." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٣٨)، واتە:

**بناغە + م.ناسراوکردن /-ەکە/ + م.کۆ /-ان/ > ناوێکی کۆی ناسراو.... یاسای (٢)**

٥٨- (مەڕەکان، پەنجەرەکان، فەرشەکان، دیوارەکان، کتێبەکان، هۆڵەکان، بزنەکان،....&)، لەم خاڵەدا پێمانوایە پێویستمان بە هەڵوەستەیەک دەبێت، لە تێبینیکردن و وردبینیمان سەبارەت بە یەکگرتنی هەردوو مۆرفیمی /-ەکە/ی ئاشکراکردن و /-ان/ی کۆ، کە لە فۆڕمی /-ەکان/دا دێن و واتای {کۆی ناسراو} بە ناوەکە دەبەخشن، بەڕای ئێمە ئەم فۆڕمە نەک لەهەندێک ناودا، بەڵکو لە

ئێستای زمانی کوردی شێوەی سلێمانی و دەوروبەریدا فۆڕمێکی زۆر چالاک و بەرهەمدارە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی بە مۆرفیمی سەرەکی /-ان/ لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە لەقکردووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ناوی جیاواز لەم دەڤەرە لەڕاستیدا بە فۆڕمی کۆی نادیاریی /-ان/ دەرنابڕرێت، بەڵکو هەر لەڕێی فۆڕمی کۆی ناسراوی /-ەکان/ەوە دەردەبڕرێت، بۆ نموونە وەک ناوی ئامێرەکارەباییەکان: (تەلەفزیۆنان*، تەلەفزیۆنەکان، کۆمپیوتەرەکان، سەتەلایتەکان، سەلاجەکان، بەفرگرەکان، موجەمیدەکان، گڵۆپەکان، لایتەکان، موبەریدەکان، پانکەکان، ...&)، ناوی کەلوپەلی ناوماڵ: (فەرشەکان، سەرینەکان، دۆشەکەکان، بەڕەکان، لاکێشەکان، مەنجەڵەکان، کەوچکەکان، کەوگیرەکان، قاپەکان، پیاڵەکان، ...&)، ناوی کەلوپەلی لەبەرکردن: (کراسەکان، پانتۆڵەکان، جلەکان، قەمیسەکان، بلوزەکان، ...&). واتە ئەم نموونانەمان ئەوە دەسەلمێنێت، کە شێوەزاری سلێمانی بەرەو ئەوە چووە، کە ناوی گشتی پێشئەوەی کۆبکرێتەوە سەرەتا پێویستە ناسراو بکرێت، کە ئەمەش لەسەر بنەمای نموونەکانمان پێمانوایە تایبەتمەندییەکی ئەم شێوەزارەیە.

**ئەلۆمۆرفی /-یان/:** ئەم فۆڕمە لەڕووی چالاکییەوە لەدوای مۆرفیمی /-ان/ەوە دێت، لەکاتێکدا دەردەکەوێت، کە ناوەکە کۆتایی بە دەنگە ڤاوڵەکانی [ ا، ۆ، ێ، ی] هاتبێت، واتە "شێوەی مۆرفیمەکە (-یان) دەبێت، چونکە نیوەدەنگداری (ی) لەنێوان هەردوو دەنگداردا پەیدا دەبێ." (نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی:١٩٨٢: ٥٦).

**بناغە + ئەلۆمۆرفی /-یان/ > ناوی کۆ......... یاسای (٣)**

٥٩- مامۆستایان، چەقۆیان، کانییان، سۆفییان، پێیان، ئەژنۆیان، پەڕۆیان، برایان، وەستایان، دۆیان، شوتییان، تەشییان، ...&

**ئەلۆمۆرفی /-وان/:** ئەم فۆڕمە لەڕووی چالاکییەوە زۆر بەرهەمدار نییە، چونکە لەکاتێکدا ئەم ئەلۆمۆرفە دەردەکەوێت، کە ناوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی [وو]ی درێژ هاتبێ، ئەو ناوانەی بەم دەنگەش کۆتاییان هاتووە، بە ژمارە کەمن بۆیە چالاک نییە. وەک:

**بناغە + ئەلۆمۆرفی /-وان/ > ناوی کۆ......... یاسای (٤)**

٦٠- بەڕوان، مازوان، موروان، ڕەژوان، ....&

هەروەها ئەو ناوانەی، کە بەدەنگی ڤاوڵی [ە]ی کورت کۆتاییان هاتووە، بەهۆی ئەوەی، کە دوو ڤاوڵ لەزمانی کوردیدا پێکەوە نایەن بۆیە دەنگی [ە] تیادەچێت و ڕاستەوخۆ مۆرفیمی /-ان/ وەردەگرێت، بەڵام لەناوچەی سلێمانی سەرەتا ناوەکە ناسراودەکرێت پاشان کۆدەکرێتەوە، واتە لێرەدا لەنێوان هەردوو دەنگی [ە]ی کۆتایی بناغەکەو سەرەتای فۆڕمی /-ەکە/ی ناساندندا یەکێکیان تیادەچێت. وەک:

٦١- تیاچوونی دەنگی [ە]: بەڕان، پەنجەران، ئەستێران، ...&

٦٢- توانەوەو یەکگرتنی هەردوو دەنگی [ە] لە ناوچەی سلێمانیدا: پەنجەرەکان، بەڕەکان، ئەستێرەکان، بڕگەکان، ...&

جێی ئاماژەیە، کە جگە لە مۆرفیمی ڕێزمانی /-ان/و ئەلۆمۆرفەکانی بۆ کۆکردنەوەی ناو لەزمانی کوردیدا، وشەی کۆکردنەوەی (گەل)یشمان هەیە، کە دەربڕی چەمکی کۆیە و لە هەردوو فۆڕمی وشەو گیرەک ئاسادا خۆی پیشاندەدات، بۆ نموونە کاتێک کە لەسەرەتای بناغەوە دێت، زیاتر چەمکی وشەی سەربەخۆ بەسەریدا زاڵەو وەک ناوێکی کۆمەڵ مامەڵەدەکات، وەک لە وشەی (گەلە گورگ)دا دەردەکەوێت، کە هەمان واتای ناوی کۆمەڵی (ڕان، ڕەوە، پۆل)، دەبەخشێت، وەک: ڕانە مەڕ، ڕەوە بەراز، پۆلێک پێشمەرگە، ...&، بەڵام کاتێک کە لەدوای بناغەوە دێت، گیرەک ئاسا ڕەفتار دەکات و چەمکی کۆ بەناوەکە دەبەخشێت، هەرچەندە لەڕووی مۆرفۆرلۆژییەوە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کۆکردنەوەی /-ان/ نییە، بەڵام دەتوانین بەئەلۆمۆرفی ئەرکیی دابنێین، چونکە ئەم فۆڕمەش لەڕووی ئەرکەوە چەمکی کۆ دەگەیەنێت، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە پێمانوایە بەرهەمێکی دیاریکراوی هەیەو بە بەراورد بە فۆڕمی سەرەکی کۆکردنەوە زۆر چالاک نییە. وەک:

**بناغە + /-گەل/ > ناوی کۆ........ یاسای (٥)**

٦٣- (کوڕگەل، مێگەل، گاگەل، کچگەل، سەگەل، بزنگەل، کارەگەل، گۆلکگەل، زەلامگەل، ...&)،

جگە لە فۆڕمە سەرەکییەکانی کۆی ناو لە زمانی کوردیدا چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی تری ناچالاکمان هەیە، کە ئەوانیش ڕۆڵیان لەگەیاندنی چەمکی کۆی ناودا هەیە.

**مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /-ات/:** ئەم مۆرفیمە فۆڕمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوی مێینەی زمانی عەرەبییە[26] ، بەڵام لە چەند وشەیەکی کەمی زمانی کوردیشدا دەرکەوتنی هەیەو واتای کۆدەگەیەنێت، لە ئێستادا لەگەڵ چەند وشەیەکی تری کەمی زمانی عەرەبیدا هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوەو واتای کۆدەگەیەنێت، هەروەها بۆچوون هەیە، کە پێی وایە ئەم مۆرفیمە دەشێت لەڕێگەی زمانی فارسییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە،[27] "هەندێجاریش لەنێوان ناوو نیشانەکەدا دەنگی (و، ج، ە) پەیدادەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێ." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٥٠).

**بناغە + /-ات/ ناوی کۆ.......... یاسای (٦)**

٦٤- باخات، خەیاڵات، میوەهات، شوشەوات، میوەجات، دێهات، ئاغاوات، سەوزەوات، حاسڵات، کارەباییات، ...& یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گیرەکە لەوەدایە، بەحوکمی ئەوەی، کە لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناو نییە، بۆیە دەگونجێت سەرەتا هەر لەگەڵ چەند وشەیەکی بێگانەدا هاتبێ و دواتر لەسەر (پێوانە – قیاس)ی ئەم وشانە وشە کوردییەکانیش بەم فۆڕمە ڕۆنرابێتن بۆیە لە زمانی کوردیدا جارێکی تر دوای ناسراوکردنی ناوەکان دەتوانین دووبارە ئەو ناوانە کۆبکەینەوە کە بەم مۆرفیمە کۆکرابێتنەوە، وەک: (دێهات > دێهاتەکان، میوەهات، میوەهاتەکان، ...&).

**مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /-ەها، یەها/:**[28] ئەم مۆرفیمەش یەکێکە لەو نیشانانەی لە زمانی کوردیدا کۆ پێکدێنێت، بەڵام تەنیا دەتوانێت بچێتە سەر ژمارەیەکی کەم لەناو (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٥١)، واتە لەڕووی چالاکییەوە بەرهەمدارنییەو بەرهەمی سنووردارە، چونکە لە بنەڕەتدا لە زمانی فارسیدا فۆڕمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوە، کە لەم زمانەدا دەرکەوتنێکی بەرچاوی هەیەو بە بناغەی جیاوازەوە دەلکێت، بەڵام لەزمانی کوردیدا زیاتر دەچێتە سەر ناوی ژمارە و ناوی کات و وشەی ڕادەی (چەند)، یاسای کارکردنی ئەم مۆرفیمەش بەم شێوەیە: **بناغە + /-ەها، یەها/ > ناوی کۆ........ یاسای (٧)**

٦٥- دەیەها، هەزارەها، سەدەها، چەندەها، ساڵەها، ڕۆژەها، ملیۆنەها، ملیارەها

[26] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (حاتم صالح الضامن:١٩٩١: ٢٤٥، ٢٤٨).


[27] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٣٧).

[28] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پرۆسەی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی فارسیدا، بڕوانە: (فاطمە سادات تالاری:١٣٩٣: ٥٥-٦١).

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە گراماتیکییەکانی چەمکی کۆی ناو، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (١٠١) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ان/ | ٥٦ | %٥٥,٤٤ |
| /-یان/ | ١٢ | %١١,٨٨ |
| /-گەل/ | ١١ | %١٠,٨٩ |
| /-ات/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ١٠ | %٩,٩٠ |
| /-ەها، یەها/ | ٨ | %٧,٩٢ |
| /-وان/ | ٤ | %٣,٩٦ |

خشتەی (١١) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی کۆکردنەوە




### ٢/١-١-٤) مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ:

خستنەپاڵ کردەیەکی ڕێزمانییە، ئەم کردەیە هەردوو ئاستی (سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی)، دەگرێتەوە، بەڵام لە هەر ئاستێکیاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دوو دیاردەی جیاوازن، بۆ نموونە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا لە فۆڕمی لێکداندا خۆی دەبینێتەوە و ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، وەک: (گوڵەباخ، پاشەکەوت، گێلەپیاو، تەڕەپیاز، ...&)، کە ئەمجۆرەیان بە (خستنەتەک) دادەنرێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە جێی بایەخ بێت، بریتییە لە قسەکردن لە دیاردەی (خستنەپاڵ)، لە ئاستی سینتاکسدا و دیاریکردنی مۆرفیمە گراماتیکییەکانی

ئەم کردەیەو دەرخستنی چالاکیی و سستیی هەر یەکێکیان، خستنەپاڵ لە ئاستی سینتاکسدا بریتییە لە" ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ناوی سەرەکی یان دەرخراوی فرێزی ناوی و ناوەکانی تری فرێزەکەو بە دۆخێکی ڕێزمانی دادەنرێت." (Jack:1992:156).[29]

ئەم مۆرفیمە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ڕێکخستن و دەرخستنی پەیوەندی ڕێزمانی و سیمانتیکی نێوان دەرخراو (سەر)و دەرخەری فرێزەکانە، کە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی خستنەپاڵ ئەم ئەرکە دەبینن، کەواتە لە فراوانکردنی فرێزی ناوییدا بە تایبەت ئەو کەرەسانەی، کە وەک (دەرخەر) دەکەونە دوای دەرخراوەوە، لە زمانی کوردیدا پێویستمان بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی خستنەپاڵ دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لە مۆرفیمەکانی /-ی، -ەی/ خستنەپاڵ، واتە " ئەو پێوەندییە ڕێزمانییەی لەنێوان سەرو پاش سەردا دروست دەبێت. پێوەندییەکی شوێنکەوتووییە، چونکە پاش سەرەکان دەرخەرن بۆ سەر کە دەرخراوە." (محەمەد عومەر عەول،٢٠٠٨:١٠)، مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ، کە بە کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسی ناودەبرێن، ڕۆڵی ڕێپێدان و هاتنەناوەوەی کەرەسەی تر ڕێکدەخەن لە فرێزی ناویداو ئەرکێکی سینتاکسی دەستەبەردەکەن و ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەرخراو و دەرخەری فرێز دەبینن. (بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٤٣).

***/-ی/ خستنەپاڵ:*** ئەم مۆرفیمە لەڕووی چالاکییەوە، لە خستنەپاڵی دەرخراو و دەرخەر لە چوارچێوەی فرێزدا مۆرفیمێکی بەرهەمدارو چالاکەو دەتوانێت کەتیگۆرییەکانی: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕستەی شوێنکەوتوو،...&) بخاتە پاڵ دەرخراوەکەی و وەک کەرەسەیەکی ڕێزمانی گۆکردنێکی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە، وەک: { > کوڕەکەی ئازاد، مامۆستای کوردی، گوڵی باخ، کچی جوان، پێشمەرگەی بەجەرگ، کوڕی قۆز، کچەکەی ئەو، برای تۆ، ژنی کێ، پیاوی هین، کەڵەشێری ناوەخت، کەڵەشێری سەربارەدار، منداڵی ناولانک، ئەو خوێندکارەی کە من دەیناسم...، ئەو پیاوەی کە ڕاستگۆ بێت خۆشەوێستە.< }، هەربۆیە لەبارەی چالاکی ئەم مۆرفیمەوە (ئازاد ئەحمەد مەحمود) دەڵێت: " لە هەموو نیشانەکانی دیکە پتر لەکاردایەو بە دیارخراوەوە دەلکێ." (٢٠٠١: ٩٥). هەروەها دروستکەری پەیوەندی ڕێزمانی و سیمانتیکی نێوان دەرخراو و دەرخەری فرێزەکەیە، واتە " مۆرفێمیی خاوەنداریتیی /ی/ پەیوەندییەکی خاوەنداریتیی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ genitive لەلای چەپەوە

[29] لە ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٤٢)وەرگیراوە.

بۆ لای ڕاست بە فرێزێکی ناویی دەدات، کەواتە /ی/ گۆکردنێکی مۆرفۆلۆژیی و ناوەڕۆکێکی سێمانتیکیی هەیە." (محەمەدی مەحوی:٢٠٠١: ٥٣)، جاری واش هەیە لە هەندێک فرێزدا، کە بەم مۆرفیمە خراونەتە پاڵ یەکتر، پەیوەندیی نێوان دەرخراو و دەرخەر کاڵبووتەوەو بە ئاسانی واتای خاوەندارێتیی تیادا هەست پێناکرێت، لەمبارەدا زیاتر جۆرێک لە تایبەتمەندیی ناوە دەرخراوەکە دەخاتەڕوو، بۆ نموونە وەک: >پێشمەرگەی ئازا، خوێندکاری زیرەک، نوێژی خەوتنان<، هەربۆیە (محەمەد مەعروف فەتاح)، لەم ڕووەوە دەڵێت: "مەرج نییە هەرکات دوو ناو بەدوای یەکتردا بێن و (ی)ی ئیزافە پێکیانەوە ببەستێ، ئەو ڕۆنانە خۆیەتی دەرببڕێت. لەڕاستیدا ئەمجۆرە ڕۆنانە پێوەندیی واتایی زۆر فراوان دەردەبڕێ و بەخۆیەتی ناوەستن." (٢٠١٠: ١٩)، هەر لەبارەی ئەو جۆرە فرێزەی کە لەڕێی مۆرفێمی خستنەپاڵی /-ی-/ەوە دروستدەکرێت (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف)، ئەوجۆرە فرێزانەی بەمجۆرەی خوارە دابەشکردووە:[30]

**١- خستنەپاڵی خاوەنداریی:** ئەمجۆرە دابەشدەکات بۆ أ- خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕووت، کە لەمجۆرە فرێزانەدا مۆرفیمی خستنەپاڵی /-ی-/ پەیوەندیی خاوەنداریی دەردەبڕێت، وەک: >دەستی من، چاوی تۆ، ....&<، هەروەها ب- خستنەپاڵی خاوەنداریی زگماکیی: ئەمجۆرەشیان لەڕووی دروستەوە، هەمان دروستەی خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕووتی هەیە و مۆرفیمی /-ی-/ ڕۆڵی دەرخستنی نێوان دەرخراو و دەرخەری هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە ناوی دووەم دەرخەرەکە، خاوەنێکی زگماکیی و هەمیشەیی ناوی یەکەمە، وەک: > قاسپەی کەو، نەڕەی شێر، حیلەی ئەسپ، لوورەی گورگ،...[31]

**٢-خستنەپاڵی تایبەتی:** لەمجۆرە فرێزەشدا لەڕووی دروستەوە، هەمان دروستەی جۆری یەکەمی هەیە، مۆرفیمی ڕێزمانی /-ی-/ش بەهەمان شێوەی خاڵی یەکەم دۆخیی ڕێزمانی خستنەپاڵ دەبەخشێت، بەڵام جیاوازی لەگەڵ خاڵی یەکەمدا لەوەدایە، کە ناوی دووەم لەڕووی خاوەندارییەوە نابێت بە خاوەنی ناوی یەکەم، کە ئەمە لەخاڵی یەکەمدا بەپێچەوانەوە ناوی دووەم دەبوو بە خاوەنی ناوی یەکەم. وەک:

٦٦- دەستی من، باوکی تۆ، چاوی تۆ، ....& خاوەنداریی ڕووت.

---

[30] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١٠: ٤٥ بۆ ٥٨).

[31] بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٣)، بەراوردی خۆیەتی ئاشناو خۆیەتی نائاشنا، بە دابەشکردنەکەی (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٠: ٤٥ بۆ ٨٥) بکە.

٦٧- قاسپەی کەو، وەڕەی سەگ، ....& خاوەنداریی زگماکیی.

٦٨- ئامادەیی سلێمانی، شاری چەمچەماڵ....& خاوەنداریی تایبەتی.

**/-ە/ی خستنەپاڵ:** ئەم مۆرفیمە لەڕووی چالاکییەوە، بە بەراورد بە مۆرفیمی ڕێزمانی /-ی-/ی خستنەپاڵ، لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان دەرخراو و دەرخەری فرێزی ناویدا، مۆرفیمێکی بەرهەمدار نییە، چونکە لە سنورێکی بەرتەسکدا کاردەکات و پێویستە دەرخراوی ئەم جۆرە فرێزە ناوێکی {+ناسراو} بێت و دەرخەرەکەشی، {+ئاوەڵناوی چۆنییەتی} بێت، بۆ نموونە وەک: > کوڕە قۆزەکە، هەنارە شیرینەکە، پێشمەرگە بەجەرگەکە،...&)، هەروەها " هەندێ جار لەگەڵ ئەو ناوانەشدا دەردەکەوێت، کە دیارخراوەکەیان ناوێکی تاکی ناسراو بێت، بەڵام بەزۆری ئەو فرێزانە بۆ دیاریکردنی ڕێژەو قەبارەی شتێک بەکاردێن، وەکو: (پەرداخە شیرێک، تەنەکە ڕۆنێک)" (شیروان حوسێن حمد:٢٠١٤: ١٩١)، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە لەم جۆرە فرێزەدا، بە گواستنەوەی شوێنی مۆرفیمی ڕێزمانی ئاشکرانەکردن /-ێک/ لەسەر دەرخەرەکەوە بۆ سەر دەرخراوەکە، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵی /-ە-/ بە فۆنەتیکی دەرناکەوێت و فۆڕمەکەی دەبێتە (سفر)، بۆ نموونە وەک: >چەپکێک گوڵ<، > سەبەتەیەک ترێ<، >تەنەکەیەک ڕۆن<.

هەر لەم ڕووەوە و سەبارەت بەم مۆرفیمە (محەممەدی مەحوی) پێی وایە، کە ئەگەر لە فرێزێکی وەک: >ژنی شۆخ، پیازی تەڕ، ....&< دا، شوێنی پێکهاتەکانیان بگۆڕین ئەوا پێکهاتەیەکی پێشناویمان دەستدەکەوێت، لە فۆڕمی (شۆخەژن، تەڕە پیاز)دا، کە لە ئەنجامدا لە فرێزێکی ناویی خستنەپاڵەوە وشەیەکمان دەستدەکەوێت، (بڕوانە: ٢٠٠١: ٥٩)، بەڵام ئێمە لەمبارەیەوە پێمانوایە، هەرچەندە مۆرفیمی /-ە-/ ڕۆڵێکی چالاک و گرنگی هەیە لە دروستکردن و لێکدانی وشەی لێکدراوداو وەک کەرەسەیەکی مۆرفۆلۆژیی لەمبارەیەوە چالاکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو نموونانە بە پێکهاتووی پێشناوی بزانین، چونکە پێشناوەکان بەشێوەیەکی گشتی کە وشەی ئەرکی زمانن، مۆرفیمی سەربەخۆن لەڕووی فۆڕمەوەو بەندن لەڕووی سیمانتیکەوە، هاوکات فۆڕمی پێشناوی /-ە/، لە چوارچێوەی پۆلێکی داخراودان، کە پێیاندەوترێت (پێشناو)، ئەرکیان دروستکردنی پەیوەندیی ڕێزمانی و سیمانتیکییە لەنێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەی سادەدا، بۆ نموونە پێشناوی /-ە/، کە دەچێتە کۆتایی کارو دەبێتە سەری حوکمکەری فرێزێکی ناوی و فرێزێک لە جۆری فرێزی بەند ڕۆدەنێت، لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا ڕۆڵی هەیە لە تەواوکردنی ئەرک و واتای


ڕستەکەدا، وەک: > منداڵەکە کەوتە حەوزەکەوە.<، هەروەها > منداڵەکە کەوت ...<*، کەواتە ئەوەی کە تەواوکەری >ەحەوزەکە<ی لە فۆڕمی فرێزی پێشناویدا هێناوەتە ناو ڕستەکەوەو پەیوەندییە سیمانتیکی و ڕێزمانییەکانی نێوان کەرەسەکانی ڕستەکەی ڕێکخستووە، ئەوا بریتییە لە سەری فرێزە پێشناوییەکە، کە مۆرفیمی ئەرکیی /ە/یە، چونکە لەڕستەکەدا کاری (تێکەوت)، پێویستی بە ئاوەڵکارێک هەیە، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە واتای ڕستەکە ڕوون بکاتەوەو گوێگر بزانێت، منداڵەکە کەوتووەتە کوێوە، لەڕووی ڕێزمانیشەوە کاری (تێکەوت) لەو جۆرە کارانەیە، کە پێویستی بە فرێزی ناوی (منداڵەکە)و فرێزێکی پێشناوی لە جۆری ئاوەڵکاری شوێن هەیە، کە کار داوای دەکات. واتە پێشناوی /ە/ " دەرکەوتنی وەک پێشبەندێکی ڕەسەن و پتەو مەرجە بکەوێتە پێش ئاوەڵکارەوە،" (ئازاد باخەوان:٢٠٠٣: ١١٠)، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو ناوانەی، کە لە دوای مۆرفیمی /ە/ەوە دێن، بە هەردوکیان فرێزێکی پێشناوی ڕۆدەنێن و ڕۆڵی ئاوەڵکار دەبینن، وەک (PP < N + P)، (ەبیرەکە، ەژێردارەکە، ...&)، بۆیە لەمبارەیەوە ئێمە فۆڕمەکانی لە نموونەی >شۆخەژن، پیرەمێرد، تەڕەپیاز< بە دروستەیەکی خراوەتەکیەکی دەزانین کە وەک وشەیەکی لێکدراو مامەڵە دەکات، نەک بە پێکهاتەیەکی پێشناویی دابنرێت.

هەروەها لە زمانی کوردیدا جگە لەو فرێزانەی، کە بە مۆرفیمەکانی /-ی، -ە/، دەخرێنەپاڵیەک، هەندێک فرێزمان هەیە، کە مۆرفیمی خستنەپاڵ تیایدا شێوەکەی سفرە، لێرەدا ئێمە دەتوانین بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی خستنەپاڵی /-ە/، دایبنێین، چونکە دەرخراوی ئەم جۆرە فرێزانە، بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووەو دەرخەرەکەشیان بریتییە لە ئاوەڵناوی چۆنییەتی، بەڵام (شیروان حوسێن حمد) وەک مۆرفیمی سفری خستنەپاڵ ناوی بردووە، (بڕوانە:٢٠١٤: ١٩١)، کە ئێمە لەگەڵیدا نین و بە ئەلۆمۆرفی دەزانین، چونکە وەک پێشتریش خستمانەڕوو، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی خستنەپاڵی /-ە/ ئەوەیە، کە پێویستە دەرخراوەکەی ناوێکی ناسراوکراو بێت و دەرخەرەکەش ئاوەڵناوی چۆنییەتی بێت، یاخود دەرخەرەکەی جۆرێک لە تایبەتمەندیی دەرخراوەکەی دەستنیشان بکات، بۆ نموونە وەک: > کوڕە هەژارەکە<، کە بەڕوونی مۆرفیمەکە دیارە، بەڵام لەبەرئەوەی دەرخراوی ئەم فرێزانەی خوارەوە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، بۆیە مۆرفیمی /-ە/ دەرناکەوێت، وەک: >خوێندنگا ئامادەییەکان، پەنجەرە ژەنگاوییەکان، بەڕە شڕەکان، ئەستێرە بەرزەکان، مامۆستا مانگرتووەکان، ...&)،

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە گراماتیکییەکانی چەمکی خستنەپاڵ، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢٥) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ی/ | ١٥ | %٦٠ |
| /-ە-/و ئەلۆمۆرفی سفر | ١٠ | %٤٠ |

خشتەی (١٢) چالاکیی و سستی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی خستنەپاڵ




**١/٢-١-٥) مۆرفیمەکانی بانگکردن:**

بانگکردن، تایبەتمەندییەکی کەتیگۆری ناوە، واتە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئاگادارکردنەوەو ورياكردنەوە و بانگکردنی مرۆڤ، کەرەسەی زمانیی جیاوازی بۆ بەکاردێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بۆ بانگکردنی ناو بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەی چەند وشەو بریناوێکی سەربەخۆوە، وەک: (مامۆستا، کاک، وەستا، بەڕێز، برادەر، برا، هۆ، هێی، یا....، دەی، ئادەی، ئەی، ....&)، کە هەندێکیان پارتیکڵن، لەوانە (هۆ، دەی، ئادەی، هێی، ....)، یاخود لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە ناوەکان بانگدەکرێن، کە مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانە، چۆنییەتی کارکردنی ئەم مۆرفیمانەش، پەیوەستن بە ژمارەی ناوە بانگکراوەکە (تاک، کۆ) و توخمی ناوە بانگکراوەکەوە (نێر، مێ)، ئەو ناوانەی لەڕێگەی مۆرفیمی بەندی گراماتیکییەوە بانگدەکرێن، هەڵگری سیماواتاییەکانی:

{+گشتی، +گیانلەبەر، +مرۆڤ}ن، واتە ناوی تایبەتی لەڕێگەی وشەی بانگکردنەوە، یاخود لەڕێگەی ئاوازەی قسەکردنەوە بانگدەکرێت، وەک: (کاک نەوزاد، وەستا ڕزگار، مامۆستا ئازاد، دکتۆر وشیار، خاتوو کوردستان، ...&)، کە دەڵێین ناوی {+گیانلەبەر} واتە ناوی گشتی {-گیانلەبەر} بانگ ناکرێت، وەک: (دارە*، داریێ*، دارینە*، ...). هەروەها ئەو ناوەی کە بانگیشدەکرێت، پێویستە {+مرۆڤ} بێت، چونکە ئاژەڵ و هەندێک باڵندە، مرۆڤ بە شێوازی خۆی بانگیان دەکات، نەک لەڕێگەی مۆرفیمە بەندەکانی تایبەت بە بانگکردنەوە، وەک: (گدی گدی ..... بۆ بزن و کار، (کت کت ..... بۆ مریشک)، (کوت کوت ..... بۆ سەگ) ، (پش پش ...... بۆ پشیلە)، کەواتە " بانگهێشتن کە حاڵەتێکی تایبەتی ناوە، لە هەندێک زماندا، وەک حاڵەتێکی جیاکەرەوەی مۆرفۆلۆژیانە بەدیدەکرێت و چۆنێتی دەربڕینێک دەستنیشاندەکات." ( Trask:1993: 299)[32] بەم پێیە گرنگترین مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی بانگکردنی ناو بریتین لە:

**/-ە/:[33]** یەکێک لە ئەرکەکانی لە ئاستی سینتاکسدا بریتییە لە بانگکردن و وریاکردنەوەی ناوی تاکی نێر، بەڵام لە ئێستای زمانی کوردیدا جگە لە بەکارهێنانی لەگەڵ ناوی تاکی نێردا، بۆ بانگکردنی ناوی تاکی توخمی مێینەش بەکاردەهێنرێت، هەرئەمەشە وایکردووە، کە لەڕووی چالاکییەوە مۆرفیمێکی چالاک و بەرهەمدار بێت، وەک:

ناوی تاکی نێر + /-ە/ > ناوی بانگکراو ............ یاسای (١)

٦٩- کاکە، خاڵە، مامە، باوە، باوکە، کوڕە، ...&

ناوی تاکی مێ + /-ە/ > ناوی بانگکراو

٧٠- دایە، نەنە، خوشکە، دایکە، دادە، ....&

هەروەها بۆ بانگکردنی ئەو ناوانەی، کە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، وەک وشەی (برا)، ئەوا مۆرفیمی بانگکردنی /-ە/ دەرناکەوێت و لەم بارەدا، لە ڕێگەی ئاوازەوە و بە قورساییخستنە سەر بڕگەی یەکەمی وشەکە، ناوەکە بانگ دەکرێت، هەر سەبارەت بە مۆرفیمی /-ە/، (شیروان حوسێن) پێی وایە، کە ئەو ناوانەی بەدەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، لەکاتی بانگکردندا فۆڕمەکەی

[32] لە (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٥٦) وەرگیراوە.

[33] ئەم مۆرفیمە لەزمانی کوردیدا مۆرفیمێکی فرەئەرکەو لە ئاستەکانی: (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی)دا، بە جیاواز دەردەکەوێت، کە لەهەندێ باردا وەک هاوبێژو لەهەندێ باری تردا وەک فرەواتا دەردەکەوێت، بۆ نموونە وەک دەنگێکی ڤاوڵ لە ئاستی دەنگسازییدا دەبێتە هاوبێژ لەگەڵ دەرکەوتنە جیاوازەکانی لە ئاستەکانی وشەسازیی و ڕستەسازیدا، هەروەها لە هەردوو پرۆسەی خستنەتەک لە وشەسازیدا و خستنەپاڵ لە ڕستەسازیدا هەمان مۆرفیمن، بەڵام دوو چەمکی جیاوازیان هەیە، وەک: (گێلە پیاو، کێلەشین، سورەماسی،...&) لە وشەسازیدا و (کوڕە قۆزەکە، پەنجەرە شکاوەکە، هەنارە ترشەکە، ...&) لە سینتاکسدا.

دەرناکەوێت و دەبێت بە (سفر – Ø)، وەک: > مامۆستا پرسیارێکم هەیە<. > وەستا پشوو بدە<. (٢٠١٤: ١٩٩)، ئێمە پێمانوایە، کە هەردوو فۆڕمی (مامۆستا، وەستا)، بریناون و وەک دەرخەری پێش سەر دەرکەوتوون و دەرخراوەکەیان دەرنەکەوتووە، بۆیە خۆیان وەک وشەی بانگکردن ڕۆڵ دەبینن، نەک مۆرفیمی ڕێزمانی ئەو ڕۆڵە ببینێت، هەروەک چۆن جێناوی نیشانەو مۆرفیمی /-ەکە/ی دیاریکردن بەیەکەوە نایەن (ئەو پیاوەکە*)، بە هەمان شێوەش کاتێک کە بریناوەکان هاتن لەگەڵ ناوی تایبەتیدا، ئەوا لەگەڵ ئاوازی قسەکەردا خۆیان دەبنە وشەی بانگکردن و لەوکاتەدا پێوست بە مۆرفیمی ڕێزمانی ناکات.

**/-ۆ/:** ئەم مۆرفیمە تایبەتە بە بانگکردنی ناوی تاکی نێر لە زاری کرمانجی ژووروودا، واتە " ناو ئەگەر لە جنسی نێر بوو، نیشانەی (ۆ)ی پێوەدەلکێ." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٨٥)، هەر سەبارەت بە بانگکردنی ناوی تاکی نێر (محەمەد تاهر گوهەرزی) دەڵێت: " (ا، و) ئەم ئامرازانە بۆ نێزیک و نێرو تاک بەکاردێن، چونکە هەندێک بە دەنگی (ا) و هەندێکیشیان بە دەنگی (و) دەریدەبڕن، بە تایبەت بۆ بانگکردنی ناوی گشتی، وەک: (شڤانا، گاڤانا، مێڤانا، یاخود شڤانو، گاڤانو، مێڤانو، ...&)" (١٩٩٩: ١٦٣)، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەستە ئەوەیە، کە لەزاری کرمانجی ناوەڕاستیشدا بە هەمان ئەرک و مەبەست بەشێوەیەکی ناچالاک بەکاردەهێنرێت، وەک:

ناوی تاکی نێر + /-ۆ/ > ناوی بانگکراو ........... یاسای (٢)

٧١- خاڵۆ، مامۆ، لالۆ، کاکۆ،....&

**/-ێ/:** ئەم مۆرفیمە بۆ بانگکردنی ناوی تاکی مێ بەکاردەهێنرێت، لەڕووی چالاکییشەوە لەدوای مۆرفیی /-ە/ەوە، دێت. وەک:

ناوی تاکی مێ + /-ێ/ > ناوی بانگکراو............ یاسای (٣)

٧٢- پورێ، خوشکێ، ژنێ، کچێ، نەنێ، دایکێ، بوکێ، ...&، هەروەها هەر سەبارەت بە مۆرفیمی /-ێ/، بەپێی بۆچوونی (د.فاروق عومەر صدیق)، "ئەم مۆرفیمە /-ێ/، لە وشەکانی: (ئێوارێ، شەوێ، بەهارێ، زستانێ، پایزێ، دەرێ، ژورێ، ...&)دا، کە چوونەتە سەر ناوی کات و ناوی شوێن، هەمان مۆرفیمی جنسی مێینەن، کە پاشماوەی دۆخن لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا، چونکە ناوی کات بەشێوەیەکی گشتی وەک ناوێکی مێینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، واتە ئەم مۆرفیمە /-ێ/، جگە لە دۆخی بانگکردن بۆ تاکی مێینە، دەربڕی دۆخی ڕێزمانیشە بۆ ناوی تاکی مێ".

مۆرفیمی /-ێ/

دۆخی ڕێزمانی      دۆخی بانگکردن

عایشێ، فاتمێ، زستانێ، شەوێ...    پورێ، خوشکێ، کچێ،....&

**/-ینە/:** ئەم مۆرفیمە بۆ بانگکردنی ناو، لە دۆخی کۆدا بەکاردەهێنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی توخمی ناوە بانگکراوەکە، واتە " ئەگەر بانگهێشتن لە حاڵەتی کۆدا بێ، ئەو دەمە بێ جیاوازیی جنس، نیشانەی (ینە) بە ناوەوە دەلکێ." (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٨٠)، هەروەها لەڕووی چالاکییەوە ئەم مۆرفیمە لەبەرئەوەی تەنها مۆرفیمی ناوی کۆی بانگکراوە، بۆ توخمەکانی (نێر، مێ، دوولایەن)، بەکاردەهێنرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین بۆ بانگکردنی ناوی کۆ بەرهەمدارو چالاکەو هیچ مۆرفیمێکی بەندی تر نییە، بتوانێت لە بەرهەم و چالاکیی کەمبکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم مۆرفیمە /-ینە/ لەگەڵ هەندێک ئاوەڵناویشدا لە ئاستی ڕووکەشدا دێت، وەک: (بەڕێزینە، مەردینە، دلێرینە، خزمەتکارینە، گەوجینە،...&).

ناوی کۆی: (نێر، مێ، دوولایەن) + /-ینە/ > ناوی بانگکراوی کۆ ..... یاسای (٤)

٧٣- کوڕینە، کچینە، براینە، خوشکینە، برادەرینە، خاڵکینە، خزمینە، ...&


پاش خستنەڕووی مۆرفیمە بەندەکانی چەمکی بانگکردن دەتوانین بڵێین بۆ بانگکردنی ناوی تاک، مۆرفیمی /-ە/، لەوانی تر چالاکترو بەرهەمدارترە، چونکە دەتوانێت لەگەڵ هەردوو توخمی (نێرو مێ)دا بێت، لەدوای ئەم مۆرفیمەش، مۆرفیمی /-ێ/، بۆ بانگکردنی ناوی تاکی مێ دێت، پاشان مۆرفیمی /-ۆ/، بەڵام ناتوانین مۆرفیمی بانگکردن لە حاڵەتی کۆدا لە ڕووی چالاکییەوە بەراورد بکەین بەو سێ مۆرفیمەی حاڵەتی تاک، چونکە مۆرفیمی کۆ بۆخۆی مۆرفیمێکی تاقانەی بانگکردنی کۆیە و تایبەتمەندییەکیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هەندێک لەناوە بانگکراوەکان، کە مۆرفیمی کۆی بانگکردن وەردەگرێت، بەڵام مۆرفیمی تاکی بانگکردن وەرناگرێت، چونکە توخمەکەی بەڕوونی دیار نییە، یاخود هەندێکیان لەڕووی ژمارەشەوە ناوی کۆمەڵ ئاسا ڕەفتار دەکەن و ناوەڕۆکێکی کۆیان هەیە، بۆیە بە ئاسانی مۆرفیمی کۆی بانگکردن وەردەگرن، یان لەوەیە پەیوەندی بەوەوە هەبێت، کە هەندێک لەناوەکان لە نموونەی (هەژار، دەوڵەمەند، کورد، مامۆستا، خوێندکار، ....&)، لەبەرئەوەی لەڕووی توخمەوە دوولایەنن، بۆیە تەنها مۆرفیمی بانگکردنی حاڵەتی کۆ /-ینە/ وەردەگرن، نەک مۆرفیمەکانی حاڵەتی تاک، کە ئەمەش چالاکیی و بەرهەمی ئەم مۆرفیمە /-ینە/، زیاددەکات، وەک: (کوردینە،

مەردینە، پیاوینە، خزمینە، کوڕگەلینە، کچگەلینە، هەژارینە، دەوڵەمەندینە، خوێندکارینە، مامۆستاییینە، کرێکارینە، فەرمانبەرینە، بەرپرسینە، ...&)، هەروەها بەکارهێنانی مۆرفیمی /-ینە/، جگە لە بانگکردن بۆ وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەشە، وەک: <کوڕینە هەڵمەتبەرن، خوێندکارینە باش بخوێنن، بەڕێزینە تکایە بێدەنگ بن.>، هەروەها بۆ خستنەڕووی یاساکانی بانگکردنی ناو لە زمانی کوردییدا پەیڕەوی لە یاساکانی (١، ٢، ٣، ٤) دەکرێت، بەو شێوەیەی کە خستمانەڕوو.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی چەمکی بانگکردنی ناوی تاک، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢٢) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
| --- | --- | --- |
| /-ە/ | ١١ | %٥٠ |
| /-ێ/ | ٧ | %٣١,٨١ |
| /-ۆ/ | ٤ | %١٨,١٨ |

خشتەی (١٣) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی بانگکردن



## ٢-١/٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی کەتیگۆری ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو وەک کەتیگۆرییەکی سەربەخۆی ئاخاوتن[34]، یاخود وەک بەشێک لە کەتیگۆری ناو[35]، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە هەڵگری واتای پەسن/وەسفن، واتە تایبەتمەندیی و خاسیەتی کەس و شت و ڕووداو، یاخود حاڵەت دەردەخەن و لە ڕووی ئەرکەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەرکی دەرخەریی دەبینن، ئەمە جگەلەوەی، کە دەبنە تەواوکەر، یاخود لەهەندێک شوێندا ئاوەڵکارئاسا ڕەفتاردەکەن، " ئاوەڵناو یان >>وشەجۆر<< (وشەیەو جۆر دەردەبڕێت) و >> وشەئەدگار<< (وشەیەو ئەدگار دەردەبڕێت)." (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ٧٩)، **واتە** " ئاوەڵناو بۆ ڕوونکردنەوەو دەستخستنەسەری تایبەتێتی شتەکانی سروشت (ناوی گیانلەبەرو بێگیان، ئەبستراکت و کۆنکرێت)، کەواتە ئاوەڵناو دەخرێتە پاڵ ناو." (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١٠: ٦٠)، هەروەها بە ڕای (محەمەد مەعروف) هەر وشەیەک کە وەک ئاوەڵناو تەماشابکرێت، پێویستە ئەم سێ تایبەتمەندییەی تێدابێت:

١- لەڕووی واتاوە ئاوەڵناو بێت و دەربڕی یەکێک لە ناوچە بیرییەکانی وەک: ٧٤- (بارستایی، ڕەنگ، ڕواڵەت، قەبارە، تەمەن، بەها، خاسیەت، ...&)بێت.

٢- لەڕووی فۆڕمەوە ئاوەڵناو بێت و بتوانێت پاشگرە ڕێزمانییەکانی: (تر، ترین) وەربگرێت.

٣- لەڕووی ئەرکەوە ئاوەڵناو بێت و بتوانێت ئەرکەکانی: (دیارخەر، تەواوکەر، دروستکەری کرداری لێکدراو، ئاوەڵکردارئاسا، ...&) ببینێت. (٢٠١٠: ٣٠٨).

ئەوەی بۆ ئێمە مەبەستە بریتییە لە قسەکردن لەسەر لایەنی مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناو، خستنەڕووی گرنگترین ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی وەک تاکە ناسنامەی جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لە کەتیگۆرییەکانی تری ئاخاوتن ڕۆڵدەبینن، چونکە " بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لە ناو دەتوانین پشت بە پاشگری بەراوردکردنەوە (تر/ترین) ببەستین، کە بەزۆری هەر بە ئاوەڵناوەوە دەلکێ." (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠١)، کەواتە یەکێک لە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییە گرنگەکان و خاڵی جیاکەرەوەی ئاوەڵناو لە کەتیگۆرییەکانی تری ئاخاوتن، بریتییە

[34] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤).

[35] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (محمد معروف فتاح: ٢٠١٠: ٣٠١ تا ٣٢٦).

له بوونی پله له ئاوەڵناودا، كه له ڕێگەی مۆرفیمه ڕێزمانییەكانی پلەی بەراورد /-تر/ و پلەی باڵای بەراورد /-ترین/ەوه دەردەبڕڕێن.

**مۆرفیمی پلەی بەراورد /-تر/:** ئەم مۆرفیمه بۆ بەراوردكردنی تایبەتمەندیی شتێك، كەسێك، بابەتێكی دەستنیشانكراوه، كه له سیفەتێكی دیاریكراودا (ئەرێنی/نەرێنی) له بەرامبەرەكەی بەرزتره، واته بەراوردكردنەكه له نێوان خاڵی (أ، ب)، یاخود تەنها خاڵی (أ)دا، له دوو باری جیاوازدا دەبێت، بۆ نموونه بەراوردكردنی خاڵی (أ، ب) له سیفەتی (باشی، خراپی، زیرەكی،...&)دا، وەك:

٧٥- أ له ب زیرەكتره/ ئازاتره/ جوانتره/باشتره، خراپتره، ....& یان

٧٦- أ له أ زیرەكتره له نێوان دوو كاتی جیاوازدا. وەك: ( أ له پاری خۆی زیرەكتره.).

مۆرفیمی ڕێزمانی "/-تر/ دەتوانێت بەراورد لەنێوان سیفەتی دوو شت یان زیاتر بكات، ئەو بنكەیەی كه وەریدەگرێت، هەمیشه، ئاوەڵناوه." (شیروان حوسێن حەمەد:٢٠١٤: ١٨٥)، بەڵام لێرەدا سەبارەت به بناغەی ئەو وشانەی، كه مۆرفیمی /-تر/ وەردەگرن، مەرج نییه هەمیشه ئاوەڵناو بێت، بۆ نموونه ئەو ناوانەی كه ئاوەڵناوئاسا كاردەكەن و دەربڕی جۆرێتی، یاخود تایبەتمەندییەكی مرۆڤن، له بنەڕەتدا ناون، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمی /-تر/ وەردەگرن، وەك: (كەر، مناڵ، پیاو، ...&)، ١- > أ له ب كەرتره.<، ٢- > ئارام له تۆ پیاوتره< > لانۆ له لیا منالْتره<....&، بەپێی نموونەكانی (١، ٢) ناوەكانی (كەر، منالْ) دەبن به ئاوەڵناو و سیفەت و تەمەن پیشاندەدەن، هەروەها مۆرفیمی /-تر/ لەگەڵ چەند ئاوەڵكارێكی كاتدا دێت و بەراوردی نێوان كاتی ڕوودانەكان دەكات، وەك: > درەنگتر، زووتر، ...&<. كەواته " ئاوەڵناوەكان پلەدارن، بۆیه له پێشەوه به پلەو لەدواشەوه به مۆرفیمی پلەی بەراورد /-تر/ و مۆرفێمی پلەی باڵا /-تریین/ دەردەخرێن." (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١٠: ٥٨)، واته مۆرفیمه ڕێزمانییەكانی /-تر/، /-ترین/، ئەركی دەرخەری فرێزی ئاوەڵناوی دەبینن، كه لەناو فرێزێكی ناویدا ڕوودەدەن.

**مۆرفیمی /-ترین/:** ئەم مۆرفیمەش به هەمان شێوەی مۆرفیمی بەراوردی /-تر/ بۆ دەرخستنی نیسبەتی بەراورده، بەڵام بەراوردەكه لەڕووی ژمارەوه لەدوان زیاتره، واته مۆرفیمی ڕێزمانی /-ترین/، بەراوردی خاسیەتی شتێك، كەسێك، دیاردەیەك ...& لەنێوان كۆمەڵێكدا دەكات، كه لەڕووی پلەوه بەباری (ئەرێنی/نەرێنی)، له هەموویان زیاترو بەرزتره، بۆ نموونه دەرخستنی

سیفەتەکانی: (زیرەکی، ئازایی، باشی، ...&)، یەکێک لەنێوان کۆمەڵێکدا وەک: > ئارام زیرەکترین خوێندکاری پۆلەکەیەتی.> < پێشمەرگە ئازاترین شەرڤانن بەرامبەر دوژمنان.<، ....&، ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بە مۆرفیمی ڕێزمانی /-ترین/ پلەکەیان دەردەخرێت، جیاوازیان لەگەڵ ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بە مۆرفیمی ڕێزمانی /-تر/ پلەکەیان دەەردەخرێت، ئەوەیە کە دەتوانن وەک دیارخەری پێش سەرەی فرێزی ناوی دەربکەون، بەڵام لە پلەی بەراورددا وا نییە، وەک:

٧٧- زیرەکترین خوێندکار

٧٨- زیرەکتر* خوێندکار[36]

هەروەها لەڕووی دروستەوە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا هەمان دروستەیان هەیە، وەک: (بناغە + پاشگر) (زیرەکتر، زیرەکترین، جوانتر، جوانترین،...&)، بەڵام لە سینتاکسدا دروستەکانیان جیاوازە وەک:

**ناوی بەراوردکار + ف.پ.ن (ناوی بەراوردکراو) + ڕووی بەراوردکردن + /-تر/**

٧٩- ئازاد + لە تۆ + زیرەک + تر +....

٨٠- کچەکە + لە ئەو + جوان + تر+....

**ناوی بەراوردکار + بناغە + /-ترین/ + ف.ن ( فرێزی بەراوردکراو)**

٨١- ئازاد + زیرەک + ترین + خوێندکاری پۆل +....

٨٢- مامۆستا + ماندوو + ترین + توێژی کۆمەڵ +....

لەڕووی چالاکیی و بەرهەمداریشەوە، ناتوانین بڵێین یەکێکیان لەوەی تریان چالاکترە، چونکە هەردووکیان بۆ دەرخستنی پلەیەکی دیاریکراوی ئاوەڵناوەکانن و ناتوانن لەشوێنی یەکتر بە هەمان مەبەست دەربکەون و هەریەکەیان سنووری تایبەتی خۆی هەیە، واتە هەریەکەیان لە سنووری خۆیدا چالاک و بەرهەمدارە.

---

[36] بڕوانە: (محەمەدی مەحوی:٢٠٠١: ٢٣١).

## ٢/٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی کەتیگۆریی کار:

### ٢/٢-١) گۆڕینی توانای کار:

مەبەستمان لە گۆڕینی توانای کار ئەوەیە، کە هەردوو پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی (تێپەڕاندن – زیادکردنی هێزی کار)، (نادیاریی – کەمکردنی هێزی کار)، دەگرێتەوە، (محەمەدی مەحوی)، ئەم دوو پرۆسەیەی ناوناوە (بەتێپەڕکردنی کردار، بەتێپەڕنەکردنی کردار)، " مەبەست لە گۆڕینی توانای کار تێنەپەڕ بۆ تێپەڕو پێچەوانەش دەگرێتەوە، کە کەرەسە مۆرفۆسینتاکسیەکان ئەنجامیان دەدەن." (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٧٨)، لەبەرئەوەی کارەکان لە ڕووی هێزەوە جیاواز مامەڵە دەکەن و بۆ دوو جۆری بنەڕەتی پۆلێنکراون، کە ئەوانیش (کاری تێپەڕ – trasative verb)، (کاری تێنەپەڕ – intransitive verb)ن، ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی مەبەست و هەڵوەستە لەسەرکردنە، بریتییە لە تیشکخستنە سەر گرنگترین ئەو مۆرفیمە بەندە گراماتیکییانەی، کە ڕۆڵیان لە (گۆڕینی توانا/هێز)ی کاردا هەیە، هەربۆیە زمانی کوردیی بۆ هەر پرۆسەیەکیان، واتە هەم بۆ زیادکردنی هێزو هەم بۆ کەمکردنی هێزی کار، جیاواز مامەڵەدەکات و مۆرفیمی بەندی جیاوازی هەیە، هەرچەندە لە زمانەکەماندا (گۆڕینی هێزی کار)، تەنها خۆی لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییدا نابینێتەوە، واتە تەنها مۆرفێمی بەند لەمڕووەوە کارناکات، بەڵکو پرۆسەی سینتاکسیش ڕۆڵی هەیە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی بایەخ بێت، بریتییە لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و چالاکیی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە گۆڕینی هێزی کاردا، واتە مەبەستمانە بڵێین، کە ئەم لێکۆڵینەویە تەنها تیشکدەخاتە سەر یاسا مۆرفۆلۆژییەکان و مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان لە هەردوو پرۆسەی زیادکردن و کەمکردنی هێزی کاردا.

#### ٢/٢-١-١) زیادکردنی هێزی کار (تێپەڕاندن):

پرۆسەی زیادکردنی هێزی کار بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە گۆڕینی هێزی کاری ڕستە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، لەبەرئەوەی کارە تێنەپەڕەکان لە ڕستەدا بۆ تەواوکردنی ئەرک و واتایان پێویستیان بە کەرەسەیەک هەیە، کە ڕاستەوخۆ ڕووداوەکەی جێبەجێکردبێ وەک > ئەو هات.<، یاخود ڕووداوەکەی درابێتە پاڵ وەک > کەپرەکە ڕووخا<، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی هێزی کارەکەوە، کەرەسەی تر بۆ ڕستەکە زیاددەکرێت و ڕستەکە و توانای کارەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، لە ئەنجامیشدا داواکاری کارەکە زیاددەکات، بۆ نموونە لە ڕستەی > کەپرەکە ڕووخا<دا، کاری/ڕووخا/ تەنها پێویستی بە بکەرێکی ڕێزمانی وەک

/کەپرەکە/ هەیە، بەڵام ئەگەر هێزی کارەکە بگۆڕین و بیکەین بە /ڕووخاند/، ئەوا داواکارییەکەشی زیاد دەکات و ئەوکات کارەکە پێویستی بە دوو تەواوکەر هەیە، کە تەواوکەرێکی دەرەکی (بکەر)و تەواوکەرێکی ناوەکی (بەرکار)ە، ڕستەکەش بەمشێوەیەی لێدێت: < بایەکە کەپرەکەی ڕووخاند>، لەمڕووەوە بۆ گۆڕینی توانای کار، زمانی کوردیی پەیڕەوی لە دوو یاسا دەکات، کە ئەوانیش: " أ- یاسای مۆرفۆلۆجی، ب- یاسای سینتاکسی"ن، (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٥٣)، ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە جێگەی بایەخە بریتییە لە یاسای مۆرفۆلۆژیی، چونکە لەم یاسایەدا مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان ڕۆڵی بنەڕەتییان لە تێپەڕاندنی کارەکەدا هەیە، بۆ دیاریکردنی مۆرفیمی سەرەکی گۆڕینی توانای کاریش لە زمانی کوردیدا، بۆچونی جیاواز هەیە، لە ڕووی دیاریکردنی فۆڕمی مۆرفیمەکەوە، بۆ نموونە /-اندن/، مۆرفیمی تێپەڕاندنە لای (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ٤٨)، (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ١١٦)، فۆڕمی /-اند/ مۆرفیمی تێپەڕاندنە لای (محەمەدی مەعروف فەتاح:٢٠١٠: ٢٤٠)، (وریا عومەر ئەمین:٢٠١١: ٥٣)، (محەمەدی مەحوی:٢٠٠١: ٢٣١)، هەروەها فۆڕمی /-ن/، بە تەنها مۆرفیمی تێپەڕاندنە لای توێژەران: (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥: ١٣٥)، (عومەر مەحمود کەریم:٢٠٠٤: ٥٧)، هاوکات فۆڕمی /-ان/، مۆرفیمی تێپەڕاندنە بەبڕوای (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٨٠)[37]، ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆچوونەکان بەگشتی لەگەڵ ئەوەی، کە لەسەر فۆڕمەکەی کۆک نین، بەڵام لەیەکدییەوە نزیکن، بۆ نموونە زۆربەیان پێیانوایە، کە لە فۆڕمی/-اندن/دا، دەنگی [ن]ی کۆتایی مۆرفیمی لە کارخستن/ (نوونی چاووگە)، دەنگی [د] مۆرفیمی تافی ڕابردووە، هەرچەندە بیروڕاش هەیە وەک دەنگێکی ناوبەند تێیدەڕوانێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوە بۆچوونەدا کۆکین، کە لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفیم، فۆڕمی /-اندن/، پێیانوایە لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە:

أ- /-ان/ مۆرفیمی تێپەڕاندن – زیادکردنی هێزی کار.

ب- /-د/ مۆرفیمی تافی ڕابردوو.

پ- /-ن/ مۆرفیمی لە کارخستن/ بەناوکردن.

---

[37] بڕوانە: ( عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٥)، هاوکات بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی فۆڕمە جیاوازەکانی مۆرفیمی /-اندن/، بڕوانە: ١- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤)، ٢- (فەرەیدون عەبدول محەمەد:٢٠٠٨)، ٣- (محەمەد مەعروف:٢٠١٠)، ٤- (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣)، ٥- (عومەر مەحمود کەریم:٢٠٠٤)، ٦- (وریا عومەر ئەمین:٢٠١١)، ٧- (محەمەدی مەحوی:٢٠٠١)، ٨- (شیروان حوسێن خۆشناو: ٢٠١٤)، ئەو سەرچاوانەی ئەوان بەکاریان هێناون.

پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە دەنگی [ ا ] لە کاتی گۆڕینی تافی کارەکە لە ڕابردووەوە بۆ داهاتوو دەگۆڕێت بە دەنگی [ ێ ]، کە لێرەدا ئێمە بە کردەیەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی دەزانین، نەک ئەوەی مۆرفیمی تێپەڕاندن دوو فۆڕمی جیاوازی هەبێت وەک هەندێک زمانەوان ئاماژەی بۆدەکەن لە ڕابردوودا /-ان/ بێت و لە داهاتوودا /-ێن/بێت.[38]، ئەم دیاردەی گۆڕینی دەنگی [ا] بۆ [ێ]یەش دیاردەیەکی ئاسایی و هەبووی زمانی کوردییە، هەروەک چۆن لە ڕەگی هەندێک کاریشدا لە تافی ڕابردوو بۆ داهاتوودا ڕوودەدات، وەک: ( سپارد > سپێر، بژارد > بژێر، ژمارد > ژمێر...&)، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی فۆڕمی /-ان/، بریتییە لە مۆرفیمی تێپەڕاندن و ڕەچاوی دوو یاسا دەکرێت لە کاتی گۆڕینی هێزی کارەکە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ. کە ئەوانیش:

١-قەدی کاری تێنەپەڕی ئەلفی + /-ان/ > کاری تێپەڕ..... یاسای (١)

ڕووخا + /-ان/ > ڕووخاند

٨٣- خانووەکە ڕووخا.

٨٤- شارەوانی خانووەکەی ڕووخاند.

لەم یاسایەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە کارە تێنەپەڕە ئەلفییەکان لەبەرئەوەی خۆیان دەنگی کۆتاییان [ ا ]ەو دەنگی سەرەتای مۆرفیمی تێپەڕادنیش هەر [ ا ]ە، بۆیە بەهۆی کردەیەکی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییەوە، کە دوو دەنگی ڤاوڵ ناکەونە سەر یەکتر یەکێکیان تیادەچێت.

٢-ڕەگی کاری تێنەپەڕ + /-ان/ > کاری تێپەڕ..... یاسای (٢)

خەو + /-ان/ > خەواند

٨٥- مناڵەکە خەوت.

٨٦- دایکەکە مناڵەکەی خەواند.

بەپێی ئەم زانیاریانە بە وەرگرتنی (قەد، یاخود ڕەگ)ی کارە تێنەپەڕەکان و بەکارهێنانی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /-ان/، دەتوانین توانای کارەکە لە

[38] بڕوانە (وریا عومەر ئەمین:٢٠١١)، (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١).

تێنەپەڕەوە بگۆڕین بە تێپەڕ، واتە لەمڕووەوە دەتوانین بڵێین مۆرفیمی /-ان/، یەکێکە لە مۆرفیمە چالاکەکانی گۆڕینی توانا/هێزی کار لە زمانی کوردیدا.

وەک پێشتریش خستمانەڕوو، ئەم پرۆسەیە ، پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییەو لە زمانی کوردیدا پرۆسەی تریشمان بۆ گۆڕینی هێزی کار هەیە، کە زیاتر پرۆسەی سینتاکسین، بەڵام لەبەرئەوەی لە سنوری ئەم توێژینەوەیەدا نین، بۆیە ئاماژەمان بۆیان نەکردووە، ئەمە جگەلەوەی کە مۆرفیمی /-اندن/، جگە لە ئەرکی سینتاکسیی و دەرکەوتنی وەک مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی ئەرکی فەرهەنگیشی هەیە[39]، هەروەها هەر سەبارەت بەم بابەتە (محەمەدی مەحوی)، باسی لە پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی: (پێ، تێ، لێ، ە) کردووە، کە ڕۆڵیان لە گۆڕینی هێزی کاردا هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "بە لکاندنی پێشناوێکی فەرهەنگیی – مۆرفۆسینتاکسیی بە کردارێکی تێنەپەڕەوە کردارێکی تێپەڕ دروستدەکرێت، کە بەرکارەکەی فرێزێکی پێشناوییە." (٢٠١٠: ٦٥). وەک: کەوت > پێکەوت:

٨٧ منداڵەکە کەوت.

٨٨ نەخۆشەکە دەرمانەکانی پێکەوت.

لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەمبارەیەوە پشتگیری بۆچوونەکەی (محەمەدی مەحوی) دەکەین و پێمانوایە، ئەوە تەنها مۆرفیمی /-ان/ نییە، کە هێزی کار دەگۆڕێت، بەڵکو پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی: (پێ، تێ، لێ)ش ئەو ڕۆڵە دەبینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش بخەینەڕوو، کە دەرکردەی ئەم دوو پرۆسەیە جیاوازن، چونکە دەرکردەی مۆرفیمی /-ان/، دەتوانرێت پاش تێپەڕاندنی کارەکە، پرۆسەی (بکەرنادیاریی) بەسەردا جێبەجێبکرێت، واتە دەتوانرێت وەک کارێکی تێپەڕی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

دەرکردە مۆرفیمی /-ان/ی تێپەڕاندن:

٨٩- کوڕەکە نامەکەی نوسی. ............. کاری تێپەڕی بنجی.

٩٠- نامەکە نوسرا................. بکەرنادیاریی.

٩١- منداڵەکە خەوت. ......... کاری تێنەپەڕ (ناکرێت بە بکەرنادیار).

---

[39] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە: (عومەر مەحمود کەریم:٢٠٠٤)، (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١)، (هەژار حوسێن والی: ٢٠١٥).

٩٢- دایکەکە منالّەکەی خەواند. .. کاری تێپەڕێنراو، دەکرێت بە بکەرنادیار.

٩٣- منالّەکە خەوێنرا.

دەرکردەی پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی: (پێ، تێ، لێ)

٩٤- منالّەکە کەوت...... (کەوتن)

٩٥- نەخۆشەکە دەرمانەکانی پێکەوت. ..... (پێکەوتن)

٩٦- دەرمانەکان پێکەوێرا.*

٩٧- کوڕەکە هات.

٩٨- کوڕەکە جلەکانی لێهات.

٩٩- جلەکان لێهێرا.*

پاش خستنەڕووی دەرکردەی هەردوو پرۆسەی تێپەڕاندن، بە مۆرفیمی /-ان/ و پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکانی (پێ، تێ، لێ)، ئەگەر تەماشای ڕستەکانی: ١- دایکەکە منالّەکەی خەواند > منالّەکە خەوێنرا. ٢- نەخۆشەکە دەرمانەکانی پێکەوت. > دەرمانەکان پێکەوێرا*. بکەین، دەبینین ڕستەی یەکەم، کە کارەکەی تێپەڕێنراوە (خەوت > خەواند)، کاری بکەرنادیاری لێدروستدەکرێت، بەلّام لە ڕستەی دووەمدا (کەوت > پێکەوت)، هەرچەندە هێزێک لە بەبڕشتی کارەکە زیادبووە، بەلّام ناتوانرێت کاری بکەرنادیاری لێدروستبکرێت، کەواتە لە کۆتایی شیکردنەوەکانماندا دەلّێین هەرچەندە پێشناوە مۆرفۆسینتاکسییەکان توانای زیادکردنی هێزێکیان بۆ کاری ڕستەکان هەیەو کەرەسەیەکی تری بەخورتی لە فۆرمی (فرێزی پێشناوی)دا دەهێننەناوەوە، کە چالّی (بەرکار/تەواوکەر) پردەکاتەوە، بەلّام ئەو کەرەسەیە ناتوانێت ببێتە جێگری بکەر (بکەری ڕێزمانی) ڕستەکەو چەشنی کارەکەش بگۆڕدرێت بۆ کارێکی بکەرنادیار، ئەمەش ئەوەمان پێدەلّێت، کە مەرج نییە هەموو کارێکی تێپەڕ بکەرنادری لێدروست بکرێت و هێزی کارەکە کەم بکرێتەوە، جگە لەمەش، لەڕوی ڕێکەوتنی نێوان (بکەر، بەرکار، کار)یشەوە، دەرکردەی /-ان/ی تێپەڕاندن و پێشناوەکانی: (پێ، تێ، لێ)، جیاواز مامەلّەدەکەن، چونکە مۆرفیمی /-ان/ی تێپەڕاندن وەک کارە تێپەڕە بنجییەکان بەپێی تافەکانی: (ڕابردوو، داهاتوو)، ڕێکەوتنەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

١٠٠- دایکەکە منالّەکەی خەواند. ← (ک.ڕا.تێپەڕ: ڕێکەوتنی (بکەر + بەرکار) )

١٠١- دایکەکە مناڵەکە دەخەوێنێت ← (ک.داهاتوو: ڕێکەوتنی (بکەر + کار) )

١٠٢- من دەرمانەکەم پێکەوت. ← (ک.ڕابردوو: ڕێکەوتنی (بکەر + بەرکار) )

١٠٣- من دەرمانەکەم پێدەکەوێت. (ک.داهاتوو: ڕێکەوتنی (بکەر + بەرکار) )

ئەگەر تەماشای ڕستەکانی: (١٠٢، ١٠٣) بکەین، دەبینین بە گۆڕینی تافی کارەکە لە (ڕابردوو بۆ داهاتوو)، کلیتیکی بکەریی هەر لەشوێنی خۆیەتی و لەسەربەرکارەکەیە، ئەمە لەکاتێکدا دەبوایە لە تافی داهاتوودا بچووایەتە سەر کارەکە، وەک لە نموونەی (١٠١)دا بەڕوونی دەردەکەوێت، هەرچەندە لە ڕستەی چوارەمیشدا فۆڕمی (ێت)، کە فۆڕمی (جێناوی کەسیی لکاو)ە، بۆ کەسی سێیەمی تاک، ئەگەر کارەکە (داهاتوو) بێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕستەی (١٠٣)دا وەک مۆرفێکی بەتاڵ دەردەکەوێت و زیادەیەکی مۆرفۆلۆژییەو لەو ڕستەیەدا نەبەستراوەتەوە بە بکەرەکەوەو بۆ بکەر ناگەڕێتەوە و ئەرکێکی دیاریکراوی نییە.

## ٢/٢-١-٢) کەمکردن/ لاوازکردنی هێزی کار:

ئەم پرۆسەیە، بەشێوەکی گشتی، کە بە بکەرنادیار، یان نادیاری لەسەرچاوە کوردییەکاندا ڕۆیشتووە، بریتییە لەو " کردەیەی، کە تێیدا ناکارایەک بەرزدەکرێتەوەو ڕۆڵی بنەی دەدرێتێ و لەم بەرزبونەوەیەشدا فۆڕمی کارەکەش دەگۆڕێ." (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی:٢٠٠٨: ٦٠)، واتە ئەم پرۆسەیەیان بە پێچەوانەی پرۆسەی یەکەمەوە بریتییە لە گۆڕین و لاوازکردنی هێزی کار لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ، کەواتە " لایەنێکی تری دیاردەی گۆڕینی توانا، لاوازکردنی یان بێ هێزکردنی توانای کارە." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٨٠)، هەرلەمڕووەوە زمانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی بە پێی تافی کارەکە ڕەچاوی یاسای مۆرفۆلۆژیی جیاواز دەکات، ئەمە جگە لەوەی، کە لە پەیڕەوکردنی ئەم پرۆسەیەدا لە نێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردییدا شێوازی جێبەجێکردنی پرۆسەکە (کەمکردن و لاوازکردنی هێزی کار)، ڕەچاوی دوو یاسای جیاواز دەکرێت، کە لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا یاسای مۆرفۆلۆژیی زیاتر زاڵە، بەڵام لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا یاسای سینتاکسی و قاڵبێکی تا ڕادەیەک ئامادەکراو زاڵە. وەک:

١٠٤- من نێررام.   ......... دیالێکتی ناوەڕاست.[40]

مۆرفیمی سەرەکی لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردییدا بۆ لاوازکردن و کەمکردنی هێزی کار، بریتییە لە مۆرفیمی /-ر/ی نادیاریی،[41] کە لە ڕووی چالاکییەوە، مۆرفیمێکی چالاکە، چونکە مۆرفیمێکی تر نییە، تا لەم ڕووەوە هەمان ئەرک ببینێت و بکەوێتە شانکێ لەگەڵیدا، یاسای نادیاریش بەپێی تافی کار بریتییە لە:

**١-ڕەگ + م.نادیاریی + م.تافی ڕابردوو + م.ڕێکەوتن (کەس و ژمارە).**

١٠٥- نێررام، بینراین، فرۆشراوین، پشتگوێخراوین، .....&

**٢-م.ئەرێیی +ڕەگ + م.نادیاری + م.تافی ڕانەبردوو + م.ڕێکەوتن (کەس وژمارە).**

١٠٦- دەنێررێم، دەبینرێین، دەفرۆشرێین، پشتگوێدەخرێی

## ٢-٢/٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی نەرێکردنی کار:

چەمکی نەرێکردن، یاخود ناکردن، بە واتای نەکردن، یاخود ڕەتکردنەوەو پێچەوانەکردنەوەی واتای کارێک، حاڵەتێک دێت، واتە نەرێکردن و پێچەوانەکردنەوەی واتای کەرەسەیەکی زمانی تەنها دیاردەیەکی سینتاکسی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی فەرهەنگیشەو مۆرفیمە بەندەکانی بواری نەرێکردن لەمبارەیەوە سیمای [ + / -]یان هەڵگرتووە، واتە هەم لەبواری سینتاکسیداو هەم لە بواری فەرهەنگیدا چەمکی نەرێکردن و پێچەوانەکردنەوە دەگەیەنن، بەڵام هەریەکەیان سنورو مەودای کارکردنی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوەی ئێمەش لێرەدا قسەی لەسەردەکەین، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی بواری ناکردنی کارن، هەربۆیە " ناکردن: کردەیەکی زمانەوانییە، ئەرکی سەرەکی جێ بەجێ نەکردن و بەرپەرچدانەوەی ڕستەیە." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥: ١٧٩)، هەر لەبارەی ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی، کە چەمکی ناکردن دەگەیەنن (تراسک) دەڵێت: " ڕەگەزێکی

---

[40] سەبارەت بە کردەی (نادیاری) و زیادکردن و لاوازکردنی هێزی کار و جیاکردنەوەی مۆرفیمی بەندی نادیاری /ر/ لە مۆرفیمەکانی تافی کار، لە کاری نادیاردا /ا، ێ/، کە بۆ یەکەمجار(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ١٩٨٨)دا، لە نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژەی پێداوە، بڕوانە ئەم نامەیە.

[41] سەبارەت بە مۆرفیمی گراماتیکی /-ر/ی نادیاری و داڕشتنی یاساکانی کاری بکەرنادیار، بەپێی هەردوو تافی (ڕابردوو، داهاتوو)، بڕوانە: (سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (٤٠).

ڕێزمانین دەچنە سەر ڕستەی هەواڵی و چەمکی چاوەڕوانکراوی ڕستە بەگشتی یان بەشێکی پێچەوانە دەکەنەوە."[42]

لەم ڕووەوە پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە مەرج نییە مۆرفیمە گراماتیکییەکانی بواری نەرێکردن، بەردەوام بە واتای نەکردن و ڕەتکردنەوەی کارێک بێن، بۆ نموونە لە ڕستەکانی (۱، ۲، ۳)ی خوارەوەدا مۆرفیمەکانی نەرێکردن واتای جیاواز دەبەخشن، نەک ناکردن.

۱۰۷- > کتێبەکەتم نادەیتێ.< واتای داخوازی (هاوڕێیەک بۆ هاوڕێیەکی تری).

۱۰۸- > نایەی بەشوێنمدا<. زۆرجار بە واتای (فەرمان)دێت، واتە (وەرە بە شوێنمدا).

۱۰۹- > جلەکانی خۆت پیس نەکەیت.< دایکێک بۆ مناڵەکەی (وریاکردنەوەو هەڕەشە).

لە ڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی بواری ناکردن، بە حوکمی ئەوەی هەریەکەیان بە پێی (تاف و ڕێژەی کار)، بەکارهێنانی جیاوازیان هەیەو سنورو مەودای کارکردنیان جیاوازە، بۆیە بەراوردکردنی چالاکییان بە یەکتر کارێکی ورد دەرناچێت، بەڵام دەتوانین لەڕووی بەکارهێنانەوە پلەبەندییەکیان بۆ بکەین و بەرتەسکی و مەودافراوانی سنوری هەریەکەیان لەسەر بنەمای (تاف و ڕێژەی کار)ەکان بخەینەڕوو:

**یەکەم/ مۆرفیمی /-نە/:** ئامرازی نەرێیە بۆ هەموو کارێک ڕەگەکەی لە کاتی ڕابردوودا بێ."(وریا عومەر ئەمین:۲۰۱۱: ٦۹)، واتە ئەم مۆرفیمە یەکێکە لەو دەستە مۆرفیمەی، کە چەمکی ناکردن دەردەبڕن و مەودایەکی فراوانی بەکارهێنانی هەیەو لەگەڵ هەموو ئەو کارانەدا بەکاردێت، کە لە ڕووی تافەوە (ڕابردوو)ەوەو لە ڕووی ڕێژەوە (هەواڵی و دانانی)یە، واتە مۆرفیمی /نە-/، خاوەنی ئەم سیمایانەی خوارەوەیە:

/نە-/

+/- ڕێزمانی..... وەک: (نەخوارد.... ڕێزمانی)، (نەزان .... فەرهەنگی).

+ناکردن....... وەک: (نەهات).

+/- کاریی..... واتە جگە لە کار بناغەی تریش هەڵدەبژێت.

[42] لە (ئەبوبەکر عومەر قادر:۲۰۰۳: ۷۱)ەوە وەرگیراوە.

+/- ڕابردوو.... لە ڕووی تافەوە، هەردوو تافی ڕابردوو داهاتو وەردەگرێت.

+ هەواڵی

+ دانانی

+/- دیار.... لە ڕووی دیاریی و نادیارییەوە، بنکەی هەردوو کارەکە وەردەگرێت. وەک: (نەمخوارد، نەخورا).

کەواتە مۆرفیمی /نە-/ی ناکردن، بەپێی (تاف و ڕێژەی کار)، دەچێتە سەر ئەمجۆرە کارانەی خوارەوە و بە بەراورد بە مۆرفیمەکانی تر بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە، چونکە لەگەڵ جۆری زیاتری کارەکاندا دەردەکەوێت و ناوچەیەکی فراوانی کار دادەپۆشێت لە ڕووی جۆرەوە، کە ئەوانیش:

**یەکەم/** کاری ڕابردووی (تێپەڕو تێنەپەڕ، دیارو نادیاری)ی هەواڵیی:

أ- کاری ڕابردووی تێپەڕی هەواڵیی: نەخوارد، نەدەخوارد، نەخواردووە، نەخواردبوو،....&

ب- کاری ڕابردووی تێنەپەڕی هەواڵیی: نەهات، نەدەهات، نەهاتووە، نەهاتبوو.

پ- کاری ڕابردووی بکەرنادیاری هەواڵیی: نەخورا، نەدەخورا، نەخوراوە، نەخورابوو.

دووەم/ کاری ڕابردو و داهاتووی (تێپەڕو تێنەپەڕ، دیارو نادیار)ی دانانیی:

أ-کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانیی: نەخواردبا، نەخواردایە/نەخواردبایە، نەخواردبێت، نەخواردبووبا/نەخواردبووبایە.

ب-کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانیی: نەهاتبا، نەهاتایە/نەهاتبایە، نەهاتبێت، نەهاتبوایە/ نەهاتبوبایە.

پ-کاری داهاتووی تێپەڕی دانانیی: نەخۆم.

ت-کاری داهاتووی تێنەپەڕی دانانیی: نەیەم.

چ-کاری ڕابردووی بکەرنادیاری دانانیی: نەخورابا، نەخورایە/نەخورابایە، نەخورێت، نەخورابوایە/نەخورابوبایە.

خ-کاری داهاتووی بکەرنادیاری دانانیی: نەخورێت.

**دووەم/ مۆرفیمی /نا-/:** یەکێکی تر لە فۆڕمەکانی ناکردنی کار لە زمانی کوردییدا، بریتییە لە مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی /نا-/، کە لە هەردوو بواری سینتاکسی و فەرهەنگیدا واتای چەمکی نەرێکردن و ڕەتکردنەوەو پێچەوانەکردنەوە دەگەیەنێت، وەک: ( دەڕۆم > ناڕۆم)، وەک نەرێی ڕێزمانی، (ڕاست > ناڕاست)، وەک نەرێی فەرهەنگی، بەڵام ئەوەی لێرەدا تیشکی دەخەینەسەر باسکردنی ڕۆڵی ئەم مۆرفیمەیە وەک نەرێی ڕێزمانی.

مۆرفیمی بەندی گراماتیکی /نا-/، لەڕووی دەرکەوتنەوە " تەنیا لەگەڵ فۆڕمی کرداری ڕانەبردووی ڕێژەی ئیخباریدا بەکاردێنرێ." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ٢٩٥)، هەر لەبارەی ئەم مۆرفیمەوە (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم)، دەڵێت: " لە زمانی کوردی دا زۆر بڵاوە، زۆر بەکاردێت و دەکەوێتە پێش فرمانەوە و فرمانەکە بە نەفی نیشان دەدات." (١٣٦٧: ٣٣)، هەروەها سەبارەت بەم مۆرفیمە لە ڕووی سیمانتیکییەوە، هەندێکجار جگە لە واتای ناکردن، بە واتای (داخوازی)یش بەکاردەهێنرێت، وەک: دەرکەوتنی مۆرفیمی /نا-/ لەم ڕستانەی خوارەوەدا، کە واتایەکی جیاواز لە واتای ناکردنی هەیە:

١١٠- > نانەکەت ناخۆیت<. واتە ناکەت بخۆ (داخوازی).

١١١- > خانوەکەت نافرۆشیت؟< بەپێی مەبەستی قسەکەرو گوێگر ڕستەیەکی لەم شێوەیە، بۆ پرسیارکردنە، واتە لێرەدا /نا-/ بۆ نەرێ بەکارنەهاتووە، لە کۆتاییدا ئەوە وەڵامی گوێگرە بڕیاردەدات، بڵێ (دەیفرۆشم، یاخود نایفرۆشم).

لەم ڕوانگەیەوە /نا-/ی نەرێکردن، ئەم سیما واتاییانەی هەیە:

+/- ڕێزمانی، وەک: (ناڕۆم... ڕێزمانی)، (ناڕەوا... ناڕێزمانی)

+ نەرێکردن و پێچەوانەکردنەوە.

+/- کاری، واتە کەتیگۆریی جیاواز وەک بناغە هەڵدەبژێرێت.

+ ڕانەبردوو... تایبەتە بە تافی ڕانەبردوو.

+هەواڵی.... تایبەتە بە ڕێژەی هەواڵیی.

هەروەها ئەم مۆرفیمە لە ڕووی چالاکیی بەکارهێنانەوە بە پلەی دووەم دێت، لە دوای مۆرفیمی ناکردنی /نە-/ەوە، چونکە مۆرفێمی /نە-/، وەک پێشتر خستمانەڕوو مەودایەکی فراوانی لە سنورو مەودای کاری جیاواز لە ڕووی (تاف

و ڕێژە)ەوە هەڵدەبژارد. بەڵام مۆرفیمی /نا-/، تەنها تایبەتە بە (تاف و ڕێژە)یەکی دیاریکراوەوە، کە ئەویش (تافی داهاتوو ڕێژەی هەواڵی)یە. وەک:

أ- کاری داهاتووی تێپەڕی هەواڵیی: ناخۆم، نافرۆشم،...&
ب-کاری داهاتووی تێنەپەڕی هەواڵیی: نایەم، ناڕۆم،....&
ت-کاری داهاتووی نادیاری هەواڵیی: ناخورێ، نافرۆشرێ....&

**سێیەم/ مۆرفیمی بەندی گراماتیکی /مە-/:** ئەم مۆرفیمە تایبەتە بە ناکردنی فەرمانەڕووکار، لە زمانی کوردیداو ناکردنەکەشی فەرمانی (دابڕ – قطعی)یە، هەروەها " ڕەتکردنەوەو نەکردنی ئەم ڕووکارە، کە بە مۆرفیمی (مە-)، ئەنجامدەدرێت، جیاوازە لە هەواڵ و مەرجە ڕووکاردا، لەم فۆڕمەدا بە ئاشکرا چەمکی داخوازی باڵ بەسەر فەرمانی دابڕدا دەکێشێت، واتە لە فەرماندان بە کردندا، هەست بە بوونی بڕیارێکی دابڕدەکرێت." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٧٣)، جیاوازییەکی تری ئەم مۆرفیمە لەگەڵ مۆرفیمەکانی (/نە-، نا-)دا، ئەوەیە، کە تەنها وەک مۆرفیمی ڕێزمانی کاردەکات و فۆڕمی فەرهەنگی نییە، ئەمە جگەلەوەی، کە لەڕووی سنووری بەکارهێنانییەوە، لەوانی تر سنوردارترەو کەمتر بەکاردەهێنرێت، چونکە تەنها لەگەڵ فەرمانەڕووکاردا بەکاردەهێنرێت، واتە مرۆڤ لە ژیانیدا کەمتر فۆڕمی فەرمان بە بەراورد بە فۆڕمی هەواڵی بەکاردەهێنێت و بە تایبەتیش فەرمانی نەرێکراو، هەربۆیە لەڕووی چالاکییەوە لە پلەی سێیەمدا دێت. هەروەها ئەم مۆرفیمە گرنگترین سیماکانی بریتیین لە:

+ ڕێزمانی.... مەنوسن، مەڕۆن،...&

+نەرێکردن،

+فەرمانی

**چوارەم/ مۆرفیمی بەندی گراماتیکی /نی-/:**

پێڕەوی تاف لە زمانی کوردییدا، پێڕەوێکی دووپەلکی هەیە، واتە بۆ تافی (ڕابردوو داهاتوو) دابەشبووە، بەڵام لە " دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ڕستەی کاتی ئێستا تەنیا لەگەڵ چاوگی [ (هە)بوون]دا دروست دەبێ، واتە تاکە چاوگێکە بتوانێ دەمی کاتی ئێستا بە ڕوتی (سادەیی)و بەبێ تێکەڵ بوون لەگەڵ کاتەکانی تر دروست بکات." (عەبدولوەهاب خالید موسا:٢٠١٠: ٦٠)، هەربۆیە مۆرفیمی /نی-/ ناکردن، تاکە مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی نەرێکردنە، کە لەگەڵ تافی ئێستای ناوی ڕووداوی (هەبوون)دا، بەکاردێت، واتە " لەم فۆرمەدا نەرێ

(نەفی) بە دانانی مۆرفیمی نەرێ (نی) لە پێش ڕەگی کارەوە دروست دەبێ." (سەرچاوەی پێشوو:٢٠١٠: ٦١)، هەربۆیە سنوری بەکارهێنانی سنورێکی بەرتەسک و دیاریکراوەو لەمەودایەکی دیاریکراودا بەکاردێت، کە ئەویش تەنها ناکردنی کاری کاتی ئێستای ناوی ڕووداوی (بوون، هەبوون)ە، بۆیە لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە پلەی چوارەمدا دێت. وەک:

١١٢- من خانووم هەیە > نیمە.

١١٣- زستان ساردە. > سارد نییە.

گرنگترین سیما واتاییەکانی ئەم مۆرفیمە بریتین لە:

+ڕێزمانی

+نەرێکردن

+ئێستایی

+ کاری هەبوون

## ٣-٢/٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی کار:

چەمکی کات لە بنەڕەتدا دابەشی سێ بەشی سەرەکی ئەبێ: کاتی ئێستا، کاتی ڕابوردو (پێش ئێستا) و کاتی داهاتو (دوای ئێستا)." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٥: ٩٦)، لەسەر ئەم بنەمایە پێڕەوی تاف بە پێی تایبەتمەندیی زمانەکان جیاوازە، زمان هەیە، کە فۆڕمی تایبەتی بۆ هەرسێ تافی (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو) هەیە، زمانیش هەیە، کە فۆڕمی بۆ تافەکانی (ڕابردوو، داهاتوو) هەیە، پێڕەوی تافی زمانی کوردیی لە جۆری دووەمەو سیستەمێکی تافیی دووپەلکی هەیە، کە (ڕابردوو، داهاتوو)ە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لا ڕوون بێت، کە ئەم پێڕەوە دوو پەلکییە بۆ چاوگەکانی (بوون، هەبوون) بە پێچەوانەوەیە، چونکە پێڕەوەکە لەم دوو کارەدا بۆ: (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) جیادەکرێتەوە، ئەم دوو کارە لە ڕووی سیمانتیکییەوە دەربڕی (بار، بون/وجود، هەبوون)ی شتێک/کەسێکن، وەک نموونەکانی (١، ٢، ٣)ی خوارەوە، کە دەربڕی (بار)ێکن.

١١٤- ئازاد بووە مامۆستا. .... (ڕابردوو)

١١٥- ئازاد مامۆستایە. ..... ( ئێستا)

١١٦- ئازاد دەبێتە مامۆستا. ... (داهاتوو)

جگە لەم دوو کارە، سەرجەم کارەکانی تر لە زمانی کوردیدا، بۆ (نواندنی تافی (ڕانەبردوو – ئێستا) ئاوەڵکاری کات ئەو ڕۆڵە دەبینێت، لەمبارەیەوە (محەمەدی مەحوی) دەڵێت: " تافە سەرەکیەکانی پێڕەوی تافی کوردیی (ا) ڕابردوو و (ب) داهاتوون. تافی ئێستایی ناسراو بە >> ڕانەبردوو<<، کە لەگەڵ چرکەی قسەکردنی قسەکەردابێت، بە مۆرفێمەکانی شکاندنەوە پێکناهێنرێت، بەڵکو بە سینتاکسیی و بە یاریدەی ئاوەڵکرداریەکان دەردەبڕدرێت." (٢٠١٠: ٧٠).

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری پێڕەوی دووپەلکی تاف لە زمانی کوردیدا، پێویستە زاراوەکانی (تاف – tense) و (کات – time)، لە یەک جیابکەینەوە، چونکە هەریەکەیان سنورو مەودای تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە هەندێک لە سەرچاوە زمانەوانییە کوردییەکان، بە تایبەت ڕێزمانەوانە دێرینەکان، بۆ هەردوو بوارەکە هەر زاراوەی (کات)یان بەکارهێناوە، کە ئەمەش جۆرە تێکەڵییەک دروستدەکات، بۆیە " کات لە ڕێزمانا ئەبێ جیابکرێتەوە لە کاتی فیزیاویی چونکە لە زۆر حاڵەتا یەک ناگرنەوە." (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٩: ١٣٢)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو ناساندنی هەردوو زاراوەی (تاف – tense) و (کات-time)، هەوڵدەدەین هەر یەکەیان بناسێنین:

**تاف – tense:** کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە، پەیوەندییەکی جیاکەرەوەی ڕاستەوخۆی کاتە." (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٦٠)، یاخود " تاف ئەو کاتە گۆریەیە، کە هەمیشە بەکردارەوەیەو هەموو ناوەڕۆکەکەیشی لە مەودادایە." (محەمەدی مەحوی:٩٢:٢٠١٠)، کەواتە مەبەست لە (تاف) بریتییە لە تافی ڕوودانی کارێک لە کاتێکی دیاریکراودا، واتە ساتی ڕوودانی ڕووداوێک دەستنیشاندەکات و ئەرکی سەرەکیشی دانانی هەڵوێستە لە کاتدا، " تەوەرەی دەست نیشان کردنی کاتی ڕووداوێک، ئەو دەمەیە کە ئاخێوەر دەئاخێوێت: ئەگەر ڕووداوەکە هەر لە کاتی ئاخاوتنی ئاخێوەردا خەریک بێت ڕووبدات ئەوە دەبێتە کاتی ئێستا/نها، یان ئەگەر ڕووداوەکە پێش ئاخاوتنی ئاخێوەر ڕوویدابێت ئەوە دەبێتە ڕابردوو، یان ئەگەر ڕووداوەکە لە کاتی ئاخاوتنی ئاخێوەردا هێشتا ڕووی نەدابێت ئەوە دەبێتە داهاتوو." (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٨٧)، بۆ نموونە وەک ڕستەکانی (١، ٢، ٣):

١١٧- ئارام کتێبەکەی خوێندەوە. ...... (تافی ڕابردوو- پێش ساتی ئاخاوتن)

١١٨- ئارام هەرئێستا کتێب دەخوێنێتەوە. .... (تافی ئێستا – ساتی ئاخاوتن)

١١٩- ئارام کتێب دەخوێنێتەوە........ (تافی داهاتوو – دوای ساتی ئاخاوتن).

**کات – time:** ئەو خایاندنە (ماوە) duration، نیشاندەدات، کە هەڵویستێک/مەوقیفێک تێیدا – لە ڕابردوو یان لە داهاتوودا – ڕوودەدات، (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە)، واتە مەبەست لە کاتی فیزیکییە، کە دوێنێ و ئەمڕۆو سبەی دەگرێتەوە، یاخود مەبەست لەو کاتەیە، کە یەکەی پێوانی تایبەتی هەیە وەک (ماوە) بۆ خایاندنی ڕووداوی ڕووداوێک، بۆ نموونە ئەگەر پرسیار لەیەکێک بکرێت: (ئازاد بە چەند کاژێر لە کەرکوکەوە دەگەیتە سلێمانی؟)، لە وەڵامدا بگوترێت بە (١:٣٠) کاژێر، کەواتە ئەو کاژێرو نیوە ماوەی خایاندنی نێوان شارەکانی (کەرکوک و سلێمانی)یە، کە ئەمە (کات: time)ە، ئەوەی بۆئەم توێژینەوەیە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بریتییە لە (تاف) وەک کەتیگۆرییەکی ڕێزمانیی و پیشاندانی گرنگترین ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی، کە پێڕەوی تافی زمانی کوردیی بە پێی (ڕابردوو و داهاتوو) دەنوێنن، کە ئەوانیش بە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی تافی کار لە زمانی کوردییدا ناسراون.

## ٢/٢-٣-١) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی ڕابردوو:

لە زمانی کوردیدا، فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی /ا، د، ت، و، ی/، ئەلۆمۆرفەکانی تافی ڕابردووی کارن، کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە نیشانەکانی (چاووگ)، ناوبراون، واتە " لە هەر چاوگێکدا لە دوای لادانی ڕەگی کارو (ن)ی چاوگ، ئەو دەنگەی ئەمێنێتەوە (ت، د، ا، و، ی) مۆرفیمی کاتی ڕابردوە." (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥: ٩٧)، ئەم مۆرفیمانە، کە لەشێوەی (پیت)ێکدان لە کاری بکەردیاردا مۆرفیمی تافی ڕابردوو دەنوێنن و لە کاری بکەرنادیاریشدا تەنها فۆڕمی /ا/، وەک مۆرفێمی تافی ڕابردوو دەمێنێتەوە، هەروەها لەڕووی چالاکیی و سستیی ئەم مۆرفیمانەوە ناتوانین هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بکێشین، چونکە هەموویان هەمان ئەرکی ڕێزمانی دەنوێنن، کە ئەویش پیشاندانی تافی ڕابردووی کارە، بەڵام دەتوانین لەڕووی بەکارهێنانەوە چەند سەرنجێک بخەینەڕوو، واتە ئێمە پێمانوایە لە ڕووی بەکارهێنانەوە، مۆرفێمی/ا/ی تافی ڕابردوو، لەبەرئەوەی لە هەردوو چەشنەکاری (بکەردیار) (چاوگی ئەلفی)و بکەرنادیار)دا، مۆرفێمی تافی ڕابردووە، ئەمەش وادەکات مۆرفێمی /ا/، لە مۆرفێمەکانی تر زیاتر بەکاربهێنرێت، مۆرفێمی /و/ بە حوکمی ئەوەی کە (ناوی ڕووداو)، بەم مۆرفیمە بە ژمارە کەمن، لەڕووی بەکارهێنانەوە لە مۆرفێمەکانی تری تافی ڕابردوو ناچالاکترن و کەمتر بەکاردەهێنرێن، سەبارەت بە مۆرفێمەکانی /ت – د/ لەبەرئەوەی هەردووکیان یەک سازگەی دروستبوونیان هەیە و جیاوازییەکەیان تەنها لەڕووی گڕی و کپییانەوەیە، واتە ئەم دوو دەنگە "

بەپێی دابەشبوونی واچناسی[43] دابەش دەبن، دەنگی [ت] بەو ڕەگانەوە کەوا بە واچی ژێنەدار یان ژێداری گیر کۆتاییان هاتووە دەلکێت، دەنگی [د]یش بەس بە ئەو ڕەگانەوە کە بە واچی ژێداری هەراش کۆتاییان هاتووە دەلکێت." (بڕوانە:سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٩٥)، هەرلەبەرئەمەیە کە بە ئەلۆمۆرفی یەکتر دادەنرێن، وەک:( فرۆشت، بیست، کوشت، ڕشت، خوێند، ناردن – هنارتن، شاردنەوە – ڤەشارتن)، ئەمە جگەلەوەی، کە مۆرفیمی /د/، زۆرجار دەکرتێنرێت و گۆناکرێت، بە سفر دەنوێرێت، بۆ نموونە لە زاری کوردیی ژورودا، وەک ناوەکارییەکانی: (مرن، کرن، برن، خارن،...&)، دەکرێت لەڕێگەی ئامارکردنی سەرجەم (ناوەکارییە بنەڕەتی)یەکانەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانەمان زیاتر بۆ دەربکەوێت.

یاسای کاری ڕابردوو:

**ڕەگ + م.تاف + م.کەس (کلیتیکی بکەری) > یاسای بکەردیار**

١٢٠- سووت + ا + م > سووتام

١٢١- کڕ + ی + م > کڕیم

١٢٢- فرۆش + ت + م > فرۆشتم

١٢٣- مر + د + م > مردم

١٢٤- چ + وو + م > چووم

**ڕەگ + (ر) نادیاری+م.تاف+م.کەس (کلیتیکی بکەری) > یاسای بکەرنادیار**

١٢٥- فرۆش + ر + ا +م > فرۆشرام

## ٢/٢-٣-٢) مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی داهاتوو:

تافی داهاتوو، ئەو تافە دەگرێتەوە، کە ڕووداوەکەی دەکەوێتە دوای ساتی ئاخاوتنەوە، یاخود کاری داهاتوو " ڕانەبردوو ئەو کارەیە، کە پرۆتسێسی ڕوودانێک لە دەمی ئاخاوتن یاخود دوای ئاخاوتندا نیشان دەدات." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ١٩٢)، گرنگترین ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی، کە تافی داهاتوو دەنوێنن، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا، بەپێی چەشنی کار دەگۆڕێن، واتە ئەگەر چەشنی کارەکە بکەردیاربوو، ئەوا فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی دیاری نییەو

[43] واچ = فۆنیم: phonem

فۆرمەکەی (سفرە)، تەنها لەو کارانەدا نەبێت، کە مۆرفیمی تافی ڕابردووەکەی /ا/ە، واتە لە داهاتوودا مۆرفیمی تافی ڕابردوو دەگۆڕێت بە مۆرفیمی /ێ/، بەڵام ئەگەر چەشنی کارەکە بکەرنادیار بوو، ئەوا هەروەک چۆن مۆرفیمی /ا/، تەنها مۆرفێمی تافی ڕابردووە، بە هەمان شێوە مۆرفێمی /ێ/ش، تاکە مۆرفێمی تافی داهاتووە، لە بکەرنادیاردا، واتە نیشانەی تافەکە لە /ا/ی ڕابردوو، دەگۆڕێت بە /ێ/ی داهاتوو.

پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە مەرج نییە، بەردەوام گۆڕینی دەنگی [ ا بۆ ێ]، لەکاتی گۆڕینی تافی کارەکە لە ڕابردوو بۆ داهاتوو، ئەوا نیشانەی ئەوە بێت، ئەو گۆڕانکارییە پەیوەستە بە تافەوە، هەرچەندە هەندێک زمانەوان وای بۆدەچن، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین و پێمانوایە، لە هەندێک شوێندا ئەم گۆڕانکارییانە حاڵەتێکی فۆنۆلۆژییەو پەیوەندی بە تافەوە نییە، بۆ نموونە وەک: (ژمارد .... ژمێر، سپارد .... سپێر، ناشت .... نێژ)[44] ، چونکە لەم کارانەدا، دەنگەکانی /د، ت/، مۆرفیمی تافی ڕابردوون، نەک دەنگی /ا/ەکە، ئەو گۆڕانەی ڕووشیداوە حاڵەتێکی فۆنۆلۆژییە، بە بەڵگەی ئەوەی، کە لە نموونەی ئەم حاڵەتەمان لەگەڵ ناوەکانیشدا هەیە، نەک تەنها کار، وەک:

١٢٦- ماردین ......... مێردین.

١٢٧- ناو.......... نێو

١٢٨- پا .......... پێ

١٢٩- ڕابەر ..... ڕێبەر

هەروەها هەندێک زمانەوانی تر، ئەسپێکتی /دە-/، بە مۆرفیمی تافی داهاتوو، دادەنێن و یاسای کاری داهاتوو بەمشێوەیە دەخەنەڕوو:[45]

**تاف + ڕەگ + م.کەس (کلیتیکی بکەری).**

١٣٠- دە + خۆ + م

١٣١- دە + کڕ + م

---

[44] لەمبارەیەوە بڕوانە: (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥)، (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩).

[45] بڕوانە: (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠)، (محمد عومەر عەول:٢٠١٠)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤).

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی، کە /دە-/، مۆرفیمی تافی داهاتوو نییە، بەڵکو ئەسپێکتێکە، ئاماژەیە بۆ ساتی ڕوودانی تافی کارەکە، چ لە ڕابردوودا بێت، یاخود لە داهاتوودا، کە دواتر لە بابەتی ئەسپێکتەکانی کاردا دەیخەینەڕوو، بۆیە یاسای کاری داهاتوو بەمشێوەیەیەی خوارەوەیە:

**م.ئەرێیی (ئەسپێکت) + ڕەگ + م.تاف + م.کەس (کلیتیکی بکەری)**

١٣٢- دە + خۆ+ سفر + م > دەخۆم

١٣٣- دە + کڕ +سفر + م > دەکڕم

١٣٤- دە + چ + سفر + م > دەچم

١٣٥- دە + فرۆش + سفر + م > دەفرۆشم

١٣٦- دە + سوت +ێ + م > دەسوتێم ..... (مۆرفیمی تافی داهاتوو /ێ/یە، ئەگەر مۆرفیمی تافی ڕابردووەکە /ا/ بێت.

هەروەها یاسای کاری داهاتوو، لە چەشنی بکەرنادیار بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**م.ئەرێیی (ئەسپێکت) + ڕەگ + م.نادیاری+ م.تاف + م.کەس**

١٣٧- دە + فرۆش + ر + ێ + م > دەفرۆشرێم.

لە زمانی کوردی ناوەڕاستدا، بۆ دەربڕینی تافی ئێستا (ڕانەبردوو) واتە ساتی ئاخاوتن، وەک پێشتر خستمانەڕوو فۆرمێکی تایبەتی کار، یاخود تافێکی دیاریکراومان نییە، کە تایبەت بێت بە کاتی ئێستا، بۆیە بۆ دەربڕینی تافی (ئێستا – ڕانەبردوو)، ئاوەڵکاری کات بەکاردەهێنین، وەک:

١٣٨- ئارام کتێبی خوێندەوە....... تافی ڕابردوو/ پێش دەمی ئاخاوتن.

١٣٩- ئارام ئێستا/ هەرئێستا/وا کتێب دەخوێنێتەوە..... تافی ئێستا/دەمی ئاخاوتن.

١٤٠- ئارام کتێب دەخوێنێتەوە....... تافی داهاتوو/ دوای دەمی ئاخاوتن.

واتە بەپێی نموونەکانی (١٣٨، ١٣٩، ١٤٠)دا فۆڕمەکانی کاری کوردیی ناوەڕاست، تەنها بۆ دەمی (ڕابردوو، داهاتوو)، دەشکێنەوە، بەڵام لە (ناوی ڕووداو)ی وەک:(بوون و هەبوون)دا، ناوازەیی هەیەو فۆڕمەکانی ئەم دوو کارە بۆ هەرسێ دەمی (ڕابردوو – ئێستا – داهاتوو) دەشکێنەوە، لەمڕووەشەوە فۆڕمی /ە/، تەنها مۆرفیمی تافی (ڕانەبردوو – ئێستا)یە، کە لەکاتی گەردانکردنی کاری

(بوو) له کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت، لەم بارەیەشەوە کاری ئەمجۆرە ڕستانە پێویستی بە تەواوکەرێک هەیە، لە کەتیگۆرییەکانی: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار،...&)، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە دەربڕی واقیعێکی ڕاست، یاخود حاڵەتێک، یان بارێکی تایبەتە، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

بوون ............ ناوی ڕووداو

**یاسای ڕابردوو: (تەواوکەر + ڕەگ + م.تاف + م.کەس و ژمارە)**

١٤١- جوان + ب + وو + م

١٤٢- جوان + ب + وو + ین

١٤٣- جوان + ب + وو + ی

١٤٤- جوان + ب + وو + ن

١٤٥- جوان + ب + وو + سفر

١٤٦- جوان + ب + وو + ن

**یاسای ئێستا: (تەواوکەر + ڕەگ + م.تاف + م.کەس و ژمارە)**

١٤٧- جوان + سفر + سفر + م

١٤٨- جوان + سفر + سفر + ین

١٤٩- جوان + سفر + سفر + ی

١٥٠- جوان + سفر + سفر + ن

١٥١- جوان + سفر + ە + سفر

١٥٢- جوان + سفر + سفر + ن

**یاسای داهاتوو: تەواوکەر+ ئەسپێکتی ئەرێیی (دە) + (ڕەگ + م.تاف+ م.کەس و ژمارە)**

١٥٣- جوان + دە + ب + سفر + م جوان + دە + ب + سفر + ین

١٥٤- جوان + دە + ب + سفر + ی جوان + دە + ب + سفر + ن

١٥٥- جوان + دە + ب + سفر + ێت جوان + دە + ب + سفر + ن

گرنگترین مۆرفیمە گراماتیکییەکانی تافی کار لەم خشتەیەدا دەنوێنین:

| ڕابردوو | | ئێستا | داهاتوو | |
|---|---|---|---|---|
| بکەردیار | بکەرنادیار | بکەردیار | بکەردیار | بکەرنادیار |
| ا : سووتا | ا : فرۆشرا | ە : جوانە | ێ : دەکوڵێ | ێ : دەفرۆشرێ |
| د : مرد | | | سفر : دەچم | |
| ت : فرۆشت | | | | |
| وو : چوو | | | | |
| ی : فڕی | | | | |

خشتەی (١٤) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی تاف

## ٤-٢/٢) مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی (ئەسپێکتەکان):

پێشتر لە بابەتی (تاف)ی کاردا ئەوەمان خستەڕوو، کار بریتییە لە ڕووداوێک، یاخود حاڵەتێک کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، یاخود ڕوویداوە، یان باسکراوە، کە ئەمەش بە پێی تافی کارەکان چ ڕابردوو، چ داهاتوو مۆرفێمی تایبەتی تاف ئەم جیاکارییەی دەکرد، بەڵام زۆرجار قسەکەر دەیەوێت ساتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەستنیشان بکات، واتە کاتی ڕوودانی کارێک وردبکاتەوە، ئەم وردکردنەوەی کاتەش بە مۆرفیمەکانی (ئەسپێکتەکان) سپێرراون، واتە مۆرفیمەکانی دەمکات ساتی ڕوودانی ڕووداوێک دەنوێنن و دەیخەنەڕوو، بۆ نموونە کارەکانی: <خوارد، دەخوارد، خواردوە، خواردبوو>، لە ڕووی تافەوە هەموویان کاری ڕابردوون، بەڵام لە ڕووی دەمکاتەوە جیاوازن، بۆیە ئەم جیاوازییە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (دەمکات/ئەسپێکتەکان) دەیاننوێنن، کە ئەمە بۆخۆی بریتییە لە وردکردنەوەی کاتی ڕابردوو، بۆ نزیکترین خاڵی ڕوودانی ڕووداوەکە، دیارە مۆرفیمەکانی (دەمکات/ئەسپێکتەکان) بە پێی ڕووکار/ڕێژەی کارەکان جیاوازن، دیارە ڕووکاریش: " پۆلەڕەگەزێکی/کاتەگۆرییەکی ڕێزمانیی پێکهاتووی کرداریيە. قورسایی ڕووکار لەسەر ماوەی کردەیەکە بە دەستپێکردن، ناوەڕاست و کۆتاییەوەو ئاماژە بە توێکاری نێوان تەواوبوویی و ناتەواو-بوویی دەدات." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠:١٢١)، واتە " لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەسپێکت بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە، ئەوانیش بریتین لە تەواو و ناتەواو... ئەسپێکتی تەواو: تەواوبوونی کردەی کارەو ئەسپێکتی ناتەواویش

درێژبوونەوەی کردەی کارە بێ دەستنیشانکردنی کۆتاییەکەی." (دلێر سادق کانەبی وهاوکار عمر خدر :٢٠١٧: ٤٨)، یاخود دەکرێ بوترێت ئەسپێکت " بریتییە لە ڕووانگەی ئاخێوەر لەبارەی تەواو و ناتەواو بوونەوە. مەبەست لە تەواو ئەوەیە کە کردارەکە دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هاتنی دیاری کرابێت، مەبەست لە ناتەواو ئەوەیە کە بەس ناوەڕاستی کاتی ڕووداوەکە واتە بەردەوام بوونەکەی تیشکی خرابێتەسەرو ئیدی دەستپێک و کۆتایی دیاری نەکرابێت." (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ١٠٢)، هەربۆیە دەتوانین بڵێین لە زمانی کوردیدا بۆ جۆری یەکەم - ئەسپێکتی تەواو وەک کارەکانی: (ڕابردووی نزیک، ڕابردووی دوور، ڕابردووی تەواو)، بەڵام جۆری دووەمیان - ئەسپێکتی ناتەواو وەک کاری (ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوام)، هەر لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدەدەین بە پێی هەردوو ڕووکاری: (١- ڕاگەیاندن/دڵنیایی، ٢- مەرج و خۆزگەو دانانی/نا- دڵنیایی)، گرنگترین مۆرفیمە بەندەکانی (دەمکات/ئەسپێکتەکان) بخەینەڕوو:

## ٢/٢-٤-١) ئەسپێکتەکانی: (ڕووکاری ڕاگەیاندن/دڵنیایی)[46]:

لەم ڕووکارەدا کار ئاماژەیە بۆ ڕاستییەک، واتایەکی چەسپاو و واقعی لە مێشک و هەستی قسەکەردا (ڕاست بێت یان درۆ)، دوور لە خۆزگەو ئاوات شیاوی ڕوودان و ڕوونەدان" (ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣: ٦٧)، گرنگترین شت لە ڕووکاری ڕاگەیاندن/دڵنیاییدا، بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرامبەر بە واقیع و هەبوونی ڕووداوێک لە تافێکی دیاریکراودا، کە دەگونجێک ئەو ڕووداوە، یاخود ئەو زانیارییە ڕووبدات، یان ڕوونەدات لە ڕووی ڕاستییەوە ڕاست یان درۆ بێت، واتە لەمجۆرە ڕووداوەدا قسەکەر قسە لەسەر بویەرێکی واقعی دوور لە هەست و سۆزو خۆزگەو ئاوات دەکات، کە شایانی ڕوودان یان ڕوونەدانە و هەڵگری ڕاستییەکە، هەربۆیە گرنگترین ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی، کە لە ڕووکاری (ڕاگەیاندن/دڵنیایی)دا، بەپێی تافی کار (ڕابردوو و داهاتوو) دەوریان هەیە، بریتین لە ئەسپێکتەکانی دەمکاتی کار، کە بەپێی تافی کارەکە دەیانخەینەڕوو:

**یەکەم/ ئەسپێکتی ڕابردووی نزیک:** ئەم ڕووکارە ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە ڕووداوەکەی لەڕابردوودا تەواوبووە و بڕاوەتەوە، بەڵام پەیوەست بە قسەکەرەوە

---

[46] لە بنەڕەتدا بابەتی (ئەسپێکت – مۆرفیمەکانی ڕووکار/دەمکات) و (ڕێژە – mood)، جیاوازن لە یەکتر، چونکە ئەسپێکت لە زمانی کوردیدا بۆ ڕووکاری: (تەواوبوویی و ناتەواوبوویی) جیاکراونەتەوە، کە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دیاننوێنن و ئێمەش باسی ئەم بابەتەمان کردووە، کە پەیوەستە بە ڕۆڵی مۆرفیمە بەندە گراماتکییەکانەوە، بەڵام (ڕێژەی کردار)، کە لە زمانی کوردیدا بۆ ڕێژەکانی: (هەواڵیی، دانانیی، فەرمانی) پۆلێنکراون، لەبەرئەوەی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە فۆڕمێکی بەندی ڕێزمانی نییە، کە ڕێژە نوێن بێت بۆیە ئێمە تیشکمان نەخستووتەسەر ڕێژەی کردار. ڕێژەش بەمشێوەیە پێناسە کراوە: " هەر گوزارەو مژارێک کە ئاخێوەر لێیدەدوێت دوو حالەتی هەیە: ئەگەر بەپێی ڕوانگەی ئاخێوەر ڕاستەقینەو واقیعی بێت و ئاخێوەر خۆی لێی دڵنیابێت و بە دڵنیاییەوە بیگێڕێتەوە ئەوە ڕێژەی ڕاستەقینەیی/دڵنیایی پێدەڵێن. بەڵام ئەگەر ئاخێوەر لە ئەنجامی ئەو گوزارەو مژارە نادڵنیا بێت و بە گومانەوە بیگێڕێتەوە یان هەر نا واقعی و ناڕاستەقینە بێت و بەس بەرهەمی خەیاڵ و هەست دەربرینی ئاخێوەر بێت ئەوە ڕێژەی ناڕاستەقینەیی/گوماناوی پێدەڵێن." (سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ١٠٨).

بەکارهێنانی فۆڕمی کار، بەشێوەی (ڕابردووی نزیک)، لەو کاتانەدا دەبێت، کە ڕوودانی ڕووداوەکە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور ناگەڕێتەوە، واتە دەتوانین بڵێین ڕابردوویەکی نزیکە، یاسای ڕۆنانی ئەمجۆرە کارەش بریتییە لە:

**ڕەگ + م.تافی ڕابردوو + م.دەمکات + م.کەس > کاری ڕابردووی نزیک**

١٥٦- خوار + د + سفر + م > خواردم.

١٥٧- سوت + ا + سفر+ م > سووتام.

**دووەم/ ئەسپێکتی ڕابردووی بەردەوام:** ئەسپێکتی بەردەوامی بریتییە لەو ئەسپێکتە ڕێزمانییەی کە ناتەواویی (بەردەوامی) تەواوی و درێژبوونەوەی کاتی ڕوودانی کار دەگەیەنێت." (دلێر سادق کانەبی و هاوکار جمعە:٢٠١٧: ٤٨)، واتە رووکاری ڕابردووی بەردەوام، ئەو ڕووکارەیە، کە ڕوودانێک، ڕادەگەیەنێت، لە ڕابردوودا دەستیپێکردووە، بەڵام تا دەمی ئاخاوتن ڕووداوەکە بەردەوامییەتی هەیە، واتە گێڕانەوەی ڕووداو/حەدەسێکە کە لە ڕابردوودا دەستیپێکردووە، بەڵام ڕووداوەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بەیانی زوو، کاژێر (٦) لەماڵ دەربچێت و ببینێت دایکی لە ماڵەوە نان دەکات، کەسێکی تر لە کاژێر (١٢) بیبینێت و لێی بپرسێت (دایکت چیدەکات؟)، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێت: >>کە من هاتم، نانی دەکرد.<<، یاخود باس لە پرۆسەی بەردەوامبوونی کارێک دەکات، بۆ نموونە: >> کە من وانەم دەخوێند، ئەویش تەماشای تەلەفزیۆنی دەکرد.<<.

کەواتە " کەرەستەی بنەڕەتیی فۆڕمی کاتی ڕابردووی بەردەوام بریتییە لە نیشانەی (دە/ئە) و قەدی کارو جێناوی لکاو." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ٢٠٣)، یاسای ڕۆنانی کاری ڕابردووی بەردەوامیش بریتییە لە:

**ئەسپێکتی (دە) +م.کەس + ڕەگ + م.تاف، یاخود (دە) + ڕەگ + تاف + کەس**

١٥٨- دە + م + خوار + د > دەمخوارد           دە + سوت + ا + م > دەسوتام

**سێیەم/ ئەسپێکتی ڕابردووی تەواو:** ڕابردووی تەواو ئەو کارە ڕابردووانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە کارەکە واتای حاڵەت دەردەبڕێت، بۆ نموونە >نوستوە< واتە کەسێک، کە لە حاڵەتی (نوستن)دا بێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی ئەسپێکتی ڕابردووی تەواو ئەوەیە، کە ئەو ماوەیە بخاتەڕوو، کە لەنێوان ڕوودانی ڕووداوێک و ساتی ئاخاوتن لەسەر ئەو ڕووداوە هەیە، بۆئەوەی مانەوەی کاریگەری ئەو ڕووداوە لەسەر قسەکەر تا دەمی ئاخاوتن ڕوونبکاتەوە، دیارە دەربڕینی فۆڕمی ڕابردووی تەواویش لە ڕێگەی ئەسپێکتی /ە/وە دەبێت،

کە واتای " مانەوەی کاریگەری کردە" (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠:١٧٨) دەگەیەنێت، هەربۆیە یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بریتییە لە:

**ڕەگ + م.تاف +م.ناوی بەرکار+ م.کەس + م.ئەسپێکتی تەواویی**

١٥٩- خوار + د + و + م + ه > خواردومە

١٦٠- نووس + ت + و + م +ه > نووستومە

**چوارەم/ ئەسپێکتی ڕابردووی دوور:** ئەم مۆرفیمە، بۆ پیشاندانی، کاری ڕابردووی دوور بەکاردێت، ... واتە بۆ پیشاندانی ڕوودانی کارەکە لە دوورترین کاتی قسەکردنەوە. (شیروان حوسێن حەمەد:٢٠١٤: ١٩٣)، کەواتە کاری /بوو/، کە لێرەدا وەک ئەسپێکتی ڕابردووی دوور ڕۆڵدەبینێت، ئەرکی پیشاندانی ڕووداوێکی ڕابردووە، کە لە مەودایەکی دووردا پەیوەست بە دەمی ئاخاوتنەوە ڕوویداوە، هاوکات فۆڕمی /بوو/، لە بنەڕەتدا مۆرفیمێکی ناسادەیە و لە (ڕەگی کار و مۆرفیمی تاف)، واتە لە (ب + وو)، پێکهاتووە، چونکە لە ناوی ڕووداوی (بوون)ەوە وەرگیراوە.

یاسای ڕۆنانی کاری ڕابردووی دوور:

**ڕەگ + م.تاف + م.دەمکاتی ڕابردووی دوور " ڕەگی بوون + م.تاف" + م.کەس**

١٦١- خوار + د + " ب + وو " + م > خواردبووم

١٦٢- نووس + ت + " ب + وو " + م > نووستبووم.

## ٢/٢-٤-٢) ئەسپێکتەکانی: (ڕووکاری مەرج و خۆزگەو دانانی/نا- دڵنیایی):

ڕێژەی گومانی بە گشتیی چەشنێکی ناواقیعیی بۆ کردەیەک نیشاندەدات." (محەمەدی مەحوی:١٦٤:٢٠١٠)، ئەمجۆرە ڕووکار/ڕێژەیە، هەر لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت، کە ڕوودانی کارەکە لە شێوەی مەرج و خۆزگەو (دانان – احتمال)دایەو جۆرێک لە نا – دڵنیایی/ناواقیعیی لە ڕوودانیدا لەلای قسەکەر بۆ ئەمجۆرە کارە هەیە، بۆیە ناوی بە کاری گومانیی و نا-دڵنیایی، یاخود نا-ڕاستەقینەیی ڕۆیشتووەو زیاتر ویست و ئارەزو حەزو تێڕوانینی ئاخێوەر بۆ ڕوودانی کردەکە دەردەبڕێت، بیریشمان نەچێت، کە ڕووکار بریتییە لە " هەڵوێست و بۆچوونی قسەکەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەوەی، کە دەیڵێت، نیشان دەدات." (دلێر صادق کانبی:٢٠١٥: ١١٠)، هەربۆیە لەمجۆرە ڕووکارەشدا هەستی قسەکەرو بۆچوونی قسەکەر سەبارەت بە نادڵنیایی و ئەگەرو خۆزگەی ڕوودانی

ڕووداوێک/کردەیەک دەخاتەڕوو، هەربۆیە بۆ دەربڕین و پیشاندانی لایەنی ڕێزمانی دەمکاتە جیاوازەکانی ڕووکاری ئەگەریی لە تافی ڕابردوودا، بە پێی دەمکاتە جیاوازەکان چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانیمان هەیە، کە کاری (بوو) بنەڕەتیی مۆرفیمەکانی دەمکاتە جیاوازەکانی ڕێژەی (دانانی)یە، واتە " کاری بوون، تاکە کارێکە، کە وەکو کاری یاریدەدەری ڕێژەساز لە زمانی کوردیدا بەکاردێ و چەندین ڕێژەی جیاواز دروست دەکات." (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٩)، دیارە بۆ دەربڕینی ئەو ڕێژە جیاوازانەش چەندین فۆڕمی ڕێزمانی وەک (ئەسپێکت)ی دەمکاتەکانی: (ڕابردووی نزیک، ڕابردووی تەواو، ڕابردووی بەردەوام، ڕابردووی دوور)، ئەو ڕۆڵە دەبینن، بێگومان فۆڕمی سەرەکی ئەم ئەسپێکتانەش هەروەک پێشتر خستمانەڕوو لە ڕەگی ناوی ڕووداوی (بوون)ەوە هاتوون، کە مۆرفیمی تەوەرەیی /ب-/ە و بە پێی دەمکاتە جیاوازەکان لە تافی ڕابردوودا فۆڕمی جیاواز (ئەسپێکتی جیاواز)یان هەیە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ ئەسپێکتی /با-/ لە دەمکاتی ڕابردووی نزیکدا:** ئەم ئەسپێکتە تایبەتە بە کاری ڕابردووی نزیک لە ڕووکاری (گومانیی/نا-دڵنیایی)داو یاسای ڕۆنانی ئەمجۆرە کارەش بریتییە لە:

**ڕەگ + م.تاف + ئەسپێکتی دەمکات + م.کەس و ژمارە**

١٦٣- خوار + د + با + م > خواردبام.

١٦٤- ها + ت + با + م > هاتبام.

**دووەم/ ئەسپێکتی /ب-/، یاخود /بێت-/ لە دەمکاتی ڕابردووی تەواودا:** فۆڕمی سەرەکی ئەسپێکتی ڕابردووی تەواو لە ڕووکاری (گومانیی/دانانی)دا بریتییە لە /ب-/، کە یاسای ڕۆنانی کارەکە بەمشێوەیەیە:

**ڕەگ + م.تاف + ئەسپێکتی دەمکات + م.کەس و ژمارە**

١٦٥- خوار + د + ب/بێت + م > خواردبم / خواردبێتم.

١٦٦- ها + ت + ب/بێت + م > هاتبم / هاتبێتم.

**سێیەم/ ئەسپێکتی /ب...با-/، یاخود /ب...ایە-/ لە دەمکاتی ڕابردووی بەردەوامدا:** فۆڕمی بنەڕەتی ئەسپێکتی ڕابردووی بەردەوام، لە ڕووکاری (گومانیی/دانانی)دا بریتییە لە /ب...با-/، واتە لە فۆڕمی مۆرفیمێکی (پچڕپچڕ)دایە، بەڵام فۆڕمی

/ب....ایە-/شمان لە هەندێک ناوچەدا هەیە، وەک ناوچەی سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا فۆڕمی /ب...با-/، بنەڕەتییە و یاسای ڕۆنانی ئەمجۆرە کارەش بریتییە لە:

**ئە. دەمکات + م.کەس و ژمارە + ڕەگ + م.تاف + ئە. دەمکات** > کاری تێپەڕ

١٦٧- ب + م+ خوار + د + با/ایە > بمخواردبا / بمخواردبایە

**ئە.دەمکات + ڕەگ + م.تاف + ئە. دەمکات + م.کەس و ژمارە > کاری تێنەپەڕ**

١٦٨- ب + ها + ت + با + م > بهاتبام /بهاتمایە

ئەگەر تێبینی بکەین، یاسای ڕۆنانی کاری ڕابردووی بەردەوام لە ڕووکاری ئەگەرییدا، لەگەڵ یاساکانی دەمکاتی (سادەو تەواو)دا جیاوازە، هاوکات یاسای ڕۆنانی ئەم کارە بەپێی هێزی کار (تێپەڕی و تێنەپەڕی)ش جیاواز مامەڵە دەکات.

**چوارەم/ ئەسپێکتی /بوو...با/، لە دەمکاتی ڕابردووی دووری دانانیدا:** ئەم دەمکاتە ئاماژە بە ڕوودانی کار دەکات، لە ڕابردوویەکی دووردا، پەیوەست بە ئێستاو ساتی ئاخاوتنەوە، بۆیە لە کاری یاریدەدەری (بوو) لەگەڵ ئەسپێکتی /با-/دا فۆڕمی ئەسپێکتی /بوو...با/، دروستدەبێت، کە ئاماژە بە ئەگەرێتی ڕوودانی کارێک دەکات لە ڕابردوویەکی دووردا، یاسای ڕۆنانی ئەمجۆرە کارەش بریتییە لە:

**ڕەگ + تاف + ئەسپێکتی دەمکات > ک.ڕابردووی دووری دانانی**

١٦٩- خوار + د + بووبا > خواردبووبا.

١٧٠- خەو + ت + بووبا > خەوتبووبا.

## ٢/٢-٥) ئەسپێکتەکانی ئەرێیی کار:

کار لە زمانی کوردیدا، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی کردن و نەکردنەوە، پێڕەوێکی دوو پەلکیی/دووفلیقانەیی هەیە، واتە کارەکە لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، دەکرێ لە باری (ئەرێ)دا بێت، یاخود لە باری (نەرێ)دا بێت، دیارە سەبارەت بە (نەرێکردن/ناکردن)ی کار، ئێمە پێشتر گرنگترین فۆڕمە گراماتیکییەکانی ئەم پۆلەمان خستەڕوو، بە جیا باسی هەریەکەیان و یاسای کارکردنیانمان کرد، کە ئەوانیش مۆرفیمەکانی: /نە-، نا-، مە-، نی/، بوون، ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت باسیان بکەین، بریتییە لە خستنەڕووی مۆرفیمەکانی (ئەرێیی کار)، کە بە ئەسپێکتەکانی (ئەرێیی) ناومان بردوون، دیارە ئەم ناونان و

پۆلێنکردنەیان لەسەر بنەمای کردەیەکی زمانیی دروستەکارەکانە، کە ئەویش لەبریدانان/ پەیوەندی پارادیگماتیکییە، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ئەم کارانەی خوارەوە:

١٧١- دە + خۆ + م > کاری داهاتووی ئەرێیی لە ڕووکاری هەواڵییدا.

١٧٢- نا + خۆ + م > کاری داهاتووی نەرێیی لە ڕووکاری هەواڵییدا.

١٧٣- ب + خۆ + م > کاری داهاتووی ئەرێیی لە ڕووکاری دانانییدا.

١٧٤- نە + خۆ + م > کاری داهاتووی نەرێیی لە ڕووکاری دانانییدا.

١٧٥- ب + خۆ + سفر > کاری داهاتووی ئەرێیی لە ڕووکاری فەرمانییدا.

١٧٦- مە + خۆ + سفر > کاری داهاتووی نەرێیی لە ڕووکاری فەرمانییدا.

ئەگەر بە وردی سەرنجی نموونەکان بدەین، ئەوا چۆن، مۆرفیمەکانی /نا-، نە-، مە-/، مۆرفیمی ڕێزمانی ناکردنی کارن بەپێی (تاف و ڕووکار)ی کارەکەو ناونراون، مۆرفیمەکانی بواری ناکردنی کار، هەربەو شێوەیەش مۆرفیمەکانی: /دە-/ی تافی داهاتوو، /ب-/ی دانانی و /ب-/ی فەرمانی/، ناودەنێین (مۆرفیمەکانی/ئەسپێکتەکانی ئەرێیی کار)، نەک ئەوەی هەندێک زمانەوان، بە تایبەت مۆرفیمی /دە-/، بە نیشانەی تافی داهاتوو ئەژماردەکەن، لە ڕاستییدا وەک پێشتریش لە باسی تافی کاردا لەم نامەیەدا ئەوەمان خستووەتەڕوو، کە مۆرفیمی تافی کار لە داهاتوودا، بەشێوەیەکی گشتی فۆڕمەکەی (سفر)ەو دەرناکەوێت، هەرچەندە لە چەند حاڵەتێکی کەمیشدا دەردەکەوێت، هەربۆیە ئەم مۆرفیمانە: (/دە-، ب-، ب-/)، مۆرفێمی (ئەرێیی کار)ن، وەک ئەسپێکتی کار لە تافی داهاتوودا لە کاردان، لەمبارەیەوە فۆڕمی /دە-/، کە تایبەتە بە تافی داهاتووی ڕووکاری هەواڵیی، هەڵگری واتای دڵنیایی و ڕاستەقینەییەو بووەتە هۆی ئەوەی، کە ڕووکاری کارەکە ڕووکارێکی ناتەواوبوویی و ڕاستەقینەیی و دڵنیایی ببەخشێت، هاوکات فۆڕمی /ب-/ی نا- دڵنیایی، ئەسپێکتێکە، دەربڕی ڕووکاری دانانی، یاخود نا-دڵنیایی و ناڕاستەقینەیی و ڕوودانی ڕووداوەکە لە حاڵەتی ئەگەریی و مەرجی و خۆزگەییدا دەهێڵێتەوە، واتە بە جۆرێکی تر دەربڕی هەستی ئاخێوەرە، مۆرفێمی /ب-/ی ڕووکاری فەرمانی، ئەمیش ئەسپێکتێکەو ئاماژە بە فەرمان و داوای قسەکەر لە گوێگر دەکات بە جێبەجێکردنی کارێک، لە شێوەی فەرمانی دابڕ، یاخود داواو داخوازییدا.

وەک لە ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بۆمان دەرکەوت، هەرسێ فۆرمی /دە-/ لە >دەخۆم، دەچم، ....&<داو > /ب-/ لە > بخۆم، بچم، بکڕم،...&< داو /ب-/ لە > بخۆ، بچۆ، بفرۆشە، ...&< دا، ئەسپێکتەکانی (ئەرێیی) کارن، لە زمانی کوردییداو بە پێی ڕووکاری (دڵنیایی و نا-دڵنیایی)، لەگەڵ ڕێژەکانی: (هەواڵیی، دانانیی، فەرمانیی)دا لە تافی داهاتوودا دێن.

لە ئەنجامی کردەی (بە بەرامبەرکردن و لەبریدانانی) مۆرفیمەکانی بواری (ئەرێکردن و نەرێکردنی) کار لە تافی داهاتوودا، دوو دەستە مۆرفیمی ڕێزمانیمان دەستدەکەوێت، کە هەردوو دەستەکە هەمان شوێنیان لە کاردا هەیەو پێڕەویی لەیەک یاسای سینتاکسی دەکەن، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**م.ئەرێیی/نەرێیی کار + ڕەگ + تاف + م.کەس و ژمارە**

**١٧٧- دە/نا + فرۆش + سفر + م > دەفرۆشم/نافرۆشم. (ڕووکاری هەواڵی).**

**١٧٨- ب/نە + فرۆش + سفر + م > بفرۆشم/نەفرۆشم. (ڕووکاری دانانیی).**

**١٧٩- ب/مە + فرۆش + سفر + ە > بفرۆشە/مەفرۆشە. (ڕووکاری فەرمانی).**

# بەشی سێیەم

# چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان

## ١/٣) مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو

### ١/٣-١) پەیوەندی زمان و گۆڕانەکانی کۆمەڵ:

کاتێک ئێمەی مرۆڤ شاهیدی ئەو هەموو گۆڕانە خێرایەی نێو کایە جیاوازەکانی ژیانین، لە هەموو بوارەکاندا، جاری وایە مرۆڤ لەتوانستیدا نییە چ لەڕووی کاتەوە، چ لەڕووی ماددیی و ئابوورییەوە بێت دەستی بە هەموو ئەم گۆڕانانە ڕابگات، بۆیە ناچاردەبێت جۆرێک لە دواکەوتنی پێوەدیاربێت، مرۆڤ بەسروشت وایە، لەسەرجەم بوارەکانی ژیانییدا حەزو ئارەزوی لە نوێبوونەوەو گۆڕانکارییە، دەیەوێت لەڕێگەی ئەو هەوڵ و تێکۆشان و تەلاشە بێوچانەیەوە لە پێناوی گۆڕان و گۆڕانکارییدا جێدەستی دیاربێت و نەخشی ژیانی داهاتووی بەشێوازێکی باشتر بکێشێت و خۆی لە هەموو ئەو بارو سترێسانە ڕزگاربکات، کە وای لێدەکەن ڕێگەی بەرەوپێشچوون و گۆڕانی لێبگرن، هەر لەم ڕووەشەوەیە، کە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی بەهێزو تەواوکارانە لەنێوان زمان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، هەربۆیە " بەپێی کارەکانی چۆمسکی و قوتابخانەکەی هەر گۆڕانێک کە لەزماندا ڕوودات بەستراوە بە توانای مرۆڤەوە کە بەهۆی چالاکی قسەکردنەوە ڕوودەدات." (عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد:١٩٩٠: ١٢)، هەرلەمبارەیەوە (ساپیر)ی زمانەوان پێی وایە: " زمان دیاردەیەکی دینامیکی گۆڕاوەو بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت." (یوسف شەریف سەعید:٢٠١٢: ٦٦)، هەر لەمڕووەشەوە (وریا عومەر ئەمین) دەڵێت: " زمان دیاردەیێکی مەنگ و وەستاو نییە. سیستەمێکی دینامیکییە. هەرگیز وەک خۆی نامێنێ. هەمیشە، لە هەموو ئاستەکانیدا (فۆنەتیکی – فۆنۆلۆجی – مۆرفۆلۆجی – سینتاکسی – سیمانتیکی – پراگماتیکی) لە جووڵەو گۆڕینێکی بەردەوامدایە." (٢٠١٤: ٧)، جا گۆڕانەکانیش بەپێی تایبەتمەندیی بواری کارکردن و ڕادەی توانست و لێهاتوویی بزوێنەری گۆڕانەکان، چ بزوێنەری مرۆیی، یان پاڵنەری سروشتی و کۆمەڵایەتی بن، ئەمانە هەموو ڕۆڵ و دەوریان لە نەخشکردنی گۆڕانەکاندا هەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مرۆڤ، کە ویستی گۆڕانکارییە لەژیانی تایبەتی و گشتییدا، لەو شوێنانەوە دەستپێدەکات، یان دەست بۆ ئەو جومگانە دەبات، کە پێیوایە پێویستیان بە نوێبوونەوەو گۆڕان هەیە، جا جومگەکان، جومگەی (جڤاکیی، ڕامیاریی، ئابوریی، ڕۆشنبیریی، پەروەردەیی، ئاینیی،...&)بن، بۆیە لە هەموو ئەم گۆڕانانەشدا ئەوەی پەیوەستە بەزمانەوە بریتییە لە پێناسەکردن و ناونان و دەربڕینی گۆڕانەکان، یاخود بەجۆرێکی تر کاری زمان بریتییە لەخاڵ

خستنەسەر پیتی گۆڕانەکان، هەربۆیە لێرەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زمان و کۆمەڵ و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا دێتە ئاراوە، چونکە " زمان هێزێکە خۆی لە گۆڕاندایەو تەنانەت زۆرجار بەپێی ئەو کەشەی تێیدا بەکاردێت گۆڕانی بەسەردا دێت." (قەیس کاکل: ٢٠١٢: ١٥٤)، هەروەها سەبارەت بەو گۆڕانانەی، کە لەزماندا ڕوودەدەن، بەپێی بیردۆزەی " وزە بەفیڕۆنەدان، هەموو ئەو گۆڕانانەی، کە لە زماندا ڕوودەدات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی کە لەمرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین، بەواتایەکی تر هەموو گۆڕانێک بەمەبەستی سووککردنی ئەم ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن." (سەرچاوەی پێشوو:١٣).

چەمکی گۆڕان چەمکێکی چالاک و زیندووە لەبواری زمانناسیداو توند بەم کایە گرنگەوە گرێدراوە، لەبەرئەوەی " زمان وەک زۆربەی دیاردە سروشتییەکان، بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام گۆڕانکاریی بەخۆوە دەبینێت." (شادمان سالار نەریمان:٢٠٠٨: ٢٢)، هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە " زمانەکان ملکەچی دەستوورو یاساکانی زمانگۆڕکێی مێژوویی زمانن و کەرەستەو بابەتی ئەو گۆڕانکارییانەن لەو ڕووەوە تیۆری ڕوونکەرەوە دەربارەی گۆڕینی زمان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەدەست دەخەن." (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ٧٠)، هاوکات ئەوەی وا دەکات، کە گۆڕان لەزماندا وەک شتێکی حەتمی و پێویستی لێبێت بریتییە لەگەشەو گۆڕانی زمان لە لایەک و گەشەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە، واتە بەگشتی لە زماندا دوو جۆرە گۆڕان ڕوودەدات، کە گۆڕانێکیان لەدەرەوەی زمانەو فاکتەری نازمانی کاریگەریی لەسەر دروستدەکات، بۆ نموونە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕووی (ئایینی، ڕامیاریی، ڕۆشنبیریی، زانستیی، ژینگەیی، ...&) زمان ناچاردەکات، کە خۆی بەپێی ئەو کەش و بارودۆخە نوێیە بگونجێنێت، گۆڕانەکەی تریان بەپێچەوانەوە شەپۆلەکەی لە ناوەوەیەو پاڵنەرەکانی، پاڵنەری (خودیی/زاتی)ن، واتە زمانەوانیین، جا ئەم گۆڕانانەش بەپێی ئاستە جیاوازەکانی زمان، لەوانە (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی)، دەگۆڕێت، ئەوەی لەم ڕووەوە زیاتر کاریگەری گۆڕانی پێوەدیارە ئاستی وشەو فەرهەنگی زمانە، چونکە ڕاستەوخۆ گۆڕانە نازمانییەکان دەبنە هۆی شڵەقاندنی فەرهەنگ، ئەویش بە لەدایکبوون و هاتنەناوەوەی کەرەسەو داتای نوێی زمانیی، ئەم جۆرە گۆڕانانەی زمان دەمانبات بەرەو ئەوەی، کە بڵێین گەشەو گۆڕانەکانی زمان پێویستن، چونکە ئەوە ئەو جۆرە بزوتنەوەو چالاکییەیە، کە وادەکات زمان بەزیندوویەتی بمێنێتەوە و لەگەڵ بویەرو واقیعە نوێیەکاندا توانای هەڵکردنی هەبێت، هەربۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێین پەیوەندی نێوان زمان و

گۆڕانەکانی کۆمەڵ پەیوەندییەکی تەواوکەرانەیەو هەردوو جەمسەرەکە، چ کۆمەڵ و چ زمانیش پێویستیان بە یەکتر هەیە، کۆمەڵ لەو ڕووەوە پێویستی بە زمان هەیە، بۆ دووبارە بیناکردنەوەی کەسێتی خۆی و گەشەسەندنی هزرو بیریی، تا لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییە جڤاکییەکان لەسەر بنەمایەکی زانستیی و سەردەمیانە ئاوا بکات، هەروەها زمانیش پێویستی بە کۆمەڵ و گۆڕانەکانی دەبێت، تا وەک زمانێکی زیندو بمێنێتەوە بەپێچەوانەوە دەبێتە زمانێکی مردوو، مەگەر تەنها لە دووتوێی نوسراو و فەرهەنگەکاندا وشە و کەرەسەی زمانیی بمێنێتەوە.

پاش خستنەڕوی پەیوەندی نێوان چەمکەکانی (زمان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی)، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە پەیوەندییەکی تەواوکەرانە لەنێوانیاندا هەیە، چونکە کۆمەڵ لە سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیاندا بەردەوام لە گۆڕان و نوێبونەوەدایەو لەهەوڵی باشتر کردنی ژیان و پێداویستییەکانی ژیان دایە، بێگومان زمانیش وەک ئەبزارێکی گرنگ بەدەست تاکەکانی کۆمەڵ و بۆ دروستکردنی پەیوەندی و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی و بەردەوامیەتدان بە ژیان و مانەوەی وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە زمان هەیە، دیارە زمانیش بۆ هەڵکردن و مانەوەی لەناو کۆمەڵدا پێویستی بە داڕشتن و دروستکردن و وەرگرتنی داتای نوێی زمانی هەیە، کە ئەوانیش خۆیان لە وشەکانی زماندا دەبیننەوە، هەربۆیە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ چەندین ڕێگەی جیاواز دەگیرێتەبەر بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی و کەلێن و بۆشایی فەرهەنگی زمان و دابینکردنی پێویستی ئاخێوەران، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە ئێمە هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و ڕێگەیانە بخەینەڕوو، کە دەوریان هەیە لە زەنگینکردنی گەنجی وشەی زمانەکەمانداو وشەی پێویست بۆ ئاخێوەری کوردزمان لەڕێگەیانەوە دابیندەکرێت، لەمڕووەشەوە هەردوو پرۆسەی (لێکدان و داڕشتن) دوو پرۆسەی گرنگی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگین بۆ دروستکردنی وشەی نوێی زمانیی و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری زمان لە وشەی پێویست.

لە هەمانکاتدا پێویستە ڕۆڵ و کاریگەریی فاکتەرێکی گرنگی وەک (جیهانگیریی – Globalisation)مان لەبیرنەچێت، کە بەشێوەیەکی گشتی لە دەورو چالاکیی پرۆسەی بەرهەمهێنان و داڕشتنی وشەی نوێیان لە ڕێگەی ئەفێکسەکانەوە کەمکردووەتەوە، چونکە لە ئێستادا بەهۆی کرانەوەی جیهان و تێکەڵبوونی کلتوورەکان و ئاسانی هۆیەکانی گواستنەوەو پەیوەندییکردنەوە، ڕۆژانە ئەو ئامێرو کەلوپەل و شتە جیاوازانەی، کە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەرهەمدەهێنرێن و دروستدەکرێن و دادەهێنرێن هەموویان لە زمانی یەکەمدا ناوی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە لەگەڵ هێنانیان بۆناو زمانی دووەم نەک تەنها کەرەسە

ماددییەکە، یاخود بیرۆکەکە، بەڵکو ناوەکەشی بەهەندێک گۆڕانکاریی فۆنۆلۆژیی و ڕێنوسییەوە، یاخود بەبێ دەستکاریی دێنە زمانەوەو ئاخێوەری زمانی دووەمیش بەکاریدەهێنێت و پاش ماوەیەک وەک وشەیەکی ئاسایی و خۆماڵیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆ نموونە لەمڕووەوە هاتنی وشەی بێگانە، بە تایبەت لە زمانی ئینگلیزییەوە بەڕێژەیەکی زۆر بۆ ناو زمانی کوردیی وایکردووە، کە بەرهەم و چالاکیی هەندێک لە تەرزەکانی دروستکردنی وشەو هەندێک لە ئەفێکسە داڕێژەرەکانی زمانی کوردیی بەرهەمیان زۆر کەموسنووردار بێت، یاخود هەر نەمێنێت، دەتوانین لەمبارەیەوە نموونەی سەدان وشەی بیانی، کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و خراونەتەژێر باری یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمان و لەڕووی گۆکردن و نوسینەوە لەگەڵ یاساکانی زمانی کوردییدا گونجێنراون، ئەم هاتنەناوەوەیەی وشەی بێگانە وەنەبێت، تەنها لە بوارێکی پسپۆڕیی، یان لەلایەن خەڵکانی تایبەتمەندەوە بەکاربهێنرێن، بەڵکو زۆربەیان بوونەتە وشەی ئاسایی و عامیی ناوخەڵک و ڕۆژانە بەسەر زاری ئاخێوەریی ئاساییشەوەن، وەک: (ئینتەرنێت، فەیسبووک، تەلەفزیۆن، سەتەلایت، ڕادیۆ، دراما، حەڵقە، فیلم، حکومەت، پەرلەمان، فینگەر، چلفرا، پیتزا،...&).

## ٣/١-٢) مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردن (داڕشتن):

هەر زمانێک بەش بەحاڵی خۆی بۆ وشەسازی – واتە بۆ داهێنان و بەکارهێنانی وشە – پلان و ڕێ و شوێنی تایبەت دەگرێتەبەر و کۆمەڵێک سەرمەشق و پێڕەوی هەیە، کە بەشێوەی پێڕەوبەندانە پەیڕەوییان لێوەدەکات. (بڕوانە: سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٣٣)، بەو تەرزە جیاواز و پێڕەوانەش دەوترێت: (تەرزە وشەسازییەکان – Morphological Pattern)، هەر لەمبارەیەوە (Haspelmath & sims)، پێڕەوە وشەسازییەکانی دنیا دابەشی دوو جۆر دەکەن، کە ئەوانیش: (زنجیرەیی – concatenative) و (نازنجیرەیی – non concatenative –)، لەم ڕووەشەوە پێڕەوی زمانی کوردیی لە جۆریی زنجیرەییە، چونکە بەشێوەیەکی ئاسان دەتوانین بەش و جومگەکانی وشە (ناسادەکان) لێک بترازێنین و مۆرفیم و وشەکان جیابکەینەوە، هەرچەندە جاری واش هەیە، کە مەیلی نازنجیرەیی تێدایە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە پێڕەوە زنجیرەییەکە بەربڵاو زاڵە، بۆیە لەخانەی پێڕەوی زنجیرەییدا دایدەنێین، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانیش چ (پرۆسەی فۆرمە وشە دروستکردن) و تەرزە جیاوازەکانی و چ (پرۆسەی وشە دروستکردن) و تەرزە جیاوازەکانی دەچنە ژێر ئەم چەترەوە

و بەشێکن لە پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی، لەمبارەیەشەوە گرنگترین ئەو (پرۆسە) مۆرفۆلۆژییە جیاوازەی کە دەمانەوێت لەسەری بدوێین، بریتییە لە پرۆسەی وشەداڕشتن، ئەم پرۆسەیە لە مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە دروستکردنی وشەی نوێ بە زیادکردنی گیرەکەکان بۆسەر وشە و بناغەکانی تر، جاری وایە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا پۆلی ئاخاوتنی وشەکان دەگۆڕێت، یاخود لەوانەشە پۆلی ئاخاوتنی وشەکە نەگۆڕێت، واتە " ئەرکی سەرەکیی پرۆسەکانی وشە هەڵگواستن، ئەوەیە، کە ئەو توانایە بە بەکارهێنەرانی زمان بدات، لێکسێمی نوێ بەرهەمبهێنن، کە بۆ پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەگەڕێنەوە. وەک ناو، کردار، ئاوەڵناو." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٣٣)، هەربۆیە ئەم پرۆسەیە، بریتییە لە ڕۆنان و داڕشتنی داتای نوێی زمانیی (وشەی فەرهەنگیی)، دیارە داڕشتن و دروستکردنی وشەی فەرهەنگیش لەم پرۆسەیەدا لە ڕێگەی (گیرەک)ەکانەوە دەبێت، کە لە شێوەی (پێشگر)، (پاشگر)، (ناوگر)....دا دەبێت، هەر لەبارەی پرۆسەی دروستکردنی وشەو ڕۆنانییەوە زمانەوانی ڕووس (ئالفرینکۆ) پێی وایە، کە دروستکردنی وشە (بیناکردنی وشە)، دوو لقی کار لە یەککردووی زمانناسی لێیدەکۆڵێتەوە، ئەوانیش: ١- وشەسازیی، ٢- مۆرفێمیکایە، کە یەکەمیان مەکینەی ڕۆنانی وشەیە، واتە میکانیزمەکەیەو ئامرازی ڕۆنانی وشە بەشێوەیەکی سەرەکی مۆرفیمییە، واتە ستراکچەری مۆرفێمیی وشە بە میکانیزمی وشەسازیی لێکدەدرێتەوە، بەڵام دووەمیان (مۆرفێمیکا)، دەچێتە جیهانی واتا (مەعنا)وەو لێکۆڵینەوە لەلایەنی واتایی کەرەسە زمانییەکان دەکات، هەروەها پەیوەندیی چەمکیی وشەکان لەگەڵ یەکترداو کۆبوونەوەیان لە دەوری یەک ناوەند/چەق لەسەر بنەمای پەیوەندیی هاوچەمکیی و نزیکی واتایی لە نێوانیاندا دەبێت، هەر سەبارەت بە مۆرفیمە بەندەکان و چالاکیی کەرەسە زمانییەکان پێی وایە لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە دەردەکەوێت و دەپێورێت، کە لەمڕوانگەیەشەوە بەرهەمداریی و چالاکیی و سستیی مۆرفیمەکانی بەم فاکتەرانەوە بەستووەتەوە: (ئالفرینکۆ:٢٠١٢: ٢٧٢).

١- فاکتەری گۆڕان: هەموو مۆرفیمێکی بەند، کە چالاکە یان ناچالاکە فیچەری گۆڕانە کە حوکمی بەسەردا دەدات، مۆرفیمە بەندەکانیش سەرەتا سەربەخۆ بوونە پاشان بەرەو بەند ڕۆیشتوون و ئاخێوەری زمانیش بێگومان بە بەندیی دەتوانێت زیاتر سوودیان لێوەربگرێت، بۆ نموونە مۆرفیمێکی وەک /-گە/، کە دەربڕی چەمکی شوێنە، سەرەتا مۆرفیمێکی سەربەخۆ بووە و بەواتای شوێن هاتووە، (گاثوا > گاث > گا > گە)، دەبینین لە ئێستادا بە بەندیی زۆر چالاکەو یەکێکە لە مۆرفیمە چالاکەکانی دەربڕی چەمکی شوێن.

٢- فاکتەری دەنگیی: ئەمیش یەکێکی ترە لە فاکتەرەکانی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندەکان و گۆڕانی دەنگەکان و لایەنی بڕگەسازیی و تۆن و مۆسیقای دەنگەکان و ئاوازە، لەم ڕووەوە ڕۆڵی بنەڕەتییان هەیە، واتە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی فاکتەرێکی پاڵپێوەنەرن بۆئەوەی کام مۆرفیمی بەند چالاک بێت و کامیان ناچالاک و بەرەو سستیی بڕوات.

٣- فاکتەری واتایی: دیارە ناوەڕۆکی واتایی مۆرفیمەکان یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی، کە چ مۆرفیمێک لەگەڵ کام بناغەیەدا دەگونجێت و کام بناغانە هەڵدەبژێرێت و گونجاوی و لەباری لەگەڵ چ جۆرە وشەو بناغەیەکدا هەیە، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بڵێین (نووسینگە)، بەڵام ناتوانین بڵێین (نووسیندان*، نووسینستان*، نووسینەڵان*...&).

کەواتە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەڕێگەی مۆرفیمە بەندە داڕێژەرەکان ئەوەی لە زمانی کوردیدا گرنگە و لە کاردایە بریتییە لە گیرەکەکانی پێشگر و پاشگر، کە بە پێی شوێنیان پێش و دوای بناغە دەگرن و وشەی نوێ دادەڕێژن و لەڕووی چالاکیی و سستیشەوە بێگومان هەر یەکێک لەو هۆکارانەی لای (ئالفرینکۆ) خستمانەڕوو، کاریگەریی خۆیان هەیە، هەربۆیە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی یاساکانی وشەداڕشتن دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

١ــ پێشگر + بناغە > وشەی داڕێژراو..... ڕاگر، بەهێز، پێخەف،....&

٢ــ بناغە + پاشگر > وشەی داڕێژراو..... کوردستان، خواردنەوە، توکن، ...&

٣ــ (پێشگر + بناغە > بناغەی نسادە) + پاشگر > وشەی داڕێژراو.... هەڵگرتنەوە،...&

دیارە ئەم یاسایانەش لە ڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە هەموویان وەک یەک نین و جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە یاسای یەکەم (پێشگر + بناغە)، لە ڕۆنانی کاردا یاسایەکی بەرهەمدارو چالاکە، یاسای دووەم لە ڕۆنانی ناو، ئاوەڵناودا بەرهەمدارو چالاکە، هەروەها یاسای یەکەم و دووەم لە یاسای سێیەم، کە (بناغەی ناسادە + پاشگر)ە، چالاکترن و یاسای سێیەم کەم توانایە لە ڕۆنانی وشەی نوێی فەرهەنگییدا، تەنانەت چالاکیی و بەرهەمداری لە نێوان گیرەکە داڕێژەرەکانی یەک کەتیگۆریشدا هەیە، بۆ نموونە لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا، کە دەلالەت لە چەمکی شوێن بکات گیرەکی /ــگە/، بەبەراورد بە گیرەکی /ــەڵان/، زۆر چالاک و بەرهەمدارە، هەربۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەم بەشەدا گرنگترین ئەو کەتیگۆرییە داڕێژراوانە بخەینەڕوو، کە لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە

داڕێژەرەکانی زمانی کوردییەوە بە پێی یەکێک لەو سێ یاسایەی ئاماژەمان پێدا ڕۆدەنرێن، دیارە گرنگترین دەرکردەی گیرەکە داڕێژەرەکانی زمانی کوردیش بریتین لە کەتیگۆرییەکانی:(ناو، کار، ئاوەڵناو)، واتە ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەم سێ پرۆسە مۆرفۆلۆژییە، کە دەچنە چوارچێوەی پرۆسەی وشەدارشتنەوە، بخەینەڕوو، کە ئەوانیش بریتین لە پرۆسەکانی:

١- پرۆسەی دارشتنی ناو.

٢- پرۆسەی دارشتنی ئاوەڵناو.

٣- پرۆسەی دارشتنی کار.

ئاشکرایە ئەم پرۆسانەش لە ڕێگەی گیرەکەکانەوە جێبەجێدەکرێن، هەربۆیە مۆرفێمە بەندە لێکسیکییەکان (فەرهەنگییەکان) ڕۆڵێکی گرنگیان لە دەوڵەمەندکردن و زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمانی کوردییدا هەیە، دیارە لەم ڕووەوە زمانی کوردی وەک زۆربەی زمانەکانی تر لە پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری زمانەکەدا سوود لە پرۆسەی دارشتنی وشەی نوێ لە ڕێی بەکارهێنانی مۆرفێمە بەندەکانەوە دەبینێت، واتە پرۆسەی دارشتن بۆخۆی پرۆسەیەکی گرنگ و چالاکی زمانی کوردییە و مەودایەکی فراوانی داگیرکردووە، بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانیی لەم ڕێگەیەوە.

کەواتە گیرەکەکانی زمانی کوردی، کە خۆیان لە (پێشگر و پاشگر)دا دەبیننەوە، دەتوانین بڵێین کەرەسەی گرنگ و پێویستی زمانەکەن و ئاخێوەری کورد ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، چونکە ناکرێت بۆ هەموو دیاردە و شتێکی نوێ ناوێکی نوێی لێ بنرێت، یاخود وشەیەکی بۆ بخوازرێت، پرۆسەی (وشە دارشتن/هەڵگواستن)، یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکانی پرۆسەکانی وشە دروستکردن، چونکە " وشەی نوێ لە ڕێگەی پرۆسەکانی وشەدروستکردنەوە دێنەئاراوە، بەبەرهەمیی هەر یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی خۆی لەمەدا دەنوێنێت. خۆ دەیشزانرێت، کە سەردەمی وشەی یەک - مۆرفێمی کەم یان زۆر بەسەرچووەو هێمادانان ڕێچکەی تری گرتۆتەبەر." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٠)، پرۆسەی وشە هەڵگواستن لە ڕێگەی گیرەکە داڕێژەرەکانەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی وشە دروستکردن و هێمادانانددا، هەربۆیە زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی وەک: (ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی، ...&)، بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی پێویستییە فەرهەنگییەکانیی سوود لە گیرەک وەردەگرێت، هەروەها ئامرازێکی زۆر گونجاویشە بۆ قسەکەری زمان، کە دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە گیرەکی

زمانەکەی داتای نوێی زمانی ڕۆبنێت، واتە "ئەرک و دەوری گیرەک لە زماندا لە وشە زیاتر و پترە، لەبەرئەوەی لە وشەیەکەوە چەندین وشەی جۆراوجۆر پێکدەهێنن." (ڕەفیق شوانی: ٢٠١٢: ٨٩١).

هەربۆیە ئێمە هەوڵدەدەین گرنگترین پرۆسە و یاساکانی ڕۆنانی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا بە پێی شوێنی گیرەکەکان، کە دەچنە سەر بناغە (پێشگر و پاشگر)، هەروەها بە پێی پۆلی وشەیی بناغەکە: (ناو، ئاوەڵناو، کار،...&) بخەینەڕوو، دواتر لەڕووی چالاکیی و سستیی توانای مۆرفیمە بەندەکانەوە لە بەرهەمهێنانی داتای نوێی زمانییدا، بەرهەمداری و کەمبەرهەمی هەریەکەیان بە ئامار و لەڕێی پیشاندانی خشتە و ڕێژەی چالاکیی و سستییانەوە بخەینەڕوو، هەروەها بە پێی ئەو چەمکەی، کە چەند مۆرفیمێکیان وا دەکەن لە دەوری یەک ناوەند کۆببنەوە و لایەنی سیمانتیکی گرێدەری پەیوەندییەکەیانە، بۆیە پۆلێنکردنەکەیان لەسەر بنەمای (واتا، کەتیگۆری بناغەکە، شوێنی گیرەکەکە)، دیاریدەکرێت.

## ٣/١-٣) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناو:

### ٣/١-٣-١) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی شوێن:

دەستەیەک لە گیرەکن، کە دەچنە دوای بناغەوە و وەک پاشگری داڕێژەر ڕۆڵیان لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا هەیە، کە بە " شێوەیەکی گشتی شوێن و جێگە نیشاندەدەن." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١١٩)، واتە ئەم گروپە لە مۆرفیمی بەند لە دەوری یەک چەمک کۆدەبنەوە، کە لە ڕووی چەمکەوە (+شوێن)ن، بەڵام مەرج نییە لە ڕووی واتای ورد و تایبەتەوە هەموویان یەک واتا ببەخشن، بەڵکو لە (ناوەڕۆک – چەمک)دا هەموویان لەوەدا هاوبەشن، کە دەربڕی شوێن و جێگەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بۆ نموونە، هەردوو پاشگری /ــستان/ و /ــەڵان/ هەرچەندە دوو پاشگری ناوی شوێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییان هەیە بۆ نموونە:

١- /ــستان/ : (+شوێن)، (+/-حوکمی چاو)، (+زۆری مرۆڤ وشت).

٢- /ــەڵان/ : (+شوێن)، (+حوکمی چاو)، (+/– زۆری شت).

گرنگترین ئەو مۆرفیمە بەندانەی، کە دەربڕی چەمکی شوێنن، بریتین لە:

**/ــگە،گا/[47]:** یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی زمانی کوردی (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٩٤)، ئەم پاشگرە بە هەردوو فۆڕمی /ــگە، گا/ دەردەکەوێت، بەڵام فۆڕمی /ــگە/ چالاکترە، لەبەرئەوەی دەتوانێت لەشوێنی /ــگا/ش دەربکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، /ــگا/ ناتوانێت لە شوێنی /ــگە/ لە هەموو جێگەیەکدا دەربکەوێت، یەکێک لە هۆکارەکانی پەیوەندی بە تابووەوە هەیە لە زماندا، چونکە فۆڕمی گیرەکی /ــگا/ هاوبێژە لەگەڵ ناوی ئاژەڵی (گا)دا، هەروەها هۆکاری ئاواز و ئاسان درکاندنی گیرەکی /ــگە/ش، بۆ خۆی فاکتەرێکی تری چالاکی ئەم مۆرفیمەیە، بۆ نموونە وەک:

٣- فرۆشگە / فرۆشگا

٤- نوسینگە/ نوسینگا*

هەربۆیە فۆڕمی /-گە/ لەڕووی ئابوریکردن، جوانیدەربڕین، درکاندن و ئاوازو مۆسیقاوە زیاتر گونجاوترە لە فۆڕمی /-گا/، ئەمە جگەلەوەی، کە " پاشگری "گا" لە زمانی کوردی دا لەگەڵ پاشگری "گاە"ی زمانی فارسی بە هەڵە تێکەڵ بووەو پیتی (ە)ی لێ لابراوەو بوەتە "گا" بۆ وێنە لە فارسی دا دەڵێن "ئیستیگاە"، "کوشتارگاە"، "وەرزشگاە"، ... بەکورتی بەپێی ئەو شرۆڤەی سەرەوە، پاشگری "گە" دروستە، نەک "گا" .... پێویستە ئاماژە بەمەش بکرێ، کە بەهۆی بەکاربردنی پاشگری "گە"، لە زمانی کوردی دا، دەتوانین زۆر وشەی ڕەسەنی کوردی بناسێنین و بەکاریان بەرین." (ح.س.سۆران:٢٠٠٩: ٦٤)، کەواتە لەسەر بنەمای ئەو تێبینیانەی خستمانەڕوو لەبەر چەند هۆکارێک بەکارهێنانی پاشگری /-گە/ بەگونجاوتر دەزانین بۆ ڕۆنانی ناوی داڕێژراو، نەک پاشگری /-گا/، لەو هۆکارانەش یەکەم لەڕووی وزەپاراستن و جوانیدەربڕین و ئاهەنگ و مۆسیقای وشە بەرهەمهاتووەکەوە پاشگری /-گە/ گونجاوترە، دووەم دوورکەوتنەوەیە لە دیاردەی دروستکردنی هاوبێژی لەگەڵ ناوی ئاژەڵی (گا)دا، هەروەها خاڵی سێیەم دورکەوتنەوەیە لە نزیکی فۆڕمی (گاە)ی زمانی فارسی. هاوکات ئەو بناغانەی، کە ئەم پاشگرە وەردەگرن بریتین لە بناغەکانی: (ناو، ناوی ڕووداو، ڕەگی کار، ناوی ئاوەڵکاری، ئاوەڵناو) بە پێی ئەم یاسایانەی خوارەوە:

أ- ناو + /ــگە، گا/ > ناوی داڕێژراوی شوێن........ یاسای (١)

---

[47] جگە لە فۆڕمەکانی: (/-گە، -گا/)، فۆڕمی (/-گان، -جا، -گ-/)شمان هەیە، هەر لەمبارەیەوە، فەرهەنگی (هەرمان)، دەنووسێت: " گان و هەروەتر جا، گا، گ (لە ئاورگ دا) لە ریشەی ئەوێستایی گاتو gatu و گاس gas-ی پەهلەوی بە مانای جێ و جێگا کەوتوون. (عەلی نانەوا زادە، ٢٠٠٥: ٤٩).

٥- نەمامگە، شەتڵگە، خێوەتگە، سەیرانگە، کارگە، فێرگە، ڕووگە، ژوانگە، دایەنگە، حەشارگە، بازگە، داعشگا، کۆمەڵگە، خولگە، شەڕگە، مۆڵگە، تۆمارگە، ڕێگا، کانگا، دەزگا، کۆگا، بارەگا، هەوارگە، پەسارگە، پێشانگا، دادگا، ئارایشتگا، مەزارگە، پێگە، مەلەوانگە، دەرمانگە، نزرگە، کوشتارگە، زاڵگە ...&

ب_ ناوی ڕووداو+ /ـگە، گا/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ..... یاسای (٢)

٦- نوسینگە، خواردنگە، نشینگە، ژینگە، خوێندنگە/خوێندنگا، ...&

پ_ ڕەگ+ /ـگە، گا/ > ناوی دارێژراوی شوێن ..... یاسای (٣)

٧- فرۆشگە/فرۆشگا، فڕگە، ڕوانگە، ڕێژگە، پاڵێوگە، کێڵگە، لەوەڕگە ...&

ت_ ناوی ئاوەڵکاری + /ـگە، گا/ > ناوی داڕێژراوی شوێن

٨- دەرگا، جێگە،...& .......... یاسای (٤)

چ_ ئاوەڵناو + /ـگە/ > ناوی داڕێژراوی شوێن

٩- دوورگە.......... یاسای (٥)

بە وردبوونەوە لەم نموونانەی سەرەوە دەرکەوت، هەردوو پاشگری /ـگە، گا/، دەربڕی ناوی شوێنن، ئەو بناغانەی، کە وەریدەگرن، بەشێوەیەکی گشتی (ناو، ڕەگ، ناوی ڕووداو، ناوی ئاوەڵکار)ین، بەڵام بە شێوەیەکی چالاک لەگەڵ ناودا دێن و ناوی داڕێژراو ڕۆدەنێن، هەروەها چەند ناوێکیان، کە ئەم پاشگرانەیان وەرگرتووە، لە ئێستادا بە سەربەخۆیی بەکارناهێنرێن و بە تەنها بەبێ پاشگرەکە واتایەکی ڕوونیان نییە. وەک: (فێرگە، پێشانگا، حەشارگە،...&).

**/ـخانە/:** ئەم فۆڕمە لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆیە و واتای (شوێن/ماڵ) دەبەخشێت، بۆ نموونە وەک لەم پەندەدا، بەڕوونی دیارە: (نە پێڵاوی تەنگ نە خانەی بەجەنگ)، یاخود لەم وشە وفرێزانەدا، کە هەموویان دەیسەلمێنن، وشەیەکی سەربەخۆیە: (خانەخوێ، (خانە ـخلیە)، خانەدان، خانەی منالان، خانەی بێ سەرپەرشتان، خانەی سمۆرە، خانەخانە، ...&)، بەڵام لە ئێستای زمانی کوردییدا، پاشگرێکی چالاکە و دەتوانین بڵێین گیرەک ئاسایە و بەرەو ئەوەدەچێت، کە ببێت بە گیرەک، واتە هەرچەندە لە ئێستای زمانی کوردییدا بە هەردوو فۆڕمی گیرەک و وشەی سەربەخۆش هەیە، بەڵام وەک گیرەک چالاکترە و توانایەکی باشی هەیە بۆ ڕۆنانی ناوی شوێن، واتە لە ڕووی چالاکییەوە گیرەکێکی چالاک و بەرهەمدارە، هەروەها لە " سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە، (+شوێن)، (+مامناوەند)

له ڕووی قەبارەوە، واتە ئەو شوێنەی کە دروستیدەکات سنووردار و دیاریکراوە لە چوارچێوەیەکدا نە زۆر بچووکە و نەزۆر گەورەیە و لە حوکمی چاودایە، بە زۆری لە سنووری بینایەک دەرناچێت، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٢)، یەکێک لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی، کە وادەکەن، ئەم گیرەکە بەرهەمداربێت ئەوەیە، کە وشەیەکی کۆنی زمانە ئێرانییەکانە و ڕەگێکی قووڵی هەیە لە زمانەکەماندا و لە ڕووی واتاییشەوە، لەبەرئەوەی دەربڕی چەمکی شوێن و ماڵە ئەم چەمکەش چەمکێکی گرنگە بە نسبەت مرۆڤەوە بە درێژایی مێژوو، چونکە شوێنی پاراستن و مانەوە و خۆحەشاردان و ژیان بووە، هەر لەم ڕووەوە (فاروق عومەر سدیق) لە باسکردنی ڕەگ و ڕەچەڵەکی وشەی (ماڵ)دا دەڵێت: " هەر لە بواری گەیاندنی چەمکی جێ و ڕێی حەوانەوە و پشوودان و ژیانی مرۆڤدا، وشەی تریش، لە زمانە ئێرانییە مردوو ونوێکاندا، لە ئارادابوون، یەکێک لەو وشانەی کە بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندایە، لە پەهلەویدا، بە دوو فۆڕمی جیاواز کە لە بنجدا لەیەک ڕەگ سازبوون، بەرچاومان کەوتوون و بریتین لە (خانەک Xanek)، (خانە Xan) واتای (ماڵ، بینا)یان بەخشیوە." (٢٠١٥: ١٣٦).

گرنگترین ئەو بناغانەی، کە (خانە) وەک گیرەک دەچێتە سەریان و ناوی شوێن ڕۆدەنێت بە پێی چەند یاسایەکی دیاریکراو بریتین لە:

أ– ناو + /–خانە/ > ناوی داڕێژراوی شوێن .......... یاسای (٦)

١٠- قەسابخانە، شرینیخانە، سەموونخانە، کولێرەخانە، مەیخانە، جامخانە، دارتاشخانە، سەربڕخانە، کارخانە، قومارخانە، خومخانە، چێشتخانە، کەبابخانە، سەرتاشخانە، سەروپێخانە، باڵەخانە، چایخانە، دۆندرمەخانە، قاوەخانە، کتێبخانە، بەندینخانە، نامەخانە، پۆلیسخانە، قوتابخانە، مەزادخانە، میوانخانە، مۆزەخانە، کونسوڵخانە، بەیتاڵخانە، پۆستەخانە، فڕۆکەخانە، بەنزینخانە، نەوتخانە...&

ب – ئاوەڵناو + /–خانە/ > ناوی داڕێژراوی شوێن......... یاسای (٧)

١١- شێتخانە، تەمەڵخانە، نەخۆشخانە، خەستەخانە، گرتووخانە، ...&

پاشگری /–خانە/، یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکان و بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی کەتیگۆری بناغەکانییەوە دەچێتە سەر پۆلەکانی: (ناو، ئاوەڵناو)، هەروەها لەڕووی پێکهاتەی بناغەکانیشییەوە، دەچێتە سەر بناغەی وشەی سادە و لێکدراویش، وەک: (چایخانە، مەیخانە، جامخانە، سەروپێخانە، سەرتاشخانە، سەربڕخانە، ...&). هاوکات گونجاندێکی باشی لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەی، کە

هاتوونەتە زمانی کوردییەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا وشەی بێگانەن، کە ئەمانەش بۆخۆی جارێکی تر دەبنە فاکتەری چالاکیی ئەم پاشگرە، وەک: (قەسابخانە، بەیتاڵخانە، خەستەخانە، مۆزەخانە، کونسوڵخانە، پۆستەخانە، پۆلیسخانە، کتێبخانە، ...&).

**/ــدان/:** یەکێکی ترە لەو گیرەکانەی، کە بەشداریدەکات لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و " دەچێتە سەر ناوی سادە و دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە" (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠١٣: ٤٧)، واتە ئەم پاشگرەش لە خانەی گروپی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی شوێن ئەژماردەکرێت و لەڕووی چالاکییەوە، بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە و پلەی چالاکیی و بەرهەمداری ناگات بە هەردوو پاشگری /ــگە،گا،ــخانە/، هەروەها گرنگترین سیماواتاییەکانی ئەم پاشگرە بریتین لە: (+شوێن)، (+هەڵگرتن و پاراستنی شت)، (+تەسکی و داخراوی شوێنەکە).

أ ــ ناو + /ــدان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن.......... یاسای (٨)

١٢- گوڵدان، مۆمدان، شەمعدان، هێلکەدان، مناڵدان، زبڵدان، شەکردان، خوێدان، قەنددان، ئاگردان، خەڵوزدان، کلدان، زیندان، توێشوودان، ....&

هەروەها پاشگری /ــدان/ لە شێوەی فۆڕمی /ــدانە/شدا دەردەکەوێت وەک:

١٣- سیکڵدانە/چیکڵدانە، وەک لە ئیدیەمی: (چیکڵدانە تەنگ)دا دەردەکەوێت.

کەواتە ئەم گیرەکە وەک دەردەکەوێت، گیرەکێکی زۆر چالاک و بەبەرهەم نییە، بەڵکو بەرهەمی مامناوەندە، یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی، کە وایکردووە زۆر چالاک نەبێت، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ناتوانێت لەگەڵ هەموو بناغەیەکدا بێت، بەڵکو تەنها لەگەڵ ناودا دێت و بناغەکانیش لە ڕووی پێکهاتەوە سادەن، هەروەها " لەڕووی واتاوە، سنووری بەکارهێنانی ئەم پاشگرە دیاریکراوە و ناتوانرێت لە جێی هیچ یەکێک لە پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن بەکاربهێنرێت." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٨٩).

**/ــستان/:** یەکێکە لە پاشگرەکانی زمانی کوردی و دەربڕی چەمکی شوێنە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە، دەتوانین بڵێین لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانییدا کەمیکردووە، یاخود تاڕادەیەک نەماوە، واتە بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە، هەروەها لەڕووی واتاییشەوە گرنگترین سیما واتاییەکانی، بریتین لە: (+شوێن، +کراوە، +فراوان، +زۆری، + کات، + وەسف)، ناو وەک یەکێک لە گرنگترین ئەو بناغانەیە، کە ئەم پاشگرە

هەڵیدەبژێرێت، بە تایبەتیش ناوی میللەت، کە دەربڕی شوێن و سنوری جوگرافیای ئەو میللەتەیە، هەروەها زۆربەکەمی لەگەڵ بناغەی ئاوەڵناویشدا دێت.

پاشگری /ـستان/، "بەناوبانگترین پاشگری شوێنە لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا، کە بۆ ناونانی شوێنی میللەتان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ ناونانی شوێنی شتی تریش لەکاردایە." (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٨٠)، گرنگترین یاساکانی ڕۆنانی ناوی شوێن بە یارمەتی پاشگری /ـستان/، بە پێی پۆلە جیاوازەکانی ئاخاوتن بریتین لە:

أ ـ ناوی میللەت + /ـستان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ...... یاسای (٩)

١٤- کوردستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، بلوجستان، گورجستان، ئەفغانستان، هیندستان، تاجیکستان، عەرەبستان، ئەرمەنستان، یۆنانستان، کیرغیزستان، تەتەرستان، ...&

ب ـ ناوی ڕووەک، مێروو + /ـستان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن .. یاسای (١٠)

١٥- گوڵستان، دارستان، مێرووستان، ...&

پ- پاشگری /ـستان/، " دەچێتە سەر هەندێک ناو کە خۆیان شوێن و جێگەن." (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠١٣: ٥١)، وەک:

ناوی شوێن و جێگە +/ـستان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ..... یاسای (١١)

١٦- گۆڕستان، کوێستان، جەنگەڵستان، شارستان، ...&.

ت ـ ئاوەڵناو + /ـستان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن (ئاوەڵناوئاسا) ...یاسای (١٢)

١٧- تاریکستان، پاکستان، گەندەڵستان، ...&

پاشگری /ـستان/، کە چووەتە سەر ئاوەڵناوی (تاریک)، لەڕاستیدا جگە لەوەی دەربڕی شوێنە، بەڵام واتای ئاوەڵناویی بەسەریدا زیاتر زاڵە و هەڵگری سیفەتی وەسفە، کە ئەویش وەسفی شوێنی زۆر تاریک دەکات، بۆیە دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسا ئەژماری بکەین، پاشگری /ـستان/، دەچێتە سەر چەند ناوێکی تریش، کە جگە لە نیشاندانی شوێن، بە ڕای ئێمە زیاتر هەڵگری واتای وەسفە و ئەمانیش دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسا ناودێریان بکەین، وەک:

١٨- کافرستان/کافرسان، خەرابستان، سەرابستان، ...&، پاشگری /-ستان/، جگەلەوەی کە بەگشتی لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای (شوێن)ی هەیە، بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا " پاشگری کات و زەمانە." وەک: زستان، تاوسان. (عەلی نانەوازادە:١٤: ٢٠٠٥).

**/ـەڵان/:** یەکێکە لە پاشگرە ناچالاکەکانی دەربڕی چەمکی شوێن و دەرکردە و بەرهەمی ئەم پاشگرە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، هەربۆیە لە ئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمێکی ئەوتۆی نییە و دەتوانین بڵێین لەبەرهەمهێنان کەوتووە، ئەم پاشگرە دەچێتە سەر بناغەی پۆلەکانی (ناو، ئاوەڵناو)، هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە، گرنگترین سیماواتاییەکانی: (+شوێن، +حوکمی چاو، +زۆریی)یە، دەتوانین هەردوو یاسای (١٣،١٤) بۆ ڕۆنانی ناوی شوێن بە یارمەتی پاشگری /ـەڵان/ دیاریبکەین:

أ ـ ناو + /ـەڵان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ....... یاسای (١٣)

١٩- قامیشەڵان، بەردەڵان، زیخەڵان، قومەڵان، هەنگەڵان، کوندەڵان، کەندەڵان، &...

ب ـ ئاوەڵناو + /ـەڵان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ..... یاسای (١٤)

٢٠- سەوزەڵان، نەرمەڵان، ڕەقەڵان، لەم نموونانەدا، کە چوونەتە سەر ئاوەڵناو پێمانوایە جگە لە پیشاندانی شوێن، کە شوێنی (سەوزایی، نەرمایی، ڕەقانی)یە، واتای وەسفیشی تێدا زاڵە و دەتوانین بە ئاوەڵناو ئاسا چاویان لێبکەین.

هەروەها لە وشەی (قەدەلان)دا، کە هەمان پاشگری /ـەڵان/ە، بە هۆی ئاسانی درکاندن و لایەنی ئاهەنگ و مۆسیقای وشەکەوە پاشگرەکە لە /ـەڵان/ەوە بووە بە /ـەلان/.

**/ـجاڕ/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و کەمبەرهەمەکانی زمانی کوردی و لە ئێستادا لە بەرهەمهێنان وەستاوە، ئەم پاشگرە زیاتر لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێت، کە ناوی گژوگیاو ڕووەکن. وەک:

أ ـ ناو + /ـجاڕ/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ...... یاسای (١٥)

٢١- نێرگزەجاڕ، توتنەجاڕ، بەلەکجاڕ

**/ـزار/:** ئەم گیرەکەش بە یەکێک لە گیرەکە کەمبەرهەم و سستەکانی داڕێژەری ناوی شوێن لە ئێستای زمانی کوردییدا لە قەڵەمدەدرێت و بەرهەمی تەنها ئەو وشانەیە، کە لەکۆندا لەگەڵ ئەم گیرەکەدا هاتوون و لە ئێستای زمانەکەدا بناغەیەکی نوێ نادۆزرێتەوە، کە ئەم پاشگرە ڕۆینابێت، هەروەها گرنگترین

سیماواتاییەکانی هەردوو گیرەکی /ـجاڕ،ـزار/، هەریەکێکن، کە ئەوانیش: (+شوێن، +گژوگیا و ڕووەک، +مامناوەندیی شوێنەکە، +زۆریی)یە، ئەم پاشگرە /ـزار/ بنکەکەی تەنها چەند ناوێکی سادەیە، کە بەپێی یاسای (١٦) دەیخەینەڕوو:

أ ـ ناو + /ـزار/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ..... یاسای (١٦)

٢٢- گوڵزار، مێرگ گوڵزار > (مێرگوزار، مێرغوزار)، لالەزار، چەمەنزار

**/ـەوار/:** ئەم پاشگرەش، یەکێکە لە پاشگرە سست و ناچالاکەکانی بەرهەمهێنانی وشەی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا، هەرچەندە بە پاشگری داڕێژەری ناوی شوێن ناوبراوە، بەڵام نموونەی وامان دێتە بەردەست، کە لە ڕاستیدا دوورو نزیک پەیوەندییان بە شوێنەوە نییە، یاخود ئەگەر پەیوەندیشیان هەبێت، ئەوا لە ڕووی سیمانتیکییەوە نیشانەی پرسی لەسەرە، بۆ نموونە وشەکانی: (ئومێدەوار، کۆڵەوار)، لە ڕاستیدا ئەمانە بریتین لە (ئاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) نەک ناوی شوێن، کەواتە یان دەبێت ئەمە بە دوو پاشگری جیا دابنێین و بە (هاوبێژ)ی یەکتر ئەژماریان بکەین، یاخود دەبێت ئەوە ڕەتبکەینەوە، کە پاشگری /ـەوار/، تەنها دەربڕی چەمکی شوێن بێت، چونکە لە وشەکانی وەک: (ئومێدەوار، خوێنەوار)دا، پاشگرەکە هەڵگری سیمای واتایی {+خاوەنێتی و هەبوون}ە، نەک سیمای واتایی شوێن، بۆیە دەتوانین لەگەڵ وشەکانی (شوێنەوار، ئاسەوار)دا پاشگری /-ەوار/ بە هاوبێژ دابنێین، هاوکات وشەی (شوێنەوار)، کە بەرامبەر (آثار)[48]ی زمانی عەرەبی بەکاریدەهێنین، لە ڕووی سیمانتیکییەوە گونجاو نییە، چونکە ئەوکات واتاکەی دەبێتە (شوێنی شوێن)، کە ئەم دەربڕینەش ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا بەکارهێنانی زاراوەی (ئاسەوار)، کە لە (ئاسار + /ـەوار/) دروستکراوە، ڕێگە پێدراوە، هەروەها کەتیگۆری ناو تەنها کەتیگۆرییە، کە ئەم پاشگرە وەک بناغە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بە واتای شوێنەوە:

أ ـ ناو + /ـەوار/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ......... یاسای (١٧)

٢٣- لێرەوار، ئاسەوار، گەڤنەوار

کەواتە پاشگری /ـەوار/، " بە یەکێک لە گیرەکە ناچالاکەکانی، سازکردنی ناوی شوێن دادەنرێت، چونکە توانایەکی کەمی هەیە و لەگەڵ چەند نموونەیەکی

48 وشەی (ئاسەوار)، کە لە زمانی عەرەبیدا بە فۆڕمی (أثار) هەیە، بە پێی فەرهەنگی (هەرمان)، وشەیەکی کۆنی زمانە ئێرانییەکانە، واتە وشەکە لە زمانە ئێرانییەکانەوە چووەتە نێو زمانی عەرەبییەوە، بەڵام ئێمە وادەزانین، کە وشەکە عەرەبییەو زمانی کوردی وەریگرتووە، هەرلەمڕووەوە فەرهەنگی هەرمان بۆ شیکردنەوەی واتای وشەکە ڕەگی وشەکەی لە زمانەکانی: (هندی کۆن، سانسکریتی، ئاڤێستایی، وێدا)دا ڕوونکردووەتەوە، کە بەواتای (شوێن و جێگای دانیشتن) دێت. بڕوانە: (عەلی نانەوازادە: ٢٠٠٥).

کەمدا دەبینرێت." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٤)، جێی ئاماژەیە ئەم گیرەکە بە واتای شوێنەوە دەتوانین بە گیرەک ئاسا ئەژماری بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆیە و بە فۆڕمی هەوار/وار، لە ئێستای زمانی کوردیدا لە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا بوونی هەیە، وەک: (هاوینەهەوار، هەواری نوێ، هەوارگە، وارێ مە)، تەنانەت فۆڕمی (وار WAR) ناوی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردییە، کەواتە هەروەک (ڕەفیق شوانی دەڵێت): " ئەم پاشگرە، لە بنچینەدا، (هەوار)ە، بە سوانی (ە) لە ناوەوە، بۆتە پاشگری /ــ وار/. " (٢٠١٢: ٨٩٥).

**/ــدێن، دین/:** ئەم دوو گیرەکە، دوو پاشگری دارێژەری ناوی شوێنن و پێمانوایە هەردوکیان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی /ــدان/ن، لەبەرئەوەی لە ڕووی پێکهاتەوە تا ڕادەیەک هەمان فۆڕمیان هەیە و لە ڕووی سیمانتیکیشەوە هەمان سیمای واتایی کۆیان دەکاتەوە، کە ئەویش: (+شوێن، +داخراو، +پارێزگاریکردن و هەڵگرتن)ە، تەنها گۆڕانێکی بچووک هەیە ئەویش گۆڕینی دەنگی [ا > ێ /ی]، دیارە ئەم گۆڕانەش دەچێتە ژێر فاکتەری دەنگسازیی و ئاواز و مۆسیقاو گونجاندنی بناغەکان لەگەڵ /ــدێن، دین/دا، نەک /ــدان/، فاکتەری شێوازی ئاخاوتنی ناوچەییش لە نێوان /ــدێن/ و /ــدین/دا، هەیە، جگە لەڕووی لایەنی واتاییەوە، چونکە لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان پاشگری /ــدێن/، واتای هەڵگرتن و پاراستن و شوێنی ئەو شتە دەبەخشێت، کە تێیدایە، بەڵام پاشگری /ــدین/، لە ناوچەکانی سنووری هەولێر بەواتای (چێشتخانە / مەتبەخ / موبەق) دێت، نەک شوێنی هەڵگرتنی شتێک، ئەوەش ڕوونە، کە (مەتبەخ)یش، لە مەودا فراوانەکەیدا هەر شوێنی هەڵگرتنی جۆرە جیاوازەکانی خۆراک و چاککردن و دروستکردنی خواردنە، بەڵام لای خۆمان (سنوری سلێمانی)، وشەی (นاندێن)، ئەو دەفرەیە، کە (نان)ی تێدا هەڵدەگیرێت.

یاسای ڕۆنانی ناوی دارێژراوی شوێن بە هۆی گیرەکەکانی: /ــدێن، دین/ەوە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

- ناو + /ــدێن، دین/ > ناوی دارێژراوی شوێن ........ یاسای (١٨)

٢٤- کادێن، ناندێن، ناندین

**/ــاوا/:** ئەم مۆرفیمە، لە سازکردنی ناوی شوێنی تایبەتیدا، چالاک و بەتوانایە، بەزۆریش دەچێتە سەر ناوی تایبەتی و ناوی گشتی، ئەوەی کە دروستیشی دەکات ناوی تایبەتی گەڕەک و گوند و شارۆچکەیە. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٦).

هەرچەندە لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە وشەی سەربەخۆ بووە و لە ئێستادا مامەڵەی گیرەک دەکات و گیرەک ئاسا ڕەفتاردەکات، چونکە لە بنەڕەتدا بە واتای شوێن و ئاوەدانی دێت، بۆ نموونە وەک (گوند و لادێ)، کە ئێستاش لە زمانەکەماندا وشەی (ئاوایی)، وەک هاوواتای (گوند، لادێ)، بەکاردەهێنرێت. کەواتە یاسای ڕۆنانی ناوی شوێن بەم پاشگرە بریتییە لە:

- ناو + /ـاوا/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ....... یاسای (١٩)

٢٥- حاجیاوا، بەکراوا، تەیراوا، دۆلاراوا، عەلیاوا، بەلاشاوا، تۆبزاوا، سمایلاوا، میراوا، وارماوا، ئەحمەدئاوا، قەرەجاوا، باداوا، قالاوا، ...&، هەروەها ناوی دەیان گوندو ناوچەی تر لە وڵاتی کوردەوارییدا ئەم پاشگرە دروستیکردووە.

**/ـان/:** یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە لە دیاریکردنی شوێنی تایبەتی و گشتیشدا، چالاکە و بەشێوەیەکی گشتی سیمای (+شوێن، +/-تایبەتی و گشتی) هەیە، دەرکردەی ئەم پاشگرە، بریتییە لە ناوی چەند شوێنێکی سروشتی، یاخود چەند شوێنێکی تایبەتی لە نموونەی گەڕەکی شارەکان، لە ڕووی بناغەشەوە تەنها دەچێتە سەر کەتیگۆری ناو، هەروەها پێشمانوایە، کە ئەم پاشگرە یەکێکە لەپاشگرە دێرینەکانی زمانەکەمان، کەواتای شوێنی بەخشیوە، یاسای داڕشتنی ناوی داڕێژراوی شوێن بەهۆی ئەم گیرەکەوە بریتییە لە:

- ناو + /ـان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن. ......... یاسای (٢٠)

٢٦- سەروەران، شەهیدان، مامۆستایان، فەرمانبەران، ئەندازیاران، ئەنفالەکان[49]، ناوگردان، ناوشاخان، سەرکەپکان، پشتئاشان، بیابان، ناوپردان، یاخیان، حاجی ئۆمەران، پڵنگان، زورکان، سێتاقان، دووڕیان، چوارڕیان، سێڕیان ...&

پاشگری /-ان/، جگە لەوەی کە دەربڕی چەمکی شوێنە، هەروەها لە داڕشتنی ناوی کاتیشدا ڕۆڵدەبینێت و لەمڕووەوە پاشگرێکی چالاکە، کە ڕەچاوی ئەم یاسایەی خوارەوە دەکات.

- ناوی کات + /-ان/ > ناوی داڕێژراوی کات (ئاوەڵکارئاسا).

٢٧- شەوان، بەیانیان، نیوەڕوان، ئێواران، چێشتەنگاوان، سبەینان، شێوان، پارشێوان، عەسران، خەوتنان، جەژنان، ڕەمەزانان، ئەمە جگەلەوەی، کە ئەم

[49] ناوی گەڕەکێکی تازە دروستکراوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەکانی سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵی تیادەژێت.

گیرەکە لە ڕووی ڕێزمانیشەوە، دەربڕی چەمکی (کۆی ناوە)، کە لە شوێنی خۆیدا دێینەوە سەری، ئێستاش بەم هێڵکارییەی خوارەوە هەردوو چەمکی: (شوێن، کات)، پیشاندەدەین.

دەرکەوتنە جیاوازەکانی گیرەکی /-ان/

| چەمکی شوێن | چەمکی کات |
| --- | --- |
| شەهیدان، ناوشاخان | ئێواران، خەوتنان |

هێڵکاری (٤) دەرکەوتنە جیاوازەکانی گیرەکی /-ان/، وەک چەمکێکی فەرهەنگیی

**/ــیان/:** یەکێکە لە پاشگرە سستەکانی سازکردنی ناوی شوێن لە زمانی کوردیدا، چونکە ژمارەیەکی کەم دەرکردەی هەیە و بەرهەمی ئەم پاشگرە تەنها چەند ناوێکی تایبەتی شوێنە، هەروەها لە ڕووی بناغەوە کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو) وەردەگرێت، بە پێی یاسای (٢١).

- ناو/ئاوەڵناو + /ــیان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن. ........ یاسای (٢١)

٢٨- بازیان، گەرمیان، باپشتیان، ...&

**/ــەن/:** یەکێکە لە پاشگرە سست و بێبەرهەمەکانی ئێستای زمانی کوردی و تەنها لە چەند نموونەیەکدا بەرچاودەکەوێت، کە لە ئێستای زمانەکەدا هیچ بەرهەمێکی بەدیناکرێت، هەروەها دەچێتە سەر هەردوو کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو، لە ڕووی واتاشەوە دەرکردەکەی دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسای لە قەڵەمبدەین، چونکە کاتێک وشەیەکی وەک: (پوشەن)، دەبینین جگە لە شوێنێک، کە پوشی لێیە، بەڵام تا ڕادەیەک وەسفیشی تیایە، کە مەبەست لێی شوێنێکە، کە پوشاوییە، یاخود پوشی زۆری لێیە، بۆیە گرنگترین سیماواتاییەکانی: (+شوێن، +زۆریی)یە.

أ ــ ناو + /ــەن/ > ناوی داڕێژراوی شوێن. ........ یاسای (٢٢)

٢٩- پوشەن، بەردەن، ...&

ب ــ ئاوەڵناو + /ــەن/ > ناوی داڕێژراوی شوێن...... یاسای (٢٣)

٣٠- ڕەقەن، ڕووتەن، زەبەن، لێژەن، ..&

**/ـشەن/:** یەکێکی ترە، لە پاشگرە سستەکانی داڕێژەری ناوی شوێن و تەنها لە وشەی (گوڵشەن)دا، دەتوانین نموونەی بۆ بهێنینەوە، واتە لە ئێستای زمانەکەدا دەتوانین بە پاشگرێکی مردوو لەقەڵەمی بدەین.

**/ـمان/:** ئەم پاشگرە، یەکێکی ترە لە پاشگرە زۆرناچالاک و سستەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی، کە دەربڕی چەمکی شوێنە.

- قەدی کار + /ـمان/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ........ یاسای (٢٤)

٣١- نیشتمان

**/ـایی/:** ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر هەردوو بنکەی ئاوەڵناو و ناو، بۆ دروستکردنی ناوی شوێن بەکاردێت، سیفەتی شوێنەکە دەکرێتە پێوەر بۆ ناونانەکە، وەکو ئاوەڵناوئاسا بەکاردێت. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٧)، هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە، سیماواتاییەکانی: (+شوێن، +زۆریی)، دەبەخشێت، بۆ نموونە وشەی (سەوزایی)، ناوە بۆ شوێنێک، کە گژوگیای زۆری لێ بێت و ئەو گژوگیایە ئەوەندە هەبێت، کە توانیبێتی ڕەنگی زەوییەکە بشارێتەوە، گرنگترین یاساکانی ڕۆنانی ناوی شوێن بەهۆی ئەم پاشگرەوە بریتین لە:

أ- ناو + /ـایی/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ......... یاسای (٢٥)

٣٢- دۆڵایی، شاخایی، دەشتایی،...&

ب – ئاوەڵناو + /ـایی/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ....... یاسای (٢٦)

٣٣- نزمایی، قوڵایی، بەرزایی، سەوزایی، تەختایی، ...&

**/ـانی/:** ئەم پاشگرەش، تاڕادەیەک نزیکە لە پاشگری /ـایی/ و هەمان واتا دەبەخشێت و زۆرجار شوێنی یەکتریش دەگرنەوە، هاوکات دەچێتە سەر بناغەی (ئاوەڵناو)، هەروەها لەڕووی بەرهەمیشەوە پاشگرێکی سست و کەمبەرهەمە، هاوکات پێشمانوایە ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەردوو پاشگری /ـایی، -انی/، پەیوەستە بە ئاخێوەر و توانای گونجاندنی هەرکامێکیان لەکاتی درکاندن و ئاسان گۆکردنی، چونکە جیاوازیی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو گیرەکەدا نابینرێت:

- ئاوەڵناو + /ـانی/ > ناوی داڕێژراوی شوێن ........ یاسای (٢٧)

٣٤- دەشتانی/دەشتایی، تەختانی/تەختایی

٣٥- ڕەقانی، نەرمانی، زورگانی ...&

**/ــوو/:** ئەم پاشگرە لە دارِشتنی ناوی شوێندا زۆر سستەو تەنها لەگەڵ چەند ناوێکی شوێندا دێت، کە ئاوەڵکارئاسا ڕەفتار دەکەن، یاخود ناوی ئاوەڵکارین و دەرکردەکەشیان ناوی شوێنی ئاراستە دەگەیەنێت. وەک:

- ناوی ئاوەڵکاری + /ــوو/ > ناوی دارێژراوی شوێن ........ یاسای (٢٨)

٣٦- سەروو، خواروو، ژوروو، ژێروو، ...&

**/ــەوانی/:** ئەم پاشگرە، کە تەنها لە ناوی دارێژراوی (چۆڵەوانی)دا، دەبینرێت، یەکێکی ترە لە گیرەکە دارێژەرە بێبەرهەم و سستەکانی ناوی شوێن، هەروەها لەگەڵ پاشگری /ــایی/دا، دەتوانین بڵێین هاوواتایە و دەتوانێت بە هەمان واتا لە بری بەکاربهێنرێت، وەک: (چۆڵەوانی / چۆڵایی).

**/ــەتی/:** ئەم گیرەکە دەچێتە سەر " ناو و دەیکات بە ناوی شوێن." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٥٨)، واتە ئەمیش یەکێکە لە پاشگرە دارێژەرەکانی ناوی شوێن و ئەو بناغانەی، کە وەریشیدەگرێت، بریتین لە چەند بناغەیەکی دیاریکراو، کە زیاتر دەربڕی شوێنی عەشیرەتێک، یاخود ناوچەی هۆزێک ناودەنێت و لە ڕووی بەرهەمیشەوە کەمبەرهەم و سستە.

- ناو + /ــەتی/ > ناوی دارێژراوی شوێن ........ یاسای (٢٩)

٣٧- جافەتی، بەرانەتی، خۆشناوەتی، زرارەتی، ئاکۆیەتی.

**/ــایەتی/:** ئەم پاشگرەش، بە هەمان شێوەی پاشگری /ــەتی/، جگە لەوەی، کە ئەرکی تریشی هەیە، بەڵام لە نموونەکانی: (مەنگوڕایەتی، شینکایەتی، باڵەکایەتی،...&)، دەربڕی چەمکی شوێنە و هەمان تایبەتمەندیی پاشگری /ــەتی/، هەیە، بەڵام لە هەموو نموونەکاندا ناتوانین لە بری یەکتر بەکاریان بهێنین. وەک:

٣٨- جافەتی/ جافایەتی

٣٩- بەرانەتی / بەرانایەتی*

٤٠- مەنگوڕایەتی / مەنگوڕەتی*

**/ــار/:** گیرەکێکی ناچالاکە، لە دروستکردنی ناوی شوێندا، لەگەڵ چەند نموونەیەکدا دەبینرێت و ناوی شوێنی گشتی دروستدەکات، کە زیاتر بەشێک لە شوێنێک ناودەنێت، (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٧)، بۆنموونە وەک: (کەنار، لێوار،

بنار،...&)[50] کەواتە لە ڕێگەی (٢٩) یاساوە گرنگترین دروستە جیاوازەکانی داڕشتنی ناوی شوێنمان بەهۆی پاشگرەکانی تایبەت بە چەمکی (شوێن)ەوە خستەڕوو، بۆ دیاریکردنی ئاماری چالاکیی و سستیی هەریەکێک لە گیرەکە دارێژەرەکانی چەمکی شوێن لە ڕێگەی خشتەی (١٥)ەوە دەیخەینەڕوو.


ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفێمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی شوێن، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢١٩) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /ـگە، گا/ | ٥٠ | %٢٢,٨٣ |
| /ـخانە/ | ٣٨ | %١٧,٣٥ |
| /ـستان/ | ٢١ | %٩,٥٨ |
| /ـان/ | ٢٠ | %٩,١٣ |
| /ـدان/ | ١٥ | %٦,٨٤ |
| /ـاوا/ | ١٤ | %٦,٣٩ |
| /ـەڵان، ەلان/ | ١١ | %٥,٠٢ |
| /ـایی/ | ٨ | %٣,٦٥ |
| /ـەن/ | ٦ | %٢,٧٣ |
| /ـانی/ | ٥ | %٢,٢٨ |
| /ـزار/ | ٤ | %١,٨٢ |
| /ـیان/ | ٤ | %١,٨٢ |
| /ـەتی/ | ٤ | %١,٨٢ |
| /ـوو/ | ٤ | %١,٨٢ |
| /ـجاڕ/ | ٣ | %١,٣٦ |
| /ـەوار/ | ٣ | %١,٣٦ |
| /ـدێن، دین/ | ٣ | %١,٣٦ |
| /ـار/ | ٣ | %١,٣٦ |
| /ـایەتی/ | ٢ | %٠,٩١ |

[50] هەر سەبارەت بە پاشگری /-ار/، لە فەرهەنگی هەرماندا نوسراوە: " ١- بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە ساز دەکا. (بن) بنار، (ژەنگ) ژەنگار، (نسێ) نسار، ٢- بە ریشەی هەندێ چاوگانەوە دەلکێ و (ناوی مەسدەر) ساز دەکا. کوشتار، پرسیار، وتار. ٣- بە ریشەی چاوگەوە دەلکێ و دەیکاتە ناو یا ئاوەڵناوی فاعیلی. فرۆشیار، کڕیار. ٤- بە ڕیشەی چاوگەوە دەلکێ و ناو ساز دەکا. مردار، زانیار." (عەلی نانەوازادە:٢٠٠٥: ٥٠).

| | | |
|---|---|---|
| /ـــشەن/ | ١ | %٠,٤٥ |
| /ـــمان/ | ١ | %٠,٤٥ |
| /ـــەوانی/ | ١ | %٠,٤٥ |

خشتەی (١٥) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی شوێن




## ٣/١-٣-٢) پۆلی پاشگرە دارێژەرەکانی ناوی بچووککراوە:[51]

مەبەست لەو گرووپە پاشگرەیە، کە دەچنە سەر بناغەی جیاواز و ناوی بچووککراوە دروستدەکەن و لە ڕووی واتاییشەوە مەبەستی جیاواز دەبەخشن، پۆلی پاشگرە دارێژەرەکانی ناوی بچووککراوە هەڵگری سیماکانی: (+بچووککردنەوە +ناسکی و نازداری +خۆشەویستی یان +بێزێزی و شکاندن)ن، کەواتە زاراوەی (بچووککردنەوە – Diminutive)، " لە بواری مۆرفۆلۆژیدا، بۆ گوزارشتکردنە لەو گیرەکانەی واتای گشتیی بچووککردنەوە دەبەخشن." (سازان زاهیر: ٢٠١٣: ٢٤)، هەروەها ئەو گیرەکانەی، کە ناوی بچووککراوە دادەڕێژن، لە بنەڕەتدا نابنە هێما بۆ هێمابۆکراوێکی جیاواز، بەڵکو دەتوانین بڵێین ئاماژەن بۆ هەمان هێمابۆکراو، جا هێمابۆکراوەکە گیاندار، یاخود بێگیان بێت، تەنها جیاوازییان ئەوەیە، کە لەڕووی قەبارەوە، یاخود ڕووبەرەوە،

---

[51] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێزوبەرهەمی پاشگرە دارێژەکانی مۆرفیمی بچووککردنەوە، بڕوانە: (سازان زاهیر: ٢٠٠٩).

یان حاڵەتەوە، یان تایبەتمەندییەوە، بە بچووکتر پیشاندەدرێن، جاری واشە ئەم بە بچووک پیشاندانە لەوەیە بۆ مەبەستی جیاوازبێت، بە پێی ئەو سێ سیماواتاییەی، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، ئەم گیرەکانە فاکتەرێکن، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی ناوەوەی وشەکان، بۆ نموونە وەک، وشەکانی: (دەزوو > دەزوولە، کار > کاریلە، داس > داسولکە)، ئەم نموونانە هەمان بناغەیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکەیان پەیوەستە بەڕێکخستنی ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان هەریەکە لە دوو فۆڕمە جیاوازەکەدا دروستدەبێت، جاری واش هەیە هێمایەکی نوێ دروستدەکات لەوەیە ڕاستەوخۆ نەگەڕێتەوە بۆ بناغەکەی، بۆ نموونە هەردوو وشەی (نامە > نامیلکە)، لە بنەڕەتدا (نامیلکە) بریتی نییە لە نامەیەکی بچووک، بەڵکو بڵاوکراوە، یاخود کتێبێکی بچووکە، کە ئێستا بە (کتێبی گیرفان)یش ناودەبرێت، بەڵام هەر پەیوەندی بە ڕەگی نامەوە هەیە، چونکە هەموویان (نامە، کتێب، نامیلکە، ...&) دەچنە هەمان کێڵگەی واتاییەوە، کە دەتوانین ناوی بنێین (کێڵگەی بڵاوکراوە).

هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە، دووبەشن، بەشێکیان ئەو گروپەن، کە ناونراون گیرەکەکانی بچووککردنەوە، بەشەکەی تریشیان ئەو پۆلەن، کە لەڕاستیدا دروستکەری ناوی داڕێژراون و دەبنە هێما بۆ هێمابۆکراوێکی نوێ، کە تەنها لەڕووی فۆڕمەوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و ناتوانین بڵێین هەمان گیرەکن، بۆیە ئەمجۆرەی دووەم بە هاوبێژی گیرەکەکانی بچووککردنەوە دایاندەنێین و لە شوێنێکی تری ئەم نامەیەدا دێینەوە سەریان، بۆ نموونە وەک گیرەکی **/-یلکە/** لە وشەکانی (نامیلکە و چاویلکە)دا، لە ڕاستیدا دووەمیان، کە دروستکەری ناوی ئامێری سەیرکردنە، هیچ پەیوەندی بە **/-یلکە/**ی بچووککردنەوە نییە، بۆیە ئێمە ئەمجۆرە گیرەکە هەڵدەگرین بۆ شوێنی خۆی و لە ئێستادا تەنها باسی ئەو گیرەکانە دەکەین، کە هەڵگری سیمای (+بچووککردنەوە)ن.

**/-کە/:** لەگەڵ ئەوەی، کە ئەم مۆرفیمە بە شێوەی بنەڕەتی دەستنیشانکراوە، بەڵام لەبەرهەمهێنانی وشەی نوێدا زۆر چالاک نییە، هەروەها لە ڕووی واتاییەوە ئەو وشانەی، کە دەچێتە سەریان واتای (+شکاندن و بێڕێزی) تیایە، هاوکات لە ڕووی بناغەی ئەو وشانەی، کە ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەریان دەتوانین بڵێین هەردوو بناغەی (ناو، ئاوەڵناو)ن، لەڕووی پێکهاتەشەوە دەشێت بناغەکانیان سادە، یاخود لێکدراو بێت. وەک:

أ- ناو + **/-کە/** > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە........ یاسای (١)

٤١- خدرکە، بەچکە، چلکە، پووشکە، برایمکە...&

ب- ئاوەڵناو + /-کە/ > ناوی دارێژراو .......... یاسای (٢)

٤٢- وردکە، جوانکە، ...&

**/-ۆکە/یان /-وکە/:** یەکێکە لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی بچووککردنەوەی /-کە/و لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای (ناسکی و نازداریی) دەبەخشێت، هەروەها لەگەڵ بناغەکانی (ناو، ئاوەڵناو)دا دێت و لە ڕووی چالاکیی و بەرهەمەوە، بەرهەمدارە، وەک:

- ناو + /-ۆکە/ > ناوی دارێژراوی بچووککراوە ......... یاسای (٣)

٤٣- کەپرۆکە، بزنۆکە، دەسرۆکە، چارۆکە، حەمامۆکە، تەشتۆکە، مەنجەڵۆکە، بەرخۆکە، مناڵۆکە، فاتمۆکە، خدرۆکە، لێفۆکە، کرمۆکە، ...&، هەروەها لە هەندێک ناوچە بەشێوەی /-وکە/ش بەکاردێت، وەک: بەردوکە، لێفوکە، داروکە، کەپروکە.

- ئاوەڵناو + /-ۆکە/ > ناوی دارێژراوی بچووککراوە ......... یاسای (٤)

٤٤- مزرۆکە، ترشۆکە، شەکرۆکە، ئەگەر سەرنجی ئەم سێ نموونەیە بدەین، دەبینین، کە لە ڕووی ڕێژەو ڕادەی تام/چێژەوە ئاستەکەیان نزمتر، یاخود کەمترە، نەک قەبارە، یاخود ڕووبەرەوە، بۆ نموونە (شەکر > شەکرۆکە)، لە وشەی (شەکر)دا ڕادەی شیرینییەکەی زیاترە، بەڵام لە (شەکرۆکە)دا ڕادەو ڕێژەی شیرینییەکەی کەمترە.

**/-ولکە/:** ئەم پاشگرە، بەشێوەیەکی گشتی بۆ بچووککردنەوەی قەبارەی کەرەستە بەکاردێت و لە ڕووی بەرهەمدارییەوە سستەو کەمبەرهەمە، هەروەها تەنها دەچێتە سەر بناغەی ناو، وەک:

- ناو + /-ولکە/ > ناوی دارێژراوی بچووککراوە ......... یاسای (٥)

٤٥- پاچولکە، داسولکە، تەشتولکە، جامولکە، جاشولکە، سەبەتولکە...&، هەروەها بە شێوەی /-ۆڵکە/ش دەردەکەوێت، کە ئەلۆمۆرفی /-ولکە/یە، لە وشەکانی: (تەپۆڵکە، گردۆڵکە)دا.

**/-یلکە/:** ئەم پاشگرەش بە هەمان شێوەی پاشگری /-ولکە/ بۆ بچووککردنەوەی قەبارەی کەرەستەی ماددیی بەکاردێت و زۆرجاریش دەتوانێت بە هەمان مانا لە بری پاشگری /-ولکە/ بەکاربێت، وەک:

- ناو + /-یلکە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ........ یاسای (٦)

٤٦-ناميلكە، جاميلكە، تەشپيلكە، پەيژيلكە،...&

**/-چکە/:** یەکێکی ترە لە مۆرفیمەداڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوە و ئەو ناوانەی، کە دایدەڕێژێت، واتای بچووکی قەبارە و کەرەستەی ماددیی دەبەخشێت، بۆ نموونە وەک:

- ناو + /-چکە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ......... یاسای (٧)

٤٧- ڕێچکە، پێچکە، گوێچکە، خانووچکە، ...&

**/-ۆچکە/:** ئەم پاشگرە، لە ڕووی بەرهەمەوە بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە و لە ڕووی سیمانتیکیشەوە بە هەمان شێوەی پاشگری /-چکە/ ناوی کۆنکرێتی لەڕووی قەبارەوە بچووکدەکاتەوە، وەک:

٤٨- شارۆچکە، ئاگرۆچکە، منالۆچکە، مالۆچکە، ...&

**/-لە/:** بە ناوی کەرەستەو شتومەکی جۆراوجۆرەوە دەلکێت و بەزۆری بۆ مەبەستی بچووککردنەوەی قەبارەکانیان بەکاردێت، (سازان زاهیر: ٢٠١٣: ٨٣).

- ناو + /-لە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ......... یاسای (٨)

٤٩- دەزوولە، بەڕوولە، کانیلە، برالە، جۆگەلە، مێروولە، دەرزیلە...&

**/-ەڵە، -ڵە/:** یەکێکە لە گیرەکە داڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوە و ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی /-لە/یە، هاوکات بۆ بچووککردنەوەی قەبارەی چەند کەرەستەیەک بەکاردێت، کە زیاتر کەرەستەکان بریتین لە پێداویستی و حاجەتی ڕۆژانەی خەڵکی، هەروەها فۆڕمە سەرەکییەکەی /-ەڵە/یە، بەڵام بەهۆی فاکتەری فۆنۆلۆژییەوە، جاری وایە لە شێوەی /-ڵە/شدا دەردەکەوێت و دەنگی [ە] تیادەچێت، هاوکات بناغەی ئەم جۆرە گیرەکە جگە لە ناو، هەندێکجار ئاوەڵناویش وەردەگرێت و زیاتر وەک ئاوەڵناوئاسا ڕەفتاردەکات.

- ناو + /-ەڵە، -ڵە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە .......... یاسای (٩)

٥٠- گۆزەڵە، دیزەڵە، کوپەڵە، دۆشەکەڵە، بووکەڵە، ...&، لە نموونەی (بووکەڵە)دا، بە واتای (بووکی بچووک) نایات، بەڵام ناونانەکە بۆ چەند جۆرە کەلوپەلێکی یاریکردنی منالان بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی ناوی (یاری و شتی ناسک و جوانی منالانە و منالانیش خۆیان مرۆڤی ناسک و نازدارن)، بۆیە لەم

ڕوانگەیەوە لە چوارچێوەی سیمای (ناسک و نازداری)یەوە وەک ناوی بچووککراوە چاویلێدەکرێت.

- ئاوەڵناو + /-ەڵە، ڵە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ...... یاسای (١٠)

٥١- گردەڵە، ڕەقەڵە، ڕووتەڵە، کورتەڵە، ...&

**/-ۆڵ، ۆل/:** ئەم پاشگرە، " دەچێتە سەر ناوی تایبەتی مرۆڤ، بە مەبەستی بچووککردنەوە و بەخشینی مانای ناسکی و نازداری." (سازان زاهیر: ٢٠١٣: ٨٣). وەک:

- ناو + /-ۆڵ، -ۆل/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ....... یاسای (١١)

٥٢- ئەحۆل، مەجۆل، سەعۆل، خەجۆل، مچۆل، ئاسکۆڵ، فەتۆل، ڕەحۆل، ...&

بە پێی نموونەکان پاشگری /-ۆل/، سەرەکیی و چالاکترە لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤدا و لە ڕووی بەرهەمیشەوە گیرەکێکی بەرهەمدارە، هاوکات تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەو ناوە تایبەتییانەی، ئەم پاشگرە وەک بناغە بۆخۆی هەڵدەبژێرێت بریتین لە ناوە عەرەبییەکانی لە نموونەی (ئەحمەد، مەجید، سەعید، فاتیمە، ...&).

**/-ۆڵە، ۆلە/:** ئەم دوو پاشگرە لە بنەڕەتدا هەریەک گیرەکن، بەڵام بەهۆی جیاوازی درکاندن و فاکتەری فۆنۆلۆژییەوە، جاری وایە شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، هەروەها فۆڕمی /-ۆڵە/، فۆڕمە سەرەکییەکەیە و بەرهەمی زیاترە لە فۆڕمی /-ۆلە/، کەواتە پاشگری /-ۆڵە/ " یەکێکە لە مۆرفیمە بە تواناکانی گەیاندنی چەمکی بچووککردنەوە، کە دەچێتە سەر ناوی گشتیی و چەمکی بچووککردنەوە، بە سیمای واتایی بچووکی قەبارە و خۆشەویستی پیشاندەدات." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٥)، هاوکات بناغەی ئەم گیرەکە ناو و ئاوەڵناویشە. وەک:

- ناو + /-ۆڵە، -ۆلە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ......... یاسای (١٢)

٥٣- زەنگۆڵە، مەشکۆڵە، کیژۆڵە، بەرخۆلە، کچۆڵە، ...&

- ئاوەڵناو + /-ۆڵە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ....... یاسای (١٣)

٥٤- نەرمۆڵە، گرمۆڵە، کزۆڵە، ناسکۆڵە، شڕۆڵە، ...&

**/-یلە، -یل/:** یەکێکە لە گیرەکە داڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوە، بەڵام لە ڕووی بەرهەمەوە ناچالاکە و لە چەند وشەیەکدا دەبینرێت، هاوکات بناغەی ئەم جۆرە

گیرەکە هەردوو پۆلی (ناو، ئاوەڵناو)، کە (+ناسکی و خۆشەویستی)یە، دەبەخشێت.

- ناو + /-یلە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ...... یاسای (١٤)

٥٥- کاریلە

- ئاوەڵناو + /-یلە، -یل/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ...... یاسای (١٥)

٥٦- وردیلە، خڕیلە، وردیل، گردیل، ...قشتیل، قنجیل، (قنجیلانە)،

**/-وولە/:** یەکێکە لە مۆرفیمە سست و ناچالاکەکانی داڕێژەری ناوی بچووککراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی " دەچێتە سەر ناو، واتای بچووککردنەوە دەگەیەنێ." (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٠: ٧٦). وەک:

- ناو + /-وولە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ........ یاسای (١٦)

٥٧- دەبوولە، مێشوولە، مێروولە، ...&.

**/-چە/:** ئەم گیرەکە، یەکێکی ترە، لەپاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوە، بەڵام پاشگرێکی کەمبەرهەمە، " بۆیە بە مۆرفیمێکی بێپێز دادەنرێت، کە بە زۆری ڕۆڵی کەمکردنەوە و تەسککردنەوەی فراوانی ڕووبەردەبینێت." (سازان زاهیر: ٢٠١٣: ٨٤)، هاوکات ئەم پاشگرە لەگەڵ هەردوو بناغەی (ناو، ناوی ئاوەڵکاری)دا دێت.

- ناو + /-چە/ > ناوی داڕێژراوی بچووککراوە ........ یاسای (١٧)

٥٨- دەریاچە، پارچە، بێڵچە، گۆڕیچە، قاڵیچە، باخچە، ناوچە، ...&

**/-ە/:** ئەمیش، یەکێکە لە گیرەکە چالاکەکانی، بچووککردنەوەی ناو، لە زمانی کوردیدا، هەروەها بناغەی ئەم پاشگرەش تەنها ناوی تایبەتییە، جا ناوەکە بێگانەبێت، یاخود خۆماڵی، لە ڕووی مەبەست و واتاشەوە دەتوانین بڵێین زیاتر بۆ مەبەستی (+بچووککردنەوە و بەکەم سەیرکردن)ە، واتە (+نێگەتیڤ)ە، کە ئەمیش پێچەوانەی هەردوو پاشگری /-ۆل، ەکە/یە، بەڵام ئەمیان بۆ مەبەستی خۆشەویستی و (+ئەرێنی)یە، هەرچەندە لە بەکارهێنانی پاشگری /-ە/شدا، دەگونجێت بۆ مەبەستی کورتکردنەوە و ئیکۆنۆمیکردن و خۆشەویستی بێت، بە تایبەت لە نێوان دوو هاوڕێ، یان لە تەمەنێکی گەورەوە بۆ منداڵ، بەڵام بە گشتی و بە تایبەت

بەکارهێنانی ئەم پاشگرە بۆ کورتکردنەوەی ناوی توخمی مێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر بۆ بەکەم تەماشاکردن و دەسەڵاتداریێتی پیاو بووە، نەک خۆشەویستی، وەک:

- ناوی تایبەتی مرۆڤ + /-ە/ > ناوی بچووککراوە ......... یاسای (١٨)

٥٩- ئەحە، خولە، گوڵە، فەتە، مەجە، فاتە، پەرە، نەسە، سەفە، سۆزە، پەیە، خەجە، مرە، شیرە، وەلە، بەرزە، ئارە، دڵە، ڕەشە، عوسە، سەبە، گەلە، پێشە، .&

**/-ۆ/:** یەکێکی ترە لەو پاشگرانەی، کە ناوی تایبەتی مرۆڤی پێبچووککراوەتەوە، " کە بۆ خۆشەویستی و میهرە و جارنا جاریش بۆ تەوسە". (مەحمود زامدار: ٢٠١١: ٢٩)، هەروەها بەکارهێنانی ئەم گیرەکە زیاتر لە زاری کرمانجی ژووروودا لەکاردایە، بەشێوەیەکی کەمتر لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا دەرکەوتنی هەیە.

- ناوی تایبەتی مرۆڤ + /-ۆ/ > ناوبچووککراوە ......... یاسای (١٩)

٦٠- زەینۆ، فەتۆ، شێرۆ، خەجۆ، سمۆ، خەمۆ، ڕەشۆ، جەلۆ، عەلۆ، شێخۆ، ئیبۆ،

**/-ۆک/:** بە هەمان شێوەی پاشگرەکانی: /-ە، ۆ، ۆل/، بۆ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ڕووی واتاوە مەبەستەوە بۆ " تانە و سووک کردنە". (سەرچاوەی پێشوو). وەک:

- ناوی تایبەتی مرۆڤ + /-ۆک/ > ناوبچووککراوە ........ یاسای (٢٢)

٦١- حەمەدۆک، سمایلۆک، قادرۆک، ئایشۆک، عەلۆک، جەلۆک، کەریمۆک، هەباسۆک، شێخۆک، زەینەبۆک، ڕەمۆک، برایمۆک، ...&

**/-ەکە/:** لە ڕووی تواناوە لە پلەی مامناوەندیدا دێت، لە ڕووی فۆڕمیشەوە دەبێتە هاوبێژ لەگەڵ مۆرفیمی ناساندن. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٧)، هاوکات بناغەی ئەم جۆرە گیرەکە ناوی تایبەتی مرۆڤە، کە دوای کورتکردنەوەی ناوەکە دەچێتە سەری.

- ناو + /-ەکە/ > ناوی بچووککراوە .......... یاسای (٢١)

٦٢- عەلەکە، فەتەکە، نەسەکە، وەلەکە، ...&.

**/-یژگە/:** ئەم پاشگرە، گیرەکێکی سست و کەمتوانایە لە بچووککردنەوەی ناودا، تەنها لەگەڵ بناغەی چەند ناوێکی گشتیدا بەکاردێت و واتای بچووکی و ناسکی و خۆشەویستی دەبەخشێت.

- ناو + /-یژگە/ > ناوی بچووککراوە........... یاسای (٢٢)


٦٣- کوڕیژگە، ژنیژگە، پیاویژگە، ...&

کەواتە لە کۆتاییدا چالاکیی و سستیی گرنگترین مۆرفیمە داڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوەمان لەڕێگەی (٢٢) یاساوە خستەڕوو، لە خشتەی (١٦)دا بەپێی ژمارەو ئامار چالاکیی و سستیی هەر یەکێکیان دەخەینەڕوو.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی بچووککراوە، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (١٤٦) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ە/ | ٢٣ | %١٥,٧٥ |
| /-ۆکە، -وکە/ | ١٦ | %١٠,٩٥ |
| /-ۆ/ | ١٢ | %٨,٢١ |
| /-ۆک/ | ١١ | %٧,٥٣ |
| /-ۆڵە، -ۆلە/ | ١٠ | %٦,٨٤ |
| /-ەڵە، -لە/ | ٩ | %٦,١٦ |
| /-ۆڵە، -ۆلە/ | ٩ | %٦,١٦ |
| /-ۆڵکە، -ولکە/ | ٨ | %٥,٤٧ |
| /-کە/ | ٧ | %٤,٧٩ |
| /-لە/ | ٧ | %٤,٧٩ |
| /-یلە، -یل/ | ٧ | %٤,٧٩ |
| /-چە/ | ٧ | %٤,٧٩ |
| /-یلکە/ | ٤ | %٢,٧٣ |
| /-چکە/ | ٤ | %٢,٧٣ |
| /-ۆچکە/ | ٤ | %٢,٧٣ |
| /-ەکە/ | ٤ | %٢,٧٣ |
| /-یژگە/ | ٣ | %٢،05 |
| /-وولە/ | ٢ | %١,٣٦ |

خشتەی (١٦) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی بچووککراوە




### ٣/١-٣-٣) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی ئەبستراکتیی[52]

ئەبستراکت پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بریتییە لە دابڕینی ڕوخسار – وێنە لە کەرەسە و بابەت، (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ١١)، ئەم پرۆسەیەش بۆ گەیشتن بە چەمکە گشتییەکان لە مێشکی مرۆڤدا ڕوودەدات، پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی ناوی ئەبستراکتیی، چەپکە مۆرفیمێکن، کە لە دەوری یەک چەمک کۆبوونەتەوە، ئەویش چەمکی (ئەبستراکتیی)یە، لەڕووی چالاکیی و سستییەوە ئەندامانی ئەم چەپکە مۆرفیمە بێگومان وەکیەک چالاک نین و لەڕووی بەکارهێنانەوە مەودای جیاوازیان هەیە، هەربۆیە گرنگترین ئەو گیرەکانەی، کە ڕۆڵیان لە ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتی داڕێژراودا هەیە، بریتین لە:

***/-ی/:*** یەکێکە لە گیرەکە زۆر چالاک و بەرهەمدارەکانی داڕێژەری ناوی ئەبستراکتیی لە زمانی کوردیدا، دیارە چەند فاکتەرێک ڕۆڵیان لە چالاکبوونی ئەم گیرەکەدا هەیە، لەوانەش:

**أ-** پاشگری /-ی/، لە ڕووی کەتیگۆری وشەکانەوە لەگەڵ چەند بناغەیەکی جیاوازدا دێت، بۆ نموونە لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کار)دا دێت، هاوکات لە ڕووی پێکهاتەشەوە لەگەڵ بناغەی پێکهاتەی جیاوازدا دێت لە نموونەی وشەی

---

52 بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پێزی مۆرفیمە داڕێژەرەکانی ناوی ئەبستراکتی، بڕوانە: (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣).

(ساده، داڕێژراو، لێکدراو)، دیاره ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ نەرمی و لەبارێتی ئەم گیرەکه و لایەنی فۆنۆلۆژیی گیرەکەکه.

ب- له ڕووی درکاندنەوه ئاسانه بۆ درکاندن، هاوکات له ڕووی ئیکۆنۆمییەوه له تەنها دەنگێک پێکهاتووه، ئەمەش له کاتی درکانندا وزەیەکی کەمی دەوێت.

هەربۆیه " له زمانی کوردیدا، سۆفێکسی (ی) ڕۆڵێکی یەجگار باڵا له دروست کردنی ناوی ئەبستراکتیدا دەبینێت، ئەم سۆفێکسه دەتوانین به بەرهەمدارترین سۆفێکسی له زمانی کوردیدا دابنێین، چونکه هەتا ئێستا ئەم سۆفێکسه ژمارەیەکی یەجگار زۆری له ناوی ئەبستراکتی له زمانی کوردیدا دروست کردووه." (فاروق عومەر سدیق: ١٩٧٥: ٤٩٤).

- ناو + /-ی/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی .......... یاسای (١)

٦٤- برایی، مناڵی، حەماڵی، بەقاڵی، قوڕکاری، کرێکاری ، نانکەری، کارەکەری، ئاسنگەری، مسگەری، چەخماخسازی، ددانسازی، دوکانداری، مەڕداری، کۆتربازی، فڕۆکەوانی، شۆفێری، باخەوانی، جوتیاری، نانەوایی، ..&

- ئاوەڵناو + /-ی/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی ......... یاسای (٢)

٦٥- جوانی، تاڵی، شیرینی، ڕەشی، قوڵی، نەزانی، ناپاکی، نەخۆشی، نەبوونی، هەژاری، بوێری، غەمناکی، داماوی، سوێری، ژیری، ئازایی، ناڕەوایی، ناڕاستی، نامەردی، ناپیاوی، ڕووناکی، تاریکی، گەمژەیی، ...&

**/-ەتی –ێتی/:** دوو پاشگری داڕێژەری ناوی ئەبستراکتین، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین سینۆنیمی یەکترن، هەرچەنده زۆرجار بنەمای ئاهەنگ و مۆسیقای یەکێکیان لەگەڵ بناغەکانیاندا له ناوچەیەکدا زیاتر بەکاردێت، بۆ نموونه پاشگری /-ێتی/، زیاتر له ناوچەی سلێمانی بەکاردێت، بەڵام به پێچەوانەوه پاشگری /-ەتی/، پاشگرێکی گشتگیرتره و لەناوچەکانی تری زمانی کوردیدا بەکاردێت، دیاره ئەمەش پەیوەسته به گونجانی، یاخود ئاسانی درکاندنی یەکێکیان لای ئاخێوەری ناوچەیەکی دیاریکراو، هەربۆیه " پاشگری (ەتی)و (ێتی) هەردوکیان هەریەک پاشگرن، بەڵام هەرچی (ەتی)یه ڕاستترەو زۆریش بەکاردێت، کەچی (ێتی) به تایبەتی له ناوچەی سلێمانی باوه." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١١٥). هەر لەمڕووەوه (مەسعود محەمەد) دەڵێت: " بەکارهێنانی پاشگری /-ێتی/ له وشەکانی (برسێتی، خەنێتی)، له ڕاسته دەستوری کوردی لایداوه." (٢٠١١: ١١٣)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمه پێمانوایه، ناکرێت، پاشگری /-ێتی/، پشتگوێ بخەین و

پاشگری /-ەتی/ بە بنەڕەت دابنێین، بەڵکو ئاساییە هەردووکیان بەکاربهێنرێت، چونکە لایەنی ئاهەنگ و مۆسیقاو گونجاندنی هەرکامێکیان لەگەڵ بناغەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی ئەم پاشگرانە و کارێکی هەڵە نییە، هەروەک چۆن، /-ەتی/، دەستوورییە، ئاواش بەکارهێنانی /-ێتی/ دەستوورییە، ئەمە جگە لەوەی، کە چەند بناغەیەکمان هەیە ناتوانین شوێنەکانیان بە یەکتری ئاڵوگۆڕبکەین. وەک:

٦٦- کوردێتی / کوردەتی*

٦٧- کەرێتی / کەرەتی*

گرنگترین یاساکانی ڕۆنانی ناوی ئەبستراکت بە پاشگرەکانی /-ەتی/و /-ێتی/ بریتین لە:

- ناو + /-ەتی،-ێتی/یەتی/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی .......... یاسای (٣)

٦٨- دایکێتی، کەسێتی، پیاوەتی، پاشایەتی، بەڕێوەبەرێتی، خۆیەتی، نامەبەریەتی، حوکمڕانییەتی، فرۆکەوانێتی، شارستانێتی، برسێتی، دراوسێیەتی، مامۆستایەتی، بەندایەتی، تەنەکەچێتی، یەکێتی، ....&

- ئاوەڵناو + /-ەتی،- ێتی/یەتی/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی....... یاسای (٤)

٦٩- خوێڕێتی، سورێتی، کارەکەریەتی، ئازایەتی، ڕەشیەتی، ...&

هەردوو پاشگری /-ەتی، -ێتی/، لە ڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە بەرهەمیان مامناوەندە، هاوکات ئەو بناغانەی، کە دەچنە سەریان بریتین لە بناغەکانی (ناو، ئاوەڵناو)، هەروەها لە ڕووی ستراکچەری بناغەکانیانەوە وشەی سادەو ناسادەش وەردەگرن.

**/-ایەتی/:** مۆرفیمی (ایەتی) لە زمانی کوردیدا، پاشگرێکی چالاکە و یاریدەی داڕشتنی دەیان وشەی داوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف٢٠١٤: ٤٣)، ئەم پاشگرە لە ڕووی سیمای واتاییەوە زیاتر لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێت، کە دەربڕی چەمکی خزمایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن،واتە گرنگترین سیماواتاییەکانی: (+بەئەستراکتکردن، +دەربڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، +بزوتنەوە و چالاکیی، +بەڕێوەبردن، +خاوەندارێتی،...&)، هەروەها لەڕووی ئەو بناغانەی، کە هەڵیاندەبژێرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە کەتیگۆری ناون، ئەمە جگە لەوەی، کە بەشێوەیەکی کەمتر کەتیگۆری ئاوەڵناویش هەڵدەبژێرێت، لە ڕووی پێکهاتەشەوە

زیاتر بناغەی وشە سادەکان هەڵدەبژێرێت، گرنگرتین یاساکانی داڕشتنی ناوی ئەبستراکتی بە یارمەتی پاشگری **/-ایەتی/** بریتییە لە:

- ناو + **/-ایەتی/** > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی ........... یاسای (٥)

٧٠- خزمایەتی، بەڕێوەبەرایەتی، باوکایەتی، دایکایەتی، خوشکایەتی، کۆمەڵایەتی، دەرویشایەتی، مرۆڤایەتی، پێشمەرگایەتی، حیزبایەتی، کوردایەتی، سەرۆکایەتی، مۆڵکایەتی، بەندایەتی، سەرکردایەتی، ڕێبەرایەتی، ...&

- ئاوەڵناو + **/-ایەتی/** > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی .......... یاسای (٦)

٧١- مەردایەتی، زۆڵایەتی، دۆستایەتی، دۆژمنایەتی، سوکایەتی، کەرایەتی، مەزنایەتی، دژایەتی، ...&

***/-ایی/:*** یەکێکی ترە لە پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی ئەبستراکتی، " پاشگری /-ایی/، دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بە ناوی ئەبستراکت." (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٨٦)، ئەوەی ئەم پاشگرە جیادەکاتەوە لە پاشگرەکانی تری هاوچەمکی ئەوەیە، کە تەنها کەتیگۆری ئاوەڵناوی سادە وەک بناغە هەڵدەبژێرێت، هاوکات بناغەی ئەو وشانەی، کە بەدەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە وەرناگرێت، بەڵکو پاشگرەکانی تری هاوئەرکی ئەمجۆرە بناغانە وەردەگرن، یاسای داڕشتنی ناوی ئەبستراکتی بە یارمەتی پاشگری **/-ایی/** بریتییە لە یاسای (٧):

- ئاوەڵناو + **/-ایی/** > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی ......... یاسای (٧)

٧٢- کوێرایی، تارمایی، ڕەشایی، قورسایی، تیژایی، ئەستورایی، تەڕایی، وشکایی،

***/-ێنی/:*** یەکێکە لە پاشگرە ناچالاک و سستەکانی داڕێژەری ناوی ئەبستراکتی و لەگەڵ چەند ناو و ئاوەڵناوێکدا دێت و زیاتر دەربڕی واتای حاڵەتە، بە شێوەیەکی گشتی. یاسای ڕۆنانی بەم شێوەیەیە:

أ- ناو + **/-ێنی/** > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی ...... یاسای (٨)

٧٣- کوڕێنی، بوکێنی، کچێنی،

٧٤- ئاوەڵناو + **/-ێنی/** > ناوی ئەبستراکتی .......... یاسای (٩)

ب- قۆزێنی، ڕەشێنی،

**/-ا/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و کەم پێزەکانی داڕێژەری ناوی ئەبستراکتی و تەنها بناغەی ئاوەڵناوەکانی (گەرم، سارد) هەڵدەبژێرێت و دەربڕی واتای حاڵەتە.

- ئاوەڵناو + /-ا/ > ناوی ئەبستراکت ........... یاسای (١٠)

٧٥- گەرما، سەرما، ...&.

/-ە/: یەکێکە لە فۆڕمە فرەئەرکەکان لە زمانی کوردیدا و لە ئاستەکانی: (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی)دا، بە پێی شوێنەکەی ئەرکی جیاوازی هەیە، یەکێک لە ئەرکەکانی داڕشتنی ناوی ئەبستراکتە، ئەویش بە هەڵبژاردنی بناغەی چەند ناو و ئاوەڵناو و کارێک، هەرلەم ڕووەوە (نوری عەلی ئەمین) دەڵێت: " بۆ دروستکردنی ناوی مەعنەوی (abstract)، لە چاوگی لازم بە فرێدانی (ین) یان (ان)وە، لە چاوگی متعدی دالی (اندن = Andin) وە دانانی پاشگری (ە = E) لە جێیان. وەک: باڕان/باڕاندن > باڕ > باڕە" (١٩٥٨: ٨). بەڵام لە ڕووی بەرهەم و چالاکییەوە بەرهەمی مامناوەندە، یاساکانی ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتیی لە ڕێی ئەم گیرەکەوە بریتییە لە:

أ- ناوی ژمارە + /-ە/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی........ یاسای (١١)

٧٦- چلە، سەدە،

ب- ئاوەڵناو + /-ە/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی........ یاسای (١٢)

٧٧- خراپە، چاکە،

پ- ڕەگی کار + /-ە/ > ناوی داڕێژراوی ئەبستراکتی........ یاسای (١٣)

٧٨- پرسە، کۆکە، پژمە، باڕە، ...&

**/-ش، شت، یشت/:** ئەم شێوە جیاوازانە، کە هەموویان یەک سۆفێکسن و دەرکەوتنی جیاوازیان هەیە، واتە ئەلۆمۆرفی یەکن، ناوی ئەبستراکت دادەڕێژن و لە ئێستادا چالاک نین، بەڵام سەردەمێک بووە چالاکییان هەبووە، هەروەها سۆفێکسەکە لەم وشانەدا قەتیس ماوە و لە ئێستادا سۆفێکسەکە بووە بە بەشێک لە وشەکە و ناتوانین لە یەکتریان بترازێنین. (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٩٣).

٧٩- ئارایشت/ئارایش، وەرزش، ڕەوشت، ڕەوش، سەرزەنشت، شۆڕش، کۆشش، بڕشت، پەرستش،

**/-انە/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە زۆر سست و ناچالاکەکانی دارێژەری ناوی ئەبستراکتی، هاوکات ئەم گیرەکە ڕۆڵی لە دارشتی ئاوەڵناوی دارێژراودا هەیە، ناوی دارێژراو بە واتای کاتەوە، واتە بەپێی شوێن و ئەو واتایەی دەیبەخشێت دەرکردەی جیاوازی هەیە، لەوانە:

٨٠- ئاوەڵناو + /-انە/ > ناوی دارێژراوی ئەبستراکتی... (پاکانە، سوورانە).

٢٨١- ناو + /-انە/ > ناوی دارێژراون بە واتای کاتەوە... (مانگانە، وەرزانە، ڕۆژانە، ساڵانە، شەوانە).

٨٢- ناو + /-انە/ > ئاوەڵناوی دارێژراو... (کچانە، ژنانە، پیاوانە، کەرانە).

**/-ست/:** پاشگرێکی سست و ناچالاکە لەم بوارەدا و لەگەڵ ڕەگی کردارەکانی: (توانی، زانی)دا، ناوی ئەبستراکتی ڕۆدەنێت.

٨٣- توانست، زانست.

**/-ینی/:** ئەم پاشگرە لە گۆڤەری کرمانجی ناوەڕاستدا زۆر کەمبەرهەمە، بەڵام لە گۆڤەری کرمانجی ژورودا بەرهەمدارە، وەک: (مرۆڤینی، مێرینی، ...) (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٩٤).

٨٤- ماتەمینی،


پشت بەست بەو زانیارییانە، گرنگترین یاساکانی دارشتنی ناوی ئەبستراکتیی لە ڕێگەی پاشگرە دارێژەرەکانی تایبەت بە دروستکردنی ئەمجۆرە ناوەوە بریتیبوون لەو (١٣) یاسایەی کە خستمانەڕوو، هاوکات لە ڕێگەی خشتەی (١٧)ەوە ئاماری چالاکیی و سستیی ئەم پۆلە گیرەکە (گیرەکەکانی دارێژەری ناوی ئەبستراکتیی) دەخەینەڕوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەی، گرنگترین ئەو مۆرفیمانەمان خستەڕوو، کە ڕۆڵیان هەیە لە دارشتنی ناوی ئەبستراکتیدا، بەڵام مۆرفیمێکی ترمان هەیە، کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە نیشانەی چاووگ ئەژمارکراوە، ئەویش پاشگری /-ن/ە، دیارە ئەم گیرەکە تەنها مۆرفیمە، کە دەتوانێت بچێتە سەر بناغەی کار بەشێوەیەکی گشتی و ناوی ڕووداو دابرێژێت و دروستیبکات، لە ڕووی کەتیگۆرییشەوە ناوی ڕووداو، لەبەرئەوەی بنەماو بناغەی وەرگرتنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی کارە لە زمانی کوردیدا، بۆیە وەک پۆلێکی سەربەخۆی وشە، کە ئەویش پۆلی (کار/چاووگ)ە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، واتە /-ن/ی نیشانەی ناوی ڕووداو وەک تەنها گیرەکی چالاک لە ڕۆنانی ناوی ڕووداو لە بناغە/قەدی کردارەوە، ڕۆڵدەبینێت و کەتیگۆری وشەکە لە کارەوە دەگۆڕێت بۆ

ناوی ڕووداو/چاووگ، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای پرۆسێس ڕادەگەیەنێت و بریتییە لە ناوی ڕووداوەکە، نەک خودی کردە و ڕووداوەکە بێت، هەرلەمبارەیەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، دەڵێت: " چاووگ یان فۆرمی دیارنەخراو ئەگەرچی پێکهاتن و تایبەتێتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە فۆڕمە گەردانەکراوەکانی کارە و واتای ڕوودان ڕادەگەیەنێت بێئەوەی ئیشارە بۆ پێوەندێتی بە ڕێژە یان کات یان کەس یان ژمارەوە بکات. لەم ڕووەوە چاووگ وەک ناوی مەعنەوی لەکاردایە، بەڵام ئەم پرۆتسێس نیشاندەداو هەرچی ناویشە شت دیاری دەکات." (٢٠١٤: ٣٩). کەواتە " دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەین، کە سەرجەم (ناوی ڕووداو/چاووگەکان) وەک ناوێکی ئەبستراکتی ڕۆنراو لە کاردان و ئاماژەن بۆ واتا و مەبەستی جیاواز بە پێی واتای کارەکە. .... هەر لەم ڕووەوە (فاروق عومەر سدیق) پێی وایە، کە (ن)ی نیشانەی ناوی ڕووداو دەچێتە سەر کار و ناوی ڕووداوی ئەبستراکتی دروستدەکات، ڕەگەکەش دروستکەری ناوی چاوگەکەیە، هاوکات ناتوانین چاوگەکان جارێکی تر لە ڕێگەی پاشگرە داڕێژەرەکانی ترەوە، کە دەچنە سەر ناو بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراکت بەکاربهێنین بۆ ئەبستراکتکردنی ئەم چاوگانە." (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٣: ٩٦)، هەر لەبارەی گیرەکی /-ن/ەوە، (محەمەدی مەحوی) دەڵێت: " لە زمانی ئەمڕۆی کوردییدا، دروستکردنی سەرەناوی کرداریی لە ڕێی لکاندنی پاشگری /-ن/ی لە کردارخستنەوە جێبەجێدەکرێت، یاسای ئەو دروستکردنە بەبەرهەمترین پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی لە زمانەکەدا دەنوێنێت." (٢٠١٠: ؟)، بەم پێیە ئەو فۆڕمەی، کە لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا بە نیشانەی (چاووگ/ناوی ڕووداو) ناودێرکراوە، ئەوا ئەمیش گیرەکە و یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی زمانی کوردیی، کە خۆی تەنها گیرەکە بتوانێت لە قەدی کارەوە ناوی ڕووداو دابڕێژێت، واتە تەنها بناغەیەک، کە ئەم گیرەکە وەریدەگرێت بریتییە لە بناغەی کاری ڕابردووی بنەڕەتی، جا فۆڕمی بناغەکە لە ڕووی ستراکچەرەوە دەشێت (بنەڕەتی، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، بەڵام ئێمە لە ڕووی چالاکیی و ڕێژەی پێزوبەرهەمدارییەوە نایخەینە بەرامبەر گیرەکە داڕێژەرەکانی تری ناوی ئەبستراکت، چونکە بەرهەمی سەرجەم گیرەکەکانی پێشوو، لە ڕووی کەتیگۆرییەوە دەچێتە چوارچێوەی پۆلی ناوەوە، بەڵام گیرەکی /-ن/، کە تەنها گیرەکی تاقەنە و چالاک و بەرهەمدارە لەم بوارەدا و بەرهەم و دەرکردەکەی دەچێتە چوارچێوەی (ناوی کاریی/ ناوی ڕووداو)ەوە. وەک:

- بناغەی کاری ڕابردوو + /-ن/ > ناوی ڕووداو/ ناوی کاریی

٨٥- خواردن، نووستن، هەڵگرتن، ڕۆکردن، تەواوکردن، سەماکردن، ...&

کەواتە گیرەکی /-ن/، یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی زمانی کوردی و چەند دەرکەوتنێکی جیاوازی هەیە، بەڵام لە هەمان بنەچەوە نەهاتوون، بەڵکو تەنها لە ڕووی فۆرمەوە وەک یەکن، واتە (هاوبێژ)ی یەکن، بۆ نموون بەپێی هێڵکاریی (٦) مۆرفیمە گراماتیکییەکان (جێناوە لکاوەکان)، هیچ پەیوەندییان بە مۆرفیمە لێکسیکییەکانەوە نییە:





هێڵکاریی (٦) دەرکەوتنە جیاوازەکانی گیرەکی /-ن/

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی ئەبستراکتی، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (١٢٨) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ی/ | ٤٣ | %٣٣,٥٩ |
| /-ایەتی/ | ٢٤ | %١٨,٧٥ |
| /-ەتی، -ێتی/ | ٢٠ | %١٥,٦٢ |
| /-ایی/ | ٩ | %٧,٠٣ |
| /-ش،-شت، یشت/ | ٩ | %٧,٠٣ |
| /-ە/ | ٨ | %٦,٢٥ |
| /-ێنی/ | ٥ | %٣,٩٠ |
| /-اتی/ | ٣ | %٢,٣٤ |
| /-انە/ | ٢ | %١,٥٦ |
| /-ست/ | ٢ | %١,٥٦ |
| /-ا/ | ٢ | %١,٥٦ |
| /-ینی/ | ١ | %٠,٧٨ |

خشتەی (١٧) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی ئەبستراکتی




## ٣-١/٣-٤) پۆلی پاشگرە دارێژەرەکانی ناوی خاوەن پیشە:

چەپکێک مۆرفیمن، لە زمانی کوردیدا ڕۆڵیان لە زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری کوردزماندا هەیە، ئەم پۆلە لە مۆرفێمی بەند دەتوانن لە ڕووی کەتیگۆرییەوە بناغەی جیاواز هەڵببژێرن و وشەی نوێ دابڕێژن. " بە زۆریش یارمەتی دارشتنی ناوێک دەدەن، کە پیشە و ئیشی یەکێکی پێ دیاری بکەن." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٦٩). واتە ئەم گروپە مۆرفیمە لە ڕووی واتاییەوە سیمای سەرەکییان (+پیشە)یە، بەڵام لە جۆری پیشەکان و هەڵبژاردنی بناغەکاندا جۆرێک لە ئازادییان هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە جاری واشە ئاڵوگۆڕ لە نێوان مۆرفیمەکانی یەک بناغەشدا ڕوودەدات، وەک (یاریکەر / یاریچی)، (پینەدۆز / پینەچی)، واتە لەم شوێنانەدا وەک سینۆنیمی یەکتر مامەڵە دەکەن، هەروەها لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە دەتوانین پلەکانی (بەرهەمدار، ناوەندەبەرهەم، کەمبەرهەم)یان بۆ دیارییکەین.

**/-کەر/:** ئەم مۆرفیمە لە بنەڕەتدا مۆرفیمێکی ناسادەیە و لە دووبەش پێکهاتووە: (ڕەگ+/-ەر/، واتە (کە + /-ەر/ > کەر)،دیارە ئەمیش بە تیاچوونی یەکێک لە دوو دەنگە ڤاوڵە کورتەکەی [ە]، بەڵام لە ئێستادا وەک یەک مۆرفیم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و یەکێکە لە گیرەکە دێرینەکانی دارێژەری ناوی خاوەنپیشەیە، هەروەها لەڕووی چالاکیی و بەرهەمەوە " یەکێکە لە گیرەکە چالاک و بە تواناکانی ناوی پیشە، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا

دەربکەوێت." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٠)، بەڵام لە ئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە، کە ئەمەش لە کۆندا دەشێت بەرهەمی زیاتر بووبێت، دیارە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەوەی، کە بەرهەمی سنورداربوە، پەیوەندی بە لایەنی سیمانتیکی و تابووی گیرەکەکەوە هەیە، چونکە هاوبێژە لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، بۆیە زۆرجار قسەکەر هەوڵدەدات تا ئەو شوێنەی یاساکانی زمان ڕێگەی پێبدەن ئەو وشەیەی، کە بەم گیرەکە داڕێژراوە بیگۆڕێت بە وشەیەکی هاوواتای وەک وشەکانی: (نوێژکەر: نوێژخوێن، کارەکەر: خزمەتکار، یاریکەر:یاریزان، قسەکەر: ئاخێوەر، ...&).

- ناو + /**-**کەر/ > ناوی داڕێژراوی خاوەن پیشە ......... یاسای (١)

٨٦- دارکەر، یاریکەر، ڕاوکەر، نانکەر، سواڵکەر، سەماکەر، قسەکەر، ...&

**/-**گەر/: ئەم پاشگرە زۆر چالاک نییە، تەنیا دەچێتە سەر (ناو)و واتای پیشە ڕادەگەیەنێت. (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠١٣)، هاوکات پاشگری /**-**گەر/، بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتادا لەگەڵ ناوی چەند کانزایەکدا هاتووە و ناوی خاوەنپیشەی گەیاندووە، بەڵام لە ئێستاداو بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ بناغەی چەند ناوێکی تردا بەکاردەهێنرێت، کە ناوی کانزا نین، بۆ نموونە وەک: (جادوگەر، ڕۆژنامەگەر).

- ناو + /**-**گەر/ > ناوی داڕێژراو........... یاسای (٢)

٨٧- مسگەر، ئاسنگەر، زەڕەنگەر، جادوگەر، ڕۆژنامەگەر، ...&

**/-ساز/:** یەکێکی ترە لە مۆرفیمە داڕێژەرەکانی ناوی خاوەنپیشە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە، بەرهەمدار نییە و تا ڕادەیەک پاشگرێکی سستە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، هەرچەندە لە ئێستای زمانی کوردیشدا بەهۆی ئەم گیرەکەوە توانراوە لە بواری زاراوەسازییدا سوودیلێوەربگیرێت و چەند زاراوەیەکی پێدابڕێژرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمی هەر کەموسنووردارە، هەروەها لەگەڵ پاشگری داڕێژەری /-ی/ی ناوی ئەبستراکتیدا لە چەند زاراوەیەکی زمانەوانیدا دەبینرێت لە شێوەی پاشگری /-سازی/دا، وەک: (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی، ..&)، " بەڵام ناتوانین بڵێین وشەساز یان ڕستەساز، چونکە کەسی پسپۆڕ لەو بوارەدا خۆی یاساکان دروستناکات، تەنها لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا دەکات و پسپۆڕە تیایدا." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٣٥)، کەواتە هەرکات پاشگری /-ساز/ لەگەڵ پاشگری /-ی/ هات، ئەوا چەمکەکەی دەبێتە (-پیشە)، وەک: (وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی، ...&).

- ناو + /**-**ساز/ > ناوی داڕێژراو........ یاسای (٣)

٨٨- چەخماخساز، فلیمساز، دەرمانساز، ددانساز، زاراوەساز، ڕەخنەساز،...&
(جەمال عەبدول: ٢٠٠٨: ٨٢).

**/-چی/:** یەکێکە لە مۆرفیمە چالاک و بەرهەمدارەکانی ناوی خاوەن پیشە لە ئێستای زمانەکەدا، هەرچەندە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە " پاشگرێکی تورکییەو دەربازی زمانی کوردی بووە." (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٦٥)، پاشگری /-چی/ لە ڕووی سیمانتیکییەوە زیاتر هەڵگری سیماکانی (+پیشە، +بەردەوامی)یە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش بناغەی ئەم پاشگرە، لە کەتیگۆری ناوە. وەک:

- ناو + /-چی/ > ناوی داڕێژراوی خاوەنپیشە......... یاسای (٤)

٨٩- فیتنەچی، قومارچی، کەڵەکچی، کلاوچی، ساختەچی، قۆڵچی، ئاژاوەچی، ماستاوچی، پینەچی، بۆیاخچی، توتنچی، سەعاتچی، بۆڕیچی، پەنچەرچی، خانچی، چایچی، کوشنچی، جامچی، تەنەکەچی، لەحیمچی، کارەباچی، شووشەچی، جاڕچی.[53]

**/-ەوان، -وان/:** یەکێکە لە مۆرفیمە بە تواناکانی داڕشتنی ناوی پیشە، بەزۆری دەچێتە سەر ناو، بەڵام جیاوازی لە سیمای لاوەکیدا هەیە، کە بە زۆری سیمای {+پیشە}، {+پارێزگاری} تێدایە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکجاریش سیمای {+ئەزموون و شارەزایی} هەڵدەگرێت. " (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٢)، ئەم مۆرفیمە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەدا دێت، کە لەبواری ئاژەڵداری و پیشەی کشتوکاڵیدا لەکاردایە، ئەمە جگە لەوەی، کە لەم سەردەمەی زمانەکەماندا بۆ داڕشتنی چەند زاراوەیەک لە بواری جیاوازدا سوودیلێبینراوە. هەروەها جاری واشە بەهۆی فاکتەری فۆنۆلۆژییەوە فۆڕمەکەی لە /-ەوان/ەوە دەگۆڕێت بۆ /-وان/، کە دەبێتە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمە سەرەکییەکە. وەک:

- ناو + /-ەوان، وان/ > ناوی داڕێژراوی خاوەنپیشە ............ یاسای (٥)

٩٠- فڕۆکەوان، کەشتییەوان، باخەوان، شاخەوان، زمانەوان، کارەوان، گاوان، بەرغەلەوان، باژێڕوان، پاسەوان، دەرگاوان، دەریاوان، مەلەوان، گۆلکەوان، پاکەوان، هەنگەوان، دارەوان، قازەوان، ڕەزەوان، توتنەوان، ...&

[53] پێویستە خوێنەر ئەوەی لاڕوون بێت، کە ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە، کە وشەکانی وەک: (ساختەچی، کلاوچی، ماستاوچی، کەڵەکچی، قومارچی، فیتەنەچی...&) ئەمانە پیشەیەکی دیاریکراو و بەرجەستەی مرۆڤ نین، بەڵام لە ڕاستیدا خووپێوەگرتنی و ئەوەندە دووبارەکردنەوەی بۆ خاوەنەکەی دەبێتە جۆرێک لە پیشە و وەک سیفەتێکی لێدێت بۆ هەڵگری ئەم کاروکردەوانە.

جگە لە هەردوو فۆڕمی /-ەوان، -وان/، فۆڕمەکانی /-وانە، -ەوانە/شمان هەیە، کە بە بڕوای ئێمە ئەمانیش ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی /-ەوان/ە، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەڵگری هەمان سیماواتاییەکانی فۆرمە سەرەکییەکەیە، یاخود هەندێکجاریش لە سیمای واتایی بنەڕەتیی لایداوە، واتە لەم نموونانەدا، کە دەیخەینەڕوو، سیمای واتایی {-پیشە} وەردەگرێت، وەک: (کۆڵوانە، پوزەوانە، پەنجەوانە، دەستەوانە، لوتەوانە، تۆپەوانە، پاوانە، ...هتد)، ئەگەر تێبینی واتای گشتی ئەو نموونانە بکەین، پاشگری /-ەوانە، -وانە/، هەڵگری واتای {+پارێزگاریکردن}ە، بەڵام لە هەندێک لە نموونەکانیشدا، وەک: (لوتەوانە، پاوانە)، هەڵگری واتای {+ڕازاندنەوە}یە، هەروەها لە نموونەکانی: (تۆپەوانە، دەمەوانە)دا، پاشگرەکە زیاتر هەڵگری واتای {+ڕێگریکردن}ە.

پاشگری /-وان، -ەوان/، جگە لە گەیاندنی چەمکەکانی: {+پارێزگاریکردن، +ئەزموون و شارەزایی}، و هەڵبژاردنی بناغەی (پۆلەڕەگەزی ناو)، لە ئێستای زمانی کوردییدا دەچێتەسەر پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو)یش، وەک: (چالاک + /-ەوان/ > چالاکوان)، هەرچەندە لەم نموونەیەدا ئاوەڵناوی (چالاک) بۆخۆی واتایەکی پڕی هەیە، بۆ ئەو کەسانەی، کە (چالاکی) بوارێکی دیاریکراون و پێویست بە بەکارهێنانی پاشگری /-وان/ ناکات و زیادە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هاتووەتە زمانی کوردییەوەو بووەتە وشەیەکی (هەڵەی باو) و ڕۆیشتووەو بەکاردەهێنرێت، ئەم پاشگرە لە ئێستای زمانەکەدا چالاکەو دەتوانرێت وشەی نوێی پێدابڕێژرێت لە نموونەی: (چالاکوان، باژێڕوان، سیاسەتوان، ڕۆژنامەوان/ڕۆژنامەڤان، پاکەوان، هەنگەوان، زمانەوان، شارەوان/شارەوانی، دیدەوان/دیدەوانی، ...&).

**/-دار/:** یەکێکە لە گیرەکە سست و ناچالاکەکانی داڕێژەری ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە داڕشتنی (ئاوەڵناوی بکەری)دا بە توانایە و هەڵگری واتای (خاوەنێتی و هەبوون - تملک)ە، کە لە شوێنی خۆیدا دێینەوە سەری.

- ناو + /-دار/ = ناوی داڕێژراو............ یاسای (٦)

٩١- دوکاندار، مەڕدار، ئاژەڵدار، چەکدار/چەکداری،

**/-باز/:** ئەم پاشگرە لە داڕشتنی ناوی خاوەن پیشەدا سستە و بەرهەمێکی کەمی هەیە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەرک و ڕۆڵی تریشی هەیە، بۆ نموونە وەک داڕشتنی ئاوەڵناو (فێڵباز)، هەروەها بناغەی ئەم پاشگرە بریتییە لە ناو، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە.

- ناو + /-باز/ > ناوی داڕێژراوی خاوەنپیشە .......... یاسای (٧)

٩٢- جامباز، سەرباز، کۆترباز، مێباز، نێرباز، هەتیوباز،[54]...&

**/-بەند/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و ناچالاکەکانی داڕێژەری ناوی خاوەنپیشە، وەک هاوبێژ دەچێتە سەر بناغەی جیاواز و ئەرک و واتای جیاوازی هەیە، هەر لەم ڕووەوە (سەباح ڕەشید)، ئەم پاشگرەی بۆ چەند هاوبێژێک جیاکردووەتەوە. (٢٠٠٠: ٧٨):

٩٣- دەچێتە سەرناو، پیشە لەو ناوە دروستدەکات. ناڵ + /-بەند/ > ناڵبەند.

٩٤- دەچێتە سەر ناو داپۆشینی ئەو شوێنە دەگەیەنێت، وەک: ڕوو + /-بەند/ > ڕووبەند. (ڕووپۆش).


٩٥- دەچێتە سەرناو بەستنی ئەو شوێنە دەگەیەنێت، وەک: کەمەر + /-بەند/ > کەمەربەند (کەمەربەست).

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی خاوەنپیشە، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٧٢) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
| --- | --- | --- |
| /-چی/ | ٢٣ | %٢٦,١٣ |
| /-ەوان، -وان/ | ٢٠ | %٢٢,٧٢ |
| /-کەر/ | ٧ | %٧,٩٥ |
| /-ساز/ | ٦ | %٦,٨١ |
| /-باز/ | ٦ | %٦,٨١ |
| /-گەر/ | ٥ | %٥,٦٨ |
| /-دار/ | ٤ | %٤,٥٤ |
| /-بەند/ | ١ | %١,١٣ |

خشتەی (١٨) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی خاوەن پیشە

[54] لە بنەڕەتدا وشەکانی: (مێباز، هەتیوباز، نێرباز)، ئەمانە پیشە نین، بەڵکو هەڵسوکەوت و خویەکی کۆمەڵایەتین، بەڵام بە بەردەوامیەتپێدان و دووبارەکردنەوەی لەلایەن بکەرەکەیەوە، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک خویەکی دووبارە، کۆمەڵ بە پیشەی ئەو مرۆڤەی دەناسێنێت، ئەمەش هەمان تایبەتمەندیی پاشگری /-چی/ هەیە لە وشەکانی (ماستاوچی، قومارچی، ...)دا.




## ٣/١-٣-٥) پۆلی گیرەکە دارێژەرەکانی ناوی بکەر:

گرووپێکن، لە گیرەک (پاشگر و پێشگر)ن کە ڕۆڵیان لە دارشتنی ناوی بکەریی (اسم الفاعل)دا هەیە، دەرکردە و بەرهەمی ئەم گیرەکانە، واتە " ئەم وشانە لە بەکارهێناندا دەشێت ببنە ئاوەڵناوی کارا (الصفه الفاعلییە) ". (لیژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ٢٠٣)، ناوی بکەری دارێژراو: "بەو وشانە دەوترێت کە لە چاوگەوە وەردەگیرێن و واتای ڕووداوێک لە لایەن ئیشکەرەوە دەگەیەنن و توانا تایبەتێکەیان سیفەتێکی بەردەوام و هەمیشەییان پێدەبەخشێت." (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ٧٤)، ئەوەی پێویستە سەبارەت بەم پێناسەیە ڕوونبکرێتەوە، ئەوەیە، کەوا بناغەی ئەم گیرەکانە چاووگ نین، بەڵکو بریتین لە ڕەگ، هاوکات کەتیگۆری ناو، ئاوەڵناویش بە ڕێژەیەکی زۆرکەم بەشداریدەکات لەگەڵ هەندێک لە مۆرفیمەکانی ئەم چەپکە گیرەکەدا، هەروەها بەرهەمی ئەم پۆلە، لە گیرەک (پاشگر و پێشگر) ئەو دەرکردانەن، کە پێیاندەوترێت ناوی بکەر، لە ڕاستیدا ناوی ئەو کەس و شت و ماددانەن، کە دەتوانن کارێک بکەن، (نووسەر، ڕاوکەر، نانخۆر، ...)، یان کارێکیان پێبکرێت، وەک: (جلشۆر، برژێنەر، سوتێنەر، ...)، واتە بەشێوەیەکی گشتی واتای (چالاکیی و بزوتنەوە و ئەنجامدەری کارێک، یان ئەنجامپێدەری کارێکن، یاخود لە بارودۆخو حاڵەتێکدان.)، کە گرنگترین سیماواتاییەکانی بریتییە لە: {+کارکردن، +کارپێکردن، +کارلەسەرکراو}، بۆ نموونە وشەکانی وەک: (نوسەر، بانگدەر، فرۆشیار، جوتیار، چێنەر، پارێزگار....&)، ئەمانە کارێک

ئەنجامدەدەن، وشەکانی وەک: (گەڕۆک، خشۆک، فڕۆک، ...&) ئەمانە بزوتنەوە و چالاکییان تێدایە، {+کارکردن}، هەروەها وشەکانی وەک: (ڕوخێنەر، مژۆک، بزوێنەر، پسۆک، ترشێنەر، گەیەنەر، ...)، ئەمانەش بە گشتی هێزێکی دەرەکیان هەیە، کە وایان لێدەکات وەک دەزگایەک، ئامێرێک،.... کارێک ئەنجامبدەن، {+کارپێکردن}، هەروەها لە وشەکانی لەنموونەی: (نوستوو، مردوو، خوساو، پەککەوتە، لێکەوتە، مردە، ...&) ئەمانەیان بە گشتی لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەڵگری واتای حاڵەتێکن، بۆ نموونە مرۆڤێکە و لە حاڵەتی (خەوتن)دایە، شتێکەو لە حاڵەتی (تەڕبوون و خوسان)دایە، کەسێکی نەخۆش، یان بەتەمەنە و لە حاڵەتی (پەککەوتەیی و بێتوانایی)دایە، کە ئەم نموونانەیان زیاتر (ئاوەڵناوئاسا) ڕەفتاردەکەن و واتای ئاوەڵناوییان تێدایە، ئەمانەیان سیمای واتایی {+کارلەسەرکراو}یان هەیە.

**/-ەر/:** یەکێکە لە پاشگرە چالاک و بەرهەمدارەکانی ناوی بکەر ، واتە ئەم گیرەکە "پاشگرێکی زۆر بەکارو لەبارو چالاکە بۆ ڕۆنانی وشەی داڕێژراو و زاراوە.". (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ٨٠)، لەبەئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی زمانەکەماندا پێویستییەکی زۆرمان بە زاراوەی جیاواز لە بوارە جیاوازەکاندا دەبێت، بۆیە لەمڕووەوە گیرەکێکی وەک /-ەر/ " بریتییە لە وشە ڕۆنەرێکی سەرەتایی و گرینگ لە بواری زاراوەسازیدا" (شێرکۆ بابان: ٢٠٠٨: ٥١)، هەروەها بەکارهێنانی ئەم گیرەکە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

١- گیرەکی /-ەر/، تەنها بناغەی کاری تێپەڕ وەردەگرێت، لەمڕووەشەوە ڕەگی کار، بناغەی ئەو فۆڕمە نوێیەیە، کە ئەم گیرەکە وەردەگرێت، بناغەکە لە فۆڕمی (بنەڕەتی، لێکدراو، داڕێژراو)یشدا بێت ئاساییە وەک: (خوێنەر، نانخۆر، هەڵخەر، ...).

٢- ئەگەر بناغەی کارەکە تێنەپەڕ بێت، ئەوا لەڕێگەی گۆڕینی هێزی کارەکە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ بە هۆی پاشگری /-اندن/ەوە، ئینجا دەتوانرێت بناغەکە ئامادە بکرێت بۆ وەرگرتنی گیرەکی /-ەر/، وەک:

٩٦- خەوتن > خەواندن > خەوێنەر

٩٧- ڕووخان > ڕووخاندن > ڕووخێنەر

کەواتە وەک لە نموونەکانەوە بۆمان ڕوونبووەوە پاشگری /-ەر/، بە هەمان شێوەی بناغەی کاری تێپەڕ، پاش تێپەڕاندنی کارە تێنەپەڕەکان ئەوانیش دەتوانن ئەم پاشگرە وەربگرن، بەڵام لەمڕووەوە (شێرکۆبابان) دەڵێت: " پاشگری /-ەر/ دەچێتە

سەر کاری تێپەر و پاشگری /-ێنەر/ دەچێتە سەر کاری تێنەپەڕ". (٢٠٠٨: ٧٦)، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەینەوەو پێمانوایە پاشگرەکە بۆ سەر بناغەی هەردوو جۆری (تێپەڕوتێنەپەڕ) هەر هەمان گیرەکە، ئەوەی دووەم، کە لە فۆڕمی (ێنەر) خستوویەتییەڕوو لە ڕاستیدا (ێن)، بەشێکە لە ڕەگی کارە بە تێپەڕ کراوەکە، نەک ببێتە بەشێک لە گیرەکی /-ەر/، بۆ نموونە هەردوو کاری (ڕووخا، ڕووخاند)، بە نموونە وەردەگرین.

٩٨- خانووەکە ڕووخا. ................. کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕە.

٩٩- خانووەکە دەڕووخێت. ........... کاری ڕستەکە داهاتووی تێنەپەڕە، ڕەگی کارەکە (ڕووخێ)یە.

١٠٠- من خانووەکەم ڕووخاند.......... کاری رستەکە ڕابردووی تێپەڕێنراوە.

١٠١- من خانووەکە دەڕووخێنم....... کاری ڕستەکە داهاتووی تێپەڕێنراوە، ڕەگی کارەکەش بریتییە لە (ڕووخێن).

کەواتە بە تەماشاکردنێکی زۆر ئاسایی بۆماندەردەکەوێت، کە ئەوەی دەبێتە بناغەی ناوی بکەر بە هۆی/-ەر/ەوە ڕەگی کاری تێپەڕ، یان تێپەڕێنراوە، واتە لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا (ڕووخێ)، گیرەکەکە وەرناگرێت، بەڵام ڕەگی کاری تێپەڕێنراو (ڕووخێن + /-ەر/ > ڕووخێنەر)، وەردەگرێت، هەربۆیە ئەو (ێن)ە، بەشێکە لە ڕەگەکە نەک بەشێک بێت لە گیرەکی /-ەر/.

٣- ئەم گیرەکە زۆرجار لەگەڵ هەندێک بناغەدا وا دەگونجێت، کە لەگەڵ پێشگری ناوی بکەردا ببنە بەشێک و هەردووکیان پێکەوە ببنە گیرەکی داڕێژەری ناوی بکەر واتە لەم نموونانەدا، کە ئێستا دەیخەینەڕوو، بە شێوەی مۆرفیمی (لاگر) دەردەکەوێت لە فۆڕمی /ب...ەر/دایە، وەک:

- پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر > ناوی بکەری داڕێژراو

١٠٢- ب + خۆ + ەر > بخۆر

١٠٣- ب + کە + ەر > بکەر

٤- فاکتەری فۆنۆلۆژیی، یەکێکە لەو هۆکارانەی، جاری وایە تەنها فۆڕمی /-ر/ دەهێڵێتەوە، هەربۆیە هەندێک لە توێژینەوەکان /-ر/یان وەک پاشگرێکی سەربەخۆ داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر هەمان فۆڕمی /-ەر/ە، واتە ئەوە فاکتەری فۆنۆلۆژییە، کە ئەو گۆڕنکارییەی دروستکردووە. وەک:

نانخۆر، جلشۆر، نامەبەر، کارەکەر، ....& یاسای دارِشتنیشی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە: (بەشی بەرکار + ڕەگ + /-ەر/-/ە/ > ناوی بکەر) بەتیاچوونی دەنگی [ە]ی پاشگرەکە، واتە: (نان + خۆ + /-ر/ > نانخۆر....).

٥- پاشگری /-ەر/ لەرِووی واتاوە، بزوتنەوە و جوڵەوچالاکی دەبەخشێت، لە تێکرِای وشەسازی کوردیدا. (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ٨٧).

کەواتە بۆ دارِشتنی (ناوی بکەر) پێڕەوی لەم دوو یاسایەی خوارەوە دەکەین.

**- ڕەگی کاری تێپەڕی (بنەڕەتی، لێکدراو، دارِێژراو) + /-ەر/ > ناوی بکەر.... یاسای (١)**

١٠٤- نووسەر، خوێنەر، بڕەر، چێنەر، کوژەر، هەڵخەڵەتێنەر، هەڵخەر، داخەر، نانکەر، نامەبەر، نێرەر، پەیامبەر، کارەکەر، دارکەر، مژدەدەر، ناندەر، ڕاخەر، دەرخەر، ڕاوکەر، چێشتلێنەر، ئاودەر، سەرنجڕاکێشەر، پیشاندەر، گۆڕەر، ...&

**- ڕەگی کاری تێپەڕێنراو + /-ەر/ > ناوی بکەر...........یاسای (٢)**

١٠٥- مرێنەر، ڕووخێنەر، شکێنەر، برژێنەر، ترشێنەر، بزوێنەر، ژیێنەر، کەوێنەر، سوتێنەر، ....&

**/-و، وو/:** ئەمیش یەکێکە لە گیرەکە دارِێژەرەکانی ناوی بکەر لە زمانی کوردیدا و لە ڕووی بەرهەمەوە، بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە و زۆر چالاک نییە، چونکە لەگەڵ بناغەی ئەو کارانەدا بەکاردێت، کە کاری ڕابردووی تێنەپەڕی گوێزانەوەن، فۆڕمی (و-w) لە کاتێکدا بەکاردێت، کە قەدی کارەکە بە دەنگەکانی [ا، ی]، کۆتایی هاتبێت، بەڵام (وو – u)، کاتێک بەکاردێت، کە قەدی کار بە دەنگەکانی [ت، د] کۆتایی هاتبێت، (ک.ک.کۆردۆییف: ١٩٨٢: ٢١٤).

- قەدی کاری تێنەپەڕ + /-و، وو/ > ناوی بکەر.......... یاسای (٣)

١٠٦- نوستوو، مردوو، گریاو، هاتوو، کەوتوو، گەیشتوو، ...&

جێی ئاماژەپێکردنە، کە ئەو ناوی ڕووداوانەی، بە دەنگی [وو] کۆتاییان هاتووە، لە فۆڕمی (بنەڕەتی – سادە)یاندا ناوی بکەریان لێ وەرناگیرێت، بەهۆی هاوفۆڕمیان لەگەڵ کاری ڕابردووی سادەدا، بۆیە لە فۆڕمە دارِێژراوییەکەیانەوە وەردەگیرێن، وەک: (هەڵچوو، هەڵبوو، ...) دیارە ئەمەش زیاتر بەهۆی ئاوازەوە لە یەکتری جیادەکرێنەوە، هەروەها دارِشتنی ناوی بکەر لە فۆڕمی کاری (بنەڕەتی –سادە)دا زیاتر بەهێزترن، " چونکە دارِێژراو و لێکدراوەکانیان ئەگەرچی لە بەکارهێناندا دەوری بکەرێتیش دەبینن، بەڵام لایەنی ئاوەڵناوییان

ئاشکراو دیارە، بە تایبەتی لەگەڵ ئاوەڵفرماندا، وەک: پاشکەوتوو، هەڵکەوتوو، داکەوتوو، پێشگەیشتوو، دۆش داماو، سەرکەوتوو." (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ٧٦).

**/نە-/:** یەکێکە لە گیرەکە داڕێژەرە چالاکەکانی ناوی بکەر، کە دەچێتە پێش بناغەی کارو ناوی بکەر دادەڕێژێت، هەروەها لەڕووی واتاییەوە واتای نەرێنی دەبەخشێت، ئەو بناغانەی کە ئەم پێشگرە وەریان دەگرێت بریتین لە هەردوو بناغەی کاری تێپەڕو تێنەپەڕیش، کە دەچێتە سەر ڕەگ، بەمشێوەیەی خوارەوە:

أ- /نە-/ + ڕەگی کاری تێنەپەڕ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ........ یاسای (٤)

١٠٧- نەمر، نەبەز،نەزۆک، نەکوڵەک، ...&

ب- /نە-/ + ڕەگی کاری تێپەڕ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ....... یاسای (٥)

١٠٨- نەزان، نەکڕ، نەمژ، نەفرۆش، نەخۆر، نەشۆر، نەبیست، ...&

جگە لە پێشگری /نە-/، جاری وایە، ئەلۆمۆرفی /نا-/، بە هەمان واتاو ئەرکەوە ئەم ڕۆڵە دەبینێت وەك: لە وشەکانی: (نابینا، نادیدە، ناساز، ناکارا، ....&)، هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە پێشگری /نە-/، لەگەڵ پاشگری /-ەر/دا هەردووکیان بە شێوەی مۆرفیمی (پچڕ پچڕ) دێن و ناوی داڕێژراوی بکەریی ڕۆدەنێن:

پ- /نە-/ + ڕەگ+ /-ەر/ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ........... یاسای (٦)

١٠٩- نەخۆر، نەشۆر،...&، ئەوەی لێرەدا پێویستە وەک تێبینییەک بیخەینەڕوو ئەوەیە کە دەرکردەی هەردوو پێشگری /نە-، نا-/، لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەڵگری واتای وەسف/پەسنن و دەتوانین بڵێین (ئاوەڵناوی بکەریین)، چونکە لە ڕووی واتاییەوە (ناوی بکەری داڕێژراو، ئاوەڵناوی بکەری داڕێژراو)، (شوێن و ئەرک و واتا)یان بڕیاردەدات، کە چ ناوێک لە وشە بەرهەمهاتووەکان بنێرێت و وەک (ناوی بکەریی / ئاوەڵناوی بکەریی) چاویان لێبکەین.

**/ب-/:** ناوی بکەری داڕێژراو بە هۆی پێشگری ((ب))ەوە لە ڕەگی هەموو چاوگە تێپەڕەکانەوە بە ئاسایی و ناوێزەیانەوە ڕۆدەنرێت. ئەم پێشگرە وەکو پاشگری ((ندە)) (توانا و هێز و زۆری و لێهاتوویی) دەگەیەنێت. " (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨: ٨٩)، ئەم پێشگرە لە ڕووی چالاکی و بەرهەمدارییەوە دەتوانین بڵێین گیرەکێکە بەرهەمی مامناوەندە، وەک:

أ- /ب-/ + ڕەگ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ......... یاسای (٧)

١١٠- بكوژ، بوێر، بگۆڕ، ببڕ، بنێر، بچێژ، بکێش، بڕێژ، ...& هاوكات پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە پێشگری /ب-/، لەگەڵ پاشگری /-ەر/دا پێکەوە دەچنە سەر ڕەگی کار و ناوی بکەر /ئاوەڵناوی بکەر دادەڕێژن. وەک:

ب- /ب-/ + ڕەگ + /-ەر/ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ......... یاسای (٨)

١١١- بکەر، بدەر، بخەر، ...&

**/-ا/:** یەکێکە لە گیرەکە سست و کەمتواکانی داڕێژەری ناوی بکەر، کە ڕەگی چەند کارێک وەک بناغە هەڵدەبژێرێت و زیاتر واتای (لێهاتوویی و شارەزایی و هەبوونی توانستێک لە مرۆڤ)دا دەبەخشێت. وەک:

- ڕەگ + /-ا/ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ........ یاسای (٩)

١١٢- زانا، توانا، دانا، بینا، ....&

**/-یار/:** یەکێکە لە گیرەکە کەمبەرهەمەکان، کە ناوی بکەرلە ڕەگی کار و ناوەوە دادەڕێژێت، بە تایبەتی ڕەگی کاری تێپەڕ، وەک:

- ڕەگ + /-یار/ > ناوی داڕێژراوی بکەریی .......... یاسای (١٠)

١١٣- فرۆشیار، کڕیار، ژەنیار، خوازیار، زانیار، ژمێریار، ...&

- ناو + /-یار/ > ناوی بکەر:.......... یاسای (١١)

١١٤- جوتیار،

**/-ە/:** یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە دەرکەوتنی جیاوازی هەیە، ئەرکی جیاواز دەبینێت، یەکێک لەو ئەرکانەی بریتییە لە داڕشتنی ناوی بکەر، واتە " لە پەراوێزێکی تەسکدا سیغەیەک بۆ ناوی (کارا – فاعل) بەکاردێت، وەک: (دیتە، خواردە). " (لیژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ٢٠٦).

- قەدی کاری تێنەپەڕ + /-ە/ > ناوی داڕێژراوی بکەریی ......... یاسای (١٢)

١١٥- پەککەوتە، لێکەوتە، ...&

**/-ۆک/:** یەکێکی ترە لە گیرەکە سست و ناچالاکەکانی، کە دەتوانێت ناوی بکەری دابڕێژێت، چەند هاوبێژێکیشی هەیە، لەوانە:

١١٦- بەرزکردنەوەی پلە. وەک: سەر + (-ۆک) > سەرۆک.

١١٧**-** گردکردنەوەی شوێن یان بچوککردنەوە، وەک: بەر + (**-**ۆک) > بەرۆک

١١٨**-** دەچێتە سەر ڕەگی کارو دەیکا بە سیفەتێکی تایبەتی:

گەڕان (گەڕ + (**-**ۆک) > گەڕۆک (زۆر گەڕان). (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٠: ٧٨).

بەم پێیە یەکێک لە ئەرکەکانی گیرەکی /**-**ۆک/ بریتییە لە داڕشتنی ناوی بکەر.

- ڕەگ + /**-**ۆک/ > ناوی بکەری داڕێژراو ........... یاسای (١٣)

١١٩- گەڕۆک، مژۆک، خشۆک، فڕۆک، ....&

**/-ەک/:** پاشگرێکی ناچالاک و کەم توانای سازکردنی ئاوەڵناوی بکەرییە، کە دەشێت وەکو ناویش بەکاربهێنرێن. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٢٦) وەک:

- ڕەگ+ /**-**ەک/ > ناوی بکەری داڕێژراو .......... یاسای (١٤)

١٢٠- گیرەک، نووسەک، کوژەک،گەزەک ...&

**/-ندە/:** یەکێکە لە گیرە زۆر سستەکانی ناوی بکەر ، وەک.

- ڕەگ + /**-**ندە/ > ناوی بکەری داڕێژراو .......... یاسای (١٥)

١٢١- بەخشندە، کوشندە، فڕندە، بڕندە،...&

**/-بار/:** ئەمیش یەکێکە لە گیرەکە سستەکانی ناوی بکەر، کە بەگشتی واتای نێگەتیڤی دەبەخشێت، بەڵام بە پێچەوانەی پاشگرەکانی ترەوە بناغەکانیان ناوی ئەبستراکتیین، نەک کار. وەک:

١٢٢- ناو + /**-**بار/ > ناوی بکەری داڕێژراو: (تاوانبار، خەفەتبار، .&). یاسای (١٦)

**/-گار/:** یەکێکە لەو مۆرفیمانەی، کە لەداڕشتنی ناوی بکەردا زۆر سست و کەمبەرهەمە، بناغەی چەند کارێک هەڵدەبژێرێت، ئەمە جگە لەوەی، کە هاوبێژە لەگەڵ پاشگری /**-**گار/، کە ناوی کات ڕۆدەنێت وەک:

١٢٣- قەد/ڕەگ + /**-**گار/ > ناوی بکەر: (کردگار، پارێزگار، .&). یاسای (١٧)

بەڵام وەک وتمان لە وشەکانی وەک: (ڕۆژگار، شەوگار، ...&) هاوبێژن و لەم وشانەدا ناوی کاتیان، بەبەکارهێنانی ئاوەڵکارییەوە ڕۆناوە.

**/-ەوار/:** یەکێکە لە گیرەکە زۆر سستەکان و دەچێتە سەر قەدی (خوێند)و ناوی بکەر دادەڕێژێت. وەک:


١٢٤- قەدی کار + /-ەوار/ > ناوی بکەری دارێژراو: (خوێندەوار،.&)، یاسای (١٨)

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە شێوەیەکی ترمان هەیە، بۆ ڕۆنانی ناوی بکەر، کە ئەویش فۆڕمی سفرە، تەنها بە وەرگرتنی ڕەگی کارە (دارێژراو، لێکدراو)ەکان، دروستدەبێت، بێئەوەی هیچ جۆرە گیرەکێکی بۆ زیادبکەین، وەک: (هەڵگر، ڕاگر، داگر، ئاوگێڕ، پیلانگێڕ، هەڵپاچ، جلگر، بەفرگر، سەرتاش، دارتاش، نامەنێر، هەواڵنێر، پەیامنێر، ناونوس، دارکڕ، کتێبفرۆش، باغەفرۆش، نانکڕ، جلدڕ، بەرگدروو، ماسیفرۆش، میوەفرۆش، بەرگتێگر، دادنووس، عەریزەنووس، شەکرشکێن، زەمبیل فرۆش، زوڕناژەن، مۆسیقاژەن، گۆرانبێژ، بانگبێژ، ...&.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی  ناوی بکەر، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (١٢٧) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| فۆڕمی سفر | ٣٦ | %٤٥,٧٢ |
| /-ەر/ | ٣٣ | %٤١,٩١ |
| /نە-/ | ١٣ | %١٦,٥١ |
| /ب-/ | ١١ | %١٣,٩٧ |
| /-وو، و/ | ٧ | %٨,٨٩ |
| /-یار/ | ٧ | %٨,٨٩ |
| /-ا/ | ٤ | % ٥ |
| /-ەک/ | ٤ | %٥ |
| /-ۆک/ | ٤ | %٥ |
| /-ندە/ | ٤ | %٥ |
| /-بار/ | ٢ | %٢,٥٤ |
| /-گار/ | ٢ | %٢,٥٤ |
| /-ەوار/ | ١ | %١,٢٧ |

خشتەی (١٩) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی بکەر




### ٣/١-٣-٦) پۆلی پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی بەرکار:

ناوی بەرکار، یان زاراوەی (ئاوەڵناوی کراو)یشی بۆ بەکارهاتووە، بریتییە لەوەی، کە "سیمایەکی نوێیە، بەهۆی کارێک بەسەر توخمێکی (عنصر) دەستنیشانەکراودا هاتوە یا بەسەر خۆیدا هێناوە." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥: ١٤٥)، مەبەست لە توخمێکی دەستنیشانەکراو ئەو فۆڕمە داڕێژراوانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی/-و/ی ناوی بەرکارەوە دادەڕێژرێت، بۆ نموونە وەک: < سوتام.>، (سوتاو)، ئەوا بەڕوونی دیارە، کە لەڕستەی مۆرفۆسینتاکسی >سوتام<دا بەهۆی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک /-م/ەوە بەئاسانی دەربڕاوەکە دەستیشانکراو و دیاریکراوە، بەڵام لە دووەمدا، کە وشەیەکی داڕێژراو (ناوی بەرکار)ە، مۆرفیمە داڕێژەرەکە بووەتە هۆی دەستنیشانەکردنی توخمەکە، هەروەها کە دەوترێت بەسەریدا هاتووە، یاخود بەسەریدا هێنراوە، پەیوەستە بە دەرکردەی ئەم جۆرە ناوە بەرکارە داڕێژراوە، وەک: (سوتێنراو، سوتاو)، ئەم توخمانە ڕووداوەکەیان بەسەردا هاتووە، بەڵام لە وشەکانی: (هاتوو، ڕۆیشتو، خەوتو)، ئەوا کەسەکە خۆی بەسەر خۆیدا هێناوە، کەواتە ناوی بەرکار ئەو فۆڕمە داڕێژراوانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی بناغەی کاری ڕابردوو دەبێتە بنکەی ناوە بەرکارییەکە، هاوکات ئەو کارانەی، کە دەتوانن ببنە بناغەی ئەم جۆرە ناوە بەرکارییە، لەڕووی هێزەوە هەردوو جۆرەکەی کار (تێپەرو تێنەپەڕ)، هەروەها لە ڕووی دیاریی و نادیارییەوە هەردوو جۆری (بکەردیارو نادیار) دەتوانن ببنە بنەواشەی ئەم جۆرە لە ناوی بەرکار، هەروەها ناوی بەرکار ئاماژە بۆ ئەو

ئاوەڵناوە داڕێژراوانە دەکەن، کە کردەوەیەکیان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە وشەیەکی وەک (نوسراو، خنکاو، ...&) هەردوو کردەی (نوسین و خنکان) بەسەر بەرکارەکانیاندا هاتووە، واتە لە یەکەمدا باسی شتێک دەکات (بەرکارێک)، کە کردەی (نوسین)ی بەسەردا هاتبێت لە نموونەی (نامە، کتێب، ...&)، لەوەی دووەمیشیاندا باسی کەسێک (بەرکارێک) دەکات کە کردە/ڕووداوی (خنکان)ی بەسەردا هاتبێ.

**/-و/:** یەکێکە لە گیرەکە چالاکەکانی داڕێژەری ناوی بەرکار، کە بناغەی ئەمجۆرە گیرەکەش بریتییە لە قەدی کاری ڕابردووی نادیار، واتە ئەو کارانەی، سەرەتا بە پرۆسەی بکەرنادیاردا تێپەڕیون، پاشان بەزیادکردنی پاشگری /-و/، لە کاریی دەکەون و دەبنە ناوی بەرکار، بناغەی کارە نادیارەکە، ئاساییە کە لە ڕووی ستراکچەرەوە (بنەڕەتی : خوراو، داڕێژراو : هەڵخەڵەتێنراو، لێکدراو : سەرتاشراو) بێت، یاخود کارەکە پێشئەوەی بە پرۆسەی نادیاریدا ڕۆیشتبێ سەرەتا بە تێپەڕکرابێت، پاشان بووبێتە کارێکی نادیار، وەک: (سوتان > سوتاندن > سوتێنرا > سوتێنراو)، زۆرجار فۆڕمی /-و/ بەپێی ناوچەکان لە زمانی کوردیدا ئەگۆڕێت بە فۆڕمی /-ی/، وەک: (سوتاو > سۆتای > سۆتی).

کەواتە یاسای داڕشتنی ناوی بەرکار بە پاشگری /-و/ بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

- قەدی کاری ڕابردووی نادیار + /-و/ > ناوی بەرکار ......... یاسای (١)

١٢٥- نوسراو، خوراو، برژێنراو، سوتێنراو، هەڵخەڵەتێنراو، سەرتاشراو، خۆشەکراو، نێرراو، تەقێنراو، نەخشێنراو، هەڵکۆڵراو، جەرگسوتێنراو، خنکێنراو، پسێنراو، دەربەدەرکراو، ناسراو، شکێنراو، گوێلێگیراو، پشتگوێخراو، هەڵپەسێرراو ...&

- قەدی کاری ڕابردووی تێنەپەڕی ڕوودان + /-و/ > ناوی بەرکار... یاسای (٢)

١٢٦- سوتاو، برژاو، خنکاو، پساو، جوڵاو، کوڵاو، سواو، قوپاو، ڕووخاو،

- قەدی کاری ڕابردووی تێپەڕی دیار + /-و/ > ناوی بەرکار....&.. یاسای (٣)

١٢٧- کێڵاو، کوشتوو، بردوو، خستوو، هێناو، دیو،

**/-ە/:** دەچێتە سەر ڕەگی ڕابردوو، تا ڕادەیەک لە ڕووی تواناشەوە مامناوەندییە، چەمکی ئاوەڵناوی کراو دەبەخشێتە ئەو ڕەگەی کە دەچێتە سەری سیفەتەکەشی هەمیشەییە. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٢٩).

- قەدی کاری ڕابردوو + /-ە/ > ناوی بەرکار ........ یاسای (٤)

١٢٨- هەڵبژاردە، کوشتە، بردە، مردە، سپاردە، ڕاسپاردە، بەستە، خستە، پۆشتە، بژاردە، هەڵبەستە، ....&

**/-ار/:** یەکێکە لە گیرەکە سستەکانی دارِێژی ئاوەڵناوی کراو، کە قەدی چەند کارێک وەک بناغە بۆخۆی هەڵدەبژێرێت. وەک:


- قەدی کار + /-ار/ > ناوی بەرکار....... یاسای (٥)

١٢٩- ڕەفتار، کوشتار، مردار، گوفتار، دیار، ...&.[55]

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی بەرکار، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٥٣) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-و/ | ٣٦ | %٦٧,٩٢ |
| /-ە/ | ١١ | %٢٠,٧٥ |
| /-ار/ | ٦ | %١١,٣٢ |

خشتەی (١٩) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی بەرکار




[55] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (ناوی بکەر و ناوی بەرکار) بڕوانە: (ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨)، (شێرکۆ بابان: ٢٠٠٨)، (ک.ک.کوردۆییف: ١٩٨٢)، (لیژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد: ٢٠١١).

## ٣/١-٤) چەند پاشگرێکی تری ناوی داڕێژراو:

لە زمانی کوردیدا، جگە لەو پاشگرانەی، کە پێشتر لەسەر بنەمای هاوبەشی یەک چەمکیی خستمانەڕوو، چەند پاشگرێکی ترمان هەیە، کە ناوی داڕێژراو پێکدەهێنن، بەڵام لەوەیە ئاسان نەبێت چەمکێکی هاوبەشیان بۆ بدۆزینەوە، هەرچەندە هەوڵدەدەین هەندێکیان لە سەربنەمای چەمکی هاوبەش لە دەوری ناوەندێک کۆبکەینەوە، بۆ نموونە وەک ئەو پاشگرانەی (ناوی خواردن و خواردنەوە) دروستدەکەن، یاخود ئەوانەی (ناوی کەلوپەلی ڕازاندنەوە) ڕۆدەنێن، لێرەدا هەوڵدەدەین تا ئەو شوێنەی بگونجێت ئەو پاشگرانەی، کە ڕۆڵیان لە داڕشتنی ناودا هەیە و لە گروپەکانی پێشتردا نەخراونەتەڕوو، بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین.

## ٣/١-٤-١) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی خواردن و خواردنەوە:

چەپکە گیرەکێکن، کە ناوی خواردن و خواردنەوە بەشێوەیەکی گشتی دروستدەکەن و لە ڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییشەوە بە بەراورد بە یەکتر بەرهەمیان جیاوازە، هەربۆیە هەوڵدەدەین یاساکانی ڕۆنانیان لەگەڵ بناغە جیاوازەکاندا بخەینەڕوو:

**/-ێنە/:** یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە دەچێتە سەر چەند بەرهەمێکی دانەوێڵە و کشتوکاڵیی بەگشتی و ناوی خواردن دروستدەکات، دیارە ئەم پاشگرەش زیاتر لەگەڵ ئەو خواردنانەدا دێت، کە بە خواردنی خۆماڵی، یاخود خواردنی کۆن ناسراون، واتە لە ئێستای زمانەکەدا بە کاریگەری جیهانگیری کۆمەڵێک خواردنی خێراو بیانی هاتوونەتە ناو کەلتوری خواردنی کوردەوە، کە ئەم پاشگرە ناچێتە سەریان وەک خواردنە نوێ و بیانییەکانی لە نموونەی (پیتزا، چلفرا، هەمبەرگر، فینگەر، ....&).

- ناو + /-ێنە/ > ناوی داڕێژراو .......... یاسای (١)

١٣٠- نیسکێنە، ماشێنە، ترخێنە، لە پێنە،شلکێنە ....&، ئەم گیرەکە دوو ئەلۆمۆرفی تری هەیە، کە ئەوانیش:


**أ-/-**ینە/: .... دۆینە

**ب- /-**ەنە/:... ئەشکەنە (گۆشتاوێکی خەست و خۆڵە) (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠١٣: ٦٤).

**/-ەوا/:** یەکێکی ترە لەو گیرەکانەی، کە ناوی چەند خواردنێک دروستدەکات، بەڵام لە ئێستای زمانەکەدا ئەم پاشگرە لە بەرهەمهێنان کەوتووە و تەنانەت ناوی ئەو خواردنانەی کە دای ڕشتووە، بە هۆی گۆڕانی ژیان و کەلتووری کوردەوە لە ئێستادا وەک خواردنێکی فۆلکلۆری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

١٣١- ناو + /-ەوا/ > ناوی داڕێژراو: (ماستەوا، دۆخەوا، ئاردەوا)، یاسای (٢)

**/-ەمەنی/:** یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە ئەرکی جیاوازی هەیە، ئەو ناوانەی، کە لە کێڵگەی خواردن و خواردنەوەدا دروستیدەکات، ئاماژە بۆ وەچەپۆلی بچووکتر دەکات، بۆ نموونە، کە دەوترێت: ساردەمەنی، ئەوا خواردنەوە گازییەکانی لە نموونەی (بیبسی، کۆلا، فانتا، ...&) دەگرێتەوە، واتە بەگشتی، کە دەچێتە سەر هەر وشەیەک بەرهەمی ئەو وشەیە دەگرێتەوە، بۆ نموونە بەرهەمی (شیر)، کە بریتییە لە (ماست، کەرە، پەنیر، ...)، یاخود تەنانەت، لە وشەیەکی وەک (چاپەمەنی)، بەرهەمی چاپکراو دەگرێتەوە لە نموونەی (کتێب و ڕۆژنامە، گۆڤار، ...&)، کە لەم وشەیەی دواییاندا ناوی خواردن و خواردنەوە نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین مادام لەڕووی سیمانتیکییەوە واتای بنجەکانیان هەریەک شتە بۆیە هاوواتای یەکترن، واتە پاشگری /-ەمەنی/، کە دەچێتە سەر هەر وشەیەک، ئەو وشەیە وەک هایپۆنیمێک مامەڵەدەکات و دەبێتە گشتگیر (ژێرخان) بۆ سەرجەم ئەو وشانەی کە دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە. وەک:




- ناو + /-ەمەنی/ > ناوی داڕێژراو .......... یاسای (٣)

١٣٢- شیرەمەنی، مزرەمەنی، پاقلەمەنی، شیرینەمەنی، خواردەمەنی، تەقەمەنی، ساردەمەنی، شلەمەنی، ....&، هاوکات پاشگری /-ەوێڵە/ لە وشەی (دانەوێڵە)دا، تا ڕادەیەک مەبەست لەو بەرهەمانەیە، کە پێیان دەوترێت (پاقلەمەنی)، لەگەڵ بەرهەمی (گەنم و جۆو ...&)دا، واتە پێمانوایە پاشگری /-ەوێڵە/، بەرهەمی زیاتر دەگرێتەوە، چونکە وشەی (دانەوێڵە) فراوانترە لە وشەی (پاقلەمەنی)، هاوکات پاشگری /-ەوێڵە/ لە وشەی (شوانەوێڵە)دا هاتووە، کە لە (ناو + پاشگر = ئاوەڵناو) دروستبووە، بەڵام لە هەردوو نموونەکەدا (دانەوێڵە، شوانەوێڵە)، پاشگرەکان هەرچەندە هەر یەک پاشگرە، بەڵام سیمای واتایی جیاوازیان هەیە.


**/-ۆکە/:** یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە ئەرکی جیاوازی هەیە، بەڵام لە داڕشتنی ناوی خواردندا ڕۆڵێکی زۆر سست و بێبەرهەمی هەیە، هاوکات بناغەی ئەم گیرەکە بۆ داڕشتنی ناوی خواردن کەتیگۆری ئاوەڵناوە، وەک:

١٣٣- ئاوەڵناو + /-ۆکە/ > ناوی داڕێژراو: (مزرۆکە، ترشۆکە)... یاسای (٤)

ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی خواردن و خواردنەوە، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢٠) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ەمەنی/ | ٨ | %٤٠ |
| /-ێنە، ینە، ەنە/ | ٧ | %٣٥ |
| /-ەوا/ | ٣ | %١٥ |
| /-ۆکە/ | ٢ | %١٠ |

خشتەی (٢٠) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی خواردن و خواردنەوە.



**٣/١-٤-٢) پاشگرە دارێژەرەكانی ناوی كەرەستەو بابەتی خۆڕازاندنەوە:**

ئەمانیش چەپكە مۆرفیمێكن، كە ڕۆڵیان لەدارشتنی ناودا هەیە، هاوكات بەرهەمی ئەم گروپە مۆرفیمە بریتییە لەو ناوانەی، كە بەشێوەیەكی گشتی بابەتی خۆڕازاندنەوەن.

**/-وانە، ەوانە/:** هەندێک پاشگر ناوی خشڵ و بابەتەكانی ڕازاندنەوە دروستدەكەن، (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠١٣: ٦٥).

- ناو + /-وانە، ەوانە/ > ناوی دارێژراو........ یاسای (١)

١٣٤- لوتەوانە، دەمەوانە، پاوانە، پوزەوانە، ملەوانە، ...&، پاشگری /-ەوانە/، یەكێک لە تایبەتمەندییەكانی لەم وشانەدا ئەوەیە، كە بناغەكانیان بریتییە لە ناوی ئەندامانی لەشی مرۆڤ، هەروەها لە وشەكانی (دەمەوانە، پوزەوانە)دا، بۆ خۆڕازاندنەوە نییە، بەڵكو زیاتر بۆ پارێزگارییە، ئەم پاشگرە ناوی دارێژراوی تریش بە واتای تر دروستدەكات لەوانە: (چەپەوانە، تۆپەوانە، ڕاستەوانە، ...).

**/-بەند/:** ئەم گیرەكە، دەچێتە سەر چەند ناوێک و ناوی چەند كەرەستەیەكی خۆڕازاندنەوەی ژنان دروستدەكات، لەوانە:

- ناو + /-بەند/ > ناوی دارێژراو ......... یاسای (٢)

١٣٥- مێخەكبەند، عاشقبەند، كەمەربەند، قەنەفڵبەند، بازوبەند، دەستبەند ...&

چەند پاشگرێكی تری دارێژەری ناوی كەرەستەی خۆڕازاندنەوە هەیە، كە هەریەكەیان یەک یان دوو نموونە یان زیاتریان هەیە، كە ئەوانیش بریتین لە:

١٣٦- /-ە/: قەتار + /-ە/ > قەتارە (زەنبەرێكی سەری ژنانە) (هەنبانە بۆرین: ٥٧٤).

١٣٧- /-ەک/: كرم + /-ەک/ > كرمەک.

١٣٨- /-لە/: دەرزی + /-لە/ > دەرزیلە

١٣٩- /-اوكە/: خەنە + /-اوكە/ > خەناوكە

١٤٠- /-ینگە/: خڕە + /-ینگە/ > خڕینگە، گوڵینگە

١٤١- /-وانكە/: مل + /-وانكە/ > ملوانكە، بەروانكە.

## ٣-٤-١/٣) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی یاریکردن:

گرنگترین ئەو پاشگرانەی، کە لە داڕشتنی ناوی یارییەکاندا چالاکبووە، پاشگرەکانی /-ێن، -انێ،.../یە، بەڵام ئەو یارییانەش لەگەڵ گۆڕانە خێراکانی ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و مرۆڤی کورد بە تایبەتی و هاتنەناوەوەی کۆمەڵێک یاری بۆ نێو جیهانی منداڵان و تەنانەت گەورەساڵانیش، بۆیە ئەم پاشگرانە تاڕادەیەک لەکارکەوتن و یارییەکانیش چوونە نێو لاپەڕەی کتێبەکان و زۆربەیان بوونەتە یاری فۆلکلۆریی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەندێک یاری هەرماونەتەوە، گرنگترین ئەو گیرەکانەی، کە ڕۆڵیان لەداڕشتنی ناوی یارییەکاندا هەیە، بریتین لە:

**/-ێن/:** یەکێکە لە گیرەکە چالاکەکان، کە ناوی چەندین یاری جۆربەجۆر دروستدەکات، هەندێک لەو یارییانە لە ئێستادا تەنها وەک یارییەکی فۆلکلۆریی ماونەتەوە و ئەنجامنادرێن، هەندێکی تریشیان ئێستاش هەر ئەنجامدەدرێن.

- ناو + /-ێن/ > ناوی داڕێژراو .......... یاسای (١)

١٤٢- تۆپێن، هەلوکێن، مزراحێن، کڵاوێن، خەتێن، موشێن، جوقڕێن، هەڵماتێن/کەلایێن/گولێن، قەوانێن، کێلوبەردێن، سێڕسکێن، نۆڕسکێن، پەتپەتێن، چاڵێن، فنجانێن، میچمیچێن، کاڵەمستێن، ...& هەروەها زاراوەیەکی سیاسی وەک (باڵباڵێن)، کە بەرامبەر زاراوەی (تکتلات) زمانی عەرەبییە، بەهۆی ئەم گیرەکەوە داڕێژراوە، کە لە ئێستای زمانی کوردیدا بۆ ئەو دەستەو گروپە جیاوازانە بەکاردێت، کە لەناو یەک پارت و ڕێکخراوی ڕامیاریدان، بەڵام لەسەر بنەمای بۆچوونی جیاوازو بەرژەوەندیی جیاواز ...& بوونەتە دەستەو تاقمی جیاواز و کردەکەش باڵباڵێنی پێدەوترێت، کە لە بنەڕەتدا لە واتای بنەڕەتیی یاریی و گەمەکردن نەپچڕاوە، بەڵام ئەم گەمەیەیان بۆ بەرژەوەندیی و لەسەر کۆمەڵێک بنەمای تر وەستاوە، کە بەپێویستی نازانین زیاتری لەسەر بدوێین.

هەروەها ئەم پاشگرە بە فۆڕمی /-ێنە/ش بەرچاودەکەوێت، کە هەرواتای یاری دەدات، لەوانە: (چەڵەمشکێنە، جگێنە).

**/-انێ/:** یەکێکی ترە لە گیرەکە داڕێژەکانی ناوی یاری، کە دەتوانین بڵێین بەرهەمی مامناوەندە:

- ناو + /-انێ/ > ناوی داڕێژراو......... یاسای (٢)

١٤٣- جۆلانێ، پەتانێ، موشانێ، دیلانێ، تۆپانێ، .... (جەمال عەبدول: ٢٠٠٨: ٧٣).

**/-کێ/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە دارِێژەکانی ناوی یاری، بەڵام زۆر سست و ناچالاکە:


- ناو + /-کێ/ > ناوی دارِێژراو.......... یاسای (٣)

١٤٤- چاوشارکێ، بەردەفرکێ، هەڵپەرکێ، ...&.

رِێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی یاریکردن، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢٧) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | رِێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ێن، ێنە/ | ١٩ | %٧٠ |
| /-انێ/ | ٥ | %١٨,٥ |
| /-کێ/ | ٣ | %١١ |

خشتەی (٢١) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ناوی یاریکردن




## ١/٣-٤-٤) پاشگرە هاوبێژەکانی ناوی بچووککراوە:

ئەم پاشگرانە، گروپێکن دەچنە سەر چەند بناغەیەکی جیاواز و ناو بە واتای جیاوازەوە دادەرِێژن، واتە لە رِووی فۆرمەوە هاوبێژی گروپی پاشگرە

داڕێژەرەکانی ناوی بچووککراوەن. بەڵام لە ڕووی ئەرک و واتاوە فۆڕمی نوێ بەرامبەر کەرەستەی نوێ ڕۆدەنێن، " ئەم دیاردەیەش، هەندێ جار بە ناوێزەیی واتایی، ناوزەدکراوە، چونکە لەمبارەدا مۆرفیمەکان ئەرکێکی تریش بەجێدێنن، کە ناونانە." (سازان زاهیر: ٢٠١٣: ٨٨).[56]

**/-کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی:**

- ناو + /-کە/ > ناوی داڕێژراو......... یاسای (١)

١٤٥- دانکە، بەروانکە، لەتکە، کۆترە شینکە، لووتکە، ماسییەپانکە، مناڵەوردکە،ترێڕەشکە،ترێسپیکە، ...&

**- ئاوەڵناو + /-کە/ > ناوی داڕێژراو:............... یاسای (٢)**

١٤٦- ( شەلکە، گەشکە، ڕەشکە،..&).

**/-ەکە/: چەند ناوێک سازدەکات لەوانە:**

- ناو + /-ەکە/ > ناوی داڕێژراو:.......................... یاسای (٣)

١٤٧- ( کۆڵەکە، پوولەکە، مێخەکە)

**/-ک/:**

- ناو + /-ک/ > ناوی داڕێژراو: .........................یاسای (٤)

١٤٨- (دەسک، ناوک، سەلک، لانک)،

**/-ە/:** یەکێکیترە لەو گیرەکانەی، کە لەبارێتییەکی زۆری تیایە بۆ داڕشتنی ناوی داڕێژراو، کە دەچێتە سەر بناغەی (ناو، ئاوەڵناو)و ناوی داڕێژراو بە واتای جیاوازەوە ڕۆدەنێت:

- ناو + /-ە/ > ناوی داڕێژراو ............. یاسای (٥)

١٤٩- دەستە، سەرە، بەندە، شەوە، حەفتە، پەنجە،..&

- ئاوەڵناو + /-ە/ > ناوی داڕێژراو......... یاسای (٦)

١٥٠- ڕاستە، چەپە، سەوزە، تەختە، پانە/پنە، چەوتە ...&

[56] بۆئەم بابەتە سوود لە : (سازان زاهیر: ٢٠١٣) وەرگیراوە.

**/-ەک/:** یەکێکی ترە لەو گیرەکانەی کە ناوی داڕێژراو دروستدەکات.

- ناو/ئاوەڵناو/ڕەگی کار + /-ەک/ > ناوی داڕێژراو ......... یاسای (٧)

١٥١- دەستەک، پەستەک، خشتەک، قووچەک، بەرزەک، کووتەک ...&

**/-ۆک/:** ئەم پاشگرەش بەشداریدەکات لە داڕشتنی چەند ناوێکدا لەوانە:

- ناو + /-ۆک/ > ناوی داڕێژراو ............ یاسای (٨)

١٥٢- تیرۆک، دانۆک/داندۆک، پیسپیسۆک، مژمژۆک، ...&

**/-ۆکە/:** یەکێکی ترە لەو گیرەکانەی، کە چەندین ناو بە واتای جیاوازەوە دادەڕێژێت لەوانە:

١٥٣/ أ- دیاریکردنی تەمەنێکی دیاریکراو: باڕ + /-ۆکە/ > باڕۆکە.

١٥٤/ ب- چەند ناوێک دادەڕێژێت.: شەکرۆکە، چارۆکە، دەسرۆکە، هێلکەشەیتانۆکە...& ................ یاسای (٩)

**/-وو/:** یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی، کە چەند ناوێکی داڕێژراو ڕۆدەنێت، " ئەم مۆرفیمە لە بنچینەدا /-ووک/ بووە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات، لە هەندێ وشەدا بۆ ئاسانی دەربڕین، دەنگی /ک/ی تێدا پەڕیوە و تەنیا دەنگی /-وو/ وەکو مۆرفیم ماوەتەوە." (سازان زاهیر: ٢٠١٣: ٩٨).

أ- ناو + /-وو/ > ناوی داڕێژراو ............ یاسای (١٠)

١٥٥- خانوو، ڕۆژوو، پاروو، پەتوو، پوشوو، ...&

ب- ئاوەڵناو + /-وو/ > ناوی داڕێژراو:

١٥٦- جوانوو، ڕەژوو، ...&

**١٥٧- /-ووک/:** لە وشەی (دەنووک)دا. (نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٨: ١٢)

**/-یلە/:** ناونانی چەند کەرەستەیەک

١٥٨- ناو + /-یلە/ > ناوی داڕێژراو: دەغیلە، مستیلە، ...& ........ یاسای (١١)

١٥٩- **/-وولە/:** گۆڕینی حاڵەت: دان + /-وولە/ > دانوولە. ..... یاسای (١٢)

**١٦٠- /-یلکە/:** ناونانی ئامێر (چاویلکە)......... یاسای (١٣)

**١٦١- /-لە/:** بۆ ناونانی جۆراوجۆر: پشیلە، بەڕووولە، مێرووولە، مێشوولە،... یاسای (١٤)

**١٦٢- /-ۆڵە/:** بۆ ناونانی باڵندەیەک: (ڕەشۆڵە > ڕیشۆڵە.) ..... یاسای (١٥)

**١٦٣- /-ەڵ/:** چەند ناوێک دادەڕێژێت: کۆمەڵ، تۆپەڵ، کیسەڵ،...... یاسای (١٦)

**/-یژە/: ........... یاسای (١٧)**

١٦٤- ناو + /-یژە/ > ناوی داڕێژراو: پەیژە، بانیژە، هەروەها بە شێوەی /-ێژە/ش هەیە و لە ئاوەڵناوی (سوور) ناوی نەخۆشی دروستدەکات (سورێژە).

**/-چک/: ............. یاسای (١٨)**

١٦٥- ناو + /-چک/ > ناوی داڕێژراو: کەوچک، بنچک، قنچک، جووچک، هەروەها لە فۆرمەکانی: /-چکە، ۆچکە/شدا دەبنینرێت بۆ نموونە وەک: (مێچکە، پێچکە، بەربەرۆچکە، داپیرۆچکە، ...)

کەواتە ئەم پاشگرانە، کە ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە داڕشتنی ناوی بچووککراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک هاوبێژ دەچنە سەر بناغەی جیاواز و ناوی جیاواز پێکدەهێنن، کە پەیوەندییان بە ناوی بچووککراوەوە نییە، هاوکات لە ڕووی چالاکییەوە زۆر بەرهەمدارنین، هەروەها ناتوانین بەرهەم و چالاکییان بەیەکتر بەراورد بکەین، چونکە هەموویان لە دەوری یەک (چەمک) کۆنابنەوە، واتە ناتوانین هەموویان بگەڕێنینەوە بۆ چەمکێکی ناوەندیی، بۆیە هەریەکەیان واتا و چەمکی جیاوازیان بە پێی بناغەکانیان هەیە، کەواتە ئەم گیرەکانە لەو ڕووەوە گرنگن، کە ئەمانیش بە پێی سەنگی خۆیان ڕۆڵیان لە داڕشتنی ناو و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە چالاک نین و کۆمەڵە پاشگرێکی سست و کەمبەرهەم یان بێبەرهەمن، یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی کە ئەم جۆرە مۆرفیمانەی سستکردووە، بریتییە لە دیاردەی جیهانگیریی/عەولەمە، چونکە لە ئێستادا زمانەکەمان زیاتر بە ڕێگەی وەرگرتن ناوی ئامادەکراو لەگەڵ کەلوپەل و کەرەستەی هاوردەکراودا دەهێنن، هەربۆیە کەمتر کار بە ڕێگەکانی داڕشتن دەکرێت.

## ٣/١-٤-٥) پاشگرە داڕێژەرەکانی ناوی ئامێروکەلوپەل:

چەپکە مۆرفیمێکن، کە بەشێوەی جیاوازو بەڕێژەی جیاواز بەشداری لە داڕشتنی هەندێک ناودا دەکەن، دەرکردەی ئەمجۆرە گیرەکانەش مرۆڤی کوردزمان وەک ئامێرو کەلوپەلی ژیان بەکاریاندەهێنێت و سوودیان لێوەردەگرێت،

واته ئەمجۆرە گیرەکانە، کە لەدوای بناغەوە دێن و لە دەوری یەک ناوەند (چەق) کۆدەبنەوە، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە دەتوانین لەژێر چەتری ناوی (ئامێرو کەلوپەل)دا کۆیانبکەینەوە، ئەمجۆرە گیرەکانە، لەفۆڕمدا زۆرجار هاوجووت دەوەستن لەگەڵ گیرەکەکانی تری زمانەکەماندا، کە ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازیان هەیە، هەروەها لەڕووی بەرهەم و چالاکییشەوە دەتوانین بڵێین بەگشتی زۆر چالاک نین، چونکە لەگەڵ ژمارەیەکی کەموسنووردار لە بناغەی جیاواز دەردەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین پشتگوێیانبخەین، چونکە ئەو جۆرە ناوەی، کە ئەم گیرەکانە دایدەڕێژێت پێویستیی ژیانی مرۆڤی کوردزمانن و بەکاریاندەهێنێت و دەگونجێت لەداهاتووشدا لەسەر ئەم بنەمایە بۆ داڕشتنی وشەی نوێ سوودیانلێوەربگرێت، هەربۆیە گرنگترین ئەو گیرەکانەی (پاشگر)انەی، کە ناوی ئامێروکەلوپەل دادەڕێژن بریتین لە:

١٦٦- **/-نگ/:** ڕەگ + /-نگ/ > ناوی ئامێر: بێژنگ،....&

١٦٧- **/-ک/:** ناو + /-ک/ > ناوی ئامێر: لانک، دەسک، دارک،...&

١٦٨- **/-ەک/:** ناو/ڕەگ + /-ەک/ > ناوی ئامێروکەلوپەل: دەستەک، پەستەک، گیرەک، کوتەک،...&

١٦٩- **/-ۆک/:** ئاوەڵناو/ڕەگ + /-ۆک/ > ناوی ئامێروکەلوپەل: تیرۆک، مژۆک، فڕۆک، پسۆک، پەستۆک، ...&

١٧٠- **/-اڵ/:** ناو+ /-اڵ/ > ناوی کەلوپەل: کوتاڵ، چنگاڵ، گۆپاڵ،

١٧١- **/-ینگ/:** ئاوەڵناو/ڕەگ + /-ینگ/ > ناوی ئامێر: قوڵینگ، برینگ/برینە

١٧٢- **/-ەر/:** ڕەگ+ /-ەر/ > ناوی ئامێر: بڕەر، کوژەر، بەستەر، مەیێنەر

١٧٣- **/-ە/:** ئاوەڵناو/ڕەگ/ناو + /-ە/ > ناوی ئامێروکەلوپەل: چەوتە، ماڵە، گیرە، ڕاستە، تەوەرە، دەسرازە

١٧٤- **/-وانکە/:** ناو+ /-وانکە/ > ناوی کەلوپەل .... (بەروانکە)

١٧٥- **/ەوانە/:** ناو + /-ەوانە/ > ناوی ئامێروکەلوپەل: دەمەوانە، تۆپەوانە، پوزەوانە

١٧٦- **/-ۆڵە/:** ناوی دەنگ + /-ۆڵە/ > ناوی ئامێر... (زەنگۆڵە)

## ٥-١/٣) پۆلی پێشگرە داڕێژەرەکانی ناو:

لە زمانی کوردیدا جگە لە پاشگر، چەند گیرەکێکمان هەیە، کە دەچنە پێشی بناغەوە (پێشگر)ن و ناوی داڕێژراو دادەڕێژن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی سوود لە پاشگر وەردەگرێت بۆ دروستکردن و داڕشتنی ناو، واتە کەمتر سوود لە پێشگر وەردەگرێت بۆ داڕشتنی ناو، کە ئەمەش پێچەوانەی کارە، چونکە بۆ داڕشتنی کار، زمانی کوردی سوود لە گیرەکەکانی پێشی بناغە (پێشگرەکان) وەردەگرێت و زۆر بە کەمی سوود لە گیرەکەکانی دوای بناغە (پاشگر) وەردەگرێت، کە ئەمەش بۆخۆی دەتوانین بە یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان هەردوو کەتیگۆری ناو و کاری لە قەڵەمبدەین، کەواتە گرنگرتین پێشگرەکانی داڕێژەری ناو لە زمانی کوردیدا بریتین لە :

**/هاو-/:** یەکێکە لە پێشگرە چالاک و بەرهەمدارەکانی ناو لە زمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی گشتی بناغەی ئەم گیرەکە ناوی گشتییە، لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای (+پێکەوەیی و لەگەڵبوون) دەبەخشێت.

- ناو + /هاو-/ > ناوی داڕێژراو ............ یاسای (١)

١٧٧- هاوڕێ، هاوخەم، هاوپیشە، هاوکار، هاوجێ، هاوسەر، هاوناز، هاودەشت، هاووڵاتی، هاونیشتمانی، هاوسەفەر، هاودەرد، هاوژین، هاوڕا، هاوزمان، هاوئایین، هاوبەش، هاوپشک، هاوڕاز،هاوجووت، ...&

**/پێ-/:** پێشگرێکی سست و ناچالاکە لە داڕشتنی ناودا، بناغەی ئەمجۆرە پێشگرەش بریتییە لە ڕەگ.

١٧٨- /پێ-/ + ڕەگ > ناوی داڕێژراو: پێویست، پێخەف، ...&..... یاسای (٢)

**/ڕا-/:** ئەم گیرەکەش یەکێکی ترە لە پێشگرە داڕێژەرەکانی ناو، کە ڕەگی کار وەک بناغە هەڵدەبژێرێت. لە ڕووی بەرهەمدارییەوە زۆر سست و ناچالاکە.

١٧٩- /ڕا-/ + ڕەگی کار > ناوی داڕێژراو: ڕایەخ، ڕاگر، ڕاناو،... یاسای (٣)

**/دا-/:** گیرەکێکی تری ناچالاکە، کە چەند ناوێکی داڕێژراو دروستدەکات، لە بنەڕەتدا ناوی بکەرین و لە ئێستادا بوونەتە ناوی تایبەتی مرۆڤ.

١٨٠- /دا-/ + ڕەگی کار > ناوی داڕێژراو: داهێن، دابڕ، داهات ...& یاسای (٤)

**/ڕێ-/:** ئەم گیرەکەش یەکێکی ترە لە گیرەکە ناچالاکەکانی ناوی داڕێژراو، کە بناغەکەی بریتییە لە ڕەگی کار بەشێوەیەکی گشتی.

- /ڕێ-/ + ڕەگی کار > ناوی داڕێژراو: ...................... یاسای (٥)


١٨١- ڕێبین، ڕێدار، ڕێباز، ڕێگر.

**/بەر-/:** وەک پێشگر (مۆرفیمی بەند) لەداڕشتنی چەند وشەیەکدا ڕۆڵدەبینێت. واتە لە ڕۆڵی وشەداڕشتندا " دەکرێت چەندان وشەی کوردانەی پێرەوبەندی لەبارمان بۆ سازبکات، لەوانەش: بەرپرس، بەردەست، بەرچاو، بەرگومان (گومانلێکراو)، ...&" (هۆگر مەحمود فەرەج:٢٠١٢: ١٣٣). هەروەها لەوشەکانی تری وەک: (بەرکار، بەرناس، بەروانکە، ...&)دا.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی پێشگرە داڕێژەکانی ناو، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٣٥) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /هاو-/ | ١٩ | %٥٤ |
| /بەر-/ | ٧ | %٢٠ |
| /ڕا-/ | ٣ | %٨:٥ |
| /دا-/ | ٣ | %٨:٥ |
| /ڕێ-/ | ٣ | %٨:٥ |

خشتەی (٢٢) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی پێشگرەکانی ناو



## ٦-١/٣) پۆلی گیرەکە دارێژەرەکانی کەتیگۆریی ئاوەڵناو:

هەروەک چۆن لە بابەتی ناودا ئەوەمان خستەڕوو، کە چەند گروپێک لە پاشگر و پێشگری جیاوازمان هەبوو، بناغەی جیاوازیان هەڵدەبژارد و ناوی داڕێژراویان دروستدەکرد، بە هەمان شێوە سەبارەت بە کەتیگۆری ئاوەڵناویش چەند گیرەکێک (پاشگرو پێشگر)مان هەن، کە دەچنە سەر کەتیگۆری جیاواز و دەرکردەکانیان بریتیی دەبێت لە ئاوەڵناوێکی داڕێژراو، کەواتە "لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی داڕێژراو بە یارمەتی پێشگروپاشگر سازدەبێت، بۆ ڕۆنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو هەندێک پێشگرو پاشگر هەن کە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار)ی سادەو دەیانکەنە ئاوەڵناوی داڕێژراو." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٤٠:٢٠١٤). هەربۆیە گرنگترین گیرەکە دارێژەرەکانی پۆلی ئاوەڵناو بە پێی شوێنی پێوەنوسانیان بە بناغەی جیاوازەوە بۆ پاشگرو پێشگر جیادەکەینەوە.

## ٦-١/٣-١) پۆلی گیرەکە دارێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕواڵەتیی:

ئاوەڵناوی ڕواڵەتیی بریتین لەو ئاوەڵناوانەی، کە تایبەتی نزیکی دەردەبڕن، وەک ڕەق، نەرم، تاڵ، شیرین، لەڕ، لاواز، کۆن، نوێ،.... ئەمانە بەزۆری خاسیەتی شت دەردەخەن، بەڵام وەک خوازە بۆ باسلێکردن لەکەس و گیانلەبەریش بەکاردێن ژمارەیەکی کەمیان بە تایبەتی بۆ مرۆڤ و گیانلەبەرە (قەڵەو، ژیر، تورە،...) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣١٤)، ئەمجۆرە ئاوەڵناوانە لە ڕێگەی چەند پاشگرێکەوە دادەڕێژرێن و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن، هەربۆیە گرنگترین ئەو گیرەکانەی، کە ئاوەڵناوی ڕواڵەتیی دادەڕێژن هەم پێشگرو هەم پاشگریان هەیە، بۆیە گرنگترین پاشگرە دارێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕواڵەتیی بریتین لە:

**/-ن/:** یەکێکە لەو پاشگرانەی کە بەشێوەیەکی گشتی کەتیگۆری ناو هەڵدەبژێرێت بۆ دارشتنی ئاوەڵناو، بە شێوەیەکی کەمتر کەتیگۆری ئاوەڵناو هەڵدەبژێرێت، هەروەها لەڕووی چالاکییەوە بەرهەمدارو چالاکە، بەگشتیش واتای (+نەرێنی و ناشیرینی) دەبەخشێت.

- ناو + /-ن/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو ........... یاسای (١)

١٨٢- تووکن، ورگن، گۆشتن، چڵمن، ڕشکن، زیقن، گرگن، چڵکن، شەرمن، لیکن، لیخن، ...&

- ئاوەڵناو + /-ن/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو: ................یاسای (٢)

١٨٣- جرپن، خرپن، سورخن،

**/-اوی/:** یەکێکی ترە لە گیرەکە دارێژەرەکانی ئاوەڵناو، کە بەگشتی بناغەی ناو هەڵدەبژێرێت، لە ڕووی چالاکییەوە تا ڕادەیەک بەرهەمدارە، لە ڕووی واتاییەوە واتای (+ڕواڵەت، +نێگەتیڤی) دەبەخشێت.

- ناو + /-اوی/ > ئاوەڵناوی دارێژراو ......... یاسای (٣)

١٨٤- ئارداوی، قوڕاوی، سیلاوی، خۆڵاوی، کرماوی، تۆزاوی، ...&

**/-ەکی/:** ئەم گیرەکە لەڕووی بەرهەمەوە سست و کەمبەرهەمە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی دارێژراودا، لە ڕووی بناغەوە بەگشتی کەتیگۆری ناو هەڵدەبژێرێت و سیفەتێک نیسبەتەن دەیداتە پاڵ شتێک، یان کەسێک.

- ناو + /-ەکی/ >ئاوەڵناوی دارێژراو......... یاسای (٤)

١٨٥- خێڵەکی، دەشتەکی، پێشەکی، پولەکی،...&

**/-ۆکی/:** ئەم گیرەکەش لە ڕووی چالاکییەوە سست و بێبەرهەمە، بناغەی چەند (ناو، ئاوەڵناو)ێک هەڵدەبژێرێت و ئاوەڵناو دادەڕێژێت، هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتایەکی نەرێنی دەبەخشێت.

- ناو/ئاوەڵناو + /-ۆکی/ > ئاوەڵناوی دارێژراو.......... یاسای (٥)

١٨٦- خەمۆکی، ڕەشۆکی،...&

**/-ین/:** یەکێکی ترە لە گیرەکە سست و کەمتواناکانی ئاوەڵناوی دارێژراو، کە بناغەی ناو، یان ناوی ئاوەڵکاریی هەڵدەبژێرێت، هەروەها لەڕووی واتاشەوە نیسبەتەن ڕواڵەتی شت، یان کەس پیشاندەدەن، وەک:

- ناو/ناوی ئاوەڵکاریی + /-ین/ > ئاوەڵناوی دارێژراو ......... یاسای (٦)

١٨٧- زێڕین، بەفرین، زیوین، بەرین، ئاسنین، پۆڵاین، گڵین، دارین، ...&

جگە لە دارشتنی ئاوەڵناو، دەتوانێت ناویش ڕۆبنێت، وەک: (سەرین، شەرمین).

**/-انە/:** یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە فرە ئەرکەو دەتوانێت بە پێی شوێن و تایبەتمەندیی کەتیگۆریی جیاواز ڕۆبنێت، بەڵام لە دارشتنی ئاوەڵناودا زۆر چالاک نییە، دەچێتە سەر چەند ناوێک و ڕواڵەتی مرۆڤ پیشاندەدات، کە ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات نیسبەتەن بۆ ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە، وەک:

- ناو/ئاوەڵناو + /-انە/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو ........... یاسای (٧)

١٨٨- ژنانە، پیاوانە، مەردانە، منداڵانە،گەنجانە، کچانە، ...&

**/-انی/:** یەکێکی ترە لەو گیرەکانەی، کە ئاوەڵناوی نسبی دادەڕێژێت و لە ڕووی چالاکییەوە کەمبەرهەمەو کەتیگۆری ناو وەک بناغە هەڵدەبژێرێت.

- ناو + /-انی/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو........... یاسای (٨)

١٨٩- کچانی، ژنانی، کوڕانی، شەڕانی، ...&

**/-بار/:** یەکێکە لەگیرەکە سست و ناچالاکەکانی ئاوەڵناوی داڕێژراو ڕۆدەنێت و دەچێتە سەر چەند ناوێک و واتای (+بوونی شتێک) لە مرۆڤدا دەخاتەڕوو. وەک:

- ناو + /-بار/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو........... یاسای (٩)

١٩٠- تاوانبار، خەفەتبار، تۆمەتبار، گوناحبار، ...&

**/-ی/:** یەکێکە لە گیرەکە چالاکەکان، کە دەچێتە سەر ناوی شوێن و ئاوەڵناوی نسبی دادەڕێژێت، واتە ئەم گیرەکە دەورێکی گرنگی لە فراوانکردنی ژمارەو سنووری ئاوەڵناودا هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا بناغەکانیان خۆیان ئاوەڵناو نین، بەڵکو بەهۆی ئەم پاشگرەوە دەبنە ئاوەڵناوی نسبی، وەک:

- ناو + /-ی/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو ........... یاسای (١٠)

١٩١- چەمچەماڵی، هەولێری، کەرکوکی، عێراقی، کوردستانی، کوردی، عەرەبی، فارسی، سەرچناری، هەڵەبجەیی، بەغدادی، خانەقینی، گەرمیانی، دالاوایی، قەڵاسێوکەیی، ئاغجەلەری، جیهانی، ...&

**/-ە/:** وەک پێشتریش ڕوونمانکردووەتەوە، ئەم گیرەکە یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی زمانی کوردی و بۆ زۆر مەبەستی جیاواز بەکاردێت و لەکاردایە، یەکێک لە ئەرکەکانی دارشتنی ئاوەڵناوە لە ناوەوە، کە واتایەکی نسبی دەبەخشێت، لەڕووی بەرهەمیشەوە زۆر بەرهەمدار نییە. وەک:

- ناو + /-ە/ > ئاوەڵناوی داڕێژراو........... یاسای (١١)

١٩٢- بەهارە، زستانە، پایزە، هاوینە، ...&

جگە لەو گیرەکانەی، کە وەک پاشگر ڕۆڵیان هەبوو لە دارشتنی ئاوەڵناوی (ڕواڵەتی و نسبی)دا، هەروەها پێشگرەکانی: ( /نا-، نە-، بە-، بێ-/)ش ڕۆڵیان

هەیە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی ڕواڵەتیدا. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باسی مۆرفیمی **/بە-/** دەکەین، چونکە ئەو سێ مۆرفیمەی تر لە بەشی گرووپی مۆرفیمەداڕێژەرەکانی نەرێی فەرهەنگیدا خستوومانەتەڕوو، بۆیە نامانەوێت لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە. بەمشێوەیە:

**/بە-/:** یەکێکە لەو پێشگرانەی، کە توانایەکی باشی هەیە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی ڕواڵەتیدا و بەشێوەیەکی گشتی بناغەی ناو هەڵدەبژێرێت، لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای (+ئەرێنی، +بوونی شتێکی نەرێنی و باش لە کەس/شت)دا دەگەیەنێت، واتە " ئەم پێشگرە دەچێتە سەر ناوی سادەو دەیکاتە ئاوەڵناوی داڕێژراو و واتای بوونی جۆرە چۆنێتی و خاسیەتێک نیشاندەدا." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ١٤١). وەک:

- /بە-/ + ناو > ئاوەڵناوی داڕێژراو.......... یاسای (١٢)


١٩٣- بەهێز، بەپێز، بەڕێز، بەتوانا، بەڕەوشت، بەناز، بەویژدان، بەکەڵک، بەسوود، بەکار، بەبەرهەم، بەدەموپل، بەعەقڵ، بەجەرگ، بەهۆش،بەوەفا، ...&

لەشێوەزاری گەرمیاندا لە فۆڕمی (وە)شدا دەردەکەوێـ وەک: (وەهێز، وەکار، وەجەرگ، وەخۆ، ...&).

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕواڵەتی و نسبی، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٨٤) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-ی/ | ١٧ | %٢٠,٢ |
| /بە-/ | ١٦ | %١٩ |
| /-ن/ | ١٣ | %١٥,٤ |
| /-ین/ | ٨ | %٩,٥ |
| /-اوی/ | ٦ | % .٧ |
| /-انە/ | ٦ | % .٧ |
| /-ەکی/ | ٤ | %٤,٧ |
| /-انی/ | ٤ | %٤,٧ |
| /-ە/ | ٤ | %٤,٧ |
| /-بار/ | ٤ | %٤,٧ |
| /-ۆکی/ | ٢ | %٢,٣ |

خشتەی (٢٣) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ئاوەڵناوی ڕواڵەتی و نسبی




### ٣/١-٦-٢) پۆلی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕەنگ و قەبارە:

چەند گیرەکێکن، بەشێوەیەکی گشتی ئاوەڵناوی چۆنییەتی دادەڕێژن، بەڵام ئەم چەپکە مۆرفیمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکەیان ئەوەیە، کە "پلەی ڕەنگەکە پیشاندەدەن." (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣١٤)، بناغەی ئەو کەتیگۆرییانەی، کە وەریدەگرن، بریتیین لەو ئاوەڵناوانەی، کە لەژێر چەمکی ئاوەڵناوی ڕەنگدا کۆکراونەتەوە، لە ڕووی بەرهەمیشەوە کەمتواناو سستن، گرنگترین ئەو گیرەکانەش بریتین لە:

ئاوەڵناو + پاشگر > ئاوەڵناوی داڕێژراو........... یاسای گشتی

١٩٤- /-فل/: سورفل.

١٩٥- /-تاڵە/: ڕەشتاڵە.

١٩٦- /-کەلە/: ڕەشکەلە، سپیکەلە، سورکەلە.

١٩٧- /-کەڵە/: سورکەڵە.

١٩٨- /-واش/: سپیواش.

١٩٩- /-کاڵ/: سورکاڵ، شینکاڵ.

٢٠٠- /-باو/: ڕەشباو، شینباو، سورباو، ...&

جگە لەم گیرەکانەی، کە دەچنە سەر ڕەنگەکان و لە پلەی ڕەنگەکە کەمدەکەنەوە، چەند گیرەکێکی ترمان هەیە، کە ئەمانیش دەچنە سەر ئاوەڵناو زیاتر هەڵگری واتای (+قەبارە)ن، واتە گۆڕانکاری لە قەبارەی شت/مرۆڤدا دەکەن، بەڵام بەمەبەستی بچووککردنەوە نییە، بەڵکو زیاتر دەربڕی شێوەن. لەڕووی بەرهەم و چالاکیشەوە سستن.

ئاوەڵناو + پاشگر > ناوی داڕێژراو.......... یاسای گشتی

٢٠١- /-کەڵە/: پانکەڵە.

٢٠٢- /-کەلە/: باریکەلە،

٢٠٣- /-کۆلە/: درێژکۆلە


٢٠٤- /-یلانە/: خڕیلانە، قنجیلانە، بچکۆلانە، وردیلانە، ...&

٢٠٥- /-ەلانە/: باریکەلانە، خڕکەلانە.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی ڕەنگ و قەبارە، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢١) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-کەلە/ | ٤ | %١٩ |
| /-یلانە/ | ٤ | %١٩ |
| /-باو/ | ٣ | %١٤ |
| /-کەڵە/ | ٢ | %٩,٥ |
| /-کاڵ/ | ٢ | %٩,٥ |
| /-ەلانە/ | ٢ | %٩,٥ |
| /-فل/ | ١ | %٤,٧ |
| /-تاڵە/ | ١ | %٤,٧ |
| /-واش/ | ١ | %٤,٧ |
| /-کۆلە/ | ١ | %٤,٧ |

خشتەی (٢٤) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ئاوەڵناوی ڕەنگ و قەبارە




## ٣/١-٦-٣) پۆلی گیرەکە دارێژەرەکانی ئاوەڵناوی چۆنییەتی:

چەند پاشگرێکن، کە بەشێوەیەکی گشتی بناغەی ناو، ئاوەڵناو، ڕەگی کار، هەڵدەبژێرن و ئاوەڵناوی چۆنییەتی ڕۆدەنێن، لەبەرئەوەی لەڕووی سیمانتیکییەوە واتای جیاوازیان هەیە، بەڵام دەرکردەکانیان بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری واتای چۆنییەتین بۆیە ئێمە لەژێر چەمکی پاشگرە دارێژەرەکانی ئاوەڵناوی چۆنییەتیدا دەیانخەینەڕوو، هەروەها لەڕووی چالاکییشەوە بەگشتی زۆر چالاک نین، واتە بەرهەمیان کەم و سنووردارە، بۆیە هەوڵدەدەین بەکورتی بیانخەینەڕوو:

١- ئەو پاشگرانەی، کە بناغەکانیان ناون.

**/-دار/:** لە بنەڕەتدا ئەم فۆڕمە وشەی سەربەخۆ بووەو بەواتای بوونی شتێک دێت، ئێستاش وشەکانی (نەدار: نەبوو، دارا : هەبوو، دارایی : ناوێکی واتاییە) وشەی سەربەخۆیە، کە لە بنەڕەتدا " ئەم پاشگرە لە ڕەگی کرداری ئێستای (الفعل المضارع)ی کرداری (داشتن) (بوون، هەبوون)ی فارسیەوە پەیدابووە." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤: ١٤٤)، بەڵام لەئێستای زمانی کوردیدا، دەچێتە سەر چەند ناوێک و واتای بوونی شتێک لە خاوەنەکەیدا دەسەلمێنێت، لەڕووی چالاکییشەوە بە بەراورد بە گیرەکەکانی تر پاشگرێکی چالاکە، وەک: زامدار، ئیماندار، نازدار، بەهرەدار، زۆردار، ناودار، ئاگادار،...&

**/-نۆک/:** گیرەکێکی ناچالاکەو واتایەکی نەرێنی هەیە، وەک:

٢٠٦- گرینۆک، ترسنۆک،...&

**/-مەند/:** ئەمیش بە واتای خاوەنی، یاخود بوونی شتێک دێت و لە ڕووی چالاکیشەوە کەم توانایە.وەک:

٢٠٧- بەهرەمەند، دەوڵەمەند، هونەرمەند، ...&

**/-گین/:** پاشگرێکی سستەو واتای (+/-نەرێنی) هەیە، وەک:

٢٠٨- خەمگین، ڕەنگین.

**/-زن/:** پاشگرێکی سستەو واتای نەرێنی هەیە. وەک:

٢٠٩- درۆزن

**/-وەر،-ەوەر/:** گیرەکێکی ناچالاکە، لەڕووی سیمانتیکییەوە واتای بوونی، یاخود خاوەنی شتێک دەگەیەنێت. وەک: سەروەر، بەختەوەر، ناوی داڕێژراویش ڕۆدەنێت، وەک:٢١٠- (زیندەوەر، گیانەوەر، جانەوەر، ...&).

**/-ناک/:** گیرەکێکی ناچالاکە و دەچێتە سەر چەند ناوێکی واتایی و واتای (+نەرێنی) هەیە، وەک: ٢١١- ترسناک، خەمناک، سامناک، ...&

**/-باز/:** ئاوەڵناو لە ناو دادەڕێژێ. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٧)

٢١٢- مێباز، فێڵباز، مەکرباز، چاوباز، حیللەباز، قومارباز،...&

**٢- ئەو پاشگرانەی، کە بناغەکانیان ئاوەڵناون:**

چەند گیرەکێکی ترمان هەیە، کە ئاوەڵناوی داڕێژراو ڕۆدەنێن، لە ئاوەڵناوەوە، بە واتای چۆنییەتی، ئەوانیش بریتین لە:

**/-ەڵە/:** ئەم گیرەکە لە ڕووی چالاکییەوە مامناوەندە، لەڕووی واتاییەوە (+/-نەرێنی)ە، وەک: ٢١٣- ڕەقەڵە، ڕووتەڵە، سووکەڵە، زیتەڵە، سەوزەڵە، ...&

**/-کەڵە،-کیلە/:** ئەم دوو گیرەکە دەتوانین بڵێین هاوواتای یەکن، بەرهەمیان زۆر کەمو سنووردارە، هەروەها لە ڕووی واتاشەوە واتایەکی ئەرێنیان هەیە.

٢١٤- جوانکەڵە، جوانکیلە،

**/-ۆکە/:** یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە ئاوەڵناوی چۆنییەتی بە واتایەکی نەرێنییەوە ڕۆدەنێت. وەک: ٢١٥- شێتۆکە، گێلۆکە، فەقیرۆکە، ...&

**/-که/:** ئاوەڵناو لە ئاوەڵناو دادەڕێژێت. (سازان زاهیر: ۲۰۱۳: ۹۰)

۲۱٦- پیسکە، جوانکە، سورکە، شینکە، ...&

**/-ۆڵە/:** ئاوەڵناو دادەڕێژێت بە واتایەکی ئەرێنییەوە، وەک: نەرمۆڵە، ناسکۆڵە،

**/-ووک،- ۆلە/:** وەک: ۲۱۷- بچکۆلە، بچووک.


**/-یلە/:** مانایەکی ئەرێنی هەیە و زیاتر بە واتای ناسکی و نازداری و بچووکی دێت، لە ڕووی بەرهەمەوە کەم بەرهەمە، وەک: ۲۱۸- وردیلە، خڕیلە، قنجیلە،

**۲۱۹- /-ەڵ/:** زەردەڵ، پووچەڵ، فشەڵ، ...& /-ەڵ/، لەم نموونانەدا واتایەکی نێگەتیڤی گەیاندووە، بۆ نموونە (زەردەڵ) هەندێکجار هێمایە بۆ جۆرێک لە نەخۆشی. (سەرچاوەی پێشوو: ۱۰۳).

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە داڕێژەرەکانی ئاوەڵناوی چۆنییەتی، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٥٠) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /-دار/ | ٧ | %١٤ |
| /-باز/ | ٦ | %١٢ |
| /-ەڵە/ | ٥ | %١٠ |
| /-کە/ | ٤ | %٨ |
| /-مەند/ | ٣ | %٦ |
| /-ناک/ | ٣ | %٦ |
| /-ۆکە/ | ٣ | %٦ |
| /-یلە/ | ٣ | %٦ |
| /-ەڵ/ | ٣ | %٦ |
| /-ۆڵە/ | ٢ | %٤ |
| /-ووک،-ۆلە/ | ٢ | %٤ |
| /-وەر،- ەوەر/ | ٢ | %٤ |
| /-نۆک/ | ٢ | %٤ |
| /-گین/ | ٢ | %٤ |
| /-کەڵە،-کیلە/ | ٢ | %٤ |
| /-زن/ | ١ | %٢ |

خشتەی (٢٥) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی ئاوەڵناوی چۆنییەتی




## ٧-١/٣) پۆلی گیرەکە دارێژەرەکانی نەرێی فەرهەنگی:

پرۆسەی ناکردن لە زمانی کوردیدا، هەرچەندە وەک پرۆسەیەکی سینتاکسی دەبینرێت، واتە " ناکردن کردەیەکی زمانەوانیە، کە جگە لە ئەرکی سەرەکی کە جێبەجێنەکردن و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە یان هەموو ڕستەکەیە، لە هەندێک زماندا بۆ نموونە (کوردی) جگە لەمە، ئەرکی پێچەوانەیی، بەراوردی، یەکسەری، سووربوون، پێداگرتن و دوودڵی... بەجێدەهێنێ." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٤: ٧). بەڵام جگە لە ئەرکە سینتاکسییەکەی، کە نەکردن و جێبەجێنەکردنی کارێک دەگەیەنێت، یاخود نەفی کارێک دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی گرنگی لەدارشتنی ئاوەڵناودا هەیە، کە هەڵگری واتای پێچەوانەیە و بەشێوەیەکی گشتی چەمکی نەرێکردن دەگەیەنێت، واتە ئەم پرۆسەیە جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ نەرێکردنی سینتاکسیدا لەوەدایە، کە لە نەرێکردنی سینتاکسیدا چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی بە پێی تاف و ڕێژە و هێزی کارەکە فۆرمی تایبەت بەخۆیان هەیەو نەکردن و ڕەتکردنەوەی کارێک دەگەیەنن، بەڵام لە نەرێی فەرهەنگیدا بە پێچەوانەوە مۆرفیمەکانی نەرێی فەرهەنگیی بناغەی جیاواز هەڵدەبژێرن و ئاوەڵناوی دارێژراو دروستدەکەن و دەرکردەکەیان کەرەسەی فەرهەنگین، کە ئەمەش پێچەوانەی دەرکردەی مۆرفیمە سینتاکسییەکانی نەرێکردنە، چونکە ئەوان دەرکردەکەیان کەرەستەی سینتاکسین، مۆرفیمەکانی نەرێی فەرهەنگی بەگشتی

هەڵگری سیمای (+نەرێکردن+پێچەوانەیی+فەرهەنگیی)ن. هەربۆیە گرنگترین مۆرفیمەکانی نەرێی فەرهەنگی بریتین لە:

**/نا-/:** یەکێکە لە گیرەکە چالاک و بەرهەمدارەکانی ئاوەڵناوی داڕێژراو، کە بناغەی ئاوەڵناو، یاخود ناوی بکەریی هەڵدەبژێرێت، هەروەها لەڕووی سیمانتیکییەوە واتای (+نەرێکردن، +دژواتا) هەیە.

أ- /نا-/ + ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی داڕێژراو........... یاسای (١)

٢٢٠- ناپەسەند، نابەجێ، نارەوا، ناچالاک، ناقۆڵا، نارێک، ناخۆش، ناشی، ناچیز، نالەبار، نامراد،، نادروست، ناپاک، نایاسایی، نامەرد، ...&

ب- /نا-/ + ناو/ناوی بکەریی > ئاوەڵناوی داڕێژراو.......... یاسای (٢)

٢٢١- ناپیاو، نابینا، ناکارا، نادیدە، ناکەس،...&

**/نە-/:** ئەم گیرەکەش یەکێکە لە گیرەکە سینتاکسییەکانی بواری نەرێکردن و لە سینتاکسدا گیرەکێکی بەرهەمدار و چالاکە، بەڵام لە بواری نەرێی فەرهەنگیدا بەرهەمی مامناوەندییە، لە ڕووی بناغەوە بنکەی (ناو، ئاوەڵناو، ناوی ڕووداو) هەڵدەبژێرێت، هەروەها یاسایەکی دیاریکراو نییە، چ بۆ /نا-/چ بۆ /نە-/، کە چ جۆرە بناغەیەک هەڵدەبژێرن، بەڵکو " هەر لە خۆوە بەپێی ئاسانی دەربڕینیان ڕێکەوتون." (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٤: ٢٨).

أ- /نە-/ + ئاوەڵناو > ئاوەڵناوی داڕێژراو........... یاسای (٣)

٢٢٢- نەخۆش، نەشارەزا، نەبەکام،...&

ب- /نە-/ + ڕەگی کار > ئاوەڵناوی داڕێژرا.......... یاسای (٤)

٢٢٣- نەمر، نەزان، نەزۆک، نەخوێندەوار، نەبوو، نەدار، نەناس، نەدیو، نەبەز، نەمژ، نەبان،نەخۆر، ...&

پ- /نە-/ + ناوی ڕووداو > ناوی ڕووداوی پێچەوانەیی ........ یاسای (٥)

٢٢٤- توانین > نەتوانین

٢٢٥- زانین > نەزانین

٢٢٦- خواردن > نەخواردن

**/بێ-/:** ئەم پێشگرە بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی فەرهەنگیی و پیشاندانی واتای دژو پێچەوانە، توانایەکی زۆری هەیە تا ڕادەیەک بەرامبەر /بە-/ دەوەستێت. ( شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٢٣)، ئەم گیرەکە دەچێتە سەر ناو و کەتیگۆرییەکەی دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو، هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای (+نەرێکردن) هەیە، هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە پێشگری /بێ-/، لەگەڵ ئەو وشانەدا گونجاندێکی باشی هەیە، کە بناغەکەی بۆ وشەیەکی بێگانە دەگەڕێتەوە، لەوانە: (عەقڵ، غیرەت، جورئەت، حەیا، قیمەت، ویژدان،...&).


- /بێ-/ + ناو > ئاوەڵناوی داڕێژراو......... یاسای (٦)

٢٢٧- بێتام، بێرەنگ، بێرەوشت، بێغیرەت، بێجورم، بێجورئەت، بێعەقڵ، بێئینساف، بێباک، بێکار، بێئەدەب، بێناز، بێتاوان، بێگوناح، بێویژدان، بێکەڵک، بێسوود، بێناو، بێغەم، بێحەیا، بێقیمەت، بێنرخ، بێوەی،بێدین، ...&

ڕێژەی چالاکیی و سستیی گیرەکە داڕێژەرەکانی نەرێی فەرهەنگی، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٦٠) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /بێ-/ | ٢٤ | %٤٠ |
| /نا-/ | ٢١ | %٣٥ |
| /نە-/ | ١٥ | %٢٥ |

خشتەی (٢٦) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی نەرێی فەرهەنگیی



## ٢/٣) مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی کەتیگۆری کار:

کەتیگۆری کار لە پاڵ کەتیگۆری ناودا، دوو پۆلی بنەڕەتی و گرنگی زمانی کوردین و زۆربەی زۆری وشەکانی زمانی کوردی لە ژێر سایەی یەکێک لەم دوو پۆلەدان، کەتیگۆری کاریش هاوشێوەی کەتیگۆری ناو چەند گیرەکێکی هەیە، بۆ ڕۆنان و دروستکردنی فۆڕمی جیاوازی کار لەسەر بنەمای کارە بنەڕەتییەکان، واتە پرۆسەی دارشتنی کار جیاواز لە ناو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە دارشتن و دروستکردنی کاری داڕێژراو لە ڕێگەی کارە بنەڕەتییەکانەوە دەبێت، دیارە ئەم پرۆسەیەش بە جێبەجێکردنی یەکێک لە پرۆسە مۆرفۆرلۆژییە گرنگەکان دەبێت، کە ئەویش پرۆسەکانی دارشتنە، هاوکات ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی تەرزە مۆرفۆلۆژییەکانەوە جێبەجێدەکرێت، کە ئەویش هەردوو تەرزی (گیرەک + بناغە)، (بناغە + گیرەک)ە، لەمڕووەوە پێچەوانەی پرۆسەی دارشتنی ناو، کە تیایدا پرۆسەی (بناغە + گیرەک)، واتە پاشگرەکان ڕۆڵی بنەڕەتییان هەبوو لە سازدان و دارشتنی ناوی داڕێژراودا، بەڵام لە کاردا پرۆسەکە پێچەوانە دەبێتەوە و یاسای (گیرەک + بناغە) زۆر بەرهەمدار و بەپێزە، واتە پێشگرەکانی زمانی کوردی دەوری بنەڕەتیی و بناغەییان لە دارشتنی فۆڕمی نوێی زمانییدا هەیە، کەواتە لە ڕووی وشەدارشتنەوە جیاوازی لە نێوان هەردوو کەتیگۆرییە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا هەیە، چونکە "کار لە بوونی پێشگردا زۆر دەوڵەمەندە. گەلێ پێشگری جۆربەجۆر هەن، دەچنە سەر کارو واتاو شێوەی دەگۆڕن، وەک (گرتن – هەڵگرتن)؛(ماڵین – ڕاماڵین)؛... پاشگر زۆر یاریدەی ڕۆنانی کار نادات. لە ناودا بە پێچەوانەوە، پاشگر دەوری چالاک دەبینێ لە ڕۆنانیدا." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨).

## ٢/٣-١) پۆلی پێشگرەکانی کەتیگۆری کار:

**/هەڵ–/:** یەکێکە لە پێشگرە چالاک و بەرهەمدارەکانی داڕێژەری کەتیگۆری کار و بەشێوەیەکی گشتی واتای بزوتنەوەی بەرەوژوور دەگەیەنێ، " بەڵام لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ڕەگەکاندا هاوبێژی تری پەیداکردووە وەک لە: (هەڵبڕی – دورخستنەوە)، (هەڵکوتا – بەرەوچوون)، (هەڵوەرین – جوداکردنەوە). " (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٠: ٦٧).

- /هەڵ-/ + کاری بنەڕەتی > کاری داڕێژراو........ یاسای (١)

٢٢٨- هەڵخست، هەڵچوو، هەڵبوو، هەڵماڵی، هەڵهات، هەڵزنا، هەڵخلیسکا، هەڵپڕووکا، هەڵتروشکا، ، هەڵوەری، زەردهەڵگەڕا، هەڵگەڕایەوە، هەڵگەڕا، هەڵنا،...&

**/دا-/:** ئەمیش یەکێکە لە گیرەکە داڕێژەرەکانی کار " ئەم پێشگرە زۆر چالاک و بەبەرهەمە و گەلێک مانا دەبەخشێ و بە زۆری ڕێچکەی بزوتنەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە نیشاندەدا." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٧١).

- /دا-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو........... یاسای (٢)

٢٢٩- داڕووخا، داماڵی، داکەند، داڕزا، داپۆشی، دانیشت، داکەوت، داچاند، دامرکاند، داگرت، ،...&، " لەگەڵ ئەو واتا بنجییەی (دا)، کە بەرەوژێری دەگەیەنێ، گەلێ واتای تری هەیە کە لەگەڵ ئەمانە هاوبێژی دروست دەکەن. وەک:

٢٣٠- داکردن: (مانای لەژوورەوەکردن دەگەیەنێت)، مریشکەکانم داکرد.

٢٣١- دابڕی: دوورخستنەوەی دوو شت لەیەکتری.

٢٣٢- داگیرساند: هەڵبوون، چەمکی بەرەو سەرەوە دەگەیەنێ. (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٠: ٧٠)

**/ڕا-/:** ئەم پێشگرە بەگشتی بۆ بزوتنەوەی ئاسۆیی (افقی) بەکاردێت. (لیژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ١٩٧)، هەروەها بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت، هاوکات لە ڕووی چالاکییەوە بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە.

- /ڕا-/ + کاری بنەڕەتی > کاری داڕێژراو......... یاسای (٣)

٢٣٣- ڕاکرد، ڕاوەستا، ڕادا، ڕاوەشاند، ڕاخست، ڕاماڵی، ، ...&

هەروەها جگە لەم واتایەی سەرەوە، واتای تریشی هەیە لەوانە:

**٢٣٤-** ڕاپەڕی، ڕابوو، ..... بزوتنەوە و چالاکی بەرەوژووردەگەیەنێت.

**٢٣٥-** ڕازاندەوە............. جوانکردنی شتێک، واتە گۆڕینی حاڵەت.

**٢٣٦-** ڕاما................. جۆرێک لە بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە شتێک.

**/ڕۆ-/:** ئەم پێشگرە لەڕووی چالاکییەوە بەرهەمی مامناوەندییە، یاخود کەمتر لەمامناوەندییە، هەروەها لەڕووی سیمانتیکییەوە واتای " نزمبوونەوە بەرەوژێر دەگەیەنێ." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٧٤).

- /ڕۆ-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو............ یاسای (٤)

٢٣٧- ڕۆکرد، ڕۆنیشت، ڕۆچوو، ڕۆبرد، ڕۆنا،...&

/وەر-/: ئەم گیرەکە بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی چالاکیی و بەرهەمەوە بەرهەمێکی دیاریکراوی هەیە و زۆر بەرهەمدار نییە، هەروەها " مانای پێچکردنەوە و گەڕانەوە و هەڵگێرانەوە و گۆڕین و گوێزانەوە...ی تێدایە." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٧٢). وەک:

- /وەر-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو........... یاسای (٥)

٢٣٨- وەرگەڕا، وەرکەوت، وەرنیشت، تێوەردا، وەرچەرخا، وەرگێرا، وەرگرت،...&

/دەر-/: ئەمیش یەکێکە لە گیرەکە داڕێژەکانی کەتیگۆری کار، کە واتای (شوێنی تێپەڕبوون) دەگەیەنێت و بە فۆڕمی سەربەخۆش وەک ئاوەڵکاری شوێن لە زمانی کوریدا بوونی هەیە، بۆ نموونە وەک (دەرگا، دەرلینگ، دەرپێ)، هەروەها وەک پێشگر بەرهەمێکی کەمی هەیە و دەتوانێت چەند کار/ناوێکی ڕووداو دابڕێژێت، وەک:

- /دەر-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو ............. یاسای (٦)

٢٣٩- دەرخست، دەرچوو، دەرکرد، دەرهات، ....&

جگە لەم پێشگرانەی خستمانەڕوو، چەند پێشگرێکی ترمان هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە پێشگرە فەرهەنگییەکانی (پێ، لێ، تێ)، واتە ئەو کەرەسە زمانییانەن، کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی زمانییەوە لە کەرەسەی سینتاکسییەوە گۆڕاون بۆ کەرەسەی فەرهەنگی و بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی کارە داڕێژراوەکەو جارێکی تر چوونەتەوە ناو فەرهەنگ، کەواتە پێشگرەکانی: (پێ، لێ، تێ) وەک کەرەسەی مۆرفۆلۆژیی ڕۆڵی گرنگیان لە داڕشتنی کاردا هەیە ، واتە " ئەمانیش وەک مۆرفیمە بەندە داڕێژەرەکان ئەرکیان داڕشتنی فۆڕم و واتای نوێیە بۆ ناو فەرهەنگی زمانەکەمان." (مستەفا ڕەزا مستەفا: ٢٠١٥: ١٧٥ ).

دەتوانین بڵێین ئەم گیرەکانە لە ڕاستیدا دوو ئەرکی جیاوازیان بە پێی شوێنەکەیان هەیە، ڕۆڵی یەکەمیان وەک ڕەگەزێکی سینتاکسی خۆیان نمایشدەکەن و بریتین لە پریپۆزیشن لە کاتێکدا کە ڕستە گۆکراوەکە لە ڕستەیەکی ئاساییەوە بووبێتە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی وەک:

٢٤٠- من کتێبەکەم دا بە ئەو. .... کتێبەکەم پێدا. به > پێ.

هەروەها دووەم ڕۆڵیان، ئەرکێکی فەرهەنگییەو دەچنە سەر بناغەی ناوی ڕووداوی بنەڕەتیی و ناوی ڕووداوی داڕێژراو ڕۆدەنێن، واتە دەبنە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و ژمارەی ناوی ڕووداوەکان زیاددەکەن، وەک:

٢٤١- گرتن > پێگرتن (گرتنی شتێک بە شتێکی تر).

٢٤٢- دان > پێدان (بەخشینی شتێک)

٢٤٣- گرتن > تێگرتن (گرتنی شتێک لە شتێکی تر، یا بەرگتێگرتن لە شتێک).

٢٤٤- چوون > لێچوون (لێچوونی شتێکی شل وەک لێچوونی ئاو لە تانکی...)،

کەواتە هەروەک چۆن پێشگرەکانی ( /هەڵ-، دا-، ڕا-،وەر-، **دەر-/** ) گیرەکی وشەداڕێژن و کاری داڕێژراو لە کاری بنەڕەتییەوە دادەڕێژن، بە هەمان شێوەش پێشگرە فەرهەنگییەکانی وەک (پێ، لێ، تێ)ش، ڕۆڵی گیرەکی وشەداڕێژەر دەبینن و وەسیلەو ئەبزارێکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردین، بە ناوی ڕووداو/چاووگ. بەمشێوەیەی خوارەوە:

- /پێ-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو............ یاسای (٧)

٢٤٥- پێدا، پێزانی، پێگرت، پێگەیشت، پێزانی، پێکەوت،پێکەنی،پێفرۆشت، پێچوو،پێبوو،پێڕشت، پێکرد، پێبرد...&

- /تێ-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو............. یاسای (٨)

٢٤٦- تێکەوت، تێچوو، تێنیشت، تێکرد، تێگەیشت، تێگرت، تێخست،تێنیشت، تێزا، تێوەگلا، ....&

- /لێ-/ + کاری بنەڕەتیی > کاری داڕێژراو............ یاسای (٩)


٢٤٧- لێدا، لێگرت، لێکەوت، لێخست، لێچوو، لێهات، لێبڕی، لێنا، لێخوڕی، لێنیشت، لێفڕاند، لێستاند،لێبرد،..&، لە کۆتاییدا سەبارەت بە پێشگرەکانی: (پێ،

تێ، لێ)، پێویستە ئەوە بڵێین، کە ئەم پێشگرانە لەڕووی چالاکییەوە لە پێشگرەکانی داڕێژەری کار، یاخود ناوی ڕووداو چالاکترن، لەبەرئەوەی ئەمانە پێشتر لە ئەنجامی کردەیەکی مۆرفۆسینتاکسییەوە لە سینتاکسەوە هاتوونەتەوە ناو فەرهەنگ، بەحوکمی ئەوەی، کە بەردەوام سینتاکس و کەرەسە سینتاکسییەکان چالاکترن، بۆیە ئەم پێشگرانەش ئەو چالاکییەی سینتاکسیان تێداماوەو وەک کەرەسەیەکی چالاکیی فەرهەنگیی بەشداری لە داڕشتنی کرداردا دەکەن.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی پێشگرە داڕێژەرەکانی کەتیگۆری کار، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٧٩) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|
| /هەڵ-/ | ١٣ | %١٠,٢٧ |
| /لێ-/ | ١٣ | %١٠,٢٧ |
| /پێ-/ | ١١ | %٨,٦٩ |
| /تێ-/ | ١٠ | %٧,٩ |
| /دا-/ | ١٠ | %٧,٩ |
| /وەر-/ | ٧ | %٥,٥٣ |
| /ڕا-/ | ٦ | %٤,٧٤ |
| /ڕۆ-/ | ٥ | %٣,٩٥ |
| /دەر-/ | ٤ | %٣,١٦ |

خشتەی (٢٧) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی پێشگرەکانی کار



## ٢/٣-٢) پۆلی پاشگرەکانی کەتیگۆری کار:

گرنگترین ئەو پاشگرانەی، کە دەوریان لە دروستکردن و داڕشتنی کەتیگۆری کاردا هەیە، بریتین لە هەردوو پاشگری /-اند،-ەوە/، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**/-ەوە/:** ئەم پاشگرە یەکێکە لە گیرەکە چالاکەکانی زمانی کوردی، کە واتاو ئەرکی جیاواز دەبەخشێت، چونکە "ڕۆڵێکی گرنگ و سیمایەکی تایبەتی هەیە لە زمانی کوردیدا." (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠١٣: ٩١)، لە ڕووی سیمانتیکیشەوە واتای جیاوازی هەیە و " واتا سەرەکییەکانی (دووبارەبوونەوە؛ گۆڕینی واتای وشە؛ گەڕانەوە؛ گۆڕینی مەفهومی وشە..."ن. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٥). کەواتە هەوڵدەدەین گرنگترین یاساکانی داڕشتنی کار بە هۆی پاشگری /-ەوە/وە لەسەر بنەمای واتای دەرکردەکانیان بخەینەڕوو.

أ- گۆڕینی چەمکی وشە:

٢٤٨- خواردن > خواردنەوە، ڕشان > ڕشانەوە

ب- گۆڕینی واتای وشە:

٢٤٩- لێکدان > لێکدانەوە، خوێندن > خوێندنەوە

پ- گۆڕینی دۆخ، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر. (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٧٧). وەک:

٢٥٠- زیندووبوونەوە، شلبوونەوە، خەستبوونەوە، هەڵگەڕانەوە، ...&

ت- واتای گەڕانەوە و دووبارەبوونەوە دەبەخشێت.

٢٥١- هاتن > هاتنەوە، هەستان > هەستانەوە

چ- لەگەڵ بناغەی هەندێک کاردا بووە بە بەشێک لە پێکهاتەی کردارەکە و ناتوانرێت لاببرێت، چونکە واتاکەی لەدەستدەدات و لە ئێستای زمانەکەدا ئەو بناغانە بەبێ پاشگری /-ەوە/ واتای سەربەخۆیان نییە، کەواتە ئەم گیرەکە فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ زیندووکردنەوەی دووبارەی کۆمەڵێک (ناوی ڕووداو/ چاووگ) بۆ زمانی کوردی، کە لەمڕووەوە چالاک و بەرهەمدارە. وەک:

- بناغەی بێواتا لە ئێستادا + /-ەوە/ > کرداری داڕێژراو............ یاسای (٣)

٢٥٢- خولانەوە، نیشتنەوە، کولانەوە، بوورانەوە، لاڵانەوە، پاڕانەوە، بووژانەوە، بریسکانەوە، پووکانەوە، توانەوە، حەوانەوە، ڕووتانەوە، ڕازانەوە، چەمانەوە، ..&

**/-اند/:** یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە ئەرک و ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، واتە هەم ئەرکی سینتاکسی و هەم ئەرکی فەرهەنگی هەیە، ئەوەی بەلای ئێمەوە لێرەدا پێویستە بریتییە لە خستنەڕووی ئەرکی فەرهەنگی ئەم گیرەکە، هاوکات گیرەکی /-اند/، یاخود /-اندن/یش لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی باسی کاری داڕێژراو دەکەین بۆیە بە فۆڕمی /-اند/ وەرمانگرتووە، چونکە فۆڕمی /-اندن/ بۆ داڕشتنی (ناوی ڕووداو)ە. کەواتە گیرەکی " (-اندن) دوو ئەرکی جیاواز دەبینێت: یەکەم وەکو پاشگرێک ئەرکی داڕشتن دەبینێت، دووەم وەکو مۆرفیمێکی ڕێزمانی ئەرکی تێپەڕاندن دەبینێ." (عومەر مەحمود کەریم: ٢٠٠٤: ٥٥)، ئەم گیرەکە لە داڕشتنی کاردا بەگشتی دوو جۆر بناغە وەردەگرێت:[57]

١- دەچێتە سەر ناوی دەنگ بەشێوەیەکی گشتی، جا ناوی دەنگی سروشتی بێت، یاخود ناوی دەنگی ئاژەڵ و مرۆڤ بێت، کار دادەڕێژێت، واتە " هەندێ جار {-اندن} دەنگە سروشتیەکان دەکا بە چاوگ و کاری تێنەپەڕ، وەک: ناڵە > ناڵاندن، زریکە > زریکاندن". (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ١٢١). هەروەها لەڕووی چالاکییەوە گیرەکێکی چالاک و بەرهەمدارە، چونکە لەمڕووەوە گیرەکی تر نییە هاڤڕکێی بکات و لە بەرهەم و چالاکی کەمبکاتەوە، کەواتە بۆ داڕشتنی کاری تێنەپەڕ لە ناوی دەنگەوە پاشگری /-اند/، ڕەچاوی ئەم یاسایەی خوارەوە دەکات:

- ناوی دەنگ + /-اند/ > کاری داڕێژراو............ یاسای (١)

٢٥٣- مڕاند، بۆڵاند، گرماند، لوراند، فیشکاند، زیراند، بۆڕاند، لووراند، پرخاند، قیژاند، شیراند، نەڕاند، ...&

٢- دەچێتە سەر (ناو، ئاوەڵناو، جێناوی نادیار)، کاری تێپەڕ ڕۆدەنێت.

- بناغەی جیاواز + /-اند/ > کرداری داڕێژراوی تێپەڕ............ یاسای (٢)

---

[57] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فۆڕم و ئەرکە جیاوازەکانی مۆرفیمی /-اندن/، بڕوانە ئەم سەرچاوانە و ئەوانەی لەوێدا باسکراون: ١- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤)، ٢- (نەسرین فەخری: ١٩٧٥). ٣- (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: نادیاری: ٢٠٠٨)، ٤- (عومەر مەحمود کەریم: ٢٠٠٤).

٢٥٤- نرخاند، گەوجاند، گشتاند، ڕەنجاند، کورداند، نەخشاند، ...&

٣- (اندن) کارو چاوگی بێگانەی تێپەڕ بە تایبەتی زمانی عەرەبی دەکاتە کوردی و هەر بە تێپەڕیش دەمێننەوە و هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی وەردەگرن. (نەسرین فەخری: ١٩٧٥: ٢٢٨).

٢٥٥- شبە + (-اند) > شوبهاندن.


٢٥٦- خلق + (-اندن) > خوڵقاندن.

هەروەها لە ئێستادا وشەکانی وەک: (گەوجاندن، گشتاندن، کورداندن، ڕاستاندن، گێلاندن، ....) وەک زاراوە لەکاردان، بە تایبەتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و زمانی ڕامیارییەوە، یاخود لە ڕێگەی کارگێڕییەوە هاتوونەتە ناوەوە.

ڕێژەی چالاکیی و سستیی پاشگرە داڕێژەرەکانی کەتیگۆری کار، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٤٨) وشە.

| گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
| --- | --- | --- |
| /-ەوە/ | ٢٦ | %٥٤,١٦ |
| /-اند/ | ٢٢ | %٤٥,٨٣ |

خشتەی (٢٨) چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی پاشگرەکانی کار



## ئەنجام:

١- چالاکیی و سستیی مۆرفێم و وشەکانی زمان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکار دەستنیشاندەکرێت، لەوانە توانای فرەجاریی و بەسوودیی و شەفافییەت و لایەنی سیمانتیکی، ئەمە جگەلەوەی کە کۆمەڵێک سنورداریی و ئاستەنگیش لە زماندا هەن، کە لە چالاکیی و بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی زمان کەمدەکەنەوە.

٢- زمانی کوردی لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانەوە، بۆ داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێی زمانیی، سوود لە پرۆسەی داڕشتن وەردەگرێت، چالاکیی و سستیی هەریەک لەو مۆرفیمە بەندانەش لە ڕێگەی ژمارەو ڕێژەی وشەی بەرهەمهاتوو، هەروەها بەکارهێنانیان لەگەڵ پۆلەڕەگەزو بناغەی جیاوازدا دەردەکەوێت، ئەمەش پشت بەست بە خشتەکانی ژمارە (١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨)ی بەشی سێیەم، کە تیایدا ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکانی کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کار) خراونەتەڕوو.

٣- یاسای (پێشگر + بناغە)، بە شێوەیەکی گشتی یاسایەکی چالاک و بەرهەمدارە لە داڕشتنی کەتیگۆری کاردا، بەڵام یاسای (بناغە + پاشگر)، بە پێچەوانەوە لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی پۆلەڕەگەزی ناودا چالاک و بەبەرهەمە، ئەم ئەنجامەش لەسەر بنەمای زانیارییە بەدەستهاتووەکانی خشتەکانی (٢٢، ٢٧)ی بەشی سێیەمە، کە تیایدا بەپێی ئەو نموونانەی وەرگیراون لە خشتەی (٢٢)دا، کە تایبەتە بە پاشگرەکانی کەتیگۆری ناو، (٣٥) وشە وەرگیراوە، بەڵام لە خشتەی (٢٧)دا، کە تایبەتە بە کەتیگۆری کار (٧٥) وشە وەرگیراوە.

٤- لەسەر بنەمای داتاو زانیارییەکانی بەشی دووەم و پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٦ بۆ ١٤)، کە تیایدا ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکان خراونەتەڕوو، مۆرفیمە گراماتیکییەکان، لەڕووی چالاکیی و بەکارهێنانەوە توانایان بە مۆرفیمە لێکسیکییەکان بەراوردناکرێت، چونکە لە کاتی بەکارهێنانیان لە قسەکردندا، چەپکە مۆرفیمێکی بێسنور چالاک و بە بڕشتن.

٥- مۆرفیمە لێکسیکییەکان بەهۆی (جیهانگیریی – Globalisation)ەوە، ئاستەنگ بۆ چالاکییان دروستبووەو لەمڕووەوە بەرهەمیان کەمیکردووە، چونکە لەگەڵ وەرگرتنی کەلوپەل و کەرەستەی نوێی بوارە جیاوازەکانی ژیان، ناوەکانیشیان بە ئامادەکراوی لە زمانی یەکەمەوە بە دەستکارییەوە، یاخود بێ دەستکاریی دێنە زمانی کوردییەوە.

٦- مەرج نییە، سنورێکی دابڕاو و قەتعی لەنێوان مۆرفیمە ڕێزمانییەکان و مۆرفیمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردییدا هەبێت، بۆ نموونە مۆرفیمەکانی بواری نەرێکردن، لە هەردوو پێڕەوەکەدا (گراماتیکی و لێکسیکی)، دەربڕی هەمان چەمکی نەرێکردن و ڕەتکردنەوەو پێچەوانەکردنەوەیە.

٧- لەڕووی چەمکەوە مەرج نییە، مۆرفیمە بەندەکان، بە تایبەت مۆرفیمە فەرهەنگییەکان دەربڕی هەمان چەمک بن، چونکە جاری وایە یەک مۆرفیم زیاد لە چەمکێک دەبەخشێت، کە لەم ڕووەوە وەک هاوبێژی یەکتر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

## سەرچاوەكان:

### یەكەم - بە زمانی كوردیی:

### أ- كتێب:


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف: (١٩٧٩)، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەكەم – ناو، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا.

٢- ---------------: (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

٣- ---------------: (٢٠١٤)، وشەڕۆنان لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٤- ---------------: (٢٠١٤)، ڕێزمانی كوردی (بەرگی یەكەم – وشەسازی/ بەشی پێنجەم – كردار)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٥- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم: (١٣٦٧)، ئامراز لە زمانی كوردیدا، چاپی یەكەم، ناوەندی بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی.

٦- تاڵیب حوسێن عەلی: (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی كوردی، چاپی یەكەم – چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- جەمال عەبدول: (٢٠٠٨)، بەركوڵێكی زاراوەسازیی كوردی، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی – دهۆك.

٨- حاتەم ولیا محەمەد: (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەكانی نواندنە سینتاكسییەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی – دهۆك.

٩- ح.س.سۆران: (٢٠٠٩) زمانەوانی كوردی، چاپەمەنی ئێلێكترۆنیكی.

١٠- دلێر صادق كانبی: (٢٠١٥)، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریانی – هەولێر.

١١- دارا حمید محمد: (٢٠١٣) هەندێ لایەن لە تیۆرییەكانی زمان، چاپی یەكەم – چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٢- ڕۆژان نوری عبدالله: (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

١٣- ڕەفیق شوانی: (٢٠٠٨)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن (لێکۆڵینەوەیەکی وشەسازییە بە ڕێگای دارشتن و لێکدان)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی – دهۆک.

١٤- ---------------: (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی – هەولێر.

١٥-سەلام ناوخۆش: (٢٠٠٨)، زمانناسی (مێژوویی – بونیادگەری - چۆمسکی)، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان – هەولێر.

١٦- سازان زاهیر سەعید: (٢٠١٣)، پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

١٧- سەعید کەرەمی: (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان – سنە.

١٨- شێرکۆ بابان: (٢٠٠٨)، بەرەو وشەرۆنان لە زمانی نوسیندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر.

١٩- شیلان عومەر حسەین: (٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کارۆ – سلێمانی.

٢٠- عەبدولوەهاب خالید موسا: (٢٠١٠)، ڕێزمانی (بوون و هەبوون) لە کوردیدا – لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە – هەولێر.

٢١- -------------: (٢٠١٠)، دەسپێکەک بۆ زمانڤانییا پراکتیکی، چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر.

٢٢- عەبدوالواحید موشیر دزەیی: (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٣- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی – سلێمانی.

٢٤- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم – هەولێر.

٢٥- عەلی نانەوازادە: (٢٠٠٥)، فەهەنگی کوردیی – هەرمان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

٢٦- فاروق عومەر سدیق: (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان – سلێمانی.

٢٧- --------------: (٢٠١٥)، ڕەچەڵەکی وشەو پەلهاویشتنی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین – سلێمانی.

٢٨- --------------: (٢٠١٧)، زمانناسیی کوردی، یەکخستنەوەی شیروان خۆشناو، یەکەم چاپ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین – هەولێر.

٢٩- فازڵ عومەر: (٢٠٠٥)، گیرەکێن زمانێ کوردی، چاپی ئێکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ – هەولێر.

٣٠- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: (٢٠٠٨)، نادیاری لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆمان - سلێمانی.

٣١- کۆرش صفوی: (٢٠١٨) لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبییات، وەرگێرانی: کەریم عوسمان دەشتی، بەرگی یەکەم – هۆنراو، چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە.

٣٢- ک.ک.کوردۆییڤ: (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و:کوردستان موکریانی، چاپخانەی الادیب – بەغدا.

٣٣- لیژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد: (٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر.

٣٤- محەمەد مەعروف فەتاح: (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

٣٥- -------------------: (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی – هەولێر.

٣٦- محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید قادر: (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون – هەولێر.

٣٧- محەمەدی مەحوی: (٢٠١٠)، شکانەوەی کردار، زانکۆی سلێمانی.

٣٨- محەمەدی مەحوی: (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک – وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

٣٩- ---------------: (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەن (١٠٤)، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٤٠- ---------------: (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند – لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە – سلێمانی.

٤١- ---------------: (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.

٤٢- ---------------: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم – زانکۆی سلێمانی.

٤٣- محەمەد ڕەزای باتینی: (١٩٩٣) ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان. و:حەسەنی قازی، سوید.

٤٤- محەمەد ڕەزای باتنی: (٢٠١٢)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، و:هێرش کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەنج – سلێمانی.

٤٥- محەمەد ڕەزای باتنی: (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، و:ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە – ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە – سلێمانی.

٤٦- مەحمود زامدار: (٢٠١١)، گەردانی ناو لە ناو زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی – هەولێر.

٤٧- مەسعوود محەمەد: (٢٠١١)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر.

٤٨-محمد طاهر گوهەرزی: (١٩٩٩)، ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، بەلاڤۆکێت کوڤارا مەتین، چاپا ئێکێ، چاپخانا خەبات – دهۆک.

٤٩- نوری عەلی ئەمین: (١٩٥٨)، قەواعیدی زمانی کوردی لە "صرف و نحو"دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف – بەغدا.

٥٠- نەسرین فەخری و کوردستانی موکریانی: (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

٥١- هەژار موکریانی: (١٣٨٤)، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی – فارسی)، چاپی چهارم، سروش – تهران.

٥٢- هیدسن: (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، و:هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی – دهۆک.

٥٣- وریا عومەر ئەمین: (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم – هەولێر.

٥٤- ---------------: (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر.

٥٥- یوسف شەریف سەعید: (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٥٦- ---------------: (٢٠١٢)، وشەسازی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

٥٧- یوسف نوری محەمەد ئەمین: (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین – هەولێر.

**ب- نامەی زانکۆیی:**

٥٨- ئەبوبەکر عومەر قادر: (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

٥٩- ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: (٢٠٠٣)، پێشبەندو پاشبەند لە هەردوو دیالێکتی کرمانجی خواروو ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغدا.

٦٠- ئازاد احمد محمود: (٢٠٠١)، مۆرفێمەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو ژووروو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدا – زانکۆی بەغدا.

٦١- تابان محەمەد سەعید: (٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

٦٢- سازان زاهیر سەعید: (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە دارێژەكانی بچووككردنەوەو ناسكی لە سازكردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان – زانكۆی سلێمانی.

٦٣- صباح رشید قادر: (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان – زانكۆی سلێمانی.

٦٤- شیروان حوسێن حەمەد: (٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ و راپەراندنی ئەركی سینتاكسیدا، نامەی دكتۆرا، سكوڵی زمان – زانكۆی سلێمانی.

٦٥- شادان حمەئەمین محەمەد: (٢٠١٦)، پەیوەندییە واتاییەكانی ناو مۆرفیمە بەندەكان لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، سكوڵی زمان – زانكۆی سلێمانی.

٦٦- شادمان سالار نەریمان: (٢٠٠٨)، وشەی نوێباو لە زمانی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد – زانكۆی بەغداد.

٦٧- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەكانی كار، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی پەروەردە- ئیبن ڕوشد- زانكۆی بەغدا.

٦٨- عومەر مەحمود كەریم: (٢٠٠٤)، كاری تێپەرو تێنەپەر لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدا- زانكۆی بەغدا.

٦٩- عەبدوڵڵا عەزیز مەحەمەد: (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلیجی ئاداب – زانكۆی سەڵاحەدین.

٧٠- كەوسەر عەزیز ئەحمەد: (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب – زانكۆی سەڵاجەدین.

٧١- لیمۆ محمود تۆفیق: (٢٠١٦)، دەربرینی چەمكی دیاریكردن و ئاشكرانەكردنی ناو لە كوردی و چەند زمانێكی هاوگرووپی خۆی و دوور لێوەی، نامەی ماستەر، سكوڵی زمان – زانكۆی سلێمانی.

٧٢- مستەفا ڕەزا مستەفا: (٢٠١٣)، ناوی ئەبستراكت و پێزی مۆرفیمە دارێژەكانی ناوی ئەبستراكت لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، سكوڵی زمان – زانكۆی سلێمانی.

٧٣- محەمەد عومەر عەول: (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

٧٤- نەرمین عومەر ئەحمەد: (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

٧٥- هەژار حوسێن والی: (٢٠١٥)، بەبەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ / سکوڵی پەروەردە – زانکۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤار:**

٧٦- دلێر صادق کانبی و هاوکار عومەر خدر: (٢٠١٧)، ئەسپێکتی بەردەوامی لە زارە کوردییەکاندا (توێژینەوەیەکی بەرانبەرییە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٨)، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

٧٧- ڕەفیق شوانی: (٢٠١٢)، دیاریکردنی گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (الاستاذ)ی کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد، ژمارە (٢٠٢)، زانکۆی بەغدا.

٧٨- ڕێبین خالد خضر: (٢٠١٨)، نوسەک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سەڵاحەدین،بەرگی (٢٢)، ژمارە (٢)، هەولێر.

٧٩- فاروق عومەر صدیق: (١٩٧٥)، وشەسازی لە زمانی کوردیدا (سۆفێکسی ناوی ئەبستراکتی (ی)، سۆفێکسی سیفەتی نیسبی (ی)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم – بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٨٠- فەرەیدون عەبدول محمد و ابوبکر عمر قادر: (٢٠١٠)، کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٧)، بەشی (B).

٨١- محەمەد عومەر عەول: (٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دابەشبوون و ئەرکەوە، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژ:٣، سلێمانی.

٨٢- مستەفا ڕەزا مستەفا: (٢٠١٥)، ڕۆڵی ئامرازە پەیوەندییەکان لە ئاستی وشەسازیی و ڕستەسازییدا، گۆڤاری ژمارە (٨)ی زانکۆی گەرمیان.

٨٣- نەسرین فەخری: (١٩٧٥)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم – بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا.

٨٤- هۆگر مەحمود فەرەج، قەیس کاکل، یوسف شەریف سەعید، محەمەد وەسمان: (٢٠١٢)، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، لە (١٩ – ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١ – هەولێر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر.

٨٥- وریا عومەر ئەمین: (٢٠١٤)، مۆرفۆسینتاکس وەک سەرچاوەیێک بۆ دارشتنی وشە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٩)، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

**دووەم/ بە زمانی ئینگلیزی:**

86- Bauer, (2004), Morphological Productivity, first Edition, Cambridge University press.

87- Chalak Ali Mohammed & Mustafa Raza Mustafa: (2015), Inflectional Morpheme in English and Kurdish A Comparative Study, Journal of Koya University, N.(36).

88- Crystal,D.:(2003), A Dictionary of Linguastics & Phonetices, Fifth Edition , Blackwell Publishing.

89-Crystal,D.: (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, First published, U.S.A .

90- F. Katamba& J. Stonham,(2006), Morphology, second edition.

91- Fromkin& Rodman &Hyams, (2011), AN Introduction to Language, 9edition. International Edition.

92- Haspelmath, (2010), Understanding Morphology, second edition, London.

93- Jack C. Richards and Richard Schmidt, (2010), Longman Dictionary of Language Teaching & Applied, fourth edition, published in Great Britain.

94- Joyes Sheela, (2011), Astudy of the morphological processese neologisms in the media, university of the Malaya, kualalumpur.

95- Lieber, (2009), Introducing Morphology, First published , Cambridge University press, New York.

96- Mark Aronoff, (2011), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell.

97- Norman C.Stageberg: (1981), AN Introductory English Grammer, Fourth Edition, Rinehart and Winston, U.S.A.

98- Sally Wehmeier, (2006), Oxford Advanced Learners Dictionary, New York.

99- Trask,R.L,: (2007), Language and Linguastics, Second Edition, Edited by Peter Stockwell, Routledge.

100- Plag,I. (2003), Word – formation in English, First Edition, Cambridge University press.

**سێیەم/ بە زمانی فارسی:**

١٠١- فاتیمه سادات تالاری: (١٣٩٣)، ساخت زبان فاسي، گرداوردی وتنظیم (ساب زا – دانشگاه مفید).

**چوارەم/ بە زمانی عەرەبی:**

١٠٢- حاتم صالح الضامن: (١٩٩١)، الصرف، جامعة بغداد.

١٠٣- شحده فارغ و أخرون: (٢٠٠٦) مقدمة فی اللغویات المعاصرة، الطبعة الثالثة، داروائل للنشر، عمان – الاردن.

**پێنجەم/ بە زمانی رووسی:**

١٠٤- ئالفرینکۆ، ن.ف: (٢٠١٢)، تیۆری زمان، پێنجەم چاپ، مۆسکۆ.

**شەشەم/ پێگەی ئەلیکترۆنی:**

105- www.daniel – wiechman.net.

**هەشتەم سەرچاوەی نموونەکان:**

١٠٦- احمد موختار جاف: (٢٠٠٨)، مەسەلەی ویژدان، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس – هەولێر.

١٠٧- ابراهیم احمد: (٢٠٠٨) ژانی گەل، چاپی چوارەم، دەزگای ئاراس – هەولێر.

١٠٨- پیرەمێرد:(١٣٨٦)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی موحەمەدی، سەقز – ئێران.

١٠٩- جەمیل صائیب: (١٩٧٥)، لەخەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا.

١١٠- عەبدوڵڵا گۆران : (١٣٨٦)، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی پانیز – تاران.

١١١- عەلادین سەجادی: (١٩٦٠)، هەمیشەبەهار، چاپخانەی مەعارف – بەغدا.

## ملخص البحث

بحثنا الموسوم ( تصنيف المورفيمات المقيدة على أساس الفعالية والخمول في اللغة الكوردية الحالية – دراسة احصائية )، محاولة لعرض فعالية وخمول نوع محدد ومهم من المورفيمات في اللغة الكوردية المعاصرة ، والتي هي المورفيمات المقيدة بنوعيها ( النحوية والمعجمية)، ومعلوم لدى الدارسين أنّ المورفيمات المقيدة في اللغة الكوردية لها دور مهم جداً في مجال النحو ، وصياغة واشتقاق كلمات جديدة لمعجم اللغة ؛ لذلك تحاول الدراسة على هذا الاساس أنْ تعرض دور المورفيمات المقيدة بحسب الاحصائية ، وكذلك بيان عوامل فعالية وخمول المورفيمات في اللغة الكوردية الحالية وتصنيفها على هذه الاسس ، والتي بلا شك اعتمدت بيانات واحصائيات دقيقة لعرض فعالية وخمول كل واحد منهما .

أما خطة البحث فقد جاءت بصورة عامة في ثلاثة فصول ، خصصنا فصل الأول منها للجانب النظري من البحث وجاء في في مبحثين ، سلطنا الضوء في المبحث الأول بشكل علمي ودقيق على كلمات والمورفيمات ، وبالتحديد على مورفيمات وجوانب اختلاف هذه اللهجة التحليلية المقدمة، وفي المبحث الثاني تحدثنا عن الانتاجية في اللغة بعامة ، والمستوى الصرفي بخاصة .

وخصصنا فصل الثاني من هذه الدراسة لأهم عمليات المورفيمات النحوية واللغوية المقيدة ، وكيفية عملها ودورها في الجملة والتعبيرات النحوية.

أما القسم الثالث من الدراسة فخصص لأهم عمليات الانتاج واقتراض ونحت كلمات جديدة لمعجم اللغة، وجاء هذا القسم عرضاً لأهم عمليات نحت الكلمة عن طريق اللواحق والسوابق بحسب أقسام الكلام (اسم – صفة – فعل) ، حيث بيّنا في هذا المبحث فعالية وخمول كل مورفيم ، وأسباب هذا الخمول ، وبيان نسبة الانتاجية والفعالية من خلال بيانات واحصائيات دقيقة .

# Abstract

This paper, entitled “**Classifying the Bound Morphemes under the Basis of their Activity and Passivity in the Kurdish Language**” is an attempt to demonstrate the activity and passivity of a specific type of morpheme, namely bound morphemes, including grammatical and lexical morphemes.

It is crystal clear that the bound morphemes have significant roles in playing grammatical roles side by side with the processes of word formation and coining new words to the dictionary. Thus, we attempt to show the role of the bound morphemes relying on data and statistics. Moreover, showing the factors behind their activity and passivity in contemporary Kurdish language and their classification is the goal of this paper. In order to achieve this goal, digits and statistical data are relied upon.

Furthermore, the paper consists of three parts. The first part is devoted to the theoretical part of the paper. It is also subdivided into two chapters. In the first chapter, the terms ‘word’ and ‘morpheme’ are scientifically and deeply tackled and analyzed. In the second chapter, productivity is focused upon in linguistics generally and in morphology in particular.

Part two of the paper is devoted to the most important syntactic processes of the grammatical morphemes and their role and act in producing syntactic sentences and expressions.

Part three is devoted to the most important processes of producing, borrowing and coining new words to the dictionary. Moreover, the significant role of the affixes for producing different parts of speech, namely nouns, verbs and adjectives is also focused upon. In addition, activity and passivity of each morpheme, the factors and obstacles are also shown relying on data and statistics.